# پەروەردەی سێکسی

نـــــاوی کتێب : پەروەردەی سێکسی
نوسەر : د. عبدالحمید القضاة
وەرگێڕ : هدایت هەورامی (مەلا زادە)
بـــــابـــەت: پەروەردەیی
دیـــزایـــنی بەرگ: ئـــارام عـــوسمان
دیـــزایـــنی ناوەڕۆك: کاڵێ عبدالله
قەبارەی کتێب: (١٧ × ٢٤)سم.
جـــۆری بـەرگ: بەرگ نەرم.
تیــــــــراژ: ٥٠٠دانە
چـــــــاپ: چاپی یەکەم -٢٠١٩
شوێنی چـاپ: چاپخانەی ناوەندی سارا - سلێمانی

(ئەم کتێبە ئەبەخشرێت و نافرۆشرێت).

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕێکخراوی پاراستنی لاوان
Youth Protection organization


پێکەوە بۆ
پاراستنی لاوان

بسم الله الرحمن الرحيم

مشروع وقاية الشباب من الأمراض المنقولة جنسيا والإيدز
الدكتور عبد الحميد القضاة
B.Sc,M.Sc,M.Phil,Dp.Bact,Ph.D (U.K)
خبير الأمراض المنقولة جنسيا والإيدز
الاتحاد العالمي للجمعيات الطبية الإسلامية

مشروع وقاية الشباب
Youth Protection Project

FIMA

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وكفى، والصلاة والسلام على نبيه الذي اصطفى ،الذي ارسله بالهدى ودين الحق رحمة للعالمين ، وعلى آله وصحبه اجمعين وبعد:

الحمد لله الذي اعطانا العلم والتجربة والخبرة لإخراج كتب مشروع وقاية الشباب الى حيز الوجود،لتكون في متناول يد الجميع، ولنحتسبها عند الله صدقة جارية، وزكاة لما افاض الله به علينا من علمه وفضله .

ونحمده ايضا على أن يسر لنا الاخ الفاضل هدايت حسين هه ورامي،احد المدربين المعتمدين في مشروع وقاية الشباب ليترجم لنا كتاب "التربية الجنسية ضرورة أم ضرر؟" الى اللغة الكردية **(پەروەردەی سێکسی)**،ليصبح في متناول يد اخواننا واخواتنا في البلاد الكردية، علّهم يستفيدوا منه ويبتعدوا عن ما حرّم الله تبارك وتعالى ،وليفوزوا بالصحة والعافية في الدنيا ثم رضا الله تبارك وتعالى في الأخرة.

شاكرين للأخ الفاضل هدايت حسين على جهوده الكريمة،ومعلنيين موافقتنا على طلبه وتبرعه السخي بجهده الكريم لصالح المشروع، لأن هذا الكتاب يُهدى ولايُباع. آملا من الله العلي العظيم أن يتقبل هذا العمل خالصا لوجهه الكريم

الدكتور عبدالحميد القضاة
المدير التنفيذي لمشروع وقاية الشباب
الاتحاد العالمي للجمعيات الطبية الاسلامية
٢-٨ – ٢٠١٧م

# پەروەردەی سێکسی

## بەرایی

دوای ئەوەی کە لە ڕۆژی (یەك شەممە بەرواری (٢٠١٩/٤/٧) سەردانی بەڕێز (د.عبدالحمید القضاة) م کرد لە هەولێر، کە بۆ تەواوکردنی خولی (ئامادەکردنی ڕاهێنەران) و پێدانی بڕوانامە بە خوشك وبرایانی هەولێر تەشریفیان هاتبوون، پێشتر پێم ڕاگەیاند ئەگەر هاتیت بۆ کوردستان بۆلامان بەشکو هەندێ کتێبی خۆت لەگەڵ دەستتدا بهێنی بۆمان بۆ وەرگێڕان، ئەوەبوو چەند کتێبێکی هێنابوو یەکێك لەو کتێبانە (التربیة الجنسیة ضرورة أم ضرر؟) کە بەڕاستی کتێبێك بوو بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا، هەردووکمان لامان پەسەندبوو بۆ وەرگێڕان و ڕامان لەسەری بوو، بۆیە ڕاستەخۆ دوای گەڕانەوەمان بۆ بەیانیەکەی بڕیارم دا و قۆڵی مەردایەتیم لێهەڵکردوو دەستم کرد بە وەرگێڕانی کتێبەکە بە یارمەتی وتەوفیقی خوای مهرەبان، لە پەروەرێن داوا ئەکەم کە زیاتر و زۆر تر زانست و زانیاری و ڕوشدم بداتێ تا وەکو باشتر و جوانتر مەبەست و ئامانج بپێکم و مافی وەرگێڕان و نوسینەکان بدەم.

هدایت مەلازادە

٢٠١٩/٤/٨

سلێمانی

## دەستپێك

**دوای ئـەوەی خـوای بـاڵا دەسـت، خـواوەنـدی کـار بـەجێ، بەدیهێنـەری بونـەوەر و خوای دروستکەری زەمین و ئاسمانەکان، خوای تاك و تـەنها بـە ویست و ئیرادەی خۆی بونەوەر و بەهەشتی دروستکرد،**

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ... أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾ الأعراف: ٥٤

**ویستی وابوو دروستکراوێك دروست بکات کە لـە تـەواوی دروستکراوەکانی تـری جیاواز بێت، بۆ ئەوەی چەند ڕاسپاردەیەکی بەسـەردا بدات، تا جێبـەجێیان بکات (تایبەت بێت بۆ ئەو ئەرکە) کە ئەدرێت بە سەریا.**

﴿إِنَّا عَرَضْنَا ٱلْأَمَانَةَ عَلَى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَٱلْجِبَالِ ..وَحَمَلَهَا ٱلْإِنسَٰنُ ۖ... ﴿٧٢﴾﴾ الأحزاب: ٧٢

**بۆیە سەرەتا حەزرەتی ئادەمی دروستکرد و بە فریشتە (مەلائیکە) کانی فەرموو، سوجدە وکڕنوشی گەورەیی و ملکەچی و گەردنکەچی و ببەن بۆ ئادەم.**

﴿وَإِذْ قُلْنَا لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ٱسْجُدُوا۟ لِءَادَمَ فَسَجَدُوٓا۟ إِلَّآ إِبْلِيسَ أَبَىٰ وَٱسْتَكْبَرَ... ﴿٣٤﴾﴾ البقرة: ٣٤

﴿قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿٧٦﴾﴾ ص: ٧٦

﴿وَإِذۡ قُلۡنَا لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ ٱسۡجُدُواْ لِأٓدَمَ فَسَجَدُوٓاْ إِلَّآ إِبۡلِيسَ قَالَ ءَأَسۡجُدُ لِمَنۡ خَلَقۡتَ طِينٗا ٦١﴾ الإسراء: ٦١

**دواتر لە حەزرەتی باوکە (ئادەم)ەوە، دایکە (حەوا) یشی دروست کرد و خستنیە بە هەشتەوە،**

﴿ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا... ١﴾ النساء: ١

**خوای تاك وتەنها پێی فەرموون** ﴿إِنَّ لَكَ أَلَّا تَجُوعَ فِيهَا وَلَا تَعۡرَىٰ ١١٨﴾ طه: ١١٨

**بێگومان ئیتر تۆ(لەگەڵ هاوسەرەکەتدا) نە برسێتی، نە بێ پۆشاکی ڕوتان تێ ناکات.** طه: ١١٨

**ئەمەش ئاماژەیە کە خوای پەروەردگار هەر لە ئەزەلەوە (ئادەم و حەوا) ی بە پۆشتەیی دروست کردوون.**

**بۆ ئەو مەبەستەش بۆ ئەوەی باشتر سپاردەکە هەڵبگرێت ئەبێت بە فیلتەری ئەزموونەدا تێپەڕ ببێت، ئەبێ تاقی بکرێتەوە، ئەمری پێکردن بۆ خۆتان لێرە بمێننەوە و ژیان بەسەر بەرن، بەڵام وریا بن توخنی ئەو دارە و نزیکی ئەو درەختە مەکەون.**

﴿وَقُلۡنَا يَٰٓـَٔادَمُ ٱسۡكُنۡ أَنتَ وَزَوۡجُكَ ٱلۡجَنَّةَ وَكُلَا مِنۡهَا رَغَدًا حَيۡثُ شِئۡتُمَا وَلَا تَقۡرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٣٥﴾ البقرة: ٣٥

**بۆیە شەیتانی ئیبلیس لە دەرفەتێك ئەگەڕا و ئەمەی لە ناخدا بوو چۆن تۆڵەی خۆی بکاتەوە لەم دروستکراوە تازەیە کە لە قوڕ درستکراوە.**

ئەوە بوو دەور و خولی ئەم تاکە ژن وپیاوەی دا کە لە بەهەشتدا ژیانیان بەسەر ئەبرد، چووە بن کەڵیشەیانەوە، تا هەر جۆرێکی کردوە بیانخەڵەتێنێ و لە خشتەیان بەرێت، لە بیریان بەرێتەوە کە دار و درەختێك بۆ ئەوان خواردن لێی یاساغ و قەدەغەیە، ئەگەر نزیك بکەونە و لێی بخۆن ، ئەوا سنوری خوای گەورەیان شکاندووە، کە (شکاندنی سنور) ی دروستکەرە کەیانە، بەڵێن و پەیمانێك کە بە خوایان دابووشکاندیان بۆیە خوای گەورەش لە بەر ئەو هۆیە، جل و بەرگەکانیان

داماڵرا و هەرچی عەیب و عاریان هەبوو کەوتە دەرەوە.

﴿فَوَسْوَسَ لَهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ لِيُبْدِىَ لَهُمَا مَا وُۥرِىَ عَنْهُمَا مِن سَوْءَٰتِهِمَا وَقَالَ مَا نَهَىٰكُمَا
رَبُّكُمَا عَنْ هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةِ إِلَّآ أَن تَكُونَا مَلَكَيْنِ أَوْ تَكُونَا مِنَ ٱلْخَٰلِدِينَ ﴿٢٠﴾
وَقَاسَمَهُمَآ إِنِّى لَكُمَا لَمِنَ ٱلنَّٰصِحِينَ ﴿٢١﴾ فَدَلَّىٰهُمَا بِغُرُورٍ فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتْ لَهُمَا
سَوْءَٰتُهُمَا وَطَفِقَا يَخْصِفَانِ عَلَيْهِمَا مِن وَرَقِ ٱلْجَنَّةِ وَنَادَىٰهُمَا رَبُّهُمَآ أَلَمْ أَنْهَكُمَا عَن
تِلْكُمَا ٱلشَّجَرَةِ وَأَقُل لَّكُمَآ إِنَّ ٱلشَّيْطَٰنَ لَكُمَا عَدُوٌّ مُّبِينٌ ﴿٢٢﴾ الأعراف: ٢٠-٢٢س

شەیتانی داخ لە دڵ ئەو قەدەغەکراوەی بە هەل زانی و کۆڵی نەدا، سەرەتا بە دروستکردنی وەسوەسە و خەتەرە و خەیاڵ هەوڵەکانی خستە گەڕ، بۆ ئەوەی عەیب و عاریان دەربخات و شەرمەزاریان بکات، جا کە سودی نەبوو خۆی ئاشکرا کردو ڕاشکاوانە پێی ووتن: ئەوە پەروەردگاری ئێوە بۆیە ئەو درەختەی لێ قەدەغەکردوون تا نەبنە فریشتە، یان پاشا و بۆ هەمیشە ژیانتان بەردەوام بێت !! (٢٠) الأعراف

کە ئەو هەوڵانەی هەر سودی نەبوو ( زانی دەترسن و دوو دڵن ) سوێندی بۆ خواردن کە من ئامۆژگاریی خێری ئێوە دەکەم و دڵسۆزتانم !! (٢١) الأعراف

ئینجا شەیتان بە فێڵ و پیلانی فریویدان، بەرەو لای درەختەکە بردنی، جا کاتێك تامی میوەی ئەو درەختەیان چەشت، جل و بەرگەکانیان داماڵرا و هەرچی عەیب و

عاریان هەبوو کەوتە دەرەوە، ناچار بوون بە پەلە دەستیان دایە گەڵاپانەکانی درەختەکانی بەهەشت تا خۆیانی پێ داپۆشن، ئەوسا پەروەردگاریان بانگی کردن و پێی فەرموون: باشە من قەدەغەی ئەو درەختەم لێ نەکرد بوون، ئەی پێم نەوتن: شەیتان دوژمنی ئاشکراتانە، وریا بن، نەتانخەڵەتێنێ !! (22) الأعراف

دواتر دایبەزاندنە سەر زەوی، ﴿قَالَ ٱهۡبِطُواْ بَعۡضُكُمۡ لِبَعۡضٍ عَدُوّٞۖ وَلَكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ مُسۡتَقَرّٞ وَمَتَٰعٌ إِلَىٰ حِينٖ ٢٤﴾ الأعراف: ٢٤

لەگەڵیشیاندا شەیتان و ئیبلیس یشی لە بەهەشت دەرکرد و دایبەزاندە سەر زەوی.

﴿قَالَ فَٱخۡرُجۡ مِنۡهَا فَإِنَّكَ رَجِيمٞ ٣٤﴾ الحجر: ٣٤

دوای ئەوەی حەزرەتی یونس پێغەمبەر (سەلامی خوای گەورەی لە سەر بێت)، خوای گەورە ئەویشی تاقی کردەوە، خستیە ناو سکی حوتەوە، دوا جار خوا تەوبەو پەشیمانی لێ وەرگرت و خستیەوە سەر زەوی .

١٤٥ وَأَنۢبَتۡنَا عَلَيۡهِ شَجَرَةٗ مِّن يَقۡطِينٖ ١٤٦﴾ الصافات: ١٤٦

هەروەها خوای مهرەبان بۆ ئادەمیزاد پۆشاکی گونجاوی بۆ بەدی هێناوە، فیترەتی پاکی خوای پەروەردگار بۆ مرۆڤەکان پۆشتەیی و داپۆشینی داوێن و شەرمگایانە، ئەوەتا لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ قَدۡ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكُمۡ لِبَاسٗا يُوَٰرِي سَوۡءَٰتِكُمۡ وَرِيشٗاۖ وَلِبَاسُ ٱلتَّقۡوَىٰ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ.... ٢٦ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ

أَبَوَيْكُم مِّنَ ٱلْجَنَّةِ يَنزِعُ عَنْهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوْءَٰتِهِمَآ ۗ إِنَّهُۥ يَرَىٰكُمْ هُوَ وَقَبِيلُهُۥ مِنْ حَيْثُ لَا تَرَوْنَهُمْ ۗ...﴿٢٧﴾ الأعراف: ٢٦ - ٢٧

ئەی نەوەی ئادەم: ئێمە لە ڕاستیدا پۆشاکی لە بارمان بۆ بەدی هێناون، کە عەیب و عارتان دا دەپۆشێت، هەروەها جل وبەرگی جوانیش کە خۆتانی پێ دەڕازێننەوە ( بەڵام دڵنیا بن ) کە پۆشاکی تەقواو دینداری و خواناسی خێر دار تر و بە فەڕ ترە ( کارکردی هەیە لەسەر پۆشاکە مادییەکانتان ) جا ئەو پۆشاکە مادی و مەعنەوی یانە لە نیشانە و بەڵگە و فەرمانەکانی خوای گەورەن بۆ ئەوەی یاداوەری وەربگرن ( تا بە لەبەرکردنی پۆشاکی سەقەت و نالەبار و ڕوت و نیوە ڕووت بەهەشت لە دەست خۆتان نەدەن ) . الأعراف: ٢٦

ئەی نەوەی ئادەم، وریای خۆتان بن، شەیتان ئێوەش نەخەڵەتێنی و فریوتان نەدات، وەکو دایك و باوکتانی فریودا و بو بە هۆی دەرکردنیان لە بەهەشت ( هەرکە زانی نا فەرمانی خوایان کردووە و لە بەری درەختەکەیان خواردووە، ئیتر پارێزراو نابن و ( حصانە) یان نەماوە ، خۆی کەوتە پەلاماردانی جل و بەرگەکانیان و بە پەلەو بە ڕقەوە لە بەری دادەماڵین، تا عەورەت و عەیب و عاریان بۆ یەکتر دەربکەوێت جا ئەو شەیتانە لەم سەردەمەدا بە تایبەتی هەمان ئەزموونی ئەوسای دوبارە دەکاتەوە و هانی نەوەکانی ئادەم و حەوا دەدات بۆ لەبەر کردنی جل و بەرگێك کە لە هەموو شتێك دەچێت، تەنها لە جل و بەرگ نەبێت، بەڵکو هانیان دەدات بۆ ڕووت و قوتی تەواو، بۆ بەرەڵایی، بۆ ژیانی ئاژەڵی !! جا مەترسیەکە لەوەدایە کە، ئەو شەیتانە دوا براوە و دارو دەستەکەی ئێوە دەبینن لە کاتێکدا ئێوە ئەوان نابینن، جا لە ڕاستیدا ئێمە شەیتانەکانمان کردووە بە یار و یاوەری ئەو کەسانەی کە باوەڕ ناهێنن ... الأعراف: ٢٧

دووبارە خوای کار بەجێ بە ئادەمیزاد ئەفەرمووێ کە نەك تەنها خۆیان داپۆشن، بەڵکو خۆشیان برازێننەوە و خۆیان ئارایشت و جوان ڕێك و پێك بکەن، چونکە خۆداپۆشین و لەبەر کردنی جل و بەرگ هۆکاری جوانی ڕازاوەیی و قەشەنگی

مرۆڤەکانە (مرۆڤەکان بە داپۆشراوی و پۆشتییەوە جوانن)، بە تایبەتی هاتنیان بۆ مزگەوت بۆ بەندایەتی و پەرستش، ئەبێ بە جوانترین شیوە خۆیان ئارایشت و جوان بکەن و خۆیان بڕازێننەوە.

﴿يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمۡ عِندَ كُلِّ مَسۡجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ وَلَا تُسۡرِفُوٓاْۚ...٣١﴾
الأعراف: ٣١

ئەی نەوەکانی ئادەم، بە پۆشاکی جوان خۆتان بڕازێننەوە لە کاتی نوێژ و لە هەموو مزگەوتێکدا، لە هەموو ناز و نیعمەتەکانی خواردن و خواردنەوە بخۆن و بخۆنەوە، بەڵام زیادە ڕەوی مەکەن، چونکە خوای گەورە زیادە ڕەوان و لە سنور دەرچوانی خۆش ناوێت . الأعراف: ٣١

* لە هەموو ئەو ئایەتانەی کە هێنامانن، ئەم چەند خاڵانەی لێ هەڵئە گۆزین کە مەبەستی ئێمەیە:

١–خوای گەورە حەزرەتی ئادەم و حەوای دروستکرد بە داپۆشراوی (داوێن) یان، واتە (داوێن و شەرمگا/جێشەرم) یان بە پۆشتەیی دروستکرد، بەپێی ئایەتی (لِيُبۡدِيَ لَهُمَا مَا وُۥرِيَ عَنۡهُمَا مِن سَوۡءَٰتِهِمَا).

٢–ئادەم و حەوا، دوای شکاندی سنوری خوای بە دیهێنەریان و بە گوێنەکردنی وگوێڕایەڵکردنی شەیتان و لە خشتە بردنیان، بۆیە لە تۆڵەی ئەو سنور شکاندن وبە گوێ نەکردنەیان و (گوێڕایەڵ نەبونەیان)، خوا (داوێن و شەرمگا و عەورە) تیان دەرخست بۆ یەکتر، بە پێی ئایەتی (فَلَمَّا ذَاقَا ٱلشَّجَرَةَ بَدَتۡ لَهُمَا سَوۡءَٰتُهُمَا).

٣-بۆیە بە پەلە گەڕان شتێك لە خۆیان بئاڵنن، تاوەکو شەرمەزاری لای خواو یەکتر نەبن وشەرم و شکۆو ئابڕویان نەچێت، بەپێی ئایەتی (وَطَفِقَا يَخۡصِفَانِ عَلَيۡهِمَا مِن وَرَقِ ٱلۡجَنَّةِ).

٤- تا ڕۆژی ڕەستا خێز و زیندوبونەوە هەر کەسێك سنوری (داپۆشین و داپۆشراوی)، سنورێك کە خوا دیاری کردووە بیبەزێنێت، ئەوا بە هەمان شێوە و بە وێنەی باوکە گەورەو دایکە گەورەمان (ئادەم و حەوای هاوسەری)، خوا داوێن و عەورەتیان دا ئەماڵێ و شەرم و شکۆیان ئەبات، هەر لەم دونیایەدا ڕیسواو شەرمەزاریان ئەکات.

٥-شەیتان و ئیبلیس و شەیاتینیەکان هەمیشە هەوڵ ئەدەن و بەردەوام کاریان ئەوەیە کە چۆن ئادەمیزاد و ئادەمیەکان فریو بدەن و لە خشتەیان بەرن و بۆ ئەوەی بێ فەرمانی خوا بکەن و خۆیان بێ پۆشتەو ڕووت و بەرەڵا و بێ ئابڕوو بێشەرم بکەن، بە پێی ئایەتی (يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ لَا يَفۡتِنَنَّكُمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ كَمَآ أَخۡرَجَ أَبَوَيۡكُم مِّنَ ٱلۡجَنَّةِ يَنزِعُ عَنۡهُمَا لِبَاسَهُمَا لِيُرِيَهُمَا سَوۡءَٰتِهِمَآۚ).

٦- خوای پەروەردگار حەزرەتی ئادەمی بە پۆشتەیی و داپۆشراوی دروستکردوە، بۆیە ئەبێت ئادەمیەکانیش بە هەمان شێوەی (باوك و دایك)ە گەورەیان، پۆشتەو داپۆشراوبن (ئەمە فیترەتی پاك و بێگەردیانە)، فیترەتی پاك واتە (داپۆشراوی و پۆشتەیی).

٧- هەروەها حەزرەتی یونس پێغەمبەر (سەلات و سەلامی خوای لە سەر بێت)، دوای ئەوەی لە تاقیکردنەوەی خوای گەورە سەرکەوتوو بوو، نزاکانی لە

تاریکیەکاندا گیراکردوو و خستیەوە سەر زەوی، جا بۆ ئەوەی جەستەو لەش و لاری سەلامەت بێت، درەختی کولەکەی بۆ ڕواند، بۆ ئەوەی هەم خۆی پێ دابپۆشێ و هەمیش لە مێش و مەگەز و هۆکارە سروشتیەکانی تری وەك گەرما و سەرما...هتد، بە دور بێت، چونکە سەلماوە مێش و مەگەز ڕوو نا کاتە ئەو گەڵا کولەکەیە.

لێرەدا بۆمان دەر ئەکەوێت کە داپۆشین و پۆشتەیی فیترەتی مرۆڤ و ئادەمیە، کە لە پێغەمبەرانەوە (سەلات و سەلامی خوایان لێ بێت) دەستەبەر بووە، کە پێشەواو پێشەنگی ئەم ئوممەتەن، بۆیە دوبارە ئەڵێن (فیترەت یانی (واتە) پۆشتەیی و داپۆشراوی و داپۆشینی (شەرمگا و داوێن)، کە لە مەشدا پەیامهێنان (سەلات و سەلامی خوایان لێ بێت) سەرقافڵەی مرۆڤەکانن لە داوێنپاکی و ڕەوشت بەرزی و ڕەوشت جوانیدا، ئەوەتا پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست(ﷺ) ئەفەرموێ:

﴿ إنما بعثت لأتمم مكارم الاخلاق ﴾ من هاتوم (نێرراوم ) بۆ تەواکردنی ڕەوشتە چاك و جوان و بەرزو بڵندو پەسەندەکان.

بۆیە وتراویشە:

*بە هۆی ڕەوشت و ئەخلاقەوە بە ناوبانگ و پەسەند بیت باشترە، لەوەی بە هۆی ماڵ و جوانیەوە بە ناوبانگ بیت چونکە ڕەوشت پایەدارە، بەڵام ماڵ و جوانی فانیە ودەفەوتێت.

* ڕەوشت گەورەترین بزوێنەری جیهانە، هەرکاتێ ئەم بزوێنەرە لە کار بکەوێت ژیان دەبێتە ژان.

*ئاین بەرهەمهێنەری ئەخلاق و ڕەوشتە، ڕەوشت و ئەخلاقیش سازێنەری ژیانن.

* گەلێك کە ڕەوشتی تێدا نەبێت، گەلێکی سەرگەردانە، ڕەوشت کۆی ڕەفتارو گوفتاری مرۆڤە، ڕەوشت بونیاتنەری هەموو شتێکی جوان و باشە، بەڵام پارە ناتوانێت ڕەوشت بونیات بنێت و ڕەوشت بکڕێت.

*ڕەوشت باشترە لە زانست، ڕەوشت بێ زانست دەژیت، بەڵام زانست بە بێ ڕەوشت، یا ڕەوشتی لەگەڵدا نەبێت دەبێتە دوژمن.

* ڕەوشت ئاسانترین شتە بۆ لە دەستدان، سەخترین شتە بۆ بەدەست هێنان.......(بەرنامەی نۆژین).

## پێشەکی

ئەگەر یەکێك پێش (٣٠) ساڵ لەمەوبەر بیوێرایەو سەرشێتی و جورئەتی بکردایە و پرسیاری بکردایەو بیوتایە : ئایا ئێمە پێویستمان بە ڕۆشنبیری سێکسی هەیە، ئەوا هەمووما ن ئەو پرسیارەمان لە لا ناشرین دەبوو، وە بە پرسیارێکی نا ئاساییمان دا ئەنا، وە لەوانەش بوایە خاوەنەکەیمان بە کەم حەیا وەسف بکردایەو گومانمان لە ئەمەکی هەبوایە، چونکە پرسیاری لە شتێك و لە کارو فەرمانێك کردوە کە بە پێی عورف و(خو نەریت) عادەت و تەقالید و تێگەیشتنی خەڵکی ئەو قسەیە بە حەرام و یاساغ دا ئەنرا لەو کات و زەمانەدا، لە هەمان کاتتدا زۆر ڕۆچون لە باسی رۆشنبیری سێکسی قەبوڵ نەکراو و ڕێگەپێنەدراو بوو، وە ئەو قسەو باسانە لە زیهن وبیرو هزری خەڵکدا نەبون و بونیان نەبوە وە هیچ کەم و کورتی نوقسانیەکی بۆ دروست نەکردون لە زانیاری و زانستیاندا، لەبەر ئەوەی کەوا ئەم بوارو لایەنە لە ژیانیان گونجاوە لەگەڵ واقعیاندا. ئەم قسەو باسانە ئاسایی وسوك و ئاسان بوە لە ناو کۆمەڵگەدا وە بە تەواوی مانا زۆر سادەو ساکار بوە بە لایانەوە، چونکە بە ڕاستی گونجاو بوە لەگەڵ پێشکەوتنی دەرونی و جەستەیی وهزری وسۆزداری، کە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار کە گرنگترینیان:

١-خاڵی بوونی کۆمەڵگە لە هەست بزوێن و وروژێنەرەکان و کاریگەریە دەرەکیەکان، بەو جۆرە غەریزەی تاك لە سست بوون و سڕبونێکی قوڵدا دەبێت، ئەم غەریزەیەش ناجوڵێ و نا وروژێنرێت مەگەر لە لایەن نزیکەکەی و شەریك و هاودەمی ژیانیەوە نەبێت، مە گەر لە حاڵەتی دەگمەن و ناوەزەدا نەبێت ئەم غەریزەیە بجوڵێت، ئەمەش زۆر سەیرو سەرسام نابێت، چونکە بە ڕاستی ژیان زۆر هەتەری و جدیەتە، بۆیە کات نیە بۆ یاریکردن و بە فیڕۆدانی کات لە مەستی یان

خۆشـی و ڕابـواردن، ئەوپـەڕی ئەوەیـە کـە یـەکێکیان بیسـتبێتی کـەوا بریتیـە لـە (دندنات حصاد)، یان شوێن پێی حوشتر، شمشاڵی شوانی مەڕ، کە هـەموو ئەمانـە لە ناوەڕۆك و ناواخنیاندا هیمەت بەرزییەو، ڕەوشت و قیەمی گـەورەو بـەرزو بڵنـدو پڕ شکۆو ئازایەتی و شەهامەت و پیاوەتی یان هەڵگرتوە.

٢-سـادە و سـاکاری ژیـان و کـەمی پێداویسـتیە کۆمەڵایەتیـەکانی، زیـاد لـەوەش سنوردار بونی بایەخ وگرنگیەکانی خەڵکی، زۆربەیان وایان لێهاتوە کە هـەر زوو و پێشوەختە هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، کە بۆیان هەیە بە کرداری و کردەیـی کـاری سێکسی دروست و ڕێپێدراو مەشروع ئەنجام بدەن و جێبەجێ بکەن، بـەو زانیاریـە سادەو ساکارانەی کە زروف و زەمانە فێری کردون و بۆی ڕەخساندون سنورداری کـردوە بۆیـان، کـە ئـەیان بینـی چـۆن ڕۆچـون و ژیـانی کۆمەڵایـەتی و ژیـانی ژن و مێردی و هاوسەرگیری فیتری داپۆشیون، هاوکـاری و یارمـەتی یـەکتری ئـەدەن لـە دروسـتکردن و بنیاتنـانی خێزانـدا، نـەوەو وەچـەو کـوڕان و کچـان ئەخەنـەوە بـە کـەمترین ئـاڵۆزی وناڕەحـەتی و دەردی سـەری و چەرمەسـەری، لەبـەر ئـەوە زوو ژنهێنـان و زوو ئەنجامـدانی پرۆسـەی هاوسـەرگیری و ئاسـانکاری تیایـدا، گـەنج و لاوەکـان لـە هـەردوو ڕەگـەز ئەپارێزێ و ڕزگاریـان ئـەکات لـە مانـەوەی دورو درێـژی کـاتی چەشـتنی ئـازارو ناڕەحـەتی و دەردی سـەری و چەرمەسـەری (واتـە کـاتی نێـوان تەمـەنی بـاڵغبون و هەسـتکردن بـە پێویسـتبوون بـە سـێکس)، وە لـە نێـوان جێبـەجێکردنی کرداری لـەم ئـەزمون وتەجروبـە ژیانیـە (ژیاریـە/ حیاتیـە) فیتری و خۆرسك وسروشتیە ولە نێوان تێرکردنـی ئارەزوو بـە شـێوەیەکی سروشـتی کـەوا کۆمەڵگە قبوڵی بکات وشەریعەت و یاساش بڕیاری لەسەر بدات و فیترەتی پاکیش ئاسودە بێت پێی.

**٣- سنوردار بوونی سەرچاوەکانی بە یەکگەیشتن لە لای (گەنج و لاو) لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، بە تایبەتی ئەوشتانەی کە پەیوەستن بە کاروباری سێکسیەوە، وە بە ئاسان ڕێکوپێکردنی ئەم سەرچاوانە، وە بە سانایی کۆنترۆڵ ئەکرێ و زاڵدەبێ بە سەریاندا لەبەر سوکی وسادەیی و سنورداریانەوە، (تلقی) پێی ئەگات، ئەگەر دەستی کەوت، ئیتر باوك و دایك و مامۆستایان و هاوڕێ و برادەرەکانی خوێندنگاکەی تێناپەڕێنێت، ئەمەش لەبەر دەگمەنی زۆربونی هەر کاریگەریەکی نەرێنی و ئەرێنی دەرەوەی ئەم چوار چێوەیە، وەك گۆڤارە ڕووتەکان کە زۆر بە ناڕەحەت و زەحمەت گەنج ئەتوانێ بە دەستیان بخات وپەیدایان بکات.**

**بەلاّم ئێستا لەم کەش وهەوا و بۆشاییە فراوان و کراوەیە و تێکەلاّویە بێ سنورەدا، لە بەردەم هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی (بینین و بیستن و خوێنراو) وەدا، کە ئەمانە لە کۆنداو لە پێشتردا نەبون و باو نەبوون، ناپەسەندو نەویستراو بوون لە لای هەموو تاکێکی کۆمەڵگە، بۆیە هەر ئەبێت و پێویستە دەستپێکردن و دەستتێوەردانیکی ئەرێنی ڕاستەوخۆی خێرا ئەنجام بدرێت بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێگە وڕەویە وکاروان، وە ڕاستکردنەوەی زانیاریەکان، (بە مەبەستی خۆپارێزیو دورکەوتنەوە لە ڕوودانی هەر خراپییەك کە کاریگەری هەبێت لەسەر ڕەفتاری منداڵ) یان لەسەر دەرونی، ئەمەش لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:**

**١-کرانەوەی کۆمەلاّیەتی بونەوەری:**

**کە بوەتە هۆی گۆڕانکاریەکی زۆر گەورەو سەرەکی و گرنگ کە سیستەمی داب و نەریتە ناوخۆییەکانی وەلانا و تێکشکاندو هێرشی برد، لە جێگەیدا خودی خۆی فەرز کرد بە سەریا بە هێزی عورفی(سەربازی) کە هێزی یاسا تێدەپەڕێنێتو پێشێل دەکات (کە بە هێزی یاسا جێبەجێی ئەکات و پشتیوانی لێ ئەکات)، لە**

ڕێگـەی جێبـەجێکردنی هەڵمـەتی چڕی ڕاگەیاندنـەوە لـە هۆکـارە جیاوازەکـانی ڕاگەیاندنەوە کە چۆتە هەموو ماڵێکەوە، کە هەندێ چەمکی کۆمەڵگـەیی لـە ڕێگـەی سروشتی خۆیان بەرەو لادان بردوە ولایداون.

هەربۆ نمونە: چەمکی ئازادی کەسێتی، واتاو ماناکـەی یانی لەسنور دەرچون و تێپەڕاندنی تاك وکەس بەسەر داب و نەریتی کۆمەڵگە بەو شێوەیەی لەگەڵ هـەواو ئارەزویـدا گونجـاوە، بـە بـێ تـرس و لـەرز ، وە مـافی هـیچ کەسـێکیش نیـە دەسـت بهێنێتـە ڕێـی و ڕێـی لێبگرێـت، وە ئـەم کـارەش لـە لایـەن (یاسـای نێودەوڵـەتی مافەکانی مرۆڤ) تەبەنێ و پاڵپشت و پشتیوانی لێدەکرێت.

چونکە ئێمە پەرژینی پـەروەردەیی گرنگمـان لـە دەسـتداوەو نـەمانماوە، بەرپـەرچی سەرپێچـی کـاران و لادەران دەدا، وە ڕێنمـایی کردنـی خوڕەوشـتی گشـتی بـەرەو ئاراسـتەی سـاغ و تەندروسـت و سـەلیم، زیـاد لـەوەش چـەمکی ئـازادی ئـافرەت توانـای بـە دەسـتهێنان و وەرگرتنـی مافـەکانی، کـە شـێوەیەك لـە شـێوەکانی سـتەم ودەستدرێژی و بەرەڵایی وبێئابڕوویی وەرگرتوە لەسەر ڕەوشتی کۆمەڵگە، هەنـدێ لە خوێندەوارانمان لە ئەندامان و هاونیشتمانیانمان، کەوا لـە خۆرئـاوا خوێنـدنیان تەواو کردوە دەرچووی ئەوێن، کە گەڕانەوە و هاتنەوە ئێرە ئیتر دەست ئەکـەن بـە بڵاوکردنـەوەی ئـەم بنـەماو مەبدەئـە بیـانی و خۆرئاواییـە نامۆیانـە بـە مەبەسـتی جێگیر کردنیان لە مێشك هزرو بیری کوڕان و کچانماندا، دوای ئـەوەش کردنیـان و وەرگێڕانیان بۆ ڕەوشتانێك کە مەترسی و هەڕەشە بن بۆ پایـەکانی کۆمـەڵگاو، کـار ئەکەن لەسەر لە ناوبردن و پەرتـەوازە کردنـی بـە ئاگـا هێنانـەوەی لـە هـەموو ئـەرك و پلەو پایەکانی، وە کەل و پەلەکانیان لەم بارەیەوە بریتین لە:

ا–تەلەفزیۆن: بە هەموو جۆرە بەرنامە ڕۆشنبیری وتەرفیهیەکانیەوە، هەروەها پڕوپاگەندە بازرگانیەکانیش.

ب–شانۆ.

ج–ڕۆڵی سینەما.

د–ڕۆژنامەگەری و ڕۆڵی بلاۆکراوەکان.

هـ–تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی(ئینتەرنێت).

**٢–زۆر بونی (زۆری) سەرچاوەکانی وەرگرتن و لاوازی چاودێریکردن:**

کە ئەمەش ئەبێتە هۆی لاچون و نەمانی سنور لە نێوان کۆمەڵگاکاندا، بە جۆرێك کەوا قۆناغی کرانەوە ئەبێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ بلاۆکردنەوەی لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن وخۆشی و ڕابواردن هاتوچۆو بە یەکگەیشتنی کۆمەلاَیەتی کە ئەبێتە هۆی بلاۆبونەوەی ڕۆشنبیریەکی تازەو نویٚ و تۆکمە، هەتا ئەگاتە پلەی دابڕان وپچڕان لە ڕابردوو، و شیبونەوەی ڕەوشت و بەها و تێپەڕاندنی داب ونەریتەکان وە ئەم بلاۆبونەوەیە زۆر بەر فراوانانە و زۆر بە خێرایی بلاۆ ئەبێتەوە، کە پایەو نەگۆڕ وجێگیرەکانی ئەم کۆمەڵگەیە لە قولاًییەوە ئە لەرزێنیٚ و ئە لەرێنێتەوە، بە جۆرێك کە ئەبێتە ڕێخۆشکەرێك بۆ قۆناغی نەمان و لاچونی سنوری ڕۆشنبیری وکەلتور لە نێوان کۆمەڵگاکان لەسەر ئاستی جیهان، بۆیە بە تەواوی مانا هەموو کەلتورو ڕۆشنبیریەکان بوونە هۆکاری دەستێوەردان و هاتنە ناوەو کاری خۆیان کرد، دوای ئەوەش تەکنیکی نویٚ هات بە شۆڕشە زۆرگەورەو زەبەلاحەکەیەوە لەسەر زەمینەیەکی خۆشکراو و ئامادەکراو بۆ ئەوەی هێرشە نوقم و نغرۆکەرەکەی تەواو بکات لەسەر کۆمەڵگاکەمان وبەهاو ڕەوشتی ئیسلامیمان.

ئەم شۆڕشە پیشەسازی وتەکنیکیە زۆرگەورەو زەبەلاحە، سەرەتا لە کۆمپیوتەر و بلاوکردنەوەی بینراوەکان داهێنانی کرد لە ڕێگەی شریتی(سی دی) یەکخراو پڕکراو لە فلیمی سێکسی بێئابڕوی داڕوخاوی کەوتوو، زیاد لەوەش تەکنیکی تۆڕی زانیاریەکانی جاڵجاڵۆکە (ئینترنیت)، هەموو ئەمانە بونە هۆی گەشتاندنی ئەم ڕۆشنبیری وکەلتورە نویێ وسەردەمیانە، نەهێشتن و لابردنی سنور لە نێوان کۆمەڵگاکاندا، لەگەڵیشی لابردنی ڕێگەی بەشەکان و هەموو ڕێگری و کۆسپ و لەمپەرێك، وە سوك و ئاسانکردنی بە یەکگەیشتنی نێوان کۆمەڵگاکان وئاڵوگۆڕکردن و گۆڕینەوەی فەرهەنگ و کەلتور و ڕۆشنبیری نێوانیان بە بێ چاودێری وحسێب بۆ کردنێك، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی هاوکاری و یارمەتی دەرێك بۆ بلاوبونەوە و گشتاندنی بە هۆی هەرزانی بەهاو نرخەکەی گونجان و بوونی وئاگاداربوون لێی ونمایش و پیشاندانی لە بارو دۆخی زۆر تایبەتتدا، هەروەها بەمەش کوڕانی لادێ دواکەوتوەکان ئاگادار ئەبن بەسەر فەرهەنگ و کەلتور و ڕۆشنبیری ڕۆژ ئاوا و کاریگەر ئەبن پێی ئەگەر وازی لێهێنرا و بە بێ چاودێری کردنێك.

## ٣-یاسای گەلان وڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان(جیهانگیریەکەی):

لە ژێر سێبەری بارودۆخێك کە چاودێریکردن لاوازبوە و کاریگەری نەماوە، ئەوکاتە گورزەو قەواڵەیەك لە ڕێساو یاسایێك دێنە ئاراوە، کە نەتەوە یەکگرتوەکان داینـاوە و دروستی کردوەو حکومەتەکانیشی ناچار کردوە بە (حەز و خولیاو پەرۆشی و ویست) بوون وترس وتۆقاندنیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاساو ڕێسایانە، بە جۆرێك کەوا گەلان و کۆمەڵگاکانیان ڕازی بن بە موجامەلە (خۆش

ڕوی وخـــۆش دووی وقسەخۆشـــی) بـــۆ ڕۆژئـــاواو ڕۆژهـــەلات، چـــونکە ڕێکەوتنی(سیداو) زۆر دور نیە لێمانەوەو بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە.

ماموستا دا نانرێت و نا ژمێررێت بەو پەروەرشیارو پەروەردەکارە ئەگەر هاتوو ڕۆڵ و دەورە پیرۆزەکەی لێ سەنرایەوە و لێ زەوت کرا، بە هۆی بەسەرا سەپاندنی هەموو یاسای پەروەردە نوێ و یاساو ڕێساکان کە لە خۆرئاواوە هاتون و هێناویانن ، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا جێبەجێی بکەن و بە سەرماندا بیسەپێنن و بە بێ چاودێریکردن و بێ گوێدانە جیاوازیەکانمان، هەندێکیان هاتن لە ژێر چەمکی نوێگەری و سەردەمیانە، هەندێکی تریان لە ژێر پەستان وفشاری حکومەتەکانی خۆرئاوا دا تاوەکو ناچارمان بکەن هەر بە زۆر پۆشاکی ئەوانمان پێ بپۆشن، بە ئیستغلال کردنی ئەو بارو زروفە ئابوری یە قورس و گرانەی کە ولاتانی جیهانی سێهەم پێوەی ئەناڵێنن و پێوەی ئەتلێنەوە، بۆیە ولاتانی پێشکەوتوی ڕۆژئاوا لافی یارمەتیدان و هاوکاری لێدەدەن، بەڵکو هەندێ جار خەیاڵین و پەیوەستی ئەکەن بە گۆڕانکاریەکان کە سەپاندویانە بەسەر ستراتیژیەتی فێرکردندا، یان ڕێساو یاسای باری کەسێتی، کەوا پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە ڕێك دەخات، کە کەسایەتی پێکدەهێنێ و دروستی ئەکات، وە پەیکەرو شێوە شکلی بنیات دەنێ، وە تایبەتمەندیە کانی دەدرەوشێتەوە، بۆیە کۆمەڵگایێکمان بۆ ئەهێننە بەرهەم کە هەیکەل و شکڵ و شێوەی شێوێنراوە، کەسایەتی داروخاو وکاڵ و کرچ بوەو خەریکە سیمات و سیفاتی جیا ناکرێتتەوەو.

هەرچی باوکان و دایکانیشە ڕۆڵیان دیار نیەو بە دەوری خۆیان هەڵناسن لە پەروەردەکردن و چاودێریکردن و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردندا، بە جۆرێك کە وەستاندویانن و لە کاریان خستون و دەستدرێژیان کراوەتە سەرو بە ڕێگەیەکی یاسایی کە بیروهۆشی هیچ کەس ناوروژێنێت.

کـە سـەهیۆنیەت و زایۆنیـەتی جیهـانی پـەنا دەباتـە بـەر هـەڵگرتنی نەتـەوە یـەکگرتوەکان لـە سـەر ئامـادەکردنی مـاڵ ودارایـی پێویسـت بـۆ بەخشـین و خەرجکردنی لە کۆنگرەکانداو کەوا شێوازو یاسا تەشریعیە پێویستەکان دەگرێتە بەر کە خزمەتی ئەم مەبەست و ئامانجە ئەکات، بەوەشەوە ناوەستن و ئەیگوازنەوە بۆ وڵاتـانی ئەنـدام ئـەبێ ئـەوانیش جێبـەجێی بکـەن بەسـەر گەلەکانیانـدا لـە ژێـر بێبەشبوونی دوورو درێژ لە قەرز و هاوکاری و یارمەتیە نێودەوڵتیەکان.

بـە ڕاسـتی ئەمـە هاوکێشـەیەکی سـتەمکارانەیە، صـەهیۆنیەتی پـیس و چـەپەڵ، وڵاتانی هەژار، وە گەلانیش بە بێ زانیاری ئەنوسێن پێوەی و دوای ئەکەون، دوای ئەوەش زۆرێك لە کۆنگرەی جیهانی گرێبەست ئەکرێت لە ژێر ناو و ناونیشانی زل و بریقەدار بۆ فڕو فێڵ و چاو بەستی گـەل و میللـەت، وە بـۆ ئـەوەی ڕێبـازی زیـاتر بگرێتە بەر لەیاسادانان کە کۆئەبێتەوە لە تەنها مەبەست و ئامانجێکدا، کە بریتیە لە وێرانکردن و لە ناوبردنی ئەو ئاکارو ڕەوشتانەی کە ماونەتەوە و ماون، ئـەویش بە سڕکردنی موهیمەو ئەرکی دایکان و باوکان و تێکدان ولـە نـاوبردن وێرانکردنـی خێزان،

وە بونەتە ئاستەنگ وڕێگر، ناهێڵن بە ئەرکی پیرۆزی سیحراویان هەستن ئەویش بـە هەڵگێڕانـەوەو ئـاوەژوو کردنـی حەقیقـەت و ڕاسـتیەکان، ناولێنـان و نـاوبردنی شتەکان بە بێ نـاوی ڕاستەقینەی خۆیـان دەگۆڕن لـە سـەرلاوان و گـەنجان تـاوەکو قوتدانی ئاسان و سوك بێت (ژەم و قوم)ە کـەیان، وە قبـوڵی مەبـدەئ و وبیرو بڕوا وتـەزویر بکـەن وە ڕازی بـن بـە ئەنجامـدانی کـاری نـامۆ و نـا ئاسـا بـە ئێمـە کـە هێناویانـە بۆمـان: نـامۆ و ناوازەکانیـان نـاو نـاون هاوڕەگـەز خـواز هاوڕەگـەز بـاز، داوێنپیس و سـۆزانی یـان ناونـاوە کرێکـار، کارکـەر(کارگوزار)ی بـەڕەحم و بـەڕێزو

بەخشندە، زینا کەر وبەدخوو بەدڕەوشتیان ناو ناوە شەریك و هاوڕێی هەمە چەشنەی سێکسی، وە پێناسەی خێزانیان بەوە کردوە کە شوێنێکە کە دوو کەس بژین بە یەکەوە تیایدا، هەر دوو کەسێك کە بە یەکەوە ژیان بەسەر بەرن ئەوا خێزانیان دروستکردوە با دوو کەسەکەش لە هەمان ڕەگەز (هاوڕەگەز) بن، بەم شێوەیە چەمکەکانیان گۆڕی، دواتر هاتن بناغەو ڕێساو یاسای نێودەڵەتیان بۆ دانا، ئیتر هیچ ڕۆڵ و دەورێك نەمایەوە بۆ باوك و دایك لە ژێر ڕیکێفی ئەم ڕێساو یاسای لادەرەدا، وە بە تەواوی بوە هۆی کوشتن ولە ناو بردنی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی.

## ٤-دواکەوتنی تەمەنی هاوسەرگیری:

شتێکی زانراوە کە هاوسەرگیری قەڵاو قەڵغانیکی گرنگە بۆ مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی، وە بۆ مرۆڤی موسڵمان بە شێوەیەکی تایبەتی، لە کەوتن لە خلیسکان و خزانی ڕەوشتی و لادانی پەیوەست بە پەیوەندی سێکسی، وە لە فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستدا(ﷺ)دا هاتووە ﴿أغض للبصر أحصن للفرج)، لە ژێر سایەو سێبەری بارودۆخێکی ئابوری قورس وگراندا کە جیهانی ئیسلامی تێیدا ئەژیت.

وە تەشەبوسمان (خوازەڵۆکێ) مان کرد بە هەندێ خو و نەریتی خراپ و هەڵەوە کە تێچووی پرۆسەی هاوسەرگیری قورس و گران و بەرز ئەکاتەوە، وە کارەکە (پرۆسەی هاوسەرگیری) ناڕەحەت و قورس و گران ئەکەوێت لەسەر کوڕ و کچەکانمان، بەو جۆرە تەمەنی هاوسەرگیری دوائەکەوێت، ڕێژەی قەیرەیی بەرز ئەبێتەوە وزیاد ئەکات، بۆیە لاوان و گەنجانمان (کوران وکچان) زیاتر پێویستیان بە پاراستن و پارێزگاریکردنێکی پتە و مەحکەم ئەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن لەم قۆناغە هەستیارە دورو درێژەی تەمەن و ژیانیان بە پاکی و بێگەردی بگوزەرێنن و

بەڕێی بکەن کە قۆناغی (باڵغ بوون بۆ هاوسەرگیری)ە، هەتاوەکو ئەم قۆناغە درێژە بکێشێ لە ژێر سایەو سێبەری بارو دۆخدا وەك لە پێشەوە ئامازەمان پێدا، لاوان وگەنجان زیاتر پێویستیان بە هێز و چەك و تفاق هەیە بۆ پاراستنیان.

## ٥-زانخوازی و ئاگاداربوونی پێشوەختەی کارو بارو کردە سێکسیەکان:

ئەمەش بە ڕاستی بە هۆی بونی ئەو شۆڕشە تەکنیکیەی کە لە پێشتردا نەبوو (پێشینەی نەبوو) کە ئێستە ئێمە تێدا ئەژین، کە چەندەها ڕوو و ڕۆکارو هۆکاری هەیە، کە بە شێوەیەکی بەر فراوان هەموو شوێنیکی گرتۆتەوە کە وەستاندنی و زاڵبوون بەسەریدا لەوانەیە مەحاڵ بێت، وای لێهاتوە بوەتە سەرچاوەی بە یەکگەیشتن ویەکتر بینین و وەرگرتن و فێرکردنی گەورە وئاشکرا، ئەمانە هاتون لە ناو ماڵەکەی خۆماندا هێرشیان کردوینەتە سەر و داگیریان کردوین لە هەموو ڕوویەك و لایەکەوە، بەبێ ئەوەی بتوانین بەرپەرچیان بدەینەوە وقەدەغەو ڕێگریان لێبکەین و نەهێڵین.

بەڵکو گەورەو بچوك لێی سەلامەتو بێوەی نەبوون، مناڵ ئەبینێ لە باوکیەوە کەوا ئەتوانێ هەڵس و کەوت ومامەڵە بکات لەگەڵ هۆکارەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ و سەردەم، وەك (کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، موبایل و تەلەفۆنی زیرەك) کە زۆر گرنگی پێ ئەدات، بەمەش زیاتر وزۆرتر زانخواز و ئاگادار ئەبێت و ئاگای لە فلیمە ڕووت و بێئابڕوەکانە کە لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی (ئینتەرنێت) بۆیان کۆکردۆتەوە بۆیان داناوەو بۆیان عەمبارکردوە.

بەشێوەیەك کە تۆڕی زانیاریەکان بە کراوەیی لە بەردەستیایەتی، بەڵکو تەنانەت بەرنامەی مناڵان لە هەندێ وێستگەو کەناڵی ئاسمانی، بە وەرگرتن و فێرکردنی زۆرێك لە ڕۆشنبیری سێکسی دەست پێدەکات، کە لەڕێی ئینتەرنێت یان لە ڕێگەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پێی دەگات، بەم شێوەیە هەست ودەرك و زانینەکانی

ئەکرێنـەوە سـەبارەت بـە وەرگرتنـی زانیـاری لەسـەر (سـێکس) و ڕۆشـنبیریەکەی بەتایبەتی لاوە تازە و زوو پێگەیشتوەکان، ئەمەش ئەبێتـە هـۆی زوو و پێشـوەختە لـە جولاّنـدنی هەسـتە هـەوەس و ئارەزووەکـەی، بـە خەبـەر هێنانـەوە و هەسـتانی غەریزەو هەوەسە (سست و خامۆش)ەکانیان، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بواری فیکری وهزری و دەرونی و جەستەیی ئامادەکاری بۆ نەکراوە پێنەگەیشتوە، لەبەر ئەوە لە کەسایەتی منالّەکەو پێکهاتەی دەرونی منالّەکە هەڕەتێك دروست دەبێت، بەهۆی نـەبونی گونجانـدنی ئـاوازی فـیتری و سروشـتی لـە نێـوان گەشـەی جەسـتەیی ودەرونی وئەقڵی و هزری، کە هەندێ لەم توخمانە پێش ئەکەون بەسەر هەندێکی تریاندا، وە هەندێکی دیکەیان دوا ئەکەون لە هەندێکی تریان، ئەوکاتە هاوسەنگی کەسایەتی لە دەست ئەدات، ئیتر هیچ پەیوەندی وگونجان و ڕێك وپێکیەك پەیدا نابێـت، ئـیتر تـاکێکی کەسـایەتی تێکچـوو دێتـە بەرهـەم بـۆ کۆمەڵگـە، کـە بناغـەو پایـەکانی ڕێکوپێك نین، بـەم شـێوەیە زۆر بە ئاسـانی لـە کۆمەڵگەکـەی لا ئـەدرێت چونکە بە پرانسیپی لادان پێوانەکراوە .

بۆیە کارکردن لەگەڵ منالّدا زیاتر هەستیارە و زۆرتـر گـرنگ و قورس و ناڕەحەتـە، بۆیە (تاوەکو هەمووئەو فڕوفێڵ وپیلان گێڕیانـەی کـە دەرهـەق بـە منـالأن ئـەکرێت تێپەڕێنین) ئەبێت بەردەوامبین لە

پـەروەردەکردنێکی ورد وهاوڕێیانـەو لێهاتووییانـە تۆکمـە و ڕۆشـن بـە هیدایـەتی خوای پەروەردگار،

هـەر لـە سبەینێوە زۆر گرنگـە لـە سـەرەتاوە لەگـەڵ منـاڵی تەمـەن تـازە پێگەیشـتوو دەسـت بکـەین بـە هۆشـیاری وڕۆشـنبیری سێکسـی، بـۆ پڕکـردن وپێـدانی زانیـاری گونجاو بۆ ئەو تەمەنە، مەبەستمان لە گونجاو بریتیە لە:

یەكەم/ ڕاست و دروست بێت، دووەم / هاوڕێك بێت لەگەڵ ئەو تەمەنەدا، وە هەر ئەبێت لە گەڵ ئەو تازە پێگەیشتوانەدا بین، لەگەڵ كاراكردنی هاوسەنگی ووردداً، تاوەكو بتوانین مێشك و بیرو هزری پڕ بكەین لە ڕاستی ودروستی، پێش ئەوەی بە هەڵە پڕی بكەن لە سەرچاوەی تر، وە ئەبێ بە بابەت و ناوەڕۆكێك پڕ بكرێت كە گونجاو بێت لەگەڵ ئاینمان و كۆمەڵگە و فەرهەنگ و كەلتورماندا، پێش ئەوەی كە بۆمان پڕبكەن بە سەرچاوە وبابەتی ترو و ناوەڕۆكی تێكچوو، وە ئەبێ بە شێوەیەكی ئەمین وساغ وسەلیم پێشكەشی بكەین، پێش ئەوەی بە شێوەیەكی خراپ ونادروست و تێكچوو بۆمان پڕ بكەن.

سەركەوتنی ئێمە و هاوبەشی و پەیوەندیبونمان لەگەڵ منداڵ لەم بابەتەدا یارمەتیدەر ئەبێت لەسەر پتەوكردنی پردی متانەی نێوانمان، ئیتر ئەوكاتە ئێمە ئەبینە مەرجەع و سەرچاوەیەك لەم كاروبارە هەستیارانەدا، بۆ ئەوەی ئەگەر شتێك یا پرسیارێكی لا دروست بوو كاتێك كە سەرچاوەی تری بینی ، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای ئەم مەرجەع و سەرچاوە متمانە پێكراوە، بۆ هەڵسەنگاندنی و ڕاستكردنەوەی هەڵەكان، ڕێكردنەوەی لاریەكان وفریاگوزاری نواندن بەرامبەریان، دواتر بەردەوام بوون لەسەر ئەم ئیستراتیژیەتە بە هەمان بەرنامە و پرۆگرام، تاوەكو بە سەلامەتی قۆناغی هەرزەكاری تێپەڕێنێ، ئەو كاتە ڕاستێتی دەوروبەرو هەموو لایەكی بۆ دەرئەكەوێت، ئەزانێت شوێنی خراپ و مەترسیدار كام شوێنەیە، وە ئەزانێت كام شوێن ئەمین و سەلامەت و پاكە، ئەوكاتە ئیتر ڕێگاكەی بە جوانی ئەبینێ ورێك و ڕاست لەسەری ئەبێت، ئیتر دوای ئەوە ناترسێت لە گومڕاكاران ولادەران.

# پێویستییە...یان خۆشی و ڕابواردنە؟

زۆر جار منداڵەکانمان پرسیاریان لە لا دروست دەبێت لە خوێندنگەو زانکۆو کۆلیژو یانەکان سەبارەت بە نەفامی و نەزانی قوڵ لە کاروباری سێکسی و یاساو ڕێکخەری شەرعی و پەیوەندی بە تەواوکەری بەندایەتی وپەرستنەوە، کە بەڕاستی ئەم پرسیارانە نامۆو غەریبن چونکە ڕونکردنەوە ئەدرێت لە بەڵگە نەویستی، خۆزگا هەر لە منالیەوە ئەو پرسیارانەیان ئەزانی، ئەو پرسیارانە جێی نیگەرانی و بێئارامی ودڵەڕاوکێ و وەڕسکەرن، چونکە لەسەر زانیاری هەڵە بنیات نراون، لە سەرچاوەی نا دروستەوە ئاودرا، بۆیە لە دەرەنجامدا بەرپەرچدانەوە و(پەرچەکرداری خراپ و نا دروست ونەرێنی) لەسەر ژیانیان و خێزانیان و کۆمەڵگایان بەرهەم دێت، کارێك کە پێویستە ئێستە بکرێت بریتیە لە هەستکردن و دەرککردن بە حاڵەتەکە، بۆ ئەوەی ئەم نەفامی و نەزانینە لە واقعماندا بە گەورەو بچوکمانەوە لابەرین، ئەویش بە ڕۆشنبیرکردنیان بە شێوەیەکی پەروەردەیی مەبەستدارو ئامانجدار کە گونجاو تێهەڵکێش بێت لەگەڵ و بەهای ئیسلامیمان و لەگەڵ پرنسیپە ڕەوشتی و ئاکاریەکانمان و گونجاو بێت لەگەڵ بناغەو یاسا شەرعیەکانماندا.

جا هەستکردن و دەرککردن بە کێشەو گرفتەکە دۆزینەوە ودەستنیشانکردنی بە شێوەو شێوازێکی ڕون وئاشکرا و ڕاستەوخۆ ئەوە نیوەی چارە و چارەسەرە، بەڵام ئەگەر کێشەو گرفتەکان نەزانران و دەرکیان پێنەکران لەوانەیە ببێتە هۆی نالەباری بە جۆرێك کە هیچ چارەسەرو حەلێك نەتوانێن چاکی بکاتەوە و حەل و چارەیەکی بۆ دابنێ ئەگەر کاتی دۆزینەوەو دەستنیشانکردنەکە دواکەوت، درەنگتر ڕێگا چارەی بۆ دیاری کراو بۆی دانرا.

ئێمە ئەمانەوێت بچینە ناو کرۆکی بابەتەوەکەوە لە ڕێگەی ئەم بەشەوە، بە قوڵایی چونەناو بابەتەکەوە بۆدیاری کردنی ئەوپێویستیانەی کە بە کردەیی و کرداری پێویستن بۆ ڕۆشنبیری سێکسی، یان مەسەلەو کێشەکە ئەوەنیە کە ببێتە دەستدرێژی کردنێك بۆ سەر ئەخلاق و بەها و ڕەوشتەکانی کۆمەڵگە، سنوری ئەدەب تێپەڕێنێ؟

هەروەك چۆن هەندێ لە پاشماوە ساختەکانمان کە لە هیچ بیرو باوەڕو ئاینێکدا بوونی نییە، تەنانەت ناتوانین بە دواداچوون بکەین لە باسی بابەتێکدا کە شوێنەواری بەرنامە وپەیڕەوی باو بێت، کە وەك نهێنییەك یان بە حەرام دابنرێت، تەنانەت ڕێ نادرێت کە کەس لێی نزیك بکەوێت، ئەگەر چی بۆ زانینی کێشەو گرفتێکیش بێت کە لەوێدا بوونی هەبێت یان نا.

حیکەمەت و دانایی خوای پەروەردگار جێگیر بووەو بڕێنراوەتەوە لە دروستکراوەکانیدا کەوا حەزو ئارەزوو غەریزەی لە نەفس و دەرونەکاندا داناوە حیکمەتێکی تێدایەو حەزو هەواو ئارەزووی ڕازاندۆتەوە بۆ خەڵکی هەروەك لە قورئاندا ئەفەرموێ: ﴿زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ ٱلشَّهَوَٰتِ مِنَ ٱلنِّسَآءِ وَٱلۡبَنِينَ وَٱلۡقَنَٰطِيرِ ٱلۡمُقَنطَرَةِ مِنَ ٱلذَّهَبِ وَٱلۡفِضَّةِ وَٱلۡخَيۡلِ ٱلۡمُسَوَّمَةِ وَٱلۡأَنۡعَٰمِ وَٱلۡحَرۡثِۗ ذَٰلِكَ مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَٱللَّهُ عِندَهُۥ حُسۡنُ ٱلۡمَـَٔابِ ١٤﴾ آل عمران: ١٤

خەڵکینە! تێفکرن چۆن ڕازێنراوەتەوە بۆ ئادەمیزاد بەگشتی: حەزکردن لە ئافرەت و نەوەی نێرینە و بە دەست هێنانی ئاڵتوون و زێڕ و زیوی زۆر و زەبەند و ئەسپی

چاك و ڕەسەن ( كە هۆكارەكانی هاتوچۆی ئەمڕۆ دەگرێتەوە بە تایبەتی كە هێزی ئامێرە جۆر بەجۆرەكان بە هێزی ئەسپ مەزەندە دەكرێت )، هەروەها مالآت و زەوی و زارو كشتوكالّ ... جا ئەمانە هەمووی ئاوات و ڕابواردنێكی كەمی دنیایی یە كە زۆربەی خەڵكی لێی مەحروم و بیّ بەشن، بەلاّم با ئیمانداران خەفەت نەخۆن چونكە خوای گەورە شوێنی پێشوازی ڕازاوە و خۆشی بۆ ئەو بەختەوەرانە ئامادە كردووە . آل عمران: ١٤

وە فیتنەی هەواو ئارەزو لە هەرە خراپترینەكان كە پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) لێی ترساوە كە توشی ئوممەتەكەی بێت هەروەك ئەفەرمویّ:

(مَا تَرَكْتُ بَعْدِي فِتْنَةً أَضَرَّ عَلَى الرِّجَالِ مِنَ النِّسَاءِ)(متفق علیه).
واتە: (دوای مەرگی خۆم هیچ ئاژاوەو فیتنەیەكم لەناو ئوممەتدا جیّ نەهێشتووە كە وەك ئاژاوەو فیتنەی ژنان زیان بەخش بێت بۆ پیاوان).

وە لە مەزنی وگەورەیی ئەم فیتنەیە پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) زەمانەتی بەهەشتی داوە بۆهەر كەسێك كە ڕەوشت پاك و پاكداوێن بێت ، هەروەك ئەفەرمویّ:

﴿من یضمن لي مابین لحییه وما بین رجلیه أضمن له الجنة﴾ بوخاری گێڕاویەتەوە.

(هەركەسێك زەمانەت (مسۆگەر) ی نێوان شەویلگەكانی و نێوان قاچەكانیم بۆ بكات، منیش زەمانەت(مسۆگەر)ی بەهەشتی بۆ ئەكەم). بوخاری گێڕاویەتەوە.

ئەی ئەگەر ئەم ڕوونکردنەوەو ئاماژەپێکردنە و ڕاپۆرت وخەڵات کردن و ڕێزلێنانە، لە وەخت و باری ئاسایی و سروشتیدا بۆ ئینسان لە کۆمەڵگەی ئیسلامی پارێزکارو پاك و خاوێندا هەبێت، ئەی ئەبێ

وخەڵات کردن و ڕێزلێنان چۆن بێت لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن؟ کردنەوەی کۆمەڵگە ئیسلامیەکان بەسەر کۆمەڵگەکانی تردا.. ؟ لە هەمان کاتتدا زۆربوونی هۆکارەکانی ورووژاندن وفریودان و سەرنج ڕاکێشی، هۆکارە هونەری وتەکنیکیە نوێ و سەردەمیەکان، دامەزرێنراون وتایبەتکراون لە ورووژاندنی هەست و هەواو ئارەزوو وبرەو پێدان و گرنگیپێدانیان، ئیتر یان بە پاڵنەرو هاندانی قازانجی ماددی یان بە پاڵنەرو هاندانی جێبەجێکردنی پلانەکانی پیاوانی سەهیۆنیەت و زایۆنیەت کە هەمیشە لە پلان و پیلانداان بۆ ڕوخاندن و تێکدانی ڕەوشت و بەهاو ئاکاری نەتەوە و گەلان، بۆ ئەوەی بە سوك و ئاسانی سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیان بکەن و ببنە بەندەیان و بەندایەتیان بۆ بکەن و بیانپەرستن، بۆیە ئایا تا ئێستەش پێویستمان بە ڕۆشنبیری سێکسی نیە..؟ یان ئەوەی کە پێی ئەوترێ (پەروەردەی سێکسی)..؟

سەرنج و تێڕوانینێكو وردبوونەوەیەك کە لەگەڵماندایەو بە دەورماندا ئەخولێتەوە و لە کۆمەڵگەکەماندایە وامان لێئەکات کە بڕوامان هەبێت کە پابەندبووەکان ئەوانەن کە لە تەمەنی هەرزەکاریدان، بە بێدەنگی ئەناڵێنن ئازار ئەچێژن لە پەستانی ئەم هەست وسۆزی سێکسیە!!

وە پرسیار ئەکەن بە سەرسامییەوە، ئەوان لە کوێی موباح ودروست و یاساغ و قەدەغەدان؟ وە لە کوێی حەرام و حەڵاڵدان، پاشان ئەگەر حاڵیان چۆن بوو هەروەك خۆی مایەوەو، هاوەڵ و دۆست و برادەرەکانیان بەجێهێشت و وازیان لێهێنان بە

بێ هیچ بەڵگەو نیشانەیەك، ئیتر چۆن ئامادەکاری و ئامادەسازیان بۆ بکەین ئامادەیان بکەین بۆ پێشوازی کردنیان بۆ ئەم قۆناغە هەستیاریەی ژیانی داهاتویان، بە هەموو پێداویستیەکان لە گۆڕاوە دەرونی سێکسی و فسیۆلۆجیەکان..؟

دایك شەرم ئەکات پێی نەنگیە کە قسەوباس بکات بۆ کچەکەی لەم بارەیەوە، تەنانەت لە ڕێکوپێکی خوڵی مانگانەشیاندا هیچ ڕونکردنەوەو ئامۆژگاریەکی نیە بۆیان، ئەوە لەگەڵ کوڕەکانیش هەرمەپرسەو ڕووی نیە و شەرم ئەکات لەم بارەیەوە  قسەوباس و هەواڵپرسیان لێ بکات، باوکیش بە بەردەوام سەرقاڵە بە ئیش وکاری ڕۆژانەیەوە وکاتی نیە لایەك بکات بە لایانەوە و ناپەرژێتە سەر قەسەو باس لەگەڵ مناڵەکانی (کوڕ و کچ)، ئەمیش بە هەمان شێوەی دایکیان پێی شەرم و نەنگیە کە قسە وباسیان بۆ بکات، ئیتر ئەم کێشە وگرفت و موعاناتە بەردەوام ئەبێت و باسە گرنگ و (بۆخچە نەکراوەکەش) بە ئاڵۆزی هەر ئەمێنێتەوە، بەلام هەرزەکاران ناوەستن تا باوك و دایك ئامۆژگاری و  ڕونکردنەوەیان بدەنێ ئیتر بۆ خۆیان ئەم قسە وباسانە ئەکەن و لە نێوان خۆیاندا ئەیگوازنەوە بۆ یەکتر و گوێ بۆ یەکتر ئەگرن، هەر چەندە لە ناچاریدا هەست بە خەجاڵەتی وبێشەرمی نەنگی ئەکەن

لە کاتی باسکردن و گوێگرتنیان، وەك ئەوە وایە کەوا بە کردەیی (کرداری) هەڵەیان ئەنجام دابێت،

هەڵەیەك ئەنجام ئەدەن دوور لە چاوی چاودێری خێزانیەوە...!

بۆیە لە جیهانی نهێنی و ئاڵۆزیەکاندا، چەندەها بیرو بۆچونی کردەوەی خراپ و هەڵە سەر هەڵئەدەن و دروست ئەبن، خەونەکە زل و گەورەو قەبە ئەبن و وەهمەکان گەورە ئەبن و گەشە ئەکەن وپەل وپۆ ئەهاون بە بێ چاودێرێك یان حساب بۆکردنێك، تەنانەت هەندێ جار لە یەکێکیانەوە (لەو هەرزەکارانەوە) چرپەی ئەم خەونە ئەبیسی لەگەڵ هەڵچونی دەرونی بێخواستی(لاارادی)، ئەیبینی لە زمانی جەستەی هەڵچوویەوە بە بێئاگایی (لاشعوری)..! دوای ئەوە ڕۆژە سەختە گەورەکە (الطامة) دێت، لە کتوپڕێکدا گەنج لە بەردەم پرۆسەی هاوسەرگیریدا خۆی دەبینێتەوە، هیچ خۆیشی ئامادە نەکردوە بۆ ئەم حاڵەتە، ئامادە باشی بۆ ئەم قۆناغ و وێستگەیە نە کردووە، ئیتر سەر لێشێوانی زیاتری بۆ زیاد ئەبێت و ئەکەوێتە حاڵەتی ڕوبەڕووبونەوەی ڕاستەقینە لە بارودۆخ و حاڵەتەکە، ئەوکاتە پێوستی ئەبێت بە مومارەسەیەکی شەرعی و واقعی و ڕاست و دروست.

ئەمە بە نیسبەت گەنج و لاوانی کوڕان و کچانی پاکیزە و پاکداوێن و پەیوەست بە شەرعی خوا، کە هەریەکێکیان ڕوبەڕوی ئەوی تر ئەبێتەوە بە هەموو ئەو بیرو فیکرو تێڕوانین و وەهم وشەرم و ترس وچەمك و ڕەهەندە هەڵانەوە کە کۆکراونەتەوە (کۆبونەتەو لای جەمن و کەڵەکە بوون) و عەمبارکراون، ئەم نەفامی ونەزانینە هەر دەمێنێتەوە چونکە بەشی هاوبەشی نێوانیانە، هەروەها ڕاشکاوی نەبوون لە هەست و ئارەزوو و پێداویستیەکان کە دەبنە هۆی جێبەجێکردنی پارێزەرو پەرژین و سەنگەر و حەساری گەنج و لاوەکانو، بە شێوەیەکی گشتی لەو حاڵەتانەی کە زیاد ئەکرێن بۆ ئەم تێکەڵەیە، لە ترسی پرسیارکردن و پرسین لە کێشەو گرفت یان داواکردنی هاوکاری و یارمەتی، وە نەبونی ڕێگاو دەرگاکانی پشکنینو خستنەڕووی ئەوەی کەوا پێویستە ڕووبدات...وە چۆن ڕووئەدات..؟

جا ئەم تێکەڵە ئاڵۆزە بۆ چەندین حاڵەت (حاڵەتی زۆر) لە هەرزەکاران کە نەفامی و نەزانینیان ئەیانخەنە هەڵەوەو هەندێ جاریش کردن و ئەنجامدانی هەڵەو گوناهوتاوان، ئەوکاتە پیاوانیش ئەکەونە شکو گومان لە شپرزەیی وپەشۆکان و پەشێوی پەیوەندی، یان کەمبونەوەی توانای هەستان بۆ ئەنجامدانی پەیوەندی تەواو، یان ناتوانن هاوسەرو ژنەکانیان خۆشحاڵ و ئاسودە بکەن، دووبارە ژنەکانیش کە ئەبینێ پیاوەکەی ئاوا سارد و سڕە و ئاسودە و خۆشحاڵ و ئارەزووی تێرناکات، ئیتر ئەمیش وەك پیاوەکەی سارد و سڕ ئەبێت تواناو تاقەتی هیچی نابێت، لەبەر ئەوەی چونکە پیاو نازانێت چۆن ئەو ماف و ئاسودەیی وبەختەوەریەیان بۆ بهێنێتەدی بۆیان دەستەبەر بکات، کە هەندێ جاریش زۆر گوێی لێ نیە و بێ موبالاتە، ئەم کەمتەرخەمیەی زۆر بەلایەوە ئاساییە، بۆیە بە داخ و کەسەرەوە کۆمەڵگەش بەشدارە لە نالەباری و قەیران ئەویش بە هۆی بێدەنگیەکی ترسناك و تۆقێنەرەوە، بە جۆرێك کە بەرنامەو پەیڕەو پرۆگرامی فێرکردن و خوێندن پێشکەش ناکەن (باشتر لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن)، هیچ بەشداریەکی ڕاستەقینە لەم ڕووەوە ناکرێت ، سەرەڕای بوونی ئەو هەموو خراپەکاری و بەدڕەوشتیەی کە لە شاشەی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە پەخش ئەکرێت، کەوا هیچ ڕۆشنیریەك پێشکەش ناکرێت بە قەدەر پێشەشکردنی وێنەیەکی ڕووت و جوڵەی سەرنج ڕاکێش و وروژێنەر و هەست بزوێن و ئارەزوی خامۆش و خەوتووی گەنجان ولاوان.

کارەکە ئەوەندەی تر خراپتر ئەبێت کاتێك کە ناڕەحەتی و ئەشکەنجەو ئازارەکان بە نهێنی لە نێوان هاوسەرەکان و ژن وپیاواندا ئەمێننەوە کاتێك چاویان بەیەك ئەکەوێ و سەریان سوڕ ئەمێنێت چۆن پرسیار لە یەکتری بکەن، ژنەکە جورئەت ناکات پرسیار لە پیاوەکەی بکات، پیاوەکەش بە هەمان شێوە جورئەتی ئەوە

ناکات داوای یارمەتی بکات لە ژنەکەی، بەم شێوەیە (بەم جۆرە) قەیران بەردەوام ئەبێت، ئەوکاتە ناڕەحەتی ودەردیسەریەکان زیاترو گەورە ئەبن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، کە ئەمەش ئەبێتە هۆی تەلاقدان و جیابونەوە، لە پێناو کێشەیەکی سوك و ئاسان، کە لەلای ئەهلی شارەزایانەوە لە ماوەی نیو سەعاتێکدا ئە و کێشە چارەسەر ئەکراو نە ئەگەیشت بەو ئاکامە دڵتەزێن و نەخوازراوە، بەو شێوە ژیانی مات ومەلول و دڵتەنگ و غەمبار و پەژارەیی بەردەوام ئەبێت، کە هیچ تام وچێژ و ڕەنگێکی نابێت، تەنها دڵەڕاوکێ وپەشێوی ونیگەرانی ومشتومڕو دەمەقاڵێ و سکاڵاکردن، کە هەزار هۆیان بۆ ئەدۆزینەوە ... بەڵام لە ڕاستیدا دورە لە هۆ و هۆکاری ڕاستەقینەوە، ئەمە کێشەو گرفتێکی قوڵە کە لە پشتی پەردەکانی وەك (شەرم و شەرمەزاری و نەفامی و نەزانین)ە وە خۆی حەشارداوە ، کە لای ئێمە درێژە ئەکێشێ و ئەمێنێتەوە هەموو کاتێك بە ڕوویەکی خراپ و ناشیرین و چەپەڵ لە کارەساتی خێزانی، گومانی تێدا نیە پێویست ئەکات بە چارەسەرو چاکسازی، وە هەر ئەبێت بە و تێڕوانینە تایبەتەی کە ئێمە هەمانە دەرچین و دابەزین دەست بکەین بە چارەسەر و چاکسازی، کە گونجاوە لەگەڵ ئاینی پاك و بێگەردمان و ڕۆشنبیری ئیسلامیمان، وە پێویستە دەست پێبکەین بە دروستکردنی بینای ئەزموونە تایبەتیەکانمان، سەرەڕای بوونی کێڵگەی مین و دڕك وداڵ، وە پێویستە داوای حەل و چارەسەر لە زانایان و ئەهلی عیلم بکەین بە بێ دودڵی و گەڕانەوە یان داوای دەستکردو دروستکراو، ئەمەش پێویستی بە کردنەوەی دەرگای وتووێژ وگفتوگۆ هەیە لە نێوان هەموو لایەنە جیاوازەکان و لە نێوان هەموو هۆشمەند و بایەخ و گرنگیپێدەرێکدا، ڕێنمویی کەرو و ڕوناککەرەوەی ئێمە سونەت و شەریعەتە و پەرژین وشورامان تەقواو لە خواترسان و جدیەت و زانستی قورس و سەنگینە.

ژیــانی ئینســان(مرۆڤ) –پــێش ســەردەمی کەناڵــە ئاسمانیــەکان وئینتــەرنێت و خۆهەڵقورتێنەرە کوێرانەکانی مرۆڤ –پێشکەوتن و گەشەی ئەکرد لەگەڵ سروشت و فیترەتیا لە ژێر ڕۆشناییاندا بە شێوەیەکی ئاسایی وسروشتی، گەشەی ئەکرد لە ڕووی جەستەیی و هزری و ئەقڵی و زانین و زانیاریەوە، بە هاوسەنگیەکی تەواو و بــە ئــاوازێکی خــۆش و جــوان وڕێکــوپێکی و خــۆ گونجانــدنێکی داهێنانـــە و نوێخـوازەوە، فیترەتـی پـاکی پێکهاتـەکانی دروسـتبوونی بـۆ ئەدۆزێتـەوە وبـۆی دەرئەخات.

–بە پێـی ئـەو قۆناغـەی کـە پێـی تێپـەڕ ئـەبێت ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ–بـە چـەندێتی و جۆرایـەتی، پێویسـتی بە هـیچ شـتێك نابێـت مەگـەر تـەنها کـەمێك ئاراسـتەکردن و ڕێنمـایی دەرەکـی نـەبێت، بـۆ شـوێنکەوتن وبەسـەر بردنـی ژیـان و زینـدەگی بـە سانایی و سوك و ئاسان، بە بێ دڵەڕاوکێ ونیگەرانی وبێئـارامی و سەرلێشێوان و ترسێك، لـە کاتێکدا کـە هـەموو ئەوانـەی لـە دەوروبەریـدان لـە–هـاوڕێ و هاوسـێ و خزمـان و کـەس و کـارو ئەوانـەش کـە لـە کـۆڵان و جـادەن–ڕێنمـایی و ئاراسـتەی ئەکەن بە ڕێنماییەکی ڕاست و دروست و ساغ و سەلیم.

بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخ و حاڵەتەکە گۆڕاوە، لە بازاڕ و کۆڵان و هۆکارەکـانی گەیانـدن و لــە خوێنـــدنگاو زانکۆکـــان و تەنانـــەت لـــە هۆکـــارە جیاوازەکـــانی ڕاگەیانـــدن وخۆشـگوزەرانی، چـاویان لەسـەر گـەنجان و لاوانـەو چـاویان لـیَ کـل ناکـەن ولـیَ لانـادەن و تیشـکیان خسـتونەتە سـەر هەمیشـە کـارو کردەوەیـان بوەتـە هەژانـدنی هەسـت و سـۆزو وروژانـدنی هـەواو ئارەزوەکانیـان و جولاّنـدنی غـەریزەو ئـارەزوە شاراوە کانی لاوان: هەر لە چیرۆکی نزم و بێنرخی بەدڕەوشتیەوە بیگرە تا گۆرانی ومۆسـیقای  سەرخۆشـکەرو شـێتانە و تـا فلیمـی ڕووت وبێشـەرمانەو تـا وێنـەی

خراپ و پیس و بێئابڕووانە، هەموو ئەمانە ئینسانە شەیاتینیەکان ئەیجوڵنن بە شێوەیەکی بەردەوام تاوەکو بیروبۆچون و ڕۆشنبیری و دیدو تێڕوانینی نەوەی نوێ بشۆن و زاخاوی بدەن بەو شتە پڕو پوچ و پیس و خراپانە بۆ ئەوەی هەرچی هەست وبیرو دەماری(نزعە) کاری چاك و باش هەیە لە یادگەیدا کۆتایی پێ بێت و هەموویان نەمێنن، بەڵام تۆڕی ئینتەرنێت– کە ئەوەندە فراوان بوەو برەوی پێدراوە و هەموو تاکێکی گرتۆتەوە–کە ئاهەنگ ئەگێڕن بە شوێنە خراپ و ڕووت و بێئابڕوانەوە کە کۆکراونەتەوە و ئامادەکراون و هەڵگیراون بۆ ئەم بێچوە زەڕنەقووتانە کە ئاگایان لە خۆیان نیە و تەنها دەمیان کردۆتەوە تینوو و برسیانە، بە پێی سەر ژمێریەکی جیهانی کە بلاْوکراوەتەوە (٢٨٠,٠٠٠,٠٠٠) دوسەدو هەشتا ملیۆن وێنەو فلیمی ڕووت و پیس وخراپ کە بە بەیانیان وئێوان و بە شەو و بەڕۆژ بلاْوئەکرێنەوە، وە بە بەلاش و بە خۆڕای وبێتێچوویەك ئەگاتە لای هەموو کەسێك تەنانەت ئەوکەسەش کە نایەوێت پێی ئەگات، وە زیاتر ئەیخەنە بازاڕەکانەوە بلاْوەی پێ ئەکەن، وای لێهاتووە هەمووکەسێك سەیریان بکات و بیانبینێت لە ڕێگەی موبایلی زیرەکەوە کە گەنج کات و شەو ڕۆژی بۆ نیە هەرکات ویستی لە باخەڵ و دەستیدایە بە کەیفی خۆی چی بوێت سەیری ئەکات، ئەمەش هەمووی کەناڵە ئاسمانیەکان لە پشتیەوەن کە بلاْوی ئەکەنەوە تاوەکو ماڵێك نەبێت کە داگیر نەکرابێت و ئەم پەتایەی پێ نەگەیشتبێت، کە کەسەکان و ماڵەکان بە بەرنامەی داوێنپیسی و بەدڕەوشتی ڕووت و بەرەڵلاْ و تێکدان و هەڵوەشاندنی خوو ڕەوشت قیەم و بەهاکان داگیر و زەوت ئەکەن...!!!

جا گرفت و کێشەکە ئەوەیە کە ئەم بارودۆخە هەموو کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، تەنانەت هیچ بنەماو ڕێکو پێکیەك و زانیاریەکی بۆ ئینسان نەهێشتۆتەوە کە پێویستی بەو زانیاریانە ئەبێت لە هەموو قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا، وای

لێهاتوە بە جۆرێك کەوا منداڵێك ئەتوانێ کە ئاگای لە هەموو وردەکارییێك بێت و تەقە لە دەرگای هەموو شتێك بدات و چاودێری و سەیری کردەو کرداره سێکسیەکان بکات بە تەواوی ماناو زۆر بە ڕونی وبەئاشکرایی، هەواو هەوەس و ئارەزووی ئەجولێنێ وهەوەس و شەهوەتی پێش کاتی خۆی بە ئاگا ئەهێنێت و خەبەری ئەکاتەوە، ئەوکاتە ودواجار هەست بە برسی بوونی سێکسی بە هێز و توند و بە هێز دێتە ئاراوە و لە دایك ئەبێت، دواجار نرخەکان زیاد ئەکەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ئەگەر هاتوو زانیاریەکان بە شێوەیەکی تێکدراو پێشکەشکران، ئەوکاتە گەنج ناتوانێت لەو نێوەندەدا خۆی بگرێت بێجە لە وێرانکردن و کەوتنە ناو گێژاوی هەواو ئارەزووەوە، بە هەموو هێزو قوەتێکیەوە گوژم ئەدا بۆ کپکردنەوەو کوژاندنەوەی ئاگری برسێتی، ئەچێتە ناوپێشبڕکێیەکی تادارو خرۆشاوو گەرمەوە، کاریگەریەکان بە بەردەوامی نوێ ئەبنەوە، بۆیە پاڵنەرەکانیش بەردەوام ئەبن بەرەو بەدڕەوشتی و بەدکاری و داوێنپیسی بە بێ ئەوەی تێرببێت، پێشبڕکێ بەردەوام ئەبێت بە جۆرێك کە ئارەزوەکەی دانامرکێ و ئارام و هێمن نابێتەوە و ناشوەستێت لە ڕاکردن و گەڕان بە دوای هەواو هەوەس و شەهوەت و ئارەزوەکانیدا، شەیتانیش پڕ گەروی قاقای پێکەنین لێئەدات.

هەموو ئەمانە زەنگی ترسناك و مەترسیدار لێئەدەن بۆ داهاتویەکی ڕەش و تاریك ولێڵ وناڕوون...ئاڵۆز ...بۆ هاونیشتمانیان و هاوڵاتیانمان، ئەگەر یەکەم دەستی چاودێری خوای پەروەردگار و ڕێنمویی و ئاڕاستەکردنی لەسەر نەبن، دواتر هۆشیاری وپەرۆشی غیرەتی (معنیین) پەیوەندیداران لە (شارەزایان و پسپۆڕان و پەروەرشکاران و پەروەردەکاران کاربەدەستان و فەرمانڕەوایان) بایەخ وگرنگیدانیان ...وبەرەنگاربونەوەی ئەوەی کە ئەویستڕێت و ئەیانەوێت بۆیان لە پێناو جگەرگۆشەکانمان ...لە پێناو سەلامەتی نەوەکانی داهاتومان...لە پێناو

نەتەوەو گەل و نیشتمان...لە پێناو پاراستنی فیترەتی مرۆڤایەتی و ئینسانیەت کە خواوەند فیترەتی لە ناخی خەڵکاندا چاندووە تا لە سەری بڕۆن لە سەر ئەو فیترەتە پاکە ژیان بوگزەرێنن...لە پێناو مانەوەی حەیاو شەرم و شکۆ لە چاوی پاکیزەکان و پاکداوێنەکاندا(کچەکاندا)...لە پێناو ڕەوشت و ئەخلاقی خەڵکدا...لە پێناو مرۆڤایەتی مرۆڤ تاوەکو بە مردوویی بۆگەنی نەڕوات بەسەر زەویدا و لە سەر زەوی بکەوێت ...لە پێناو تەواوی مرۆڤایەتیدا...بۆیە پێویستە بە جدی کاربکرێت بۆ پاراستنی نەوەی لاوان و گەنجان و منالأن ونەوجەوانان لە کەوتنە ناو زەلکاوی بەدڕەوشتی وخراپەکاری نزم و ڕسوا و پیس و چەپەڵ و تێوەگلانی کاری داوێن پیسی کەوا گەندەڵکاران و خراپەکاران و بێڕەوشتان بلأوی ئەکەنەوەو برەوی پێ ئەدەن، ئەوانەی کەوا لە هەموو شوێنێك بۆلاوان و گەنجانمان فێڵ و تەڵەکە و داو ئەنێنەوە.

ئەوەی پێشەوە کە باسکرا هەمووی، بۆمان دووپات و دڵنیا ئەکەنەوە کە (ڕۆشنبیری سێکسی ساغ و سەلیم وپاك و بێگەرد) گرنگ و پێویستە کە گونجاو بێت لەگەڵ شەرع و یاساو بەرنامەی ئیسلامی پیرۆز، ئەم ڕۆشنبیریە سێکسیە گرنگیەکی زۆر باشی هەیە ، بۆ ئەوەی هاونیشتمانیان و منالەکانمان لە (کوڕان و کچانی تازە پێگەیشتوو و هەرزەکاران و لاوان و گەنجانمان) دور بخەینەوە و بە دوریان بگرین لەو قسە وباسانەی کە دوژمنانی مرۆڤایەتی بۆیان ئەکەن و بۆیان ئەگێڕنەوە کە هیچ هەمێکیان بۆیان نیە تەنها کۆکردنەوەی ماڵ و پارەو پول نەبێت، نەك دڵسۆز و خەمخۆری ئەوان بن بەڵکو (تەنها ئەوانیان بۆ مەرامی گلأوی خۆیان ئەوێت بە هۆیانەوە گیرفانیان پڕبکەن و خۆیان دەوڵەمەند بکەن) لە ڕێگەی بازرگانی کردنەوە بە غەریزە و ئارەزووی سێکسیەوە و هێزی پەستان و فشار خستنە سەر هەست وسۆزی منالأن و کەم تەمەن و نەوجەوانان، بۆ لادانیان و

خــراپ و وێرانکردنــی فیترەتــی پاکیــان دواجــار تێوەگلانیــان و خســتنەناوی خراپەکاری و بەدڕەوشتی و داوێن پیسیەوە، لادانیان لە ڕاستە شەقام و ڕێگەی ڕاست و دروست، ئەگەر توانیمان دوریان بخەینەوە (ئەگەر بتوانین بە دوریان بگرین ) لەو کارەساتە، ئەوا ئێمە بەشداریمان کردوە لە پاراستنی جگەر گۆشەکانمان لە فەساد وخراپەو خراپەکاری و زنجیرە لادان ولادەرە لەناوبەرەکانی لاوان و گەنجانمان و وێرانکردن و تێکشکانی داهاتووی نەتەوەو نیشتمان و گەل و ولات، بەڵکو تەواو مرۆڤایەتی، کارەکە هەروا سوك وئاسان وسادە گەمەوگاڵتە نیە، بەڵکو پێویستیەکی گرنگی ئەخلاقی وکۆمەلایەتی و ڕەفتار و ئاکاری و ڕەوشتیە...! بەلام بەرنامەی ڕۆشنبیری سێکسی پلەبەند و مەبەستدار کە چاکسازی بکات لە ژینگەی ئیسلامیمان ...ئەو زانیاریانەی کە لە بەرنامەکەدا هەن ...لەگەڵ کۆمەڵێك تەمەنی مەبەستتدار بۆ هەر یەکێکیان و لایەنی سەرپەرشتیار بەسەر بەرنامەکە و (سەرپەرشتیاری بەرنامەکە)و چۆنیەتی جێبەجێکردنی.

پێویستە ئەم بەرنامەی ئێمەیە جیاواز بێت لە غەیری خۆمان، (بە شێوەیەك کە لە یاساو فێرکاریەکانی ئاینی پیرۆزمان وەریبگرین وە لە ڕێگەی هۆکارەکانی پەروەردەی سەردەمیانەوە بیگەێنین... ڕوناککەرەوە وڕێنمویکەرو ڕێپیشاندەر و پێشەنگی ئێمە لەمەدا بریتیە لە سونەتی پاك و بێگەرد، وە پەرژین وشورە و دیواری ئێمە تەقوای خوای پەروەردگارە و هەروەها لەگەڵ جدیەت و توندوتۆڵی و تۆکمەیی وزانست و زانین ی قورس و سەنگین، هەتاوەکو ڕۆڵەکانمان و منالەکانمان بپارێزین، وە پارێزگاری بکەین لە قیەم و ڕەوشت و ئەخلاقمان و خزمەتی نەتەوەو نیشتمانمان بکەین سەرکەوتووبین و بەهۆی پاداشتی نەبڕاوەمانەوە.

## بۆ هەمووبە پەرۆش وخاوەن غیرەت و ئاقڵ و هۆشمەندێك...!

سەیر و سەمەرەیە بۆ کارو فەرمانەکانی دەستە و تاقمی پووچ وناهەق وناڕەوا، کارە ناهەق و ناڕاست و پڕوپوچەکانیان جێبەجێ و ئەنجام ئەدەن بە بێ خەجاڵەتی و شەرم و شورەیی و شەرمەزاری، پشتگیری وهاوکاری و یارمەتیشیان ئەدەن بۆیشیان بلأوئەکەنەوەو لە بە جیهانگیری کردنیەوە بە بێ بێزاری و وەڕسبوون، ڕاگەیاندنی گەندەڵ و تێکدەریان بۆ ئامادە و ژێربار کردون بۆ هەڵگێڕانەوەو شاردنەوەو ئاوەژوو کردنی ڕاستیەکان و ڕازاندنەوەی (منکر) کاری خراپ وفریودان و کەمەندکێش کردنی لاوان و گەنجان بە جۆرەها ڕێگەی تازەو نوێو داهێنراو وە بەکار هێنانی زاراوەی نەخشێنراو وە بە چاودێری و ئاگاداریەکی چڕوپڕەوە، (هیچ بنەماو پەسەند بونێکیان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ بڕیار نەدراوە و هیچ دەستەڵاتێکیشیان نیە )، بۆ ساختەکاری و فێڵ و تەڵەکەو داپۆشینی نەبونی هۆشیاری ...بە مەبەستی دورخستنەوەی لاوان وگەنجان، نەوە لە دوای نەوە لە مانای فیترەتی بەرزو پاك و بێگەردی خوایی کە لە هەموو شەرع وئاینە ئاسمانیەکاندا هاتووە و باسکراوەو ئاماژەی پێدراوە.

سەیرکە ئەوانە لاوان و گەنجانیان سەرقاڵکردوە بە ئارەزوو حەزکردن و هەواداری بۆ وەرزش وچاودێریکردنی هەواڵ و دەنگوباسەکانیان، بەوە فریویان ئەدەن تاوەکو بە ملیۆنەها لاو وگەنج کۆ بکەنەوە لە یاریگاکاندا بۆ تەشجیکردن و هاندانی یاریەکانیان و پاڵەوانێتیەکانیان وپێشبڕکێکانیان، جا سەیرکە لە کاتی ئەنجامدانی یاریەکاندا چ حەماسەتێك وگەرم و سوربونەوە و پەرۆشیەك و چ زیادە هەژاندن وهەڵچونێکی لاوان ودروستبوونی گێرەشێوێنی و ژاوەژاوی گەورەو زۆر دەنگ بەرز، ئەو لاو و گەنجانە ئبینی بەو شێوەیە ئەڵێ ی مەست و سەرخۆشن بەڵام لە ڕاستیدا مەست و سەرخۆش نین، زۆر بەختەوەر وخۆشحاڵ و شادومانن

به خۆشی و شادیەکی درۆینەی خەیاڵی به سەرکەوتنی یەکێك لە ڕکابەرەکان و یەکێك لە تیپە براوەکان، بەڵام کات لە دوای کات دێت و دەڕوا، بانگ دەدرێ و بانگ دەکرێن بۆ نوێژە فەرزەکان بۆ ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان، بەڵام کێ هەیە وەڵامی بانگ و بانکردنەکە بداتەوە، چ شتێك هەیە بە ئەندازەی ئەوەی کە چاوی دوژمنانی پێ تێر ببێت لە نەکردن و وازهێنان لە نوێژ و لە بیر بردنەوەیان ئیتر لەوە زیاتر چییان ئەوێت لە لاوان و گەنجانی موسڵمانمان، هەربەو جۆرە و بەهەمان شێوە فەرمانڕەوایانی زایۆنیزم و سەهیۆنیەت پیلان و پلانیان داڕشتوە بۆ گەنجان و لاوان هەروەك لە پڕۆتۆکۆڵەکەیاندا هاتووە کە ئەڵێت: (((پێویستە لەسەرمان کاربکەین بۆ داڕوخان و داڕمان و لە ناوبردنی ئەخلاق لە هەموو شوێنێکی ئەم دوونیایەدا، وە ئەبێ کار بکەین بۆ لەناو بردنی ڕەوشت بەها باڵاکان لە هەموو شوێنێکدا، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانین دەستی بەسەردا بگرین و ئیتر زۆر بە ئاسانی ئەتوانین کۆنترۆڵی بکەین و زاڵبین بەسەر هەموو جیهاندا ، فرۆید لە ئێمەیە و بە بەردەوامی پەیوەندییە سێکسییەکان نمایش ئەکرێت لە ژێر سایەی تیشك و ڕوناکی خۆردا، بۆ ئەوەی لە دیدگای لاواندا هیچ شتێکی پیرۆز نەمێنێتەوە، تا وەکو لای گەنج و لە تێڕوانینی گەنجدا شتێك نەمێنێت بە ناوی پیرۆزییەوە، تا گەورەترین خەمی ببێتە تێرکردنی ڕەمەکە سێکسییەکانی (الغریزە الجنسیە) و حەز و هەواو ئارەزوەکانی، تا وەکو خەم و غەم و پەژارەی گەورەی ببێتە تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی، ئیتر بەها و ڕەوشتەکانی هەرەس دێنێت و ئەو کاتە ئەخلاقیشی ئەڕوخێ و ئەخلاقیش لە دەست ئەدات و بێ ڕەوشت و بێ نرخ ئەبێت هەروەها فرۆیدی یەهودی و زایۆنیش ئەمەمان بۆ وەرئەگێڕێت لە ڕێگەی تیۆرو بیردۆزەکانیەوەو ئەڵێت:(( ئادەمیزاد(مرۆڤ) بە بێ تێرکردنی سێکسی نایەتە بوون (واتە بوونی خۆی بەرجەستە نابێت و نایەتە دی و دەرناکەوێت))، وە هەموو قەید و کۆت و بەندێکی ئاینی یاخود بەها و ئەخلاقی و یاخود داب و نەریتی، ئەوە قەید و بەندێکی نا ڕەوا و نا ڕاست و بێ واتا و

پووچــەڵە، وە وێرانکــەر و ڕوخێنــەر و تێکشــکێنەری وزەو تواناکــانی مــرۆڤ و ئینسانە، وە ئەوە کپکردن و کەبتکردنێکی نا دروست و ناڕێسا ونا یاسای یە)).
ئەگەر کۆمەڵگە بکەوێت و هەرەس بهێنێ لە نێوان ڕاگەیاندنی ساختەو چەواشەکار و فێڵباز و خولیاو پەرۆشی سەرسوڕهێنەری یاریەکان و پاڵەوانێتیەکان و تەواوی کاتەکانی تر کە ئەمێنێتەوە بەسەر ببرێت و بمێنێتەوە بۆ سەرقاڵبوون وخەریک بوون بە سێکس وفلیمە ڕووت و بێئابڕوەکان کە تۆڕی ئینتەرنێت ئامادەی کردون و زۆر زەبەندە لە هەموو شوێنێکدا دەست ئەکەون ئەگەر کۆمەڵگە لەم نێوەندە و لەم کەش و هەوا خراپ و نالەبارەدا کەوت و گیری خوارد، ئەوکاتە سوور بە و بڕیار لەسەر کاری جدیو بەرهەمی چاك وناوازە بدە...!!! چونکە دوژمنانی دین وئاین چاك دەرك و هەستیان بەوە کردوە کە نهێنی هێزو بە هێزی نەتەوە و گەلان و پەیوەندی وپێکەوەنوسانی کۆمەڵگاکان و پێشکەوتنی گەلان لە پەیوەست بوونیان و پەیوەندبوونیانە بە خوڕەوشتی جوان پاك و پەسەندەوە کەوا خوای مهرەبان بەخشیویەتی بە مرۆڤەکان وخەڵکانی لەسەر فیترەتی پاك وبێگەرد بنیات ناوە و دروستکردوە، وە بلاوبونەوەی بەهاو ڕەوشت و قیەمی بەرز و بەڕێزە، جا بۆیە دوژمنان زۆر چاویان لەسەر ئەو بەها و ڕەوشت و قیەمی بەرز و بەڕێزەیە بۆ ئەوەی تێکی بدەن و بیڕوخێنن و بیگۆڕن بە خراپەکاری و بەدڕەوشتی، بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی پلان و پیلانەکانیان زۆر لایان ئاسان و سادە و ساکار بێت، چونکە لەوانەیە لەو فەرمودەیەی پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) ەوە وەك سەرچاوەیەك لێیان هەڵگۆزیوە و سودیان بینیوە کاتێك کە ئەفەرموێت ﴿ إنما بعثت لاتمم مكارم الاخلاق﴾ بوخاری گێڕاویەتەوە، واتە ﴿من نێراوم و ڕەوانە کراوم بۆ ئەوەی خوڕەوشتە جوان و پەسەندەکان تەواو بکەم﴾

جا هەرکەسێك دەست بگرێت و پەیوەست بێت بەو خوڕەوشتە جوان و پەسەندانەوە ئەوە سەرکەتوو سەرفراز ئەبێت، وە هەر کەسێکیش وازی لێهێنان دەستی پێوە نەگرتن و دوای شەیاتینی ئینسان و جنۆکە کەوتن ئەوا گومڕاو سەرلێشێواو توشی بەلاو موسیبەت ئەبێت.

جا لـە فڕوفێـڵ و کەیـدی دوژمنـانی مرۆڤایـەتی پـیلان وپلانـە شـەیتانیەکانیان و جێبـەجێکردنیان لـە کۆمەڵگاکانـدا بـە تایبـەتی کۆمەڵگـەی ئیسـلامی، بـۆ گـۆڕین وشێواندن و تێکدانی بیروباوەڕیان ، لە ڕێگەی نەخۆشی ئایـدزەوە، بە بانگەشـەی دۆزینەوەی ڕێگا چارەو نەهێشتن و بەرەنگاربونـەوە، وە جۆرەها ناونیشانی باق وبریقـەدار بـەکار ئـەهێنن، لـە ڕوکـار و دەرەوەدا چاکسـازیە بـەڵام لـە نـاوەوە و لـە نـاوکرۆك و ناواخنـدا خـراپ و گـەنیوە، بەڵگـەش بـۆ ئەمـە کـە لـە یەکـەم لێـدوانی بەڕێوبــەری بەرنامــەکانی بەرەنگاربونــەوەی ئایــدز لــە نەتــەوە یــەکگرتووەکان بەڕێز(میشال سییدیە) دا هاتوە، کاتێك کە ئـەڵێت:( پێویسـتە ئێمـە کار بکـەین بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـە ئایـدزەوە فرسـەت وهـەلێکی سیاسـی بقۆزینـەوە بتـوانین لـە ڕێگەیـەوە گۆڕانکـاری سـەرەکی لـە کۆمەڵگاکانـدا بخـوڵقێنین و دروسـت بکـەین، تاوەکو بتوانین بەوهۆیەوە و لەو ڕێگەیەوە ڕێگا چارەو چارەسەری هەندێ کێشە و گرفتـی دڕکـاوی بکـەین بۆنمونـە وەك: پڕوپاگەنـدە و بڵاوبونـەوەی قسـەو بـاس و کێشە و گرفتی ڕۆشنبیری سێکسی-تەبعەن عادەتەن بە پێی ڕێگەی ئەوان-پێدانی ئـازادی زیـاتر بـۆ هاوشـێوە و هاوڕەگـەزبازان لـە جیهانـدا، وە پێـدانی زیـاتری مافەکانی ئینسان، بە تایبەتی لە بواری مافەکانی ژنان و ئافرەتاندا).

بەڵام ڕۆشبیری سێکسی، کارێکی سەرسوڕهێنەری هەیـە بـە نیسـبەتی ئێمـەوە وەك موسڵمانان، بەرنامەکانیان نوسیبوو لە تەنزانیاو بریتانیا جێبەجێیان کرد، دواجار بانگەشەی ئەوەیان بۆ کرد کەوا زۆر بە سود و بە کەڵك و کاریگەر بووە، لەبەر ئەمە ئەم بەرنامەیە وەرگێڕدرا بـۆ زمـانی عـەرەبی وە بڕیاریشیاندا کـە لـە داهاتوشـدا لـە هـەرێمی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت وباکوری ئەفریقاشـدا جێبـەجێ بکرێـت بـۆ ئـەوەی هەموو ناوچە و وڵاتانی عـەرەبی بگرێتەوە، مەبەستی بەرنامەکانیشیان بریتـی بـوو لــە (ڕۆشــنبیری سێکســی) قۆناغــەکانی تەمەنــە جیاوازەکــانی (٦-١٣) ســاڵ، بەرنامەکەیان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهاتووە لە:

### أ-قۆناغەکانی تەمەنی(٦-٩) ساڵان:

مەبەست وئامانجەکان:
* پێناسەی کۆئەندامی زاوزێ و ئەرك و کارو ئیشی هەر ئەندامێکیان (نێر ومێ)، وە باسکردنی ئەو
گۆڕنکاریانەی کە بەسەر جەستەدا دێت...وە باسکردنی ئەو نەخۆشیانەی کە توشی کۆئەندامی زاوزێ ئەبن بە تایبەتی ئایدز.

چۆنیەتی و ڕێگەی وانە وتنەوە:

*لە لایەن خانمە مامۆستایەکەوە وێنەیەکی ئەندامی زاوزێی کوڕ و کچێك پیشان ئەدرێت لە بەرچاو و لە بەردەم منداڵەکاندا، دواتر پرسیاریان لێ ئەکرێت کە چییان بینیوە، دواتر لە لایەن مامۆستاوە داوا لە کوڕو کچێك دەکرێت کە جلە ناوخۆییەکان(جلەکانی) ژێرەوەیان دابکەنن بە بەر چاوی هەموو منداڵەکانەوە.

## ب- قۆناغەکانی تەمەنی(١٠-١٢) ساڵان:

مەبەست و ئامانجەکان:
* پێدانی هۆشیاری بە جەستە (بە کرداری لە ڕێی جەستەوە)، وە فێرکردنی پەیوەندیی سێکسی پێشوەختە.

چۆنیەتی و ڕێگەی وانە وتنەوە (شێوەی وانە وتنەوە):
* خانمی مامۆستا فەرمان ئەکا بە خوێندکارەکان کەوا چاویان بنوقێنن و بیر لە ئەندامی زاوزێی (پیاو وژن/ نێرو مێ) بکەنەوە.
* خانمی مامۆستا فەرمان ئەکا بە کچە خوێندکارێك پێی ئەڵێت کەوا وێنەی ئەندامی زاوزێی پیاو بکێشێت (ئەندامی زاوزێی پیاو وێنە بکێشێت) و بە خوێندکاریکی کوڕیش ئەڵێت کەوا وێنەی ئەندامی زاوزێی ژنێك (ئافرەتێك) بکێشێت و وێنە بکات، لەگەڵ جیاکردنەوەو ناونانی هەربەشێك لەوێنەکان.

* لێدوان و ڕونکردنەوە و تێبینی و سەرنج لەسەر وێنەکان ئەدرێت و پێناسەی هەردوو ئەندامی زاوزێی (نێرومێ) ئەکرێت، جیاوازی وێنەکانیش ئەکرێت بۆ

کوڕان و کچانی بچوك وکەم تەمەن و باڵق و گەورە، دواتر پرسیار لە خوێندکارەکانی هەردوو ڕەگەز ئەکرێت سەبارەت بە جیاوازی لە پێکهاتەی هەریەك لە وێنەکانی ئەندامی زاوزێی (نێر و مێ).

*وە پێویستە لەسەر خانمی مامۆستا کەوا باسی مانای پەیوەندی سێکسی پێشوەختە و پێشەکیەکەی بکات بۆ خوێندکارانی هەردوو ڕەگەز، هەروەها باسی چۆنیەتی ئەو حاڵەتانەی کە لە دەرەنجامی ئەو پێشەکی وپەیوەندی پێشوەختە سێکسیەوە دێتە ئاراوە بەرهەم دێت لە دوگیانی و سکپڕی وگواستنەوەی نەخۆشی بۆ کۆئەندامی زاوزێ و چۆنیەتی دورکەوتنە و خۆپاراستن لەو نەخۆشیانە و لەو حاڵەتانە، لەگەڵ باسکردنی ماناو واتای دوگیانی(سکپڕی) پێنەگەییو ونا تەواو نا کامڵ، و نەخۆشیە سێکسیەکان بە تایبەتی (ئایدز)، ئەمەش بە چەند ڕێگەیەك دەبێت:

– خانمی مامۆستا ووتووێژ وگفتوگۆیەك ساز ئەدات ، سەبارەت بەو شتانەی کە هاوکارو بەشدارن و ئەبنە هۆی وروژاندنی سێکسی لە منداڵاندا، وە چۆن فریودانی سێکسی تەواو ئەبێت و ئەنجام ئەدرێت.

– وتووێژ و گفتوگۆی کراوە ساز ئەدرێت لە بارەی چۆنیەتی دورکەوتنەوە لە دوگیانی(سکپڕی) پێنەگەییو و نا تەواو نا کامڵ.

– وتووێژ و گفتوگۆی کراوە ساز ئەدرێت سەبارەت بە نەخۆشی ئایدز و باسکردنی نیشانەکانی و، لەگەڵ ئامۆژگاریکردنی خوێندکاران لە حاڵەتی دەرکەوتنی یەکێك لە نیشانەکان بە دوو فەرمان:

١–سەردان و ڕۆیشتن بۆ لای نزیکترین نەخۆشخانە.
٢–وە بە ڕاستگۆیانەو (ڕاست و دروست) باس لەم نیشانەیە بکات بۆ هاوڕێ شەریکەکەی لە کاتی پەیوەندی سێکسیاندا.

ئەمە بەشێکە لە بەرنامەکانی ڕۆشنبیری سێکسی کە هەوڵی بۆ ئەدەن بۆ بە جیهانی کردنی وجیهانگەرایی کردنی، وە شاراوەیە لە بەرنامە بەرز و گەورەکانیاندا، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەیستە بە ڕۆشنبیری سێکسی وهاوڕەگەزی و هاوسەرگیری هاوشێوەیی...!!!

ئەوان بە هەموو هێزو توناێکیانەوە هەوڵئەدەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقادا، بۆیە زۆر پێویست ئەکات کە باس لە ڕۆشنبیری سێکسی بە پێوەر و پێودانگی ئیسلامی کە بە ڕاستی زۆر گرنگە کاری لەسەر بکرێت پێویستە سوربوون وپێداگری لەسەر بکرێت، جا ئەگەر پەروەردەکاران و پەروەرشیاران نەکەونە خۆیان ولە خەمیاندا نەبێت بە هەموو بەرپەرسیارێتێکیان وجیدیەتێکیانەوە و (هەوڵنەدەن بۆ ڕزگارکردنی نەوەی نوێ وجیلی تازە )، چونکە ئەوە ئیتر بە ڕاستی داهاتووی گەل و وڵات لە مەترسیەکی گەورەدایە.

## ﴿سێکس وکێشە وبابەتە سێکسیەکان لە دەقە شەرعیەکاندا﴾

مەنهەج و بەرنامەی ئیسلامی پێکهاتووە لە یاساو بەرنامەیەکی تەواو و گشتگیر و هەمە چەشنە و هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان دەگرێتەوە و دادەپۆشێت، خوای پەروەردگار ئەفەرموێت ﴿...مَّا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِن شَيْءٍ...(٣٨)﴾ الأنعام: ٣٨

واتە (دڵنیا بن کە ئێمە هیچ شتێکمان لە کتێبی ( لوح المحفوظ ) دا پشتگوێ نەخستووە ).

یاساو بەرنامەو شەرعی ئیسلامی شەرعێکی واقیعبیانە و ڕاستخوازانەیە، (شایان و شیاوی ئەوەیە کە لەسەر تەواوی گۆی زەوی ولە هەموو کات وسات و شوێنێکدا جێبە جێبکرێت)، نەك تەنها بیردۆزێکی نمونەیی و ئەندێشەیی بێت (بیردۆزێکی

نمونەیی نیه به تەنها) له سەروی ئەمانەشەوه سەرچاوەی ئەم شەرع و یاسایه قورئانی پیرۆز و سونەت و ڕەویەی پاك وبێگەردە، كه هەردوكیان له دەرگای (كێشەو گرفت و بابەته سێكسیەكان) ئەدەن له قۆناغه جیاوازەكانیاندا، له گۆشه نیگا جۆربه جۆرەكانیاندا، سەرەتا له سادەو ساكار ترینیانەوه دەست پێدەكات وەك جیاكردنەوەی (نێرو مێ)، وه حەزو ئارەزوو مەیلی هەریەكێكیان بۆ ئەوی تر چونكه له فیترەتا وا خوڵقاون و دروست بوون، تا دوگیانی و منداڵبون و ئەو بەرپرسیارێتیەی كه له دوایانەوه دێته ئاراوه، وه ڕونكردنەوەی پەیوەندیه ڕاست و دروستەكان لەگەڵ پەیوەندیه نا ڕاست ونا دروستەكان وه چارەنوسی هەریەكێكیان بەرەو كوێیه ئاماژەی پێكراوه، هەروەك پێناسه كراوه (ناسێنراوه) به داوێن (ئەندامەكانی زاوزێ و زایەند) كه سنوریان بۆ دیاری كراوه و بەیان كراوه، تا كوێ ی جەسته دەركەوێت دیار بێت و تا كوێش دا بپۆشرێت و دیار نەبێت و دەرنەكەوێت، وه زۆر به توندی جەخت كراوەتەوه له پاراستن و پارێزگاری كردنی داوێن(شەرمگا/جێشەرم) و چاو پاراستن و چاو داخستن ، كه هەموو ئەمانه به شێوەیەكی ڕێك وپێك و ڕاست و دروست یاساو ڕێسایان بۆ دیاری كراوه، هەروەها ماوەی پەیوەندی كوڕان به كچانەوه ڕونكراوەتەوه، تەنانەت براكانیش له ماڵێكدا ڕونكردنەوەی لەسەر دراوه، وه فەرمان كراوه به مۆڵەت وەرگرتن تەنانەت (ئەگەر چی ) بۆلای دایك و باوكیش بێت، هەموو ئەمانه یاساو ڕێسای تایبەت به خۆیان هەیه و بنەماو ئەحكامی تایبەتیان هەیه، وه زاراوەی فیقهی ئیسلامی بۆ هەریەكێكیان دیاری كراوه وه پێویسته ئەم زاراوه و ئەحكام و یاساو ڕێسایانه فێربكرێت و تێبگەێنرێت تاوەكو بەندایەتی و پەرستشەكان ڕاست و دروست بێت، سەرای ئەوەش پەیوەندیان به سێكس وئەندامەكانی و (كۆئەندام وئەندامی و زاوزێ و زایەند)ەوه، وەك لەشگرانی شەیتانی بوون وباڵغ بوون و خوێنی سوڕی مانگانەو...هەتا دوایی.

سەرچاوەكانی شەریعەت (بەرنامه ویاساو ڕێسا)ی ئیسلامی تەقەی داوه له هەموو ئەم باس و بابەتانه و به وردی و به درێژی قسەی لەسەر كردون، بەڵام له كەش و

هەوایەکی پڕ لە شەرم وشکۆ و حیشمەت و هاوسەنگی و بە دەستەواژەیەك و داڕشتن ودەربڕینێکی تەواو پاك و پوخت و ڕوون و ئاشکرا و بێ پەردە، بە بێ ئەوەی هەست بە شەرم و خەجاڵتی بکرێت لەو قسەو باسانەی کە لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا وەك یەك ئەگوزەرێن، بەڵکو حەیاو شەرمیش نابرێ و ناڕوشێنرێت و یاخود گوێ بیستانیش بریندار ناکرێن، گەرچی لە ناو کۆمەڵێك خەڵکیشدا بێت.
لێرەدا یادتان ئەخەینەوە (ئەهێنینەوە) کە ئەوەی لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی پاك و بێگەردا تایبەت لەم بارەیەوە زۆر و زەبەندە هاتووە، ئەوەندە زۆرە لێرەدا شوێنی ئەوە نیە هەمووی باس بکرێت و دابەزێنرێت، ئەم زۆری ئایەت و فەرمودانەش لەم بارەیەوە بەڵگەن لەسەر گرنگیدانی ئیسلامی پیرۆز بە (غەریزە) وهەواو هەوەس و ئارەزووی سێکسی، وە ئیعترافکردن و دان نان بە ڕۆڵ و کاریگەری زۆری لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگەکان، لەبەر ئەمە هەموو شتێکی بەیان و ڕون وئاشکرای کردوە و بە جوانی ڕونکردنەوەی داوە و جیاکردنەوەی کردوە، دواتر هەندێ لەو ئایەت و فەرمودانە ئەهێنین کە لەم بارەیەوە هاتوون.
ئەوە دایکی ئیمانداران (حەزرەتی عائیشە) ئەفەرموێ ((نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الْأَنْصَارِ لَمْ يَمْنَعْهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ)(رواه مسلم). موسلم ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.
واتە: (باشترین ئافرەت، ئافرەتانی پشتیوانن‌و، شەرم کردن ڕێی لێ نە دەگرتن کە پرسیار بکەن دەربارەی ئایین‌و تیایدا شارەزا ببن).

- هۆکارەکەشی ئەوە بوە کە باشترینی ژنان ژنانی ئەنصارن چونکە ( یەکێکیان هاتوە بە خۆی و پارچە لۆکەیەکەوە هەڵیگرتوە کە پێچاویەتەوە کە (شتێك/سڕینێك لە دەردراوی زێ)، لە دەردراوی زەردی زێ ی لەسەر بوە و پێوەی بوە، بۆ ئەوەی دڵنیا بێت و دڵنیایی وەرگرێت لە نیشانەکانی پاك بونەوە لە بێ نوێژی و سوڕی مانگانە، تاوەکو خۆی بشوا و ومافی پەرستش و بەندایەتیەکەی

ومافی پیاوەکەشی بە دڵنیایی ومسۆگەری و بێ دودڵی بدات، ئەمەش مافێکی سەرەکی خۆیانە کەوا داپۆشراو بن‌و دوور بن لە ڕەخنەو گلەییەکان.
قورئانی پیرۆزیش گوزارشتی کردووە لە بەیەکگەیشتنی نێوان پیاو ژن (سەرجێی) لە کاتی دەستلێدان وهەستپێکردندا، کە لە فەرمایشتی خوای پەروەردگاردا کە قورئانە ئەفەرموێ:

﴿وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن
يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ٣ فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ
شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗاۚ ذَٰلِكَ
لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ٤﴾
المجادلة: ٣ ــ ٤

ئەوانەی بە هاوسەرەکانیان دەڵێن: ئێوە لە جێی دایکمانن دوایی پەشیمان دەبنەوە لەو گوفتارەی کە لە دەمیان دەرچووە، ئەوە دەبێت کەسێکی کۆیلە ئازاد بکەن پێش ئەوەی ژن و مێردایەتی بکەن، ئەوە بڕیارێکە ئێوەی پێ ئامۆژگاری و تەمێ دەکرێت، خوایش تەواو ئاگادارە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن ... المجادلة: ٣

جا ئەگەر ئەو کەسە کۆیلەی دەست نەکەوت ، ئەوە دەبێت دوو مانگ لەسەر یەك بە ڕۆژو بێت پێش ئەوەی سەرجێیی لەگەڵ هاوسەرەکەی بکات، ئەوەیش کە نەیتوانی بە ڕۆژوو بێت دەبێت شەست هەژار تێر بکات لە ژەمێك خواردن ، جا ئەو بڕیارانەی کە باسکران بۆ ئەوەیە کە باوەڕتان بتەوبێت بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (چونکە خوای گەورە لە ڕێی پێغەمبەرەکەیەوە چارەسەری گیرو گرفتەکانتان دەکات ) ئەو بڕیارانەش سنورێکن، خوای گەورە بڕیاری لەسەر داون،

بۆ ئەوانەش کە ڕێبازی کوفر دەگرنە بەرو باوەڕیان بەم ڕێنمونی و فەرمانانە نیە سزایەکی بە ئێش و ئازار بۆ یان ئامادەیە . المجادلة: ٤

وە هەندێ جاریش بەهۆی بەریەککەوتن و لێککەوتنەوە هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعۡلَمُواْ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغۡتَسِلُواْۚ وَإِن كُنتُم مَّرۡضَىٰٓ أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوۡ جَآءَ أَحَدٞ مِّنكُم مِّنَ ٱلۡغَآئِطِ أَوۡ لَٰمَسۡتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمۡ تَجِدُواْ مَآءٗ فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدٗا طَيِّبٗا فَٱمۡسَحُواْ بِوُجُوهِكُمۡ وَأَيۡدِيكُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ٤٣﴾ النساء: ٤٣

ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە نزیکی نوێژ کردن و نوێژ خوێندن مەکەون لە کاتێکدا ئێوە سەرخۆشن هەتا ئەو کاتەی کە چاك دەزانن کە چی دەڵێن و چی دەخوێنن لە نوێژەکەدا ( ئەمە قۆناغێك بوو لە قۆناغەکانی حەرامکردنی عەرەق و شەراب کە ئیتر ناچاری دەکردن دوای نوێژی عیشاو تەنها لە شەودا بخۆنەوە ) هەروەها بە لەشی گرانەوە نوێژ مەکەن مەگەر ڕێبوار بن لە سەفەر دا هەتا خۆتان نەشۆن، خۆ ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەر دا بوون، یان لە سەر ئاو دەگەڕانەوە، یان دەستتان بەر ئافرەتانی نامەحرەم کەوت، یان لەگەڵ هاوسەرتاندا سەرجێیتان کردو ئاوتان دەست نەکەوت بۆ خۆشتن و دەست نوێژ گرتن، ئەوا تەیەموم بکەن بە خاکێکی پاك، لەپی دەست بهێنن بەسەر دەم و چاو و دەستاندا، بێگومان خوای گەورە بە نیسبەت ئیماندارانەوە هەمیشەو بەردوام لێخۆشبوون و گوزەشت وچاوپۆشی هەیە . .. النساء: ٤٣

وە هەندێ جاریش بەهۆی جووت بون وسەرجێییەوە هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَجَعَلَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا لِيَسۡكُنَ إِلَيۡهَاۖ فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا حَمَلَتۡ حَمۡلًا خَفِيفٗا فَمَرَّتۡ بِهِۦۖ فَلَمَّآ أَثۡقَلَت دَّعَوَا ٱللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنۡ ءَاتَيۡتَنَا صَٰلِحٗا لَّنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ١٨٩ ﴾ الأعراف: ١٨٩

خەڵکینە دڵنیابن، خوای گەورە ئەو زاتەیە کە لە سەرەتاوە ئێوەی لە تاکە کەسێك، تاکە نەفسێك ( کە باوکە ئادەم) ە دروستکردوە و هەر لەویش هاوسەرەکەی بەدی هێناوە تا لە پاڵیدا بحەسێتەوە و ئارام بگرێت ( جاکاتێك ژمارەی پیاوان و ژنان زۆر بوون لە زەویدا ) پیاوی وا هەبوو کە دەچووە لای هاوسەرەکەی و لەگەڵیدا سەرجێیی دەکرد، ئەویش سکی دەبوو، لەسەرتاوە سکەکەی سوکەڵە بوو ، بەڵام دوای چەند مانگێك گەورە دەبوو سەنگین دەبوو، ئەوسا لە خوای پەروەردگاریان دەپاڕانەوە و دەیانووت: ئەی خوای پەروەردگارمان ئەگەر نەوەیەکی بێ عەیب و تەندروست وچاکمان پێ ببەخشیت ئەوە بە ڕاستی لە ڕیزی سوپاسگوزارانی زاتی تۆدا دەبین و پێزان دەبین. الأعراف: ١٨٩

ڕەنگە دەستەواژەی (تغشی/ سەرجێیی) لە وردترین و ڕاسترین ماناو واتایێکە کە قورئانی پیرۆز دەربڕینی پێکردوە کە (چۆنیەتی و شێوەی) جیاکردۆتەوەو بە جوانی ئاماژەی پێکردووە، ئەم دەستەواژە و دەربڕینە وێنایەك بۆ بیسەر دروست ئەکات وەك بڵێی پیاو شێوە و شێوازی (پەردە/ بەرگ) وەردەگرێت و ئەبێتە داپۆشەرو بەرگی ژنەکەی و کەوا ئەم پیاوە ئەبێتە بەرگێکی داپۆشەر بۆ ژنەکەی، بۆیە ماناو واتای بەرزو بڵند ڕون و ئاشکرایە چونکە (پەردە/ بەرگ) نابێت مەگەر لەسەرەوە نەبێت ، ئەمەش هەمووی لە تەنها وشەیەکدا(تغشاها) کۆکردۆتەوە. وەك دەربڕینێك بۆ ماناو واتا و وێنەی جوان قەشەنگ و ڕادە و ڕەهەندی دەرونی بەرز لە کارەکەدا، دوور لە ئامادەکاریەکانی شەیاتینیەکان و وێناکردنەکانیان .

هەروەها لە هەمان کاتتدا قورئانی پیرۆز گوزارشت دەکات لە پەیوەندیە نا دروست و نا یاساییەکانی پەیوەست بە زینا و داوێنپیسی ئەکات ئەفەرموێت:

﴿وَلَا تَقۡرَبُواْ ٱلزِّنَىٰٓۖ إِنَّهُۥ كَانَ فَٰحِشَةٗ وَسَآءَ سَبِيلٗا ٣٢﴾ الإسراء: ٣٢

هەروەها نەکەن نزیکی زینا بکەونەوە (خۆتان بە دووربگرن لە هەموو پێشەکی و هۆکارەکانی) چونکە ئەوە تاوان و گوناهێکی زۆر ناشرین و ناقۆلایە، ڕێچکەیەکی زۆر چەوت و چەوێڵە (نەخۆشی دەرونی و جەستەیی و کێشەی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەی لێ دەکەوێتەوە). الإسراء: ٣٢

هەروەها سەبارەت بە (بەد ڕەوشتی و داوێنپیسی ودۆست گرتنی نهێنی ) خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:

﴿ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَ وَلَا مُتَّخِذِيٓ أَخۡدَانٖۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلۡإِيمَٰنِ فَقَدۡ حَبِطَ عَمَلُهُۥ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٥﴾ المائدة: ٥

لەم ڕۆ بە دواوە ( کە ڕۆژی عەرەفەیە ) هەرچی خۆراکی چاك و پاکە بۆتان حەڵاڵ کراوە، خۆراکی ئەوانەش کە کتێبی ئاسمانیان پێدراوە هەر حەڵاڵە بۆتان، خۆراکی ئێوەش حەڵاڵە بۆ ئەوان (تا پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە هێز بێت) هەروەها بۆتان حەڵاڵە ئافرەتانی داوێن پاك لە ئیمانداران بخوازن ، هەروەها ئافرەتانی داوێن پاکیش لە خاوەنانی کتێبی پێش خۆتان بخوازن، بە تایبەت کاتێك کە مارەییەکی لە باریان پێ بدەن، جا ئێتر ئێوە و ئەوانیش دەبێ پاك داوێن بن و دور بن لە ڕەوشتی نزم و شەروال پیسی، هەروەها بە دوور بن لە دۆست گرتن، جا ئەوەی باوەڕی بە شەرعی خوا نەبێت و لەو حەرامانە خۆی نەپارێزێت ئەوە هەموو

کار و کردەوە و چاکەکانیشی پوچ دەبێتەوە و ئەو جۆرە کەسانە لە قیامەت و لەو جیهاندا دەچنە ڕیزی خەسارەتمەند و زەرەر مەند و دۆڕاوەکانەوە . المائدة: ٥

هەروەها ڕێنماییە ئیسلامیەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە داپۆشینی جوانیەکانی ئافرەت لەلای منالێك، کە شتەکان جیابکاتەوەو هەست بە ئارەزوو و جوانیەکان بکات، تاوەکو یادگەی بە پاکی وبە جوانی بمێنێتەوە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا دروستە وئەکرێت جوانیەکانی ئافرەت دەربخرێت بۆ منالێك کە شتەکان جیانەکاتەوەو هەست بە ئارەزوو و جوانیەکانی ئافرەت نەکات ، هەروەك خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا۟ عَلَىٰ عَوْرَٰتِ ٱلنِّسَآءِ...﴿٣١﴾﴾ النور: ٣١

هەروەها بە ئیماندارانی ئافرەتیش بلّیّ ( بە تایبەت تازە پێگەیشتوان و ئەوانەی کە نەچونەتە سالّەوە) با ئەوانیش چاویان بپارێزن لە تەماشای حەرام و خۆیان بپارێزن لە داوێن پیسی، هەروەها جوانیی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە شەرع ڕێگەی بە دەرخستنی داوە ( کەبریتیە لە دەمووچاو و دەستیان) وە با بە سەرپۆشەکانیان سنگ و بەرۆکی خۆیان داپۆشن، با جوانی خۆیان دەرنەخەن بۆ کەسانی نا مەحرەم جگە لە هاوسەریان، یان باوانی خۆیان، یان باوانی هاوسەرەکەیان، یان بۆ کورەکانی خۆیان، یان کوڕانی هاوسەرەکەیان (کە لە ژنێکی ترن) یان بۆ براکانیان و برازاکانیان و خوشکەزاکانیان و ئەو ئافرتانەی کە

لە گەڵیان دەژین و کەنیزەکە کانیان و ئەو پیاوانەی کە گومانی خراپیان لێناکرێت ( بەهۆی تەمەنیانەوە) یان ئەو منداڵانەی کە هێشتا ئاگاداری لاشە و جێشەرمی ژنان نین و باڵغ نەبوون و کار و باری ژن و مێردی نازانن ( بۆ ئەوانە دروستە قژ و مل و پێیان لە لایاندا دەربکەوێت)....؟ النور: ٣١

وە ئەگەر هاتوو تەمەنیان گەیشتە(١٠ ساڵ) ئەوا بۆ کاتی خەوتن لە یەکتر جیایان بکەنەوە–تەنانەت ئەگەر کوڕیش بن– با کوڕیش بن)، هەر وەك پێغەمبەری پێشەوا لە فەرموودەیەکدا ئەفەرموێ: (مُرُوا أَوْلَادَكُمْ بِالصَّلَاةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرِ سِنِينَ وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي الْمَضَاجِعِ). ترمذي وابو داوود گێڕاویانەتەوە.

واتا: (فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن کە نوێژەکانیان بکەن کاتێك کە تەمەنیان حەوت ساڵانە، ئەگەر نەیانکرد ئەوا لێیان بدەن کاتێك کە لە تەمەنی دە ساڵیدان، هەروەها جێگەی خەوتنیان بۆ لە یەکتری جیا بکەنەوە).

چونکە هەژێن و وروژێنەرە ئارەزوەکانی دەست دەکەن بە جوڵاندن ئەویش بە هۆی وەلامدانەوەی ئەبێت بۆ کاریگەریە دەرەکیەکان، ئەوکاتە هەست و ئارەزوو و مەیلی بەرەو ڕەگەزێکی تر ئەجولێ، بۆیە ئەگەر شەهوەت وهەواو ئارەزوەکانی بەهێزو پتەو کران وئەوا ئەوکاتە فەرمان ئەکات بە (أمر بغض البصر)داخستنی چاوەکانی لە ئاست نامەحرەمدا، وە سەیری لەش و لارو سنگ و بەرۆك و جوانیەکانی ئافرەت ناکات ئەگەر بە دەریش بکەون، بە دوای ڕوانین سەیرکردن وتەماشاکردنی چاوەکانی ناکەوێت کوێیان بوێت سەیریان بکات، بەڵام هەرچەندە ئەصڵ ئەوەیە کە ئافرەت هەموو جوانیەکانی دابپۆشێ لە کەسانی بێگانەو نامۆو غەوارە– بۆ ئەوەی پارێزراو بێت و دور بێت لە خراپەو فریودان و خەڵەتاندنەکانی شەیتان و تا وەکو هەموو دەرگاو ڕێگەو ڕێچکەیەکی لەسەر دابخات.

لە (ئەبو سعیدی خودریەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەفەرموێ: (إِيَّاكُمْ وَالْجُلُوسَ عَلَى الطُّرُقَاتِ، فَقَالُوا: مَا لَنَا بُدٌّ، إِنَّمَا هِيَ مَجَالِسُنَا نَتَحَدَّثُ فِيهَا، قَالَ: (فَإِذَا أَبَيْتُمْ إِلاَّ الْمَجَالِسَ، فَأَعْطُوا الطَّرِيقَ حَقَّهَا)، قَالُوا: وَمَا حَقُّ الطَّرِيقِ؟ قَالَ: (غَضُّ الْبَصَرِ، وَكَفُّ الأَذَى، وَرَدُّ السَّلاَمِ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ، وَنَهْيٌ عَنِ الْمُنْكَرِ)(اخرجه البخاري في

المظالم، ب: أفنية الدور والجلوس فيها، ح: ٢٤٦٥، ومسلم في اللباس والزينة، ب: النهي عن الجلوس في الطرقات، ح: ٢١٢١).

واتا: (نەکەن دانیشن لە ڕێگاکاندا) وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ناتوانین دانەنیشین لە ڕێگاکاندا، چونکە جێگای قسەو باسمانە، فەرمووی: (گەر دەتانەوێ هەر دانیشن، مافی ڕێگا بدەن) وتیان: مافی ڕێگا چییە؟. فەرمووی: (چاوتان بگرن، ئەزیەتو ئازاری کەس مەدەن، وەڵامی سەلام بدەنەوە، فەرمان بکەن بە چاکە، ڕێگری بکەن لە خراپە).

هەروەها لە ئەبی ئومامەوە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ئەفەرموێ: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَنْظُرُ إِلَى مَحَاسِنِ امْرَأَةٍ أَوَّلَ مَرَّةٍ ثُمَّ يَغُضُّ بَصَرَهُ إِلَّا أَحْدَثَ اللَّهُ لَهُ عِبَادَةً يَجِدُ حَلَاوَتَهَا) احمد و طبرانی گێڕاویانەتەوە.

واتا: (هیچ موسوڵمانێك نەبووە کە بڕوانێت بۆ جوانییەکانی ئافرەتێك بۆ یەکەم جار پاشان چاوی لەو تەماشا کردنە دەپارێزێت ئەوا مەگەر هەر خوای گەورە ئەوەی بۆ دەکاتە عیبادەت ئینجا هەست بە خۆشیو شیرینیەکەی دەکات).

هەروەها لە جریرەوە وتی (عَنْ جَرِيرٍ قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَنْ نَظْرَةِ الْفَجْأَةِ؟ فَأَمَرَنِي أَنْ أَصْرِفَ بَصَرِي) ئەبو داود گێڕاویەتەوە.

واتا: لە جریرەوە وتی: پرسیارم کرد لە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە سەیر کردنی لە ناکاتو لەپڕ؟ ئینجا فەرمانی پێ کردم کە چاوم لابەرم).

وە ئەگەر تەمەنیان گەیشتە تەمەنی لاوێتی ئەوا ئەبێت فەرمانیان پێ بکرێت بە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری- گەرچی عوزریشی هەبوو لە ئەصل (کە هاوسەرگیریە)- بۆ مامەڵە کردن و ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەم ئارەزوو و هەستە سروشتیە وخاڵیکردنەوەی، کە بەڕاستی بۆ ئەمە دروستبوەو خوڵقاوە، بۆیە ئەبێ ئەم لاوە ئەگەر فرسەتی هاوسەرگیری و نەیتوانی پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام بدات ئەوا ڕێنمایی ئەکرێت بە ڕۆژوو گرتن بۆ ئەوەی هاوکارو یارمەتی دەربێت لەسەر داخستن و پاراستنی چاوەکانی وداوێنی لە یاساغ و قەدەغەکراوەکان، پێغەمبەری پێشەوا(ﷺ) لەم بارەیەوە ئەفەرموێت: (يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ

مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ ». أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ فِي الصَّحِيحِ) متفق عليه.

واتە: (ئەی کۆمەڵی گەنجان هەر کەس لە ئێوە ئەتوانێت هاوسەرگیری بکات، با بیکات، چونکە بە ڕاستی پارێزەرە بۆ چاوو، پارێزەرە بۆ داوێن، هەر کەسیش کە نەتوانێت هاوسەرگیری بکات ئەوا پێویستە لەسەری کە ڕۆژووی سونەت بگرێت بێگومان پارێزەرە بۆی).

قورئانی پیرۆزیش بۆمان باس ئەکات و لە شێوەی چیرۆکدا بۆمان ئەگێڕێتەوە وەك (بۆنمونە) چیرۆکی حەزرەتی یوسف(سەلامی خوای لەسەر بێت) هەڵوێستەو وێستگایەکمان بۆ وێنە ئەکێشێت کە ڕوبەڕوی بۆتەوەو توشی بوە کە ورد ترین وێنایەکە و بە شێوە و شێوازێکی جوان و ڕەوان و جوان و داپۆشراو(شەرمدارو ئابڕوومەند) و بێ چێژ وبێ تام، ئەگەرچی هەڵوێستە و وێستگەکە خۆی بۆ خۆی پڕتاو چێژو خۆشییە.

﴿وَرَٰوَدَتۡهُ ٱلَّتِي هُوَ فِي بَيۡتِهَا عَن نَّفۡسِهِۦ وَغَلَّقَتِ ٱلۡأَبۡوَٰبَ وَقَالَتۡ هَيۡتَ لَكَۚ قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِۖ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَۖ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلظَّٰلِمُونَ ٢٣﴾

يوسف: ٢٣

ئەوسا لە ناو کۆشکدا تاقی کردنەوەیەکی سەختی بۆ پێش هات و بوو بە سەرمەشق بۆ هەموو لاوە خوا ناسەکان بە درێژایی زەمین و زەمان، ئەویش بەوەی کە شاژن شێت و شەیدای بوو بوو، ڕۆژێك خۆی ڕازاندەوە، هەموو کەنیزەك و خزمەتکارەکانیشی بەم لاولادا بڵاوە پێکرد، ئینجا هەوڵیدا یوسف لە خشتە ببات ئارەزووەکانی بوروژێنێت هەموو دەرگاکانیشی داخست و وتی: وەرە پێشەوە(شێت وشەیدای تۆم) وەرە پێشەوە، یوسف یش جوامێرانە ووتی: پەنا بە خوای گەورە دەگرم، چۆن کاری وا دەکەم، مێردەکەی تۆ زۆر ڕێزی لێ گرتووم وچاکەی لەگەڵدا کردووم (چۆن دەستدرێژی دەکەمە سەر شەرەف و ناموسی) چونکە لە ڕاستیدا ستەمکاران سەرفراز نابن (شایانی باسە ئەگەر یوسف ئەو گوناهەی بکردایە، دیار بوو کە دەچون بەسەریدا و حەیای دەچوو، ناو و شۆرەتی

**نەدەما، لای خوای گەورەش بێ ڕێز دەبوو، ناوی لە قورئاندا نە دەبوو، سەرەنجام نە دەبوو بە پاشا و سەروەریی هەردوو جیهانی بە دەست نە دەهێنا و نە دەبوو بە هۆی ڕزگاربوونی ئەو خەڵکە لە ساڵانی گرانیدا)** . یوسف: ٢٣

**وە هەروەها قورئانی پیرۆز بۆمان ئەگێڕێتەوە لە حەزرەتی (مەریەم)ەوە کەوا بە بێ پیاو منالێکی لێ پەیدا بوو** ﴿وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ ...﴾ مريم: ٢٠

**﴿خۆ من هیچ کەس توخنم نەکەوتووە﴾** مريم: ٢٠

**هەروەها فەرمووی:** ﴿وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا ....﴾ مريم: ٢٠

**﴿من ئافرەتێکی داوێن پیسیش نیم و نەبووم﴾ !!** مريم: ٢٠

**بۆیە لەسەر زمانی فریشتەی نیگا (جوبرەئیل) کارەکەی بۆ ڕوونکرایەوەو پێی وترا:**

﴿.قَالَ كَذَٰلِكِ اللَّهُ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ ۚ إِذَا قَضَىٰ أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ ﴿٤٧﴾﴾ آل عمران: ٤٧

**...جوبرەئیل پێی ووت: ویست و فەرمانی خوا هەروەهایە هەموو شت لای ئەو زاتە ئاسانە، چی بوێت دروستی دەکات، هەر فەرمانێك بدات و هەرشتێکی بووێت هەر کە فەرمووی: ببە ... دەست بە جێ ئەو شتە دەبێت بە بێ دواکەوتن ...** آل عمران: ٤٧

**هەرچی سوننەتی پاك و بێگەردیش هەیە زۆرێك لە هەڵوێستە و وەستان لەسەر هاتون لەسەر شێوازی یاسا دانان و ئاڕاستەکردن بۆ دەرخستنی باشترین و ڕەواترین و ڕونکردنەوەی هەموو پێداویستیەکانی موسڵمان، تەنانەت لە پەیوەندیشی لەگەڵ خێزان و هاوسەریدا، ڕێنمایی داوە بە وەی کە ئارەزووی هاوسەرگیری هەیە بە باشترین سیفات (تایبەتمەندی) لە ئافرەتتدا تەنانەت زۆر بە درێژی و بە وردی باس لە چێژ و خۆشی و هەست و سۆزو بەزەیی ئەکات:**

ئەفەرموێ ﴿عَلَيْكُمْ بِالأَبْكَارِ فَإِنَّهُنَّ أَعْذَبُ أَفْوَاهًا وَأَنْتَقُ أَرْحَامًا وَأَرْضَى بِالْيَسِيرِ من العمل (أي الجماع)﴾ سيوطي و ئيبن ماجە گێڕاویانەتەوە.

واتا: (پێویستە لەسەرتان کە کچ بخوازن بۆ هاوسەرگیری کە بە دڵنیاییەوە ئەوان لیکی دەمیان سازگارە هەروەها وتراویشە کە ئەوە مەجازە دەربارەی قسەو وتەی جوانو چاکیانو هەروەها کەمی خراپەیانو دەمەوەر نەبوونیان لەگەڵ مێردیان بۆ مانەوەی حەیاو شەرمیان کە لە پێش ئەو لەگەڵ مێردێکی تر تێکەڵی نەکردووە، هەروەها منداڵی زۆریان دەبێت، بە بەشی کەم لە ماڵو سامانو کاری سەر جێگەیی ڕازی دەبێت، لەگەڵ شتانی تری لەو هاوشێوەیە).

وە لە نێوان سنوری (قۆناغەکانی جووتبوون و پەیوەندی سێکسی) کەوا پێویستە خۆشۆرین تیایاندا ئەنجام بدرێت، لە حەزرەتی عائیشە (دایکی ئیماندارانەوە) ئەفەرموێ: پێغەمبەر خوا (ﷺ) فەرمووی: (إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعِ وَمَسَّ الْخِتَانُ الْخِتَانَ فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ) موسلم ڕیوایەتی کردووە .

واتا: (کاتێك پیاو دانیشت لە نێوان دەستو قاچەکانی خێزانەکەیدا بە مەبەستی جوتبوون لەگەڵی ئینجا داوێنی بەر داوێنی کەوت بە (جماع) جووت بوون، ئەوا خۆشۆردنی لەسەر واجبو پێویست بووە).

وە شێوەو شێوازی جووتبوونو پەیوەندی سێکسی وسەرجێیی نمونەیی ڕونکردۆتەوە و ئاماژەی پێداوە کە (الذی یدخل المسرة) واتا: (ئەوەی کاتێك دەچێتە حاڵەتی خۆشیو شادیەوە) بۆ هەردوولا (هاوسەرەکان / ژن و پیاو). معا وعلى أتم وجه، واتا: (پێکەوەو لەسەر تەواوترین شێوان)، (...وَلْيَكُنْ بَيْنَهُمَا رَسُولٌ» . قيل: وما الرسول يا رسول الله؟ قال «الْقُبْلَةُ وَالْكَلاَمُ»)( (قال العراقي) رواه أبو منصور الديلمي في مسند الفردوس من حديث أنس وهو منكر) دیلمی ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە .

واتا: (... با نوێنەرێك لەنێوان ژنو مێردەکەدا هەبێت، وترا: مەبەست لە نوێنەرو پەیامنێر چییە ئەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)؟ فەرموی: ((ماچ کردنو قسەکردن)).

(...فلا يعجلها حتى تقضي حاجتها...) .

واتا: (کاتێك یەکێك لە ئێوە چووە لای هاوسەرەکەی بۆ کاری جووتبوون با پەلە لە خێزانەی نەکات تا ئەویش وەك خۆی کاری چێژ وەرگرتنەکەی تەواوو جێبەجێ دەبێت..).

(إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ) موسلم ڕیوایەتی کردووە .

واتا: (کاتێك یەکێك لە ئێوە هاتە لای خێزانەکەی بۆ کاری سەر جێگەیی و کارەکەی تەواو کرد، ئینجا بۆ جارێکی تر ویستی بێتەوە بۆ کاری سەر جێگەیی تر لەگەڵی با جوان تارات بگرێت و دەستنوێژ بشواتەوە).

بەم شێوەیە ئەبینین کە یاساو بەرنامە و شەریعەتی ڕێپێدەری جوان، چەندە گرنگی داوە بە پەروەردەی سێکسی، کەوا زۆرێك لە دەقەکانی داگیرکردوە(لەخۆ گرتوە) کە چارەسەری ئەم گرفت و کێشەیە ئەکەن، لەبەر خاتری تەندروستی و سەلامەتی دەروونی و جەستەیی تاك و وە لەبەر گرنگی سەلامەتی و دروستی و تەواوەتی بەندایەتی وپەرستشی تاکەکان، و پاکوخاوێنی وپوختی کۆمەڵگە و چاکی و باشی و پتەوی بناغەکەی، ڕێکوپێك کردنی بەهاو ئاکارەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی لە دەرەنجامدا جێگەو ڕێگەو شوێنێکی پتەو و بەهێزو جێگیرو داکوتراو بێتە ئاراوە، کە بەهیچ وەلامێکی تاك یان کۆمەڵگا وەلام نادرێتەوە ئەگەرچی و با هەرجۆرێکیش بێت، بە هیلاك بردن و لەناوچونی تاقم و کۆمەلێك و بەڕێ لابردنی ڕەوشت و ئاکاریان، بەهیلاك و لەناو ناچێت، وە هاوسەنگیەکەی تێکناچێت بە تێکچونی و کەسانی خاوەن داواو بانگەواز و بانگێشتی درۆینەی لەناوبەر، بانگێشتی بریقەدار لە ڕواڵەت و لە دەرەوە و خاڵی و بەتاڵ لە ناوەرۆك وناخدا، بە هیلاکبەر و وێرانکەر لە حەقیقەت و ڕاستیدا، کەوتوو لە ئامانج و مەبەستیاندا، بەڵکو ئەمە کۆمەڵگەیەکی سەنگین وبەهێزو پتەوە ... بنیات نراوە لەسەر بەرنامەو پرۆگرامی خوایی ...جوان و نایاب وقەشەنگ... دامەزراو جێگیر...دامەزراو لە هەق و ڕاستیدا...!!

**﴿وا ئەزانن کە ئەمە حەیایە....کەچی حەیاوشەرم وشکۆ لە هیچ شتێکدا نیە(هیچ شتێك حەیاوشەرم وشکۆی تێدا نیە!!)﴾**

حەیاو شەرم و شکۆ ڕەوشتێکە لە ڕەوشتە بەرزو بەڕێزو سوپاسکراوەکان، گەل و نەتەوە و ڕۆشنبیریە جیاوازەکانی پێ دەناسرێتەوە، حەیاو شەرم لە بنچینە و بناغەی فیترەتی ساغ و سەلیم و تەندروستە، و پێداویستیەکی حەز و ئارەزوو و زەوقێکی بەرز و بڵندە و، بەهاو ئاکارێکی بەرزو شکۆیە، کە خوای پەروەردگار ئاماژەی پێداوە لە قورئانی پیرۆزدا:

﴿فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ ...﴿٢٥﴾﴾ القصص: ٢٥

دوای تاوێك یەكێك لە كچەكان بە حەیاو شەرمەوە هات بۆ لای موسا و پێی وت: باوكم داوات دەكات و دەیەوێت پاداشتی ئەو چاكەیەت بداتەوە كە ماڵاتەكەت بۆ تێر ئاو كردین، ( موسا هەستاو بەرو دوا ڕۆیشتن تا گەیشتنە ماڵەكە ودوای حەوانەوە) موسا بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە بۆ باوكی كچەكان، ئەویش وتی: ئیتر لێرە مەترسە و خەمت نەبێت، ڕزگارت بووە لە دەست هۆزو تاقمی ستەمكاران. القصص: ٢٥

خوای گەورە ئەفەرموێ:

﴿إِنَّ ذَٰلِكُمۡ كَانَ يُؤۡذِي ٱلنَّبِيَّ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّۚ ...﴿٥٣﴾﴾ الأحزاب: ٥٣

...چونكە ئەو كارە پێغەمبەر (ﷺ) بێزار دەكات، ئەویش شەرمتان لێ دەكات ( داوای چونە دەرەوەتان لێ ناكات )، بەڵام خوای گەورە لە شتی حەق و ڕەوا شەرم ناكات ...) الأحزاب: ٥٣

هەروەها (حەیا و شەرم) زۆر لە فەرمودەكانی پەیامهێنی ئازیزیشدا (ﷺ) ئاماژەی پێكراوەو هاتووە

وەك لە فەرموودەی (...دَعْهُ، فَإِنَّ الحَيَاءَ مِنَ الإِيمَانِ) بخاری وموسلم ڕیوایەتیان كردوەو گێڕاویانەتەوە.

واتا: (وازی لێ بێنە، بێگومان شەرمو حەیا لە ئیمانەوەیە).

وە لە فەرموودەی (الحَيَاءُ لاَ يَأْتِي إِلاَّ بِخَيْرٍ) بخاری وموسلم ڕیوایەتیان کردوە و گێڕاویانەتەوە..
واتا: (شەرمو حەیا نایەت مەگەر بە خێرو چاکە نەبێت).

هەروەها فەرموودەی(...وَمَا كَانَ الْحَيَاءُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ) ترمذی ڕیوایەتی کردوە .

واتا: (شەرمو حەیا لە هیچ شتێکدا نەبووە مەگەر هەر جوانو ڕازاوەی کردووە).

حەیاو شەرم وشکۆ لە باوەڕەوەیە و هەمووی خێر چاکەو جوانیە، بەڵام ئەفسوس و مەخابن بە هۆی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەمانەوە لە واتاو ماناو چەمکە ڕاستەقینە و ڕەسەن و ئەسڵەکەی خۆی لامان پێداوە، بۆیە ئەگەر هاتوو ئەم (حەیاو شەرم وشکۆ) شێواو ناشیرینکراو تێکدراو تێکچوو ڕێگری لێکردین و بویە کۆسپ و تەگەرە لە ئەنجامدان و جێبەجێکردنی ئەرکەکانمان :-

بەرامبەر خوای پەروەردگار - وەك فەرمانکردن بە چاکەو چاکەکردن وقەدەغەکردن و ڕێگریکردن لە خراپە و گوناە و تاوان، بەرامبەر خەڵکی-وەك ئامۆژگاریکردن بە چاکەو چاکە کردن -ناکرێ لەلای خەڵکی حەیاو شەرم و یاخود ڕەوشتی بەرزو جوان و پەسەند بونی نەبێت و ئامادە نەبێت، چونکە ئەوکاتە شوێنەواری پێچەوانەکەی بەسەر تاك و کۆمەڵگەدا ئەشکێتەوە، بۆیە حەیاو شەرم، ڕەوشت و ئاکارێکی بەرزو بڵند و گەورەیە لە ئاینی خوای پەروەردگاردا...ئەی چەمك و تێگەیشتنی ساغ و سەلیم و دروستی پێشینانی بەرزو بەڕێز کامەیە و چۆن جێبەجێی بکەین لە ژیانماندا، حافظ ی کوڕی حجر ئەڵێ:

(شەرم و حەیا/ لە زمانەوانیدا بریتیە لە گۆڕانو شکانەوە وداپۆشینی ڕووتی (شەرمگا/جێشەرم) ی مرۆڤ لە ترسی ئەوەی پێی شورەیی وعەیبدار ببێت.

(شەرم و حەیا/ لە شەرعدا بریتیە لە ڕەوشتێکی چالاك کەرەوە بۆ دورکەتنەوە لە شتی نابەجێ و ناقۆڵاو نادروست، وە ڕێگری وقەدەغە ئەکات لە کەم وکورتی هەقی خاوەن هەق...لەبەر ئەمە لە فەرموودەیەکی پەیامهێنی پێشەوا (ﷺ) هاتووە کە ئەفەرموێ ( الحياء خير كله) موسلم ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.
واتا: (شەرمو حەیا هەمووی خێرو چاکەیە).

چونکە (شەرم و حەیا) هۆکار و بایسی کاروکرداری گوێڕایەڵیە، وە ئەبێتە بەربەست ولەمپەر و ڕێگرێك لە کارو کردەوەی خراپ وگوناه و سەرپێچی کردن، بۆیە دروست نیە کە بوترێ: لەوانەیە (شەرم و حەیا) ڕیگرو قەدەغە بێت لە وتنی قسەی هەق، یاخود لە ئەنجامدانی کارو کردەوەی چاك و باش، چونکە بە ڕاستی ئەمە یەکناگرێتەوە و هاوڕێك نیە لەگەڵ ماناو واتای شەرعی و ڕاست و دروست بۆ حەیاو شەرم .

بەڵام قاضی عیاض یش ئەڵێ:(مەبەست لە حەیا و شەرم لەم فەرموودانەدا ئەبێت شەرعی بێت

(مایکون شرعیا)، وە حەیا و شەرم ێکیش کە شێواندن و سەرپێچیکردنی لێی پەیدا ببێت ودروست ببێت، ئەوا بێگومان ناڕاست و نادروست و نا شەرعیە، بەڵکو لاوازی و بێتوانایی وشورەیی و بێشەرمی و سوکیە.

وە یەکەمین و گرنگترین حەیا و شەرمێك بریتیە لە حەیاو شەرم لە خوای تەبارەك وەتەعالی، بەڵگەو ڕاستێتی ئەمەش فەرموودەی پێغەمبەری خۆشەویستە (ﷺ) کە ئەفەرموێ: ﴿اسْتَحْيُوا مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ قَالَ قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نَسْتَحْيِي وَالْحَمْدُ لِلَّهِ قَالَ لَيْسَ ذَاكَ وَلَكِنَّ الِاسْتِحْيَاءَ مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ أَنْ تَحْفَظَ الرَّأْسَ وَمَا وَعَى وَالْبَطْنَ وَمَا حَوَى وَلْتَذْكُرْ الْمَوْتَ وَالْبِلَى وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ تَرَكَ زِينَةَ الدُّنْيَا فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ اسْتَحْيَا مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ﴾. ترمذی ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (شەرم لە خوای گەورە بکەن بە حەق و ڕەوایەتی شەرم کردنەوە، ڕاوی فەرمودەکە وتی: وتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە شەرم دەکەین سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: مەبەستەکە ئەوە نەبووە، بەڵکو شەرم کردن لە خوای گەورە بە حەق و ڕەوایەتی شەرم کردنی تەواو لە خوای گەورە بریتییە لەوەی کە سەرت بپارێزیت بە هەموو ئەو ئەندامی هەست کردنانەوە کە بە کەللە سەرتەوەن وەك هۆی بیستن و بینین و بۆن کردو قسە کردن و تام کردن، هەروەها سکت بپارێزیت لەگەڵ ئەو شتانەی کە ناو سکت کۆی کردونەتەوە لە دڵ و شتانی تر، هەروەها یادی مردن بکە کە دێت و دەتگرێت و ئێسك و لاشەت پەڕپوت و ڕزیو دەکات لە ناو گۆڕدا، جا ئەوەی مەبەستی بەدەستهێنانی پاداشتی قیامەت بێت وازی لە جوانی و ڕازاوەییەکانی دونیا هێناوە، جا هەر کەس بەو شێوەیەی کرد ئەوا بە ڕاستی و حەق و ڕەوایەتی تەواوە وە شەرمی لە خوای گەورە کردووە).

شەرم و حەیا لە خوای پەروەردگار بریتیە لە پەیوەست بوون و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوای گەورەو بالآدەست و دورکەوتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی، مرۆڤ لە هەموو جوڵە و هەستان و دانیشتن و هەڵس و کەوت و کارو بارێکیا لە خوا بترسێ، ئا ئەم حەیاوشەرمە ڕەسەن و بنچینە وئەسڵترینە، ئیتر لە نێوان مرۆڤ ودەرونیدا بێت یاخود لە نێوان خۆی و خەڵکیدا بێت، ئەگەر هاتوو شەرم و حەیاکەی لەگەڵ پەروەردگاردا ڕاست ودروست و تەواو بوو، ئیتر هەرچی هەست و ئاکار و ڕەوشتێکی لێ هەڵێنجێنرێ و پەیدا ببێت لەگەڵ خەڵکیدا ئەوا یەکسەرو ڕێك وڕاستە، چونکە هەڵقوڵاو و هەڵێنجراوی بناغە و بنچینە و ڕەسەنێکی ڕاست و دروستە، بۆیە هەر حەیاو شەرمێك سەرچاوەکەی لەمەوە بێت ئەوا لە سنوری مانای شەرع و یاسای حەیادا دەبێت، بێجگە لەمە ئیتر حەیا لە هیچ شتێکدا نیەو هیچ شتێك حەیای تێدا نیە.

باشترین نمونەو شێوەی حەیاو شەرمی ڕاست و دروست ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە ئەفەرموێ: ﴿فَجَآءَتۡهُ إِحۡدَىٰهُمَا تَمۡشِي عَلَى ٱسۡتِحۡيَآءٖ قَالَتۡ إِنَّ أَبِي يَدۡعُوكَ لِيَجۡزِيَكَ أَجۡرَ مَا سَقَيۡتَ لَنَاۚ ...﴿٢٥﴾﴾ القصص: ٢٥

دوای تاوێك یەکێك لە کچەکان بە حەیاو شەرمەوە هات بۆ لای موسا و پێی وت: باوکم داوات دەکات و دەیەوێت پاداشتی ئەو چاکەیەت بداتەوە کە مالآتەکەت بۆ تێر ئاو کردین .

ئەم کچە ناچار کراوە کە قسەو گفتوگۆ بکات لەگەڵ کەسێکی نە ناسراو وبێگانەدا، زۆر ئاساییە کە بە شەرم و حەیاوە قسەو گفتوگۆ بکات، وەك هەر کچێکی تر کە ڕێك وڕاست و دروستە لە فیترەتیدا، حەیاو شەرم ئەکات لە کاتی بینین و قسەکردن لەگەڵ پیاواندا، وە شەرم و شکۆش تا ئەو ڕادە و ئەندازەیە و لەو سنورەدا شەرمێکی پێویست وڕێزدار و سوپاسکراو بەجێ و دروستە، بەلآم ئەگەر لەو ڕادە و ئەندازەیە تێپەڕی و (شەرم و حەیا) کە بوو بە کۆسپ وتەگەرەو ڕێگر لە چونە دەرەوەی بۆ بە ئەنجامگەیاندن و ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی پێویست، یاخود بۆ کارێك نێردرا بێت ، ئەوا ئەو (شەرم و حەیا) یە ناپەسەندو نەویستراوە وسوك و ڕیسواو ناشیرینە، لەبەر ئەمەیە ئەم کچە هاتووە بە حەیاو شەرمەوە ڕێدەکات ڕێکردنێکی لە سەرخۆیی و وقار و مەندیەوە، ڕێکردنێکی پاك و بێگەرد و جوان

وخاوێن وبەرز وبەڕێز(على إستحياء) تەواو بە شەرمەوە بە بێ خەمزە وناز وبە بێ خۆڕازاندنەوە و ئارایشتکردن و خۆ جوانکردن و بە بێ فریودان و خەڵەتاندن، هاتوە پێی ڕابگەیێنێ کە باوکی بانگی کردوە (بانگهێشتی باوکی پێ ڕابگەیێنێ) بەڵام بە کورترین ووتەو دەستەواژە و جوانترین دەربڕین، تاوەك و ماوە نەدات بە بەرامبەر وەڵامی بداتەوە و بکەونە گفتوگۆ (بانگێشتی ڕون ومانادار) کە بەرامبەری تێگەیاندوە. القصص: ٢٥

بۆیە ئەبێت لەگەڵ شەرم و شکۆشدا وردەکاری و ڕوونی و ئاشکرایی هەبێت، نەك لاڵەپەتەیی و زمان قورسی وگران وەڵام دانەوە و شڵەژان و سەرلێشێواوی، لە بەرئەوە حەزرەتی عائیشە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) فەرمووی (نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الأَنْصَارِ لَمْ يَمْنَعْهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ) بخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە.

واتە: (باشترین ئافرەت، ئافرەتانی پشتیوانن، شەرم کردن ڕێی لێ نە دەگرتن کە پرسیار بکەن دەربارەی ئایین و تیایدا شارەزا ببن).

لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنانی ئەنصاری وەسف کردوە بە (حەیاو شەرم)، بەڵام شەرم و حەیا نەبوە ڕێگر و لەمپەر و قەدەغەی نەکردن لە جێبەجێکردن و ئەنجامدانی لە کارە پێویستەکان و داواکراوەکان ... کە ئەبێت ئەنجام بدرێن بۆ تەواو کردن و تۆکمە کردنی بەندایەتی و پەرستشەکانیان و هەستان بە ئەنجامدانی ئەرکی شەرعی و ڕاست و دروسیان بەرامبەر بە پیاو و هاوسەرەکانیان.

وە باشترین کەسێك کە لەم بوار و نێوەندەدا نوسینی هەیە بریتیە لە(دکتۆر أشرف نجم).

کە لە نوسینەکەیدا ئەڵێ (عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ قَالَتْ: جَاءَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ– فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! إِنَّ اللَّهَ لا يَسْتَحْيِي مِنْ الْحَقِّ فَهَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا احْتَلَمَتْ؟ قَالَ النَّبِيُّ –صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ– إِذَا رَأَتْ الْمَاءَ، فَغَطَّتْ أُمُّ سَلَمَةَ تَعْنِي وَجْهَهَا وَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! وَتَحْتَلِمُ الْمَرْأَةُ؟ قَالَ: نَعَمْ تَرِبَتْ يَمِينُكِ فَبِمَ يُشْبِهُهَا وَلَدُهَا)(رواه البخاري في كتاب العلم. باب الحياء في العلم). بخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە.

واتا: (أم سلمه)(خوا لێی ڕازی بێت) فەرموی: (أم سليم)ی دایکی (أنس ی کوڕی مالك) هات بۆ لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا

(صلى الله عليه وسلم)!! خوا لە وتنی قسەی حەق و ڕەوا شەرم ناکات، کەوا بوو، ئایا ئەگەر ئافرەت شەیتانی بوو، خۆشۆردنی لەسەرە یان نا؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: بەڵێ، ئەگەر ئاوی بێتەوەو هەستی پێ بکات، (أم سلمه) یش ڕووی خۆی داپۆشی و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا بۆچی ئافرەتیش شەیتانی دەبێت؟ فەرموی: هەژارۆکە! ئەی چۆن؟ ئەی ئەگەر شەیتانی نابێت و ئاوی نایەتەوە بە چ شێوەیەك منداڵەکەی لێی دەچێت؟). هەروەها لە ئەبو موسی وە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)، ئەفەرموێ:

تاقم ودەستەی (یاریدەدەران و کۆچکەران) لەو بارەیەوە ڕای جیاوازیان هەیە... یاریدەدەران ئەڵێن: پێویست بە خۆشۆرین ناکات مەگەر لە کاتی بوونی ئاودا یاخود هەڵقولان ودەرپەڕینی(فیچقە کردنی) ئاودا، پێویست بە خۆشۆرین ئەکات، کۆچکەرەکانیش ئەڵێن:

بەڵام ئەگەر تێکەڵ (ئاوێزان )بوون ئەوا ئەوکاتە خۆشۆرین پێویست ئەبێت..ئەبوو موسا ووتی: من شیفاتان ئەدەم و ڕزگارتان ئەکەم لەو کێشەو گرفتە...ووتی هەستام و ئیزن و مۆڵەتم وەرگرت لە حەزرەتی عائیشە دایکی ئیمانداران (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) مۆڵەتی پێدام و پێم ووت: ئەی دایکم یاخود ئەی دایکی ئیمانداران- من ئەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم لە بارەی شتێکەوە بەڵام ڕووم نیەو شەرم ئەکەم... دایکی ئیمانداران فەرمووی، شەرم مەکە و پرسیارەکەت بکە و دایکی تۆ ئەوەیە کە تۆی لێ لە دایك بوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت من دایکتم... ووتم : کەی و لەچ کاتێکدا خۆشۆرین پێویست ئەبێت، وتی لەسەر شارەزا ئەکەوێت (سقطت)... پەیامهێن(ﷺ) ئەفەرمووێ:

(إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعِ وَمَسَّ الْخِتَانُ الْخِتَانَ فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ) موسلم ڕیوایەتی کردووە .

واتا: (کاتێك پیاو دانیشت لە نێوان دەستو قاچەکانی خێزانەکەیدا بە مەبەستی جوتبوون لەگەڵی ئینجا داوێنی بەر داوێنی کەوت بە (جماع) جووت بوون، ئەوا خۆشۆردنی لەسەر واجبو پێویست بووە).
بەڕاستی شەرم و حەیای ڕاست و دروست ...ئەوەیە کەوا ڕیگری و قەدەغەی ئیماندار ناکات لە فێربوون، تەنانەت لە وردترین و بچوکترین کارێك و زۆرترین ئاڵۆزی وشپرزەبوون و دژواریدا وەك لەشگرانی و سەرجێیی و جوتبون و شەیتانی و خۆشۆریندا.

بەڕاستی شەرم و حەیای ڕاست و دروستە کەوا ڕەوشت و ئاکاری ئیماندار چاك و پەروەردە و ڕێك و پێك ئەکات... کە لاف لێنادات و لەخۆی بایی نابێت لە کارو کردەوەکانیدا و هەرگیز نهێنیەك لە نهێنیەکانی نێوان هاوسەرو ژن و مێردی بلاو ناکاتەوەو ئاشکرایان ناکات و نایان درکێنێ، وە هەرگیز نزیك و توخنی هیچ عەیب و عارێك ناکەوێت لە کاری سێکسی و یاخود هەر کارێکی نەشیاو ناپەسند و خراپ.

بەڕاستی شەرم و حەیای ڕاست و دروستە کەوا ووشەو ووتەی ئیماندار ئەپاڵێوێ و پاکژ و چاك و پەروەردەی ئەکات، خاڵی ئەکاتەوە لە قسەی ناشیرین و خراپەو خراپەکاری،و لە گەمەوگاڵتەو هەواو ئارەزووی بێسود و بێکەڵك و قسەی ناموو دەگمەنی پەیوەست بە سێکس، دواجار بە ورووژاندن و هەژاندنی هەواو ئارەزووەکان و جولاندنیان دێت ئاراوە، یاخود لادانی جلوبەرگ و پۆشاکی پارێزەرو داپۆشەر وداوێن پاکی و ئابڕووباشی و دواجار توشبوون بە رەو سوکی و بەرەلایی و خراپەکاری.

بەڕاستی شەرم و حەیای ڕاست و دروستە کەوا پاڵ ئەنێ بە ئیماندارەوە ودەستی ئەگرێت بۆ گرتنە بەری ڕێگەی ڕوون و ڕاست و دروستی وتووێژ لە بارەی کارو بارەکانی سێکسەوە... ڕێگەیەك کەوا ناونان وناوبردنی نازناو لە داڕشتن و دەربڕیندا... وە بەکارهێنانی کنایە(خوازە) کاتێك کە بێ پەروا بێت لە مەبەستە (ئەسڵەکە)، وە هێماو ئاماژە پێکردنەکانیش کاتێك کە بێپەروا بن لە ڕوون و

ئاشکرایی دەربڕینەکان، و وە هەروەها ئاماژە و ناوهێنانی ناڕاستەوخۆ کاتێك کەوا بێپەروا بێت لە لێدوان و درکاندنەکان ، وە کورتکردنەوە و کۆکردنەوە کاتێك بێپەروا بێ لە درێژە پێدان و خستنەڕوی درێژ ...وە هیچ جۆرە لێدوان و درکاندنێك، یاخود شتێك لە درێژەپێدان ودرێژە خستنەڕوو نابێتە ڕێگر و وقەدەغەکردن ، ئەگەر پێویستی کرد بۆ تەواوکردن وتەواوکاری بلأوکراوە و درکاندنەکان، وە وردبونەوەو قوڵبونەوە لە تێگەیشتن و چەمکەکان، بۆیە بە ڕاستی تەنها شەرم و حەیای ڕاست و دروستە کەوا ناگۆڕێت شێوەی ناگۆڕێت لە نێوان بڕوا داراندا‌و–چ پیاو بێت یاخود ژن–وە لە نێوان فێربونی هەموو ئەو شتانەی کە لە بەرژەوەندی دونیاو دواڕۆژیدایە...وەك (لەوشتانە) کە پەیوەندی هەیە بە پەروەردەو ڕۆشنبیری سێکسیەوە...لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم کارەی کرد... ئەوە دورکەوتۆتەوە لە ماناو واتای شەرعی بۆ شەرم و حەیا، ئیتر ئەو کات پێویستە پێی بوترێ (شەرمن، شەرمەزار) وە ئەبێتە ناپەسەند و نەویستراو، شەرم و شکۆ ڕەوشت و خویەکی ئەرێنیە و تەسەروفی بنیاتنەری لێ بەرهەم دێت، کە خێرو چاکەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ تاك و کۆمەڵگە ومیللەت وگەل هەر هەمووی، وە ئەگەر لاسارو یاخی وازی هێنا لە گوناە و لاساری و یاخیبونەکەی، یاخود زاڵم و ستەمکار وازیهێنا و دەستی گرتەوە لە زوڵم و ستمەکەی و ڕایگرت، یاخود ڕێگری کرد لە خراپە و بەدڕەوشتی وداوێنپیسی و قەدەغەی کردو نەیهێشت بلأو ببێتەوە، یاخود بویە هاوکارو یارمەتیدەر بۆ بلأوبونەوەی نەریتی خێرو چاکە و چاکەکاری، یاخود ئەنجامدانی ساتێکی خۆش لە چێژ و خۆشیە نایاب و بڵند و بەرزەکان، بەڵێ ئەوە ئەو حەیاو شەرمەیە کە خاوەنەکەی ئاست بەرزو بالأی ئەکات لە دونیاو لە دوا ڕۆژیشدا، ئەوە ئەو حەیاو شەرمەیە کە پەیامهێن(ﷺ) باسی لێوە ئەکات وئاماژەی بۆ ئەکات وەسفی ئەکات کە (لا یأتی إلا بخیر) واتە (شەرم و

شکۆ نایێت مەگەر بەخێرو چاکە نەبێت، یاخود حەیاو شەرم هەرهەمووی خێرو چاکەیە).

بەلاَم ئەو هەست و شعورەی کەوا چاودێرو بە ئاگایە لە مرۆڤ و ئەبێتە لەمپەر و ڕێگری لیَ ئەکات و قەدەغەی ئەکات لە وتنی وتەی هەق و ڕاست، یاخود لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکێك...یاخود بەرگری کردن لە شەرەف و ناموسی موسلْمانێك...یاخود پارستن و بەرگری کردن لە ئایین، ئا ئەو جۆرە هەست و شعورە هیچ بەرهەمێکی نابێت مەگەر تەنها ڕەنج بە خەساری و خەسارەتمەندی نەبێت، هەروەها بەزین و دۆڕاندنی چاکی وچاکەکاری وگەورەیی لە ڕوی خراپەو خراپەکاری وداوێنپیسی، ئیتر ئەم هەست و شعورە ناوبنێین چی، ئەو شعورەی کەوا قەدەغە و ڕێگری لە موسلْمان ئەکات کە لە ئاینەکەی تێبگات و فێری ماف و ئەرکەکانی بکات ..؟ تاوەکو بە نەفامی بمێنێتەوە و خوا بپەرستیَ و بەندایەتی خوا بکات لەسەر گومڕایی و نەفامی (بە نەفامی و گومڕایی بەندایەتی خوا بکات)، یاخود قەدەغەو ڕێگری لە باوك ئەکات کە کوڕو منالْەکانی تێبگەیێنیَ لە پێداویستیەکانی کارو بارو ئاینی و دونیای، وە دوریان بخاتەوە لە شوێنە گومان لێکراو خراپەکان ، وە دەیانپارێزێت لە کەندەلاَن و خلیسکێنەرەکانی شەیتان و شەیاتینیەکان، شەیاتینەکانی ئینسان و جنۆکە..؟! هەروەها لە بەردەم دایکدا وەستاوە تاوەکو بزانیَ کچەکەی چ نیگەرانی و سکالاَو ناڕەزایی و بەرپەرچدانەوەیەکی هەیە یاخود چاوەڕێی بکات لە ڕۆژەکانی داهاتوویدا، بەلْکو هەندیَ جاریش لە ئێستایدا، بۆ ئەوەی کاروبارەکانی جێبەجیَ بکات، وە کاروباری مالْەکەی وپیاوەکەی (هاوژینەکەی) و منالْەکانی.؟! وە لە سەر شانی مامۆستاش قورس و گران ئە بێت کاتێك ڕازی ئەبێت لەسەر ڕونکردنەوەی ماناو واتای لەش پیسی و لەشگرانی و ئەحکامەکانی (یاساو بنەماکان) بۆ قوتابیەکانی (خوێندارەکانی) کە تەمەنیان لە هەرزەکاریدایە..؟!هەروەها باوك ودایکەکان تووشی حالْەتێکی شەرم کردن دەبن کاتێك کە قورئان ئەخوێنن لە بەردەم کوڕ

وکچـەکانیاندا کاتێـك کـە (تێپەڕ)ئـەبن و ئەگـەن بـە ووشـەی (نکـاح/ هاوسـەری)، کەواتـە ئـەو پێـوەرە چییە کە ئەمـەی پـێ هەڵبسـەنگێنین بە ئـەم جـۆرە لـە شـەرم و حـەیا، یـاخود وەسـفی پـێ بکـەین، لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئاراسـتە و ڕێنماییـەکانی پەیامهێن(ﷺ)..؟!

وە لـە سونەتی پێغەمبـەر ( ﷺ)و ژیاننامـە و ڕەویـەی پاك و بێگـەردی پـەیامهێنی ئازیز(ﷺ) چەند نمونەیـەك ئەهێنینـەوە، ئـەو هاوەڵـەی کە هـات بـۆلای پێغەمبـەر پرسـیاری لێکـرد بـە ئامـادەبونی حـەزرەتی عائشـە (ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت)، پرسـیارێکی کـرد لـە کـارو فـەرمانێك، کـە بـە دڵنیاییـەوە زۆربـەی خـەڵکی ئەمڕۆش ڕویان نیەو شەرم ئەکەن کە باسی بکەن بە ئامادەبوونی ژنەکەی یاخود کچەکەی، هاوەڵانی پێغەمبەری خۆشەویست دوای وەفاتی پەیامهێن(ﷺ)، ئـەهاتن بۆ لای حـەزرەتی عائشە (ڕەزاو ڕەحمـەتی خـوای لـێ بێـت)، ڕایـان لێـوەر ئـەگرت و ڕاوێژیان پێ ئەکرد،

پرسیاریان لێ ئەکرد لـەوکارەی کـە بەسـەریاندا هـاتووە، فەرمووەدەکە بۆمـان بـاس ئەکات : ﴿إِنَّ رَجُلاً سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ -صلى الله عليه وسلم- عَنِ الرَّجُلِ يُجَامِعُ أَهْلَهُ ثُمَّ يُكْسِلُ هَلْ عَلَيْهِمَا الْغُسْلُ وَعَائِشَةُ جَالِسَةٌ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) « إِنِّى لأَفْعَلُ ذَلِكَ أَنَا وَهَذِهِ ثُمَّ نَغْتَسِلُ﴾ موسلم ڕیوایەتی کردوە و گێڕاویەتەوە.

واتا: (پیاوێك پرسی لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی پیاوێك لەگەڵ خێزانەکەی جووت ببێت پاشـان بەهـۆی لاوازیـەوە نـەتوانێت مـەنی بڕژێـت، ئایـا خۆشـۆردن لـە سەریان پێویست دەبێت، لەو کاتـەدا خـاتوو عائیشـە دانیشـتبوو، ئینجـا پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموی: (بەڕاستی من ئەوە دەکەم منو ئـەم –واتـا خـاتوو عائیشـە– پاشـان خۆمان دەشۆین).

ئـەوە پێغەمبـەری ئـازیزە (ﷺ) کـە مامۆسـتاو پەوەرشـیارە کـە زۆرتـرین حـەیاو شەرمی هەیە لە تەواوی مرۆڤایەتیدا، لە لایەن پیاوێکەوە لە نێو زۆربەی هاوەڵانیدا پرسیاری لێ ئەکات، حەیاو شەرمەکەی نەبوە ڕێگر لە تێگەیشتنی لـە ئاینەکـەی و فێربـون و زانینـی زانیاریـەکی ڕاسـت و دروسـت، کـە لەلایـەوە (لـە تەنیشـتیەوە) خێزانـی پـاك وبێگـەردی، تـوڕە نـەبوو لەپرسـیارەکە و لـە پیاوەکـە و ڕای نـەکرد و خۆی نەدزیەوە لە وەڵامەکەی، هیچ کەسێك نیـە لـە پێغەمبـەر سـورتربێت لەسـەر بـە شەرم و حەیایی و وە هـیچ کەسێکیش نیـە لـەو بـە غیرەتتر بێـت (بـە قـەدەر ئـەو بـە غیرەت بێت)..!!

ئەم هەست و شعورەی کە داماندەگرێت ناوبنێین چـی، ئەگـەر توشـی نمونـەی ئـەم پرسیارە بوین ؟

وە ئایا شیاوی ئەوەیە یاخود دروستە ناوی بنێین و پێـی بڵـێین (شعور و هەسـت) مادام سەرپێچیمان تێدا کرد لە کردەوەو کرداری پێغەمبـەری ئـەکرەم(ﷺ)...؟! بـە دڵنیاییـەوە لـە مەبەسـت ومانـای شـەرعی حـەیاو شـەرم دەرچـوین و هاتینـە دەرەوە...!! کەواتە خاوەنی ئەم هەست و شعورە لە ئێمەدا کەوتۆتە

نـاو ترسـناکی و مەترسیەوە، وە وا حسێب ئـەکات کـە کـارێکی باشـی کـردوە...!! چەند سوك و ئاسانە کە لە بەردەم شەیتان و خراپەکاران وگەندەڵکاراندا هـەرەس بهێنـێ بشـکێت و ببـەزێت، وە لـە بـەردەم کەسـانی خـاوەن داواکـەرانی ڕوخێنەردا...شـکا و و بـەزیو لـە پـەروەردەکردنی منداڵـەکانی و ڕۆڵەکانیـدا، وە لـە دروستکردن و پێگەیاندن وپەروەردەکردنی نەوەی داهاتوودا..!! بۆیە ئەگەر شـەرم و شورەییت کرد کە وتووێژو قسەوباس بکـەیت لەگـەڵ کوڕو منداڵەکەتتـدا و فێـری

بکەیت بە ڕێگەیەکی ڕاست و دروست ئەوەی کەوا پێویستە بیزانێت و فێری ببێت.

وە شێوە و شێوازی ساغ و سەلیم و سەلامەت... لە کەش و هەوایەکی شەرم ومەندی وجیدی و ڕاستیدا، ئەوا خەڵکانێکی زۆر هەن کە وتوویژو قسەوباس ئەکەن لەسەر ئەوەی پێویستەو ئەوەیش پێویست نیە بە ڕێگەیەکی لارو چەوت...وە شێوازێکی دەخیل و نامۆ ونا ئاسایی... لە کەش و هەوایەکی فریودان وخەڵەتاندن و خراپ و بەدڕەوشتیدا.! بۆیە بە هۆی ئەم هەست و شعورە نەرێنیەوە ئە دۆڕێن و ئە بەزێن، لە مەیدانی جەنگیشدا دۆڕاو بەزیو، ئەوکاتە کوڕ و مناڵکەیشت ملکەچی تیمەکەی تر وتیمی بەرامبەر ئەبێت بیەوێت و نەیەوێت، نغرۆ و نوقم ئەبێت لە ڕابواردن و چێژو خۆشیەکانی و ئەوکات ئامادە دەبێت بۆ توشبوون بە نەخۆشیە گوازراوەکان، یاخود ئالودە ئەبێت لەسەر دەسپەڕ (دەسپەڕکردن)، جا تۆش بە چاوەکانی خۆت ئەوە دەبینیت (ئەو حاڵەتە) وهیچ ئەملاو ئەولایەکت نیە و هیچشت بۆ ناکرێ و پێ ناکرێت، تەنها گەستنی پەنجەی پەشیمانی نەبێت، ئەوکاتە کورد وتەنی (پەشیمانی هیچ دادێك نادات).

بەڵام ئێستا سات و فرسەتێکمان هەیە هەلێکمان بۆ هاتۆتە پێشێ، کەوا جێماوەو میراتگرە کۆمەڵایەتیە هەڵەکان لەم بوارە هەستیارەدا ڕاست بکەینەوە، ئەم چەمکانە کە بە ڕای ئێمە کە وا ئەزانین کە حەیاو شەرم وشکۆن، بەڵام لە ڕاستیدا شەرم و حەیای تێدانیە بە هیچ شێوەیەك، بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێ لەو چەمکە هەڵانە و تا وەکو لەگەڵ مناڵکانماندا بە تێگەیشتنێکی شەرعی و ڕاست و دروستەوە لەم دەریایەدا بگەینە کەناری ئارامی بە سەلامەتی، بە جۆرێك کە شەرم و شەرمنی نەبێتە ڕێگرو بەربەست وتوێژ و قسەو باسکردن لەگەڵ نزیکترین

کەسانێك لێمانەوە کە(منداڵکانمانن) لە بارەی کاروبارە سێکسیەکانەوە کەوا زۆر پێویستیان پێیەتی، بە پێی قۆناغەکانی تەمەنیان کەوا پێی تێپەڕ دەبن، بۆ ئەوەی ئەم شەرم وحەیا دۆڕاو و بەزیوە بگۆڕین بۆ حەیاو شەرم وشکۆ یەکی سەرکەوتوو...دروستکەر...بە سود بۆ تاك ...بۆ کۆمەڵگە...بۆ گەل و میللەت...بۆ مرۆڤایەتی هەموو بە گشتی بە یارمەتی و هاوکاری خوای پەروەردگار ؟! بە بێ ئەوەی وازبهێنین و دەستهەڵگرین لە شەرمو حەیاو شکۆ، وە لە بەرزی وگرنگی و شوێن وپایەی(حەیا) لە خورەوشت و ئاکارماندا، نرخ و بەهای بەرز و بڵندی لە کۆمەڵگەکەماندا ! بۆیە ئێمە بەمە ئەتوانین خزمەت بە ئاین بکەین و وێرانی نەکەین...و پارێزگاری لە جگەر گۆشەکانمان بکەین لە زانیاری هەڵە بە دوریانخەین و هاوکاری و یارمەتیان بدەین لەسەر پێکهێنان و دروستکردنی وێنەیەکی سەلیم و ڕاست ودروست کە بەرە و ژیانێکی خێزانی میهرەبانی کە لێوان لێو بێت لە سۆزو خۆشەویستی وشادی و کامەرانی وئاسودەیی.

لەبەر ئەوە لێرەدا دوو بوار هەیە کە پەیوەندیان هەیە بە کاروباری سێکسیەوە، کەوا پێوست ئەکات

کە حەیای ڕاست ودروستو بێدەنگی تەواویان تێدا بکرێت:

بواری یەکەم: بواری نهێنیە ڕاستەو خۆکانی نێوان (هاوسەران/ ژن وپیاو)، کە ئەمە کارێکی زۆر تایبەتی نێوان ژن وپیاوە دروست نیە قسەی لێوە بکرێت لە هیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکان مەگەر تەنها لە نێوان خۆیاندا نەبێت.

بواری دووەم: بریتیە لە بواری یاری وگەمە و گاڵتە و خۆشی وشادی و ڕابواردن و وەسف وتاریف و باسکردن و قسەی خۆش وکاروبارێك کە پەیوەست بێت بە چێژ

وەرگرتنی سێکسیەوە، کە بەمەش جل وبەرگ و پۆشاکی پاراستن وپارێزەر وداوێن پاکی و ئابڕوباشی لا دەدات لەسەری، ئەوکاتە توشی خۆ دەرخستن و خۆنواندن و ناپۆشراوی و بەرەڵڵایی و سوکی و خراپی دەبێت، کە ئەمە بێجگە لەوەی کە وروژاندن وهەژاندنی شەهوەت وهەواو ئارەزووەوە ڕوودەدات تەنانەت لەلای کەسانیتریش.

بۆیە پەیامهێنی ئازیز(ﷺ) ئەمەی قەدەغەکردوە، قەدەغەیەکی کۆتایی پێهاتوو و بڕێنەرەوە وەك

لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە (ئەبو هورەیرە بۆمان ئەگێڕێتەوە و ئەفەرموێ: (فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَلَمْ يَنْسَ مِنْ صَلَاتِهِ شَيْئًا فَلَمَّا سَلَّمَ أَقْبَلَ عَلَيْهِمْ بِوَجْهِهِ فَقَالَ مَجَالِسَكُمْ هَلْ مِنْكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ أَغْلَقَ بَابَهُ وَأَرْخَى سِتْرَهُ ثُمَّ يَخْرُجُ فَيُحَدِّثُ فَيَقُولُ فَعَلْتُ بِأَهْلِي كَذَا وَفَعَلْتُ بِأَهْلِي كَذَا فَسَكَتُوا فَأَقْبَلَ عَلَى النِّسَاءِ فَقَالَ هَلْ مِنْكُنَّ مَنْ تُحَدِّثُ فَجَثَتْ فَتَاةٌ كَعَابٌ عَلَى إِحْدَى رُكْبَتَيْهَا وَتَطَاوَلَتْ لِيَرَاهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَيَسْمَعَ كَلَامَهَا فَقَالَتْ إِي وَاللَّهِ إِنَّهُمْ لَيُحَدِّثُونَ وَإِنَّهُنَّ لَيُحَدِّثْنَ فَقَالَ هَلْ تَدْرُونَ مَا مَثَلُ مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ إِنَّ مَثَلَ مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ مَثَلُ شَيْطَانٍ وَشَيْطَانَةٍ لَقِيَ أَحَدُهُمَا صَاحِبَهُ بِالسِّكَّةِ قَضَى حَاجَتَهُ مِنْهَا وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ إِلَيْهِ ثُمَّ قَالَ أَلَا لَا يُفْضِيَنَّ رَجُلٌ إِلَى رَجُلٍ وَلَا امْرَأَةٌ إِلَى امْرَأَةٍ) أحمد و أبو داود ڕیوایەتیان کردوەو گێڕاویانەتەوە.

واتا: (جارێکیان پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) نوێژی کرد هیچ شتێکی لە نوێژەکەی لەیاد نەچووبوو، کاتێك سەلامی دایەوە ڕووی کردە هاوەڵان ئامادەبووان کە لەوێ ئامادەی بوون، ئینجا فەرموی: پابەندی کۆڕو مەجلیسی خۆتان بن، ئایا کەسێك لە ئێوە هەیە بۆ کاری سەرجێگەیی بچێتە لای

خێزانەکەی و دەرگای ژوورەکەی دابخات و پەردە دابداتەوە پاشان دوای تەواو بوونی کارەکەی لە ماڵ دەربچێت و لەناو خەڵك بڵێت: لەگەڵ خێزانم واو وام کرد، باسەکەی بۆ خەڵك باس بکات، ئامادەبووان بێدەنگ بوون، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) رووی کردە ئافرەتان و فەرموی: ئایا یەکێك لە ئێوە هەیە کە باسی ئەوە بکات لای کەسانی تر؟ ئینجا کچێکی گەنج کە لەسەر چۆکی یەکێك لە ئەژنۆکانی دانیشتبوو کە تازە سنگی خڕ بوبوو پێوەی دەردەکەوت، ملی بەرز کردەوە تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیبینێت و گوێبیستی قسەکانی بێت، وتی: بەڵێ، سوێند بە خوای گەورە پیاوانیش و ئافرەتانیش باسی دەکەن، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ئایا ئێوە دەزانن نمونەی ئەو کەسەی کە ئەم کارە دەکات چۆنە، بێگومان ئەو کەسەی کە هاوشێوەی ئەم کارە دەکات چ (پیاو و چ ئافرەت) بێت وەك شەیتانە، کە یەکێکیان دەگات بە هاوڕێ و هاوەڵەکەی خۆی بە سککەیەوە کە کاری خۆیی پێ ئەنجامداوە و خەڵکیش تەماشای دەکەن، پاشان فەرموی: ئاگادار بن با هیچ پیاوێك باسی کاری تایبەتی خێزانی خۆی لای هیچ پیاوێك نەکات هەروەها هیچ ئافرەتێکیش باسی ئەو کارە لای هیچ ئافرەتێکی تر نەکات).

پاکترین و گەورەترین و بەڕێزترین دروستکراو، نێرراوی مرۆڤایەتی(ﷺ)، ئاماژەی پێداوە و هێمای

بۆ کردوە بە کرداری سێکسی نێوان پیاو ژنەکەی، لە بەردەم پیاوان و ژنان و منالأندا، لە ناو حەرەمی پێغەمبەرایەتی پیرۆزدا بەو پەڕی ڕوونی ئاشکرایی و ڕاشکاوی بۆ ئەوەی لە کارو باری ئاینەکەمان فێرمان بکات، تا وەکو لەسەر حەلأڵ جێگیرو دامەزراومان بکات، وە واز لە حەرام بهێنین و لێی دور بکەوینەوە، بۆیە

ئێمە لەمەدا شوێنکەوتەین ونەك داهێنەرکار، وە مامۆستاو پێشەواو پێشەنگمان پێغەمبەر(ﷺ) نێرراوی خوای جیهانیانە.

## ﴿چۆن منداڵەکانمان لە ڕوی سێکسیەوە ڕۆشنبیر بکەین..؟﴾

منداڵیکی پێنج(٥) ساڵان لە دایکی نزیك بویەوە و لێی پرسی دایە گیان من لە کوێوە هاتوم (چۆن دروست بووم)..؟ دایکیشی بۆ ساتێك لە پرسیاری منداڵە(٥)ساڵەکەی سوڕماو سەرسام بوو دواتر پێی ووت ڕۆڵەی شیرینم من و باوکت هاتین ناوکە خورمایەکمان هێناو خستمانە ژێر ئەو ڕایەخ و فەرشەی کە لە ژورەوەیە، ئیتر ناوکە خورماکە گەورە بوو وردە وردە تا بوو بە تۆ (تۆی لێ دروست بوو) ئەی ڕۆڵەی شیرینم، منداڵەکە وەڵامەکەی دایکی بە بێ چەند و چوون قبوڵ و پەسەند کرد و چونکە قسەی دایکی حەقیقەت و ڕاستەقینەیە، چونکە دایك درۆ ناکات..! ڕۆژان هاتن و ڕۆیشتن و دایك ئەم قسەو باسەی بە تەواوی لە بیر چووبویەوە و دوای چەند مانگێك، لە کاتێکدا دایك خەریکی پاککردنەوە وگسکدانی ماڵ بوو منداڵەکەش لە دەورو بەریدا نزیك بوو خەریکی یاریکردن بوو، دایك ڕاخەرو فەرشەکەی بەرز کردەوە تا لەژێریا ناوکە خورماکە بدۆزێتەوە، سەیر ئەکات هەندێ مێرولەی وردی بچوك لە دەوری ناوکە خورماکە کۆبونەتەوە، منداڵەکە بە پەلەو بە هەڵەداوان ڕای کرد بۆلای دایکی(چونکە ئاگای لە دایکی بوو کە خەریکی گسکدانی ژێر بەڕەکەیە کە پێشتر بەگوێیدا درابوو تۆ لە ناوکە خورمای ژێر فەرشەکەمان دروست بووی) دایکی بە گسکەکەی خەریکی لێدانی ناوکە خورماکان بوو بۆ ئەوەی مێرولەکانی دەوری ناوکە خورماکان بکوژێت و

**دەریانبکات– منالەکە هاواری ئەکرد و بەدەنگی بەرز ئەگریا وئەیوت: وازیان لێ بێنە ئەمانە (مێرووڵەکان) منالی منن، منالی منن .!**

**چیرۆکێکی ڕاستقینەیە و بەلأم لە نوکتە وگاڵتەوگەپ ئەچێت (نوکتە ئامێزە)، بەلأم ناواخنەکەی پڕیەتی لە وانەی پەروەردەیی زۆر گەورە و بایەخدار، کە بوو بە هۆی گەیاندنی ئێش و ئازار بە مندالەکە، وە لادان لە ئەندێشەی (منالەکە) دا دروست دەبێت دەربارەی دروست بون و زۆربونی ئینسان، دواجار شێواندن و تێکچونی پەیوەندی منال لەگەڵ دایکدا دێتە بەرهەم، وە تێڕوانینی بۆ ڕاستێتی وەلأمدانەوەی پرسیارەکانی دواتری، ئەم چیرۆکەمان لەم بەشەدا هێنا و خستمانە بەر دەستان کە لە ناوەرۆکەکەیدا دڵنیایی وجەختکردنەوە لەسەر گرنگی باس و خواس و بابەتی پەروەردەی سێکسی هەڵگرتووە، وە چۆنیەتی پێدانی ئەم(چیرۆکە) لە پەروەردەی منالەکانماندا.**

# ڕۆشنبیری سێکسی چی یە..؟

**پێناسەی ڕۆشنبیری سێکسی:**

**(بریتیە لە کرداری دابینکاری (دابینکردنی) زانست و زانیاری بۆ منالأن بە شێوەیەکی پلەبەندی، بە دابینکردنی هەموو ئەو زانیاریە تەندروستیانەی کە پێویستیانە دەربارەی کۆئەندامی زاوزێ لە جەستەیاندا، پەرەسەندن و گەشەکردنیان وڕۆڵ و کاریگەریان لەسەریان لە ڕوی (جەستەیی وهزرو بیرو دەرونی وسۆزداری)، لە کەش و هەوایەکی جیدی و ڕاستی و شەرم وشکۆ وسەنگینیدا، بە گوێرەی ئەوەی کە بەها ئاینی و کۆمەلأیەتیەکەمان کە ئێمەیشی گرتۆتەوەو بالی کێشاوە بەسەرماندا، بۆ تەواوکردنی پەرستش و بەندایەتی کردنیان و ئەندێشەو بیرو بۆچونیان بۆ ژیان، لێرەدا لە سەروی هەموویانەوە، ڕێباز و ڕەویە و سونەتی پاك وبێگەرد وپەرژین و شورامان (لە خواترسان و خواناسی و زانستی سەنگین)، لەگەلْ چاودێریکردنی تواناکانی منالە کانمان لەسەر وەرگرتنی ژەمەکان کەوا گونجاو بێت لەگەلْ قۆناغەکانی تەمەنیان.**

# چۆن قسە لەگەلْ منالەکانماندا بکەین و چۆن بیاندوێنین..؟

## (چۆن منالەکانمان بدوێنین)..؟

**کاتێك ئێمە گفتوگۆ و وتووێژ (قسە) لەگەلْ منالەکانماندا ئەکەین لە بارەی بابەتێکی هەستیارەوە وەك (سێکس)، پێویستە وئەبێت قسەکە مۆرك ونیشانەیەکی تایبەتی هەبێت، وە ئەبێت ئاگات لە زۆرێك لە کارەکان هەبێت وچاودێری زۆرێك لە کارەکان بکەیت، لە بەرئەوەی قسەو باس و بابەتەکە گرنگ و**

هەستیارە، وە پێویستە کە بەش وهەقی خۆی ببات، کەوا شایان و شایستەی گرنگی پێدان و... ڕاستی و جدییەت ...کرانەوە بێت، ئێمەی موسڵمان پێویستە و ئەبێت لە ڕوانگەی بیروباوەڕە کەمانەوە سەرچاوە بگرین، لە بیرو بۆچونی ئیسلامیمانەوە دەست پێبکەین و بەڕێکەوین، کاتێك کە لە دەرگای ئەم بابەتە ئەدەین و قسەو باسی لێوە ئەکەین ولێکۆڵینەوەی وردی لەسەر ئەکەین لەگەڵ منداڵەکانماندا، ئەبێت زۆر بە نەرم و نیانی و ناسکی دەستی بۆ ببرێت و قسەی لەسەر بکرێت، چەندە بتوانین زاراوەی فیقهی بەکاربهێنین، چونکە تێگەیشتنیان لە پێشتردا لە تەواوی بەندایەتیان بووە، وەهەروەك و چۆن نوێژی هەرزەکاری لەشگران دروستە، کە ناشزانێت مانای لەشگرانی چی یە...!!

بۆیە لە دوای ئەوەوە مەبەست و ئامانجمان بریتی ئەبێت لەم کارانەی (خاڵانەی) خوارەوە:

١-بنیاتنانی تێگەیشتن و چەمکی ئاینی پلەبەندکراو(ڕیزبەندکراو)، ڕاست ودروست و تەواوکار لەگەڵ پەرستش وخواپەرستی و بەندایەتیدا .

٢-پارێزگاریکردن لە ئەندێشە و بیروبۆچون وچەمکی ئیسلامی ڕاست و دروست بۆ بونمان لەم ژیانەدا.

٣-دورخستنەوەی منداڵەکانمان لە تێگەیشتنی هەڵە بۆ (سێکس)و، ئەو ئافات و دەرد وپەتاو زیانانەش کە لێیەوە پەیدا ئەبن ودروست ئەبن.

٤- پاراستنی کۆمەڵگە لە هەڵدێران و لادان وهەڵخلیسکان وهەڵە و پارێزگاری کردنی ئاکار و ڕەوشتی گشتی وهەمووان.

٥-پاراستنی لاوان لە نەخۆشیە دەرونی سێکسیە (هەمەجۆر) و جیاوازەکان.

لەبەر ئەوە ئامۆژگاری سەرپەرشتیاران ئەکەین لە (باوکان ودایکان و مامۆستایان) کە ڕەچاو و چاودێری و ئاگاداری ئەم بنەمایانەی خوارەوە بکەن:

## *سەرەتای پێشوەخت:

ئامۆژگاریمان ئەوەیە کە ناکرێ و نابێت دواخستنی سەرەتاو دەستپێك لە ڕۆشنبیری سێکسیدا تاوەکو منالْ بچێتە قۆناغی هەرزەکاریەوە بە بیانوی کەم تەمەنی و (تەمەن بچوکییەوە)، لەبەر ئەوەی چونکە کاتێك منالْ گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری، مەیل و حەزی هەیە کەوا ئیعتماد بکاتە سەر (پشت ببەستێت بە) هاوڕێکانی، متمانەیان پێ بکات و پشتیان پێ ببەستێت، وە هۆکارەکانی زانیاری تەکنۆلۆجیا پارێزراو ئەمین نین (نا ئەمینن)، زۆرێك لە خەڵکان و کەسانی تر متمانەیان لەسەر باوك و دایکیانە و پشتیان پێدەبەستن، بۆیە ئەگەر پردی متمانە و کرانەوە بۆ وتووێژ وگفتووگۆ قسەوباس، لەنمونەی ئەم بابەت و باسە ڕوخێنراو نەما ئەوا دواجار ڕەگ و ڕیشە دا ئەکوتێ وجێگیر دەبێ، ئەمەش ئەوە ئەگەێنێ کە ئەگەری زۆری هەڵخلیسکان وهەڵە و لادان وهەڵدێری گەورە هەیە، بۆیە زاناکان ئەفەرموون:

ئێمە ڕەوشت و ئاکارێك ئەدورینەوە و ئەچنینەوە لە منالەکانماندا لە تەمەنی هەرزەکاریاندا، کە ئاوەژوو و پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی کە تیاماندا چاندوون لە یەکەم شەش(٦)ساڵی تەمەن وژیانیاندا ، ڕاستە کە منالْ هیچ شتێك لە دەوربەری خۆی تێناگات ودەرکی پێناکات، بەڵام هەموو شتەکانی دەورو بەری ئەبینێ و هەست پێئەکات وە ئەتوانێت هەموو ئەو شتانە لای خۆی لە نەست (لاشعور) یدا هەڵگرێ و تۆماریان بکات، دواتر ئەم وێنە و دیمەن وتابلۆ و شانۆیانە لە تەمەنی

هەرزەکاریدا بیانگۆڕێ بۆ هەڵس وکەوت وکردار و ڕەفتار و ڕەوشت وئاکار، ئەگەر چاك بوو ئەوە چاکە و ئەگەر پیس وخراپیش بوو ئەوە پیس وخراپە...
چەند باوك ودایك پەنجەی پەشیمانیان گەست کاتێك کە کاری سێکسی حەلاڵیان ئەنجام ئەدا لەبەر چاو منالە بچوکەکانیان و لە نێوان منالەکانیاندا...لێقەومان و ناخۆشی و مەترسیان بۆ هاتە پێش و توشی بەدبەختی هاتن، چونکە ئەوانە کاتێ کە گەورە بوون لاسایی باوك ودایکیان کردەوە لەگەڵ خوشکەکانیاندا بەهەمان شێوەی ئەوان کاری سێکسیان لەگەڵ یەکتر ئەنجامدا، بەهۆی ئەوەی کە دێت بە بیرو هۆشیاندا جێگیر بووبوو کە هەرچیەك باوك ودایك ئەنجامی بدات ڕاست ودروست و ڕێدراوە، وە لە تێڕوانینیاندا ئەکرێ لەگەڵ خوشکەکانیاندا ئەوکارە ئەنجام بدەن، لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشتردا دەرکەوت لەو ماڵانەی کە توشی ئەو حاڵەتە بوون، کە لە خانەی نەوجەوانان کە ٪۸۰ ی ئەوانەی (ئەو کەس و(خەڵکانە)ی کە توشی ئەو حاڵتە بوون و ئەو کارەیان تێدا ڕوودراوە، ئەوانەن کە بینویانە کە دایکو باوکیان کاری سێکسیان ئەجامداوە و ئەمانیش دواتر لاساییان کردونەتەوە، بۆیە پێویستە و ئەبێت دایکان و باوکان ئاگادار بن وچاودێری و ڕێنمایی و زانیاریە ئیسلامیەکان بکەن ولەبەر چاو و لە نێوان منالەکانیاندا کاری سێکسی و سەرجێیی بەر بەرچاوانەوە ئەنجام نەدەن ، ئەگەر چی بچوکیش بن و تەمەنیان کەم بێت، وەك ئەنجام نەدانی کاری شەرعی و سێکسی و سەرجێیی لە هەمان ژوری منالەکان، وە جیا کردنەوەی (کوڕەکان(براکان) لە خەوتنیاندا...هەتا دوایی.

## *(پەیڕەوکردنی شێوازی وتووێژ)پشت بەستن بە شێوازی وتووێژ:

شێوازی فێرکردن و ئاڕاستەکردن و دەرکردنی فەرمان و ڕێنماییەکان، کە زۆرێك لە خەڵکی لەگەڵ منداڵەکانیاندا پشتی پێئەبەستن، هیچ دەرفەت وهەلێکیان نادەنێ وکە دەربڕین لە خودی خۆیان بکەن و تا هەست بە بونی خۆیان بکەن، بۆیە دواجار باوك ودایك زۆربەی زۆری ئەو زانیاریانەی کەلای منداڵەکانن وپێویستیان بە ڕونکردنە و وەلاّم هەیە نایانزانن، چونکە دەرفەتیان بۆ نەڕەخساندون تا بیاندرکێنن، هەروەها دایك و باوك نازانێت بڕی ئەو زانیاریەی کە منداڵەکە وەریگرتوە چەندە، وە ڕادەی وەرگرتن و تێگەیشتنی ئەو زانیاریانەی کە منداڵەکە وەریگرتوە چەندە، وە ئایا چەندە قەناعەتی هەیە بەوەی کە وەری گرتوە، دوای ئەوە ماوەی پابەندبوونی پێشبینیکراوو ماوە ومەودای کەڵك و سودێك کەپێی گەیشتبێ، سەرباری پێوانەی ماوەی پێویست بۆ شێوازی تری پشتگیری وپشتیوانیکراو، جگە لە وتوێژو قسەو باسی ڕاستەوخۆ-وتار یان باس یاخود نوسینێك- یاخود گرنگی وپێویستیەتی داواکردنی یارمەتی لە کەسانی تری خاوەن ئەزموون و شارەزا و پسپۆڕی.

ئەوەی شیاوی وە بیر هێنانەوەیە، بە یەکەوە سەیرکردنی هەندێ بەرنامەی فێربوون لە بارەی ئەو باس و بابەتانەی کە پەیوەستن و پەیوەندیان هەیە بە کارو باری سێکسیەوە، زۆر گونجاون بۆ کردنەوە و دەستپێکردنی گفتوگۆ وقسە لەسەرکردنی ڕەهاو ڕون وئاشکرا و ڕاست و ڕەوان لەسەر باس و بابەتەکە، یاخود خوێندنەوەی بە تەنها، کە بە دوایدا لە کاتی خوێندنەوەکەدا گفتوگۆ و وتووێژی هەندێك لە چیرۆکە چاپکراوەکانی تایبەت بەم مەبەست و ئامانجە دێتە پێش وەك

زنجیرە ناميلكـەی (لبيـب ولبيبـة، الاسـرة السـعيدة) كـە چاپكراوەكانی (پـرۆژەی پاراسـتنی لاوان) ن بـۆ دامەزرانـدن و جێگيركردنـی چـەمكە ئيسـلاميەكان لـە ڕۆشنبيری وپەروەردەی سێكسی لە لای منالْ.

## *توڕە و هەڵچوو مەبە (پەشێو و شڵەژاو مەبە):

كارەكە بە ئاسوودەیی و سوك و ئاسان وەرگرە ودەست پێبكە بە باس و بابەتەكە بە شێوەيەكی ئاسايی وسروشتی، مە شڵەژێ و شپرز مەبە، ياخود ڕاڕا و دودڵ مەبە، يادت بێ ئەگەر تۆ قسە و باسی لەگەڵ نەكەيت و بابەتەكەی بۆ باس نەكەيت ئەوا بێگومان كەسانی تر لە بری تۆ قسە و باس و بابەتی بۆ باس ئەكەن، بەڵام نازانی چۆنت بۆ باس ئەكەن، وە كەی ئەو قسەوباس و زانياريانەی بۆ باس ئەكەن ..؟ زانياريەكە زۆرە ياخود كەمە ..؟! ئەيپێكن ياخود ناپێكن و ئەكەونە هەڵەوە (يان هەڵە ئەكەن)، بەسود و بەكەڵكە ياخود بێكەڵك وزيان و زەرەرە.؟! بۆيە باشترو چاكتر وايە بۆ خۆت و بۆ منالەكەشت تۆ دەستپێشخەری بكەيت، ئێمە نالێن و ئينكاری قورسی وگرانی دەستپێك ناكەين، وە هەر تەنها تۆيش نەبويت كە توشی شێواوی و شڵەژاوی وشپرزەيی هاتبيت، سەرەڕای ئەو هەموو لادان وهەڵە سێكسيانەی كە لە وڵاتانی خۆرئاوا هەن و ڕوو دەدەن، ئەو هەموو كرانەوە زۆر گەرم و خرۆشاو هاربوو و هەڵچونە، لێكۆڵينەوە و خوێندنەوەكان دەريانخستوە كەوا زۆربەی زۆری باوكان لە خۆرئاوا هەتا ئێستەش زۆر بەلايانەوە قورس و گرانە كە قسەو گفتوگۆ و ڕاوێژ بكەن لەگەڵ منالەكانياندا سەبارەت بەو كارو بارانەی كە پەيوەستن بە ڕۆشنبيری سێكسيەوە، ئەوە لەوێ وەك وتمان بەو هەموو ئازادی و كرانەوەيە، ئەی ئەبێت چۆن قورس و گران نەبێت كە قسە و گفتوگۆ و ڕاوێژ بكەن لەگەڵ منالەكانماندا سەبارەت بەو كارو بارانەی كە پەيوەستن بە ڕۆشنبيری سێكسيەوە، لە كۆمەڵگەكەماندا كە كۆمەڵگەيەكی پارێزگارە، كە ئەمە لە

ڕاستیدا کارێکی سروشتی و ئاساییە بۆیە پێویستە و ئەبێت زاڵبین بەسەر ئەوحاڵەتە قورس و گرانەدا.

## * کراوە بە (مێشك و بیر کراوە بە):

وا بکە کەوا مناڵەکەت هەست بکات کە سنگ ودڵت سادە وساکار و کراوەیە بۆ پرسیارەکانی لە هەرکاتێك کە ئەو بیەوێت و وە هەر قسەو باس وبابەتێك کە ئەو بیکات، بەم جۆرە هەرگیز لێت ون نابێت و لێت جیا نابێتە و تۆش لەو ون نابیت و لێی جیا نابیتەوە، وە هەر کاتێك پێویستی بە تۆ هەبوو دەتدۆزێتەوەو دێت بۆلات و لەگەڵتا دەبێت ، بۆیە هیچ ماوە مەدە و بوارێك مەهێڵەرەوە بۆ کەڵەکچی وهیچ و پوچەکان چونکە مناڵەکەتت بۆ دەشێوێن و بۆت خراپ و تێکدەدەن.

## * گوتار و ئاخاوتن بە پێشەنگی ومتانەوە دەکرێت:

خوێندنەوە و توێژینەوەکان جێگیریان کردوە و سەلماندویانە-پێش ئەوەش (بیرسا/ لۆجیك) جەختی کردۆتەوە ودڵنیایی داوە کە-مناڵان ئەیانەوێ -بەڵکو پێویستیانە-پێشەنگی وپێشەوایی ونمونە لە باوك و دایکیانە وەربگرن وفێربن، دەی کەوایە (کەوابوو) دەرچۆ و ڕاپەڕە بەرە و مناڵەکەت و ئەو مەبادیئەی (چەمك و ڕێباز و بنەما وبنچینە و ڕێسا)یەی کە خۆت هەتە و پەیوەستی پێوەی، ببە بە نمونە وپێشەنگ با لێت وەربگرێ و لێتەوە فێرببێ، زمانی تێکەڵ وپێکەڵ نابێت لە قسەکردندا کاتێك کە مەبدەئو بیرو باوەڕ و بڕوای تۆی لا ڕون و ئاشکرابێت، دودڵی و ڕاڕایی پەرەدەسێنێ و پەیدا ئەبێت لە کاتی نەبونی ناجێگیری مەبدەئو بیرو باوەڕ لەلای قسەکەر و ووتەبێژ، کە ئەمەش ڕۆڵ وکاریگەری و ئاسەواری خراپ ونێگەتیڤی ئەبێت لەسەر ماوەی قایل بوون وقەناعەتی قسە بۆکراو و

پەسەندکرن و قبوڵکردنی، بۆنمونە ماقولْ نیە من بە منالّەکەم بلّێم جگەرە مەکێشەو خۆشم جگەرە کێش بم.

## *گرنگیدانی هەمیشە وبەردەوام:

بوارو دەرفەت بە هیچ شتێك نەدەیت، ڕازی نەبیت کە هیچ کێشە و گرفت و کۆسپ و تەگەرەیەك وهۆکارێك لە گرنگیدانی تۆ بۆ منالّەکەت کەم بکەنەوەو نەیهێڵن، یاخود داتبڕن لە قسەکردن لەگەلْ منالّەکەت بە تایبەتی ئەگەر دەستت کرد بە قسەو باس ولەسەر تەوەرەی (سێکسی)، وە منالّەکەت ئەبێت وا هەست بکات کە ئەو ناوەند و چەقی گرنگیدانتە بۆی، کاتی تەواو فراوانی بدەرێ وبە بەردەوام و هەمیشە گرنگی پێبدە، نەك تەنها لە بۆنەکاندا بیرت بێتەوە، چەند باوك هەیە کە سەرقالّە بە کارو کاسپی کۆکردنەوەی مالْ وسەروەت و سامان و پارەوپول و ئاگای لە منالّەکانی نەماوە و ساتێکیش دێتە پێش کە واز لە هەموو ئەو مالْ وسەروەت و سامان و پارەوپول ئەهێنێت کە کۆی کردبویەوە بەهۆی لە دەستدانی منالّەکانیەوە، وە چەند دایکیش هەیە کە وا پەنجەی پەشیمانی ئەگەزێت بەلاّم دوای چی ..؟ دوای بە هیلاك چوونی منالّەکانی، ئێستە بیری ئەکەوێتەوە کە چ کەمتەرخەمیەکی کردوە لە پەروەردەکردنی منالّەکانیدا، تازە کات ڕۆی ولە دەست چوو کار لەکار ترازا.

## * جێی باوەڕ بە (جێی متمانە و ڕازگر بە).

زانیاری ڕاست و دروست وتەواو و ڕون و ئاشکرای پێشکەش بکە و بیدەرێ، بە پێی قۆناغەکانی
تەمەنیان، هەرگیز تووشی ئالّۆزی مەکە وە بۆشایی گەورەش لە زانیاریەکانتدا بەجێ مەهێڵە کە

کاتێ ئەیدەیتێ و پێشکەشی ئەکەیت.

## * ( خۆت بڕازێنەرەوە وخۆت شیرین بکە بە ئارامگرتن) (ئارامگر بە).

کاتێ کە قسە و وتوویژ لەگەڵ منالەکەتدا ئەنجام ئەدەیت، ئەو چەن ساتێك توشی حاڵەتی دڵەڕاوکێ وشڵەژان وشپرزەیی ئەبێت، یاخود سەرسام و حەپەساو ئەبێت لە تەواو کردن و دەربڕینی دەستەواژەکانی وهەڵبژاردنی ووشەو ووتەو زاراوەکانی، پاشان ئەو هەستێکی بۆ پەیدا ئەبێت کە تۆ پاڵنەرێکت هەیە بۆ هاوکارو یارمەتی دانی لە تەواوکردنی ڕستە و قسەکانی، بۆیە بەرگری لەو پاڵنەرە بکە، بۆیە وازی لێبێنە با دەربڕین لە نەفسی خۆی بکات بە ڕێگە تایبەتیەکەی خۆی چونکە ئەمە یارمەتیت ئەدات لە زانینی ئەو شتانەی کە خول ئەخۆن دێن و دەچن لە ئەندێشەیدا دواجار وەڵامی گونجاو هەڵبژێرە بۆتێگەیشتنی.

## *دەرفەت و هەلەکان بقۆزەرەوە:

ڕۆژانە زۆرێك لە دەرفەت و هەل دێنەپێش بۆ قسەکردن لەگەڵیدا لەم باس و بابەتەوە، بۆیە ئەم هەل وفرسەتە بقۆزەرەوە با لە کیست نەچن لە هەر کات و شوێنێکدا بێت و کەی ئەم هەلەت بە دەستت هێنا و درکانی و باسی لێوە کرد ئیتر لە بازاڕ دایە لە سەیارە دایە یاخود کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆنە...!!یاخو کاتی سەیرکردنی ئاژەڵەکانە لە باخچەکەدا، یاخود کاتی بە کۆمەڵ خوێندنی قورئانی پیرۆزە یان کاتی ڕاڤەکردنی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانە...!! بۆ نمونە: ﴿قَالَتْ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا ﴿٢٠﴾﴾ مريم: ٢٠

مریەم وتی:جا من چۆن منداڵم دەبێت، خۆ من هیچ کەس توخنم نەکەوتووە و من ئافرەتێکی داوێن پیسیش نیم و نەبووم!! مريم: ٢٠

هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِيَسۡتَـٔۡذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡ وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَبۡلُغُواْ ٱلۡحُلُمَ مِنكُمۡ ثَلَٰثَ مَرَّٰتٖۚ مِّن قَبۡلِ صَلَوٰةِ ٱلۡفَجۡرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعۡدِ صَلَوٰةِ ٱلۡعِشَآءِۚ ثَلَٰثُ عَوۡرَٰتٖ لَّكُمۡۚ لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ وَلَا عَلَيۡهِمۡ جُنَاحُۢ بَعۡدَهُنَّۚ طَوَّٰفُونَ عَلَيۡكُم بَعۡضُكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٥٨﴾ النور: ٥٨

ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، با ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکانتاندا دەژین و ئەوانەی هێشتا باڵغ نەبون و پێنەگەیشتون لە سێ کاتی جیاوازدا مۆڵەتتان لێ وەربگرن: یەکەمیان پێش نوێژی بەیانی، دوهەمیان کاتێ کە هەندێ لە پۆشاکەکانتان دادەکەنن بۆ حەوانەوە لە کاتی نیوەڕۆدا، سێهەمیان دوای نوێژی خەوتنان، ئەوە سێ حاڵەتی تایبەتیە بۆ ئێوە و(نابێت تیایدا ببینرێن و کێشەی دەرونی بۆ منداڵەکانتان دروست بکەن) جگە لەو سێ کاتە ئەوە هیچ لایەکتان گوناهتان ناگات کە سەردانی یەکتر بکەن و یەکدی بەسەر بکەنەوە، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە ئایەت و فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕون دەکاتەوە، بێگومان ئەو خوایە تەواو زانایە (بە بەرژەوەندیەکانتان) تەوایش دانایە (لەو فەرمان و ڕێنمونیانەی کە ئاراستەی بەندەکانی دەکات). النور: ٥٨

ئەم ئایەتەو نمونەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە، ئەگەر بێت و بکرێتە ئەرك وکاری هەفتانە بۆ منالەکان و ڕاڤەیان بکرێت بۆیان، وە لە کتێبەکانی تەفسیر ماناو واتای هەندێ لە ووشەکان بزانرێن و دواتر تاوتوێ ووتوێژی باس و بابەت و ئایەتەکان بکرێت باوك لەگەڵ کوڕەکەی ودایکیش لەگەڵ کچەکەی بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر لەسەر

بابـەت و ئایەتـەکان، ئـەم شـێوەو شـێوازەش لـە وتـو وویـژ وردە وردە ئەبێتـە یارمەتیدەر بۆ دروستکردنی تێگەیشتنی ئاینی، کە ئەم بابەت و ئایەتانە بڕێکی زۆر لـە ڕونکردنـەوە و ڕۆشـنبیری تێدایـە، بـەڵکو پەروەردەیـەکی سێکسیشـە لـە سەرچاوە ڕاست و دروستەکەیەوە.

## * تەسلیم مەبە وخۆت بە دەستەوە مەدە:

باس و بابەتەکە دوبارە بکەرەوە جار لە دوای جار، هیچ بێ هیوا مەبە و خۆت بە دەستەوە مەدە وتوشی خاوبونـەوە و سارد بونـەوە نـەبیت و بێـزاری و نیگـەرانی ڕوت تێنەکات، چونکە ئەمانە جگەر گۆشەکانتن، چونکە شیاو و شایستەی ئەوەن کە گەورەترین و باشترین گرنگیان پێ بدرێت..هەموو کاتێك...وە هەموو کۆشش وهەوڵ و تێکۆشانێك بە خەرج بدرێت لەگەڵیاندا، یادت بێت و ئاگادار بە ڕاوێکی قەڵەو وباش و بە نرخە بۆ شەیاتینەکان، ئەوان خۆشحاڵ و بەختەوەر ئەبن بە پشتگوێ خستنی جگەر گۆشەکانت، بە گرنگی نەدانت و گوێ پێنەدانت بە مناڵەکانت، بۆیە بە ڕاستی ئەبێت کارو ئەرکەکانت لە پەروەردەکردنـدا زۆر بە جوانی ڕێك و پێکی ئەنجامی بدەیت پشتگوێ ی نەخەیت و کەمتەرخەم نەبیت.

## * بە نهێنی و بەئاشکرا نزای خێریان بۆ بکە وبۆیان بلاڵێرەوە:

گومانی تێدا نیە کە نزاو دۆعای خێری باوك ودایك بۆ مناڵکانیان بە کوڕ و کچەوە گرنگی تایبەتی هەیە لـە پـەیڤین و وتوویـژ و بـە شـێوەیەکی ڕوون و پاراو(ڕەوانبێژ)ی لە دانیشتنەکانتدا لە گەڵیاندا، کە ئەبێتە هۆی زیاتر هەستکردن بە گرنگی پێدانیان ولەلایەن دایك وباوکیانـەوە و جۆرێکیشـە لـە بە دوا داچونی ناڕاستەوخۆ، بۆ زانینی هەر هەڵە وکەم وکورتیەك لە سەرەتایاندا (خوای گەورەش باشترین و چاکترین چاودێر وپارێزەرە) .

## * هــەر لــە منداڵیانەوە(بــەمناڵی) فێــری خــوو ڕەوشــت و ئاکارە جوان وبەرزوچاکەکانیان بکە:

فێرکردنی مناڵەکان هەر لە تەمەنی مناڵیانەوە(بە بچوکی)، ڕابهێنرێن لەسەر ئەوەی کـە نەچـنە دەرەوەی ماڵـەکانیان مەگـەر بەدەسـتی دەسـت نوێـژەوە نـەبێت (واتـە بەدەسـت نوێـژەوە) بچـنە دەرەوە، لـە گـەڵ چـاودێریکردنیان بـەو ویـرد و دۆعـا و نزایانەی بەیانیان و ئێواران کە لـە سونەتی پـەیامهێنی ئازیزدا(ﷺ) هـاتوون، وە یادیـان بخرێتــەوە بـە ئەنجامـدانیان لـە کـاتی خۆیانـدا (بـەیانیان و ئێـواران)، وە یارمەتی وهاوکاریان بکرێت بۆ ناوەنـدە چاکە کارو چاکە خوازەکان و خوێنـدنگا ڕەوشت بـەرزە هەڵبـژێردراوە نمونەییـەکان، چـونکە ئەمـە ئەبێتـە هاوکـارو یارمـەتی دەریان لەسەر هاوڕێیـەتی ڕەفیـق و دۆسـتایەتی کردنـی چاکویسـتان و چاکخوازان وچاکە کاران.

# ڕۆشنبیری وڕۆشنبیرکردنی سێکسی

**پێناسەی ڕۆشنبیری سێکسی:**

**لــە ڕوی زمانەوانیــەوە: بەرچــاوڕوونی ، شــارەزاو کارامــە، زیــرەك و بیرتیــژ، پەروەردەکار و ڕەفتارچاك، خێرایی لەوەڵامدانەوە و بەڵگەنەویست و ڕەوان بێژ.**

**لــە ڕوی زاراوەییــەوە: ((بریتیــە لــە دەرەنجــامی سروشــتی بــۆ تێکــەڵکردن و ئاوێتەکردنی سەرجەم و تێکڕای زانین و زانیاریەکان وفیکرو بیرو هزرەکان وبیرو بۆچونەکان و زانست و زانیاری لە بەرەنجامی خوێندنەوەی هۆشیارانەی بەردەوام، وە قسەی نەستەق و بەهادارو پەندی پێشینان وخوو و داب ونەریت وکارامەیی و لێزانــی، وە شــێوە وشــێوازەکانی ژیــانی تایبــەت و گشــتی سەرچــاوە گرتــوو و هەڵقوڵاوی تێڕوانینی گشتگیر بۆ ژیان، خاوەن حەزو ئارەزووی ڕەبانی کە لە نێوان زانست و باوەڕدا کۆبۆتەوە، بە هەموو ئەوشتانەی کە پەیوەندی هەیە بە غەریزە و حــەزوو ئــارەزووی سێکســیەوە و وە ئــەو کــارو کردەوانــەی کــە لێیــەوە سەرچاوە دەگرن ودێنە ئاراوە، وە حاڵەتی دەرونی و جەستەیی وکۆمەڵایەتی جۆراوجۆرو جیــاواز دێنــە نــاوەوەو پەیــدا ئــەبن، وە ئاســەوار وکاریگــەری ئــەرێنی لــە ڕێــك وپێککردنــی ڕەوشــتی تاکــە کەســی و کۆمــەڵگایی بــەوەی کــە خــوای پــەروەردگار ڕەزامەندە و ڕازیە لەسەری)).**

**ڕۆشنبیری سێکسی لە یەکێك لە ڕووەکانیەوە دائەنرێت بە بەشێك لە ڕۆشنبیری گشتی، کە بە ڕاستی لەم کاتەدا زۆر گرنگە بۆ لاوان و گەنجان لە هەردوو ڕەگەز، کە پەیوەند و پەیوەستە بە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بڵاو و باوەوە، وە بەهای فیکری وپــەروەردەیی و ئــاینی لــە کۆمەڵگــەدا، هــەروەها جیــاوازی لــە ڕێگــەو شــێوەی**

ڕۆشنبیركردنی سێكسی، هەروەها وەرگرتنی لە كۆمەڵگەیەكەوە بۆ كۆمەڵگەیەكی تر بە پێی ئەم كاریگەریانە.

ڕۆشنبیری سێكسی بە چەندەها قۆناغ و پەرەسەندن و پێشكەوتنی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە، بە پێی پێكهاتەی كۆمەڵگە و بارودۆخ و ڕۆشنبیری كۆمەڵگە، وە بەردەوام تێڕوانین بۆ ئەم باس و بابەتە ناشیرینكراوەو شێوێنراوە، هاوتای ڕاستی و دروستی دراوەتە پاڵ لە زۆربەی كۆمەڵگە ئیسلامیەكانماندا، هەروەها پێكهاتوە لە زۆرێك لە خورافات وخەڵەفاوی وزانیاری هەڵە و ناڕاست، كەوا بە شێوەیەكی ڕاستە وخۆ یاخود ناڕاستە وخۆ پشكی هەیە تێیدا لە زۆرێك لە تێكچوونی سێكسی و دەرونی و كۆمەلأیەتی لە لای گەنجان و لاوان.

وە هەندێكی تر بڕوایان وایە كە ڕۆشنبیری سێكسی (دژ و ناڕێك وناكۆك و نەگونجاوە لەگەڵ ئایندا، یاخود تەشجیع و هانی بەرەلأیی و بێ ڕەوشتی وبێ شەرمی و لادانی ڕەوشتی و ئەخلاقی ئەدات، كە ئەمە تەواو بێگومان و بە ڕەهایی ناڕاست و نادروستە، چونكە پەیامهێنی خۆشەویست(ﷺ) هاوەلأنی(هاوەڵەكانی) فێرئەكرد كە چۆن هاوسەر و هاوژینەكانیان هەڵبژێرن، وە چۆن هەڵسوكەوت بكەن لەگەڵ ژنەكانیاندا، بەڵكو چۆنیش بچنە لای خێزانەكانیان، وە چیش بڵێن لە كاتی سەرجێیی و جووت بوندا، وە فیقهی ئیسلامی زۆر بە ڕاشكاوانە و بە ڕەهایی و بە ڕوونی و بە ئاشكرایی باسی كاروبارە سێكسیەكانی كردوە، وە بە شێوە و شێوازێكی لۆژیكی و ئاقلأنەو كرداریانەو ئەخلاقیانە و پەروەردەییانەش لە هەمان كاتتدا.

ڕۆشنبیری سێکسی خۆی لە خۆیدا کارێکە ئەبێ کاری لەسەر بکرێت و پشتگوێ نەخرێت، چونکە پەیوەستە و پەیوەندی هەیە بە کارێکی فیتری و سروشتیەوە، وە بە پێداویستیەکی ئەندامیەوە و

وە کارێکی دەرونی زۆرگرنگ و پێویستە، مرۆڤ ئەگەر گەیشتە قۆناغی تەمەنێکی دیاری کراو ئەوکاتە گەڕان بە دوایدا دەست پێدەکات، ئیتر ئایا ئەوەی لە گەڵیایەتی لە باوك ودایك و کەس وکاری پێی دەزانن کە عەودالْ و وێڵە یاخود پێی نازانن، بەلام ئەگەر ئەوخۆیشی باسی نەکرد و نەیوت ئەوکاتە کۆمەڵگە بەرپرسیارە لە پەیداکردنی پێداویستیەکەی، سەرەتا لە خێزان و خوێندنگا و زانکۆ و کۆمەڵگە هەمووی بە گشتی، ئەو لە گەیشتنداية بەم ڕۆشنبیریە گرنگ و مەترسیدار و هەستیارە لە هەمان کاتتدا، بە ڕێگەیەکی(شێوەیەکی) بیرلێکراو لێکۆڵدراو و ڕێك وپێك، کە تیایدا چاودێری حاڵی لاوان و گەنجانی هەردوو ڕەگەز ئەکرێت، کە بە جۆرێك پلەبەندی تێدا بکرێت پلەبەندیەك کە مۆڵەت وبوار بدات بە زانین وزانیاری وهەست وهۆش وتێگەیشتن، لەگەڵ پاراستنی و پارێزگاری لێکردنی لە پەرش و بلاوبونەوەو لادان وتێکچونی ڕەوشتی و بەدکاری ناوازەیی.

ئاینی ڕاست و پیرۆزی ئێمە بوارو ڕێیداوە بە ڕۆشنبیری سێکسی، لە پاکترین وخاوێترین بەرگ و پۆشکدا پیشانی ئەدات و دەیخاتە ڕوو و پێش چاوی ئەخات، کەوا لە کتێبەکانی زانستدا کۆکراونەتەوە و زۆر و زەبەندەن، وە لە بەند و بابەتە دەروازە فیقهیەکاندا ئاماژە و هێمایان پێکراوە(پێدراوە)، کە منالانی موسڵمانانیان پێ فێرکراوە و لەسەر پەروەردە کراوە لە تەمەنی تەواو زۆر بچوك وزۆر زوو وپێش وەختیاندا، بەلام لە کتێبەکانی زانا و خاوەن زانست وزانیاریەکان سەرنج و تێبینی ئەکرێن، ئەوەی کە تێبینی دەکرێت لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پاك و

بێگـەردی پـەیامهێنی خۆشەویسـت (ﷺ)، لـە وریـابوون لـە بـەکارهێنانی ووشـە ودەربـڕین و دەسـتەواژەکان، وە هێمـاو ئامـاژە پێکردنیـان بـەبێ درکانـدن و بڵاوکردنـەوەیان بـەپێی توانـا، وە بـەکارهێنانی دەسـتەواژە ودەربڕینـی تـەواو لـە ئەوپەڕی ڕێز ونەوازش و ئـەدەب وشـەرم وشکۆ و ڕووپایی، کە لـە هـەمان کاتتدا مەبەست پێی(لێی) ئامـانج و نیازێك بێت، لـە نمونـەی (أولامستم النسـاء)،(فأتوا حـرثكم)،(وقـدموا لأنفسـكم)... تـا دوایـی... ئـەم دەربـڕین و دەسـتەواژانە ڕووپۆشکراون و داپۆشراون بە بەرگی ئەدەب ومەندی و ویقار.

# پێناسەی ڕۆشنبیرکردنی سێکسی:

(بریتیـە لـە کـرداری دابینکـاری(دابینکردنی) زانسـت و زانیـاری بـۆ منـاڵان بەشێوەیەکی پلەبەندی، بـەدابینکردنی هـەموو ئـەو زانیاریـە تەندروستیانەی کـە پێویستیانە سەبارەت(دەربارەی) کۆئەندامی زاوزێ لە جەستەیاندا، پەرەسـەندن و گەشـەکردنیان وڕۆڵ و کاریگـەریان لـە سـەریان لـە ڕوی (جەسـتەیی وهـزرو بـیرو دەرونـی وسـۆزداری)، لـە کـەش و هەوایـەکی جیـدی و ڕاسـتی و شـەرم وشـکۆو سـەنگینیدا، بـە گـوێرەی ئـەوەی کـە بـەها ئـاینی و کۆمەڵایەتیەکـەمان ئێمەشـی گرتۆتـەوەوباڵی کێشـاوە بەسـەرماندا، بـۆ تـەواوکردنی پەرسـتش و بەندایـەتی کردنیـان و ئەندێشـەو بیرو بۆچونیان بـۆ ژیـان، لێرەدا لـە سـەروی هەموویانـەوە ، ڕێبـاز و ڕەویـەو سـونەتی پـاك وبێگـەرد وپـەرژین و شـوورامان (لـە خواترسـان و خواناسی و زانستی سەنگین)، لەگەڵ چاودێریکردنی تواناکانی مناڵە کانمان لە سەر وەرگرتنی ژەمەکان کەوا گونجاو بێت لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنیان).

وە هەنـدێکیش پێیـان باشـە پێیـان خۆشـە کـە ئـەم کـرداره نـاوبنێن و پێـی بوترێت(التربيه الجنسيه/ پەروەردەی سێکسی) لە بری ولە باتی(التثقيف الجنسي/

ڕۆشـنبیرکردنی سێکسـی)، کارەکـە کـارێکی کرداریـە ولەوانەیـە چـون یـەك بـن، هەرچـەندە پـەروەردەی سێکسـی ئامـاژە دەکـات بـەوەی کـە کـردارو کردەیـەکی پەروەردەییە، ماوەیەکی درێژ ئەخایێنێت و هەموو قۆناغـەکانی سـەرەتایی تەمـەنی مرۆڤ ئەگرێتـەوە، کـە ئەمـە سـایە وسـێبەرێکی(ظـلال) ڕاسـت ودروسـتە بـۆ زاراوەی (تووشی ناڕەحەتی و تەنگەژە ڕاستییە)کە بووە.

## پێناسەی پەروەردەی سێکسی:

وا پێناسە ئەکرێت کەوا بریتیە لە کرداری پێدانی پـەیڕەو بەرنامەیـەکی بەرەبـەرەو بەدوای یەکی و بەپلەیی (پلە بەندی) و دیاریکراو بۆ منداڵـەکان، بـۆ دروسـتکردن و پێکهێنانی هەڵوێست و وێستگەیەکی خۆیی لە سێکس، وە بە یەکدا چونەکانی لـە ژیانیدا، لە ڕێی زانیاریە ڕاستەکان و هۆکارەکانی بە دەستهێنان لە چوار چێوەیەی بەها وئاکارە ڕەوشتیەکانەوە، وە بەهێزکردنی لایـەنی زانستی پلـە بـە پلـەی لایەنـە پۆزەتیڤەکانی پەیوەست بە سێکس، لە ڕێی چاودێری و بە دوادا چوون و نموونـە شێوەیەکی نموونـەیی و بـەپێی ڕێك وپێکـردن و ڕێکخسـتنی شـەرعی ویاسـایی و ڕاست ودروستەوە.

وە ئەم کردار و کردەیەش زۆر کارێکی سوك و ئاسان نیە، وە زۆر سادە سـاکاریش نیـە وەك لای هەنـدێکمان گومانمـان وایـە سـادەو سـاکاربێت، ناکرێـت و نابێـت لـە ڕێگـەی بەرنامـەکانی تەلـەفزیۆن و دابەشـکردنی بڵاوکـراوەوە کارەکـە تـەواو ببێـت، نەخێر وانیە بەڵکو کارێکی بەردەوام وهەمیشەییە تێهەڵکێش ئـەبێت لەگـەڵ هـەموو قۆناغەکانی ژیانی ئینساندا تاوەك وخـوو ڕەوشـت وئاکـاری وردە وردە ڕابهێنـێ لـە هەموو هەستان و دانیشتنێك و جموجوڵێکیەوە.

**وە ڕۆشنبیرکردنی سێکسی گرنگ و ورد و ڕاست، پشت ئەبەستێت بە کۆمەڵێك شارەزایی و ئەزمونی زانستی و ئاینی، نەخشە بۆ داڕێژراو وچاودێریکراوی هاوسەنگ، بۆ ئاسانکردن (کارئاسان)ی کردنی خاوەنداریکردنی خۆبەخشی (التبنی الطوعي) بۆ دانایی و کارامەیی وتواناکان، وردە وردە پێچەوانە ئەبێتەوە لەسەر هەڵس وکەوت و ڕەفتار بە بێ خۆدەرخستن وخۆ گۆڕینێکی دەستکرد، کە پاڵنەری بنەڕەتی بریتیە لە خواناسی و خواپەرستن و دوربوون لە خراپە و ترسان لە خوای پەروەردگار، وە پەرژینی گشتیش بریتیە لە ڕەویە و ڕێچکە و سوننەتی پاکی پەیامهێنی ئازیز (ﷺ)، زانین و زانیاری بە تەنها خۆی بەس نابێت، بۆیە ئەبێت و پێویستە کە جیدیەت و ڕاستی وحەزوو ئارەزووی ڕاستەقینەی تێکەڵ بکرێ و بە خەرج بدرێت لە جێبەجێکردنی کرداری وپراکتیکی ، چەند مرۆڤ هەیە کە ئەزانێت زینا و داوێنپیسی حەرام ویاساغ و قەدەغەیە کەچی هەر ئەنجامیشی ئەدات...!!!**

**چەند دکتۆریش هەیە کە ئەزانێت جگەرە کێشان زیانی هەیە بۆ جەستەو زیان بە تەندروستی جەستە ئەگەیێنێ کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەیکێشێ...!!!**

**وە ئەم ڕۆشنبیرکردنی سێکسی یە، بەسەر تەمەنێکی دیاری کراودا کورت ناکرێتەوە (بەتەنها ئەو تەمەنە بگرێتەوە) یاخود شوێنێکی تایبەت، یان کەسێکی دیاریکراو(تەنها کەسێك) بگرێتەوە، بەڵکو بۆ هەریەکێك لەوانە ڕۆڵ وکاریگەری خۆی هەیە و ئەبێت ئەو ڕۆڵ وکاریگەریەی هەبێت، ڕۆڵی دایك لە ماڵدا و تەواوکەری ڕۆڵی خانمی مامۆستایە لە قوتابخانەو خوێندنگا، هەروەها ڕۆڵی باوك و مامۆستاش بەهەمان شێوە، بۆیە هەر ڕۆشنبیرێك بێت، پێویستە وئەبێت ئاگای لە چەند خاڵێکی گرنگ بێت و پەیڕەوی چاودێریان بکات لەوانە وەك:**

**یەکــەم:** پێویســتە قســەوباس وئامۆژگــاری و ڕێنمــایی لــەم کاروبــار و بــواری سێکسیەدا لەگەڵ کەسانێکدا بکرێت کە پێویستیان پێی هەبێت، وە ئەبێت پێش ئەوەی منالٚ (نێر بێت یان مێ) تەمەنی بگاتە تەمەنی (تمییز)پێش بالٚغ بوون (کە چاکەو خراپە لێك جیا ناکاتەوە)، ئەگەرنا قسەوباس وئامۆژگاری و ڕێنماییە ڕاستەوخۆکان هیچ بەهاو نرخێکیان نابێت، مەگەر خۆی پرسیار لەو بارەیەوە بکات.

**دووەم:** پیشاندان و باسکردنی ئەم قسەوباس وئامۆژگاری و ڕێنمایی وکاروبارو بابەتانە بۆ هەموو مرۆڤەکان ئەبێت بە پێی حاڵەت و پێویستیاتی بێت، بۆ نمونە ئەوەی کە تازە دەست بە تەمەنی هەرزەکاری ئەکات، وەك ئەوکەسە نیە کە تەمەنی بەرەو هاوسەرگیری ئەڕوات و لەو قۆناغەدایە، قسەی لەگەڵدا بکرێت بە هەمان شێوەی هەرزەکارەکە.

**سێهەم:** پێشکەشکردن و پێدانی ژەمی گونجاو واتە (ئامۆژگاری و ڕێنمایی) گونجاوبدرێت بۆ مناڵەکان، کە گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن و پێویستیەکانیاندا و وە لە ڕێگەی دامەزراوەی (خێزان و قوتابخانە و خوێندگا) کانەوە بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە کارێکی لە ناکاو و کتوپڕی، کاتێك کە گەورە ئەبێت و ئەبێتە لاو(کوڕ و کچەکان) ئەبنە لاو، کە ئەم قۆناغ بەندیەش لە ڕۆشنبیرکردندا زۆر گونجاوە، تاوەك و منالٚ وەلاٚمێکی پێ بێت و وەلاٚمێکی دەست کەوتبێت لە سەر ئەو پرسیارانەی کە پەیوەستن بەم وکاروبارو بابەتانەوە، ئەگەرنا لە سەرچاوەی تری نا ئەمین و ناپاکاوە لە ڕیگەی نادروستەوە داوایان ئەکات و بەدەستیان ئەخات، بۆیە پێشکەشکردنی لەم جۆرە لە زانیاری و وە بەم شێوە قۆناغبەندیە، ئەوە لە ڕاستیدا

پێـدان و ژەمـی (بـەرگری/ منـاعی) و پاراسـتن و پارێزگـاری کردنـی منداڵەکانـە لـە هەنگاوی شەیاتینیەکان، و لـە خەڵەتانـدن و فریـودانی زەنـدیق و گـومڕاو چەوت و بەرەلاکان.

**چوارەم**: بە پێی توانا دەستگرتن بە ڕەوشت وئەدەبی قورئان و ڕەویـە وڕێچکە و سـوننەتی پاکـەوە لـە کـاتی قسـەکردن و باسـکردنی ئـەم کاروبـارو بابەتانـەوە، وە گەیشتن بە مەرام وئامانج و مەبەستی پێویست و داواکراودا، بە زۆر جۆر ڕێگـە لـە ئەدەب و ڕەوشت وشەرم و شکۆ و پـەروەردە و فێرکـردن ئـەبێت، ئەوکاتـە ئینسـان سێکس و ئەدەب و ڕەوشـت بـە یەکـەوە فێردەبێـت، وە هەمیشـە و بـەردەوام حـەیاو شەرم و شکۆ بەشێکە لە ئیمان و باوەڕ تاڕۆژی دوایی و ڕەستاخێز.

**پێنجـەم**: ئاگـاداربون وبـە ئاگـابوون و وریـا بـوون لـە وەی کـە ئـەم قسـەو بـاس و بابەتە (سێکسیە) ببێتە هەموو هەمێکی مرۆڤ وچەقی بیر کردنـەوەی بێـت، چونکە زۆر ڕۆچوون لەم باس و بابەتە زیان و زەرەری زۆری ئـەبێت، لەوانەیـە خاوەنەکـەی لە ڕادەی میانەڕەوی ومامناوەندی دەربکات وبیکاتە دەرەوەو لای پێ بـدات، بـەڵکو سەربکێشێ و ڕایبکێشێ بەرەو باس و لێکۆڵینەوە لەسەر باس و خـواس وبابـەتو شـوێنە هەسـتیارو گرنگـەکان، ئـەوەی بچێتە ناویـەوە نـوقم و نغـرۆ وون دەبێـتو ئەوەشـی لێـی دەرچـێت ئـەوە ڕزگـارو سـەلامەت دەبێـت وەك ئـەوە وایـە لـە دایـك ببێتـەوە، وە هـەر کەسـێك دیـن و ئـاینی سـەلامەت بێـت، ئـەوا خـوای میهرەبـان چاکترین کاری بۆ ئەنجام ئەدات و ویست و ئیرادەی خێری پێیە بۆی، وە ئەگـەر نـا لـە بـە هیلاکچـوان ولـە کیسچـوان و وون وبزرەکـان ئـەبێت، زۆربـەی ئەوانـەش کـە بۆیەکەم جار تێیچوون و تێیکەوتوون یان بە هەڵە بوە یاخود بە هـۆی و لـە ڕێگـەی ڕۆشـنبیرکردنەوە بـووە، وە هەنـدێ جـاریش لـە دەرگـای تێهـەڵقورتان و دەسـت

تێوەردانەوە بوە، بۆیە داهاتوویەکی خەسارەتمەند و ڕەنج بە خەسار چاوەڕێیەتی، وە ئەبێتە یەکێك لەوانە، وەك مێشێك وایە کە ئەڵێت (هەرکەس ناونیشان و ڕێنمویم بکات بۆلای هەنگوین ئەوە پەنجاییێکی ئەدەمێ، وەکاتێکیش گەیشتە لای هەنگوینەکە و تێیکەوت ، ئەوکاتە ئەڵێت هەرکەس دەرم بهێنی و ڕزگارم بکات ئەوە چوار پەنجایی ئەدەمێ.

**شەشەم**: ڕەخنەو لۆمە و گلەیی لە نمونە و شێواز و مۆدێلی ڕۆژئاوا بگرێت (هەبێت) لە ڕۆشنبیری سێکسیاندا، لە ڕێگەی پاڵنەرەکانی و شمەك و کەل و پەلەکانی و وە پەیوەندی بە فەلسەفەی خۆرئاوا و دیدو تێڕوانینی بۆ ئینسان.

حەوتەم: پێناسەی حەزو ئارەزوو(غەریزە) بکرێت و دانایی و حیکمەت چیە لێی و وە کار و وەزیفە وئەرکی ئەم غەریزەیە چیە، وە پرۆگرام و بەرنامەی شەرعی کامەیەو وە چۆن ئەبێت هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکرێت.

**هەشتەم**: ڕاهێنەرەکان تۆکمە وپڕبکرێن (دابینکردن و پێدانی زانست و زانیاری شەرعی تەواو) بە ڕاهێنەرەکان، لەسەر باڵغ بوون و ئەحکامەکانی پەرستشەکانی پەیوەست بە کێشە و بابەت وکاروبارەکانی ئاوهاتنەوە و تێکەڵی و هاوڕێیەتی (تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی)، وەك پاك و خاوێنی (پاکی وپوختی)، ڕۆژوو هیتری لەم جۆرو بابەتانە.

نۆهەم(نۆیەم): پێناساندن و ناساندنی هاوژین و هاوسەرەکان (ژن ومێرد)ەکان بە کێشەو باس و بابەتەکانی حەرام وحەلاڵ (قەدەغەو یاساغ و ڕاست و دروست)کانی پەیوەست بە چێژو خۆشیەکانی نێوان هاوسەرەکان (ژن ومێرد)ەکان

.

**دەهەم(دەیـەم):** پـەرە پێـدان وگەشـە پێـدانی تـەقوا و ئـیرادە و عەزیمـەت، کـەوا دەستنیشان و دیاری ئەکرێت لە ڕووبە ڕووبونەوەی هـەژێن و وروژێنـەر و فریـودەر و هەڵخەڵەتێنەکان.

**یانزەهەم(یانزە):** بە گەورە زانین و بە گەورە دانان و بە گەورە ڕاگرتنی قیـەم وبـەها و ڕەوشت و پاکیزەیی و پاکداوێنی وبەرز ڕاگرتنی بـەرزی شـکۆ و پایـەو بایـەخی، کـە ئـەوەش خـۆی بۆخـۆی سـەرکەوتنی خـۆیی و خـود و کەسـیە، وە بـەدیهێنان وهێنانەدی پیاوەتی یاخود مێ یەتی ڕاستەقینە.

**لە کۆتاییدا:** ئەدەب و ڕەوشت وئاکاری سێکس بە هەموو ئەوشتانەی کە تیایـەتی، وە بـە هـەموو ئەوشـتانەیش کـە پەیوەسـتن و پەیوەنـدن پێیـەوە، هـەموو ئەوانـە لـە کتێبـە (قورئان)ەکـەی خـوای ئێمـە و سـونەت و ڕەویـەو ڕێچـکەی پـەیامهێنی نازداردا(ﷺ)و پەڕاو وکتێبـەکانی (پێشین)انمان دا هەیـە: بەگشـتی وەك (تەفسیر ڕاڤەکردن و ڕۆشنکردنەوەو باسکردنی فەرموودە، یاخود بە تایبـەتی: وەك (اداب العشرة، وعشرة النساء، واللقاء بين الزوجين على ضوء الكتاب والسنة).

جگە لەمانەش پەڕاو وگۆڤارو نامیلکەوکتێبی زۆر هەن کە پڕن لـە زانیـاری تـەواوو لێـوان لێـون لـە وەڵامـی هـەموو ئەوپرسـیرانەی کـە گـەنج و لاواکـان عـەوداڵن و بەدوایاندا وێڵن، زانیـاری تـەواویان تێدایـە لـە هـەموو ئـەو گۆڤـارە هـەژێنو هەسـت بزوێنو فیتنەو خراپانەو وە زۆرێك لـە کتێـب و سەرچاوەی تـری ناباش و خراپـی وروژێنـەر و هەسـت بـزوێن و هـەژێن وفیتنـەو خراپـەکار و، شـوێنە بەدڕەوشـت و داوێن پیس وبەرەڵاّ و ڕووت و بێشەرمەکان، بۆیە هەرکەسێك لە سەرچاوە وکتێـب وکتێبخانەی ئیسلامیەوە بخوێنێتەوە وسود وەربگرێت ئەوا هەمووشتێك و هـەموو وەڵامێکی ڕاست و دروست و پاك وپوختی دەست ئەکەوێ، کە پڕیەتی لـە زانیـاری

بەسود و شەرعی و ڕاست ودروست، کە ئەبێتە هاوکارو پەرژین بۆی تاوەك و نەکەوێتە ناو ئەو شتانەی کە خوا حەرام و یاساغ و قەدەغەی کردون، وە ڕۆشنبیریەکی تەواوپاك و بێگەردیشی پێ دەبەخشێت و دەست ئەکەوێت، کە ئەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت وسودمەند بێت، وە کەسان و خەڵکانی تریش کەڵکو سودی لێ ببینن

# زانیاری گشتی

**سەرەتا:**

چی ئەزانین لە جەستەمان (ئێمە چی ئەزانین لە بارەی جەستەمانەوە)؟ وە ئایا زۆرێك لە ئێمە هیچی زۆر تر ئەزانن لە جەستە، زیاتر لە ڕواڵەتی دەرەوەی جەستەمان؟ وە ئەو نهێنیانە چین کە خۆیان پێچداوە وحەشارداوە لە ئەندامە جیاوازەکانماندا، پرسیار گەلێکی زۆر هەن پاڵ ئەنێن بە مرۆڤەوە کە فێر ببێت وتێفکرێت و بیر بکاتەوە، وە بوەستێت و هەڵوێستە بکات بەرامبەر شکۆ و مەزنی و عەزەمەت و گەورەیی دروستکەرو بەدیهێنەر، وە گەورەیی و بەرزی بەخشندەیی و بەهاو ڕێزی دروستکەر، وە شکۆداری ونایابی و ڕێزداری نیعمەتەکانی لە سەر دروستکراوەکانی، وە پاشان بەشێکی نوێ تایبەت ئەکەین بە گرنگترین کۆئەندامی پەیوەست بەم باس و بابەتی کتێبەوە، کە (کۆئەندامی زاوزێ یە لە مرۆڤدا)، وە هەوڵ ئەدەین بە شێوەیەکی کورت و ئاسان باسی لێوە بکەین، بۆ ئەوەی لە لای خوێنەر فیکرەیەکی هەبێت سەبارەت بەم کۆئەندامە سەرسوڕ هێنەر وسەیرو سەمەرەیە، کە خوا بەخشیوەیەتی بە ئینسان لە پێناو پەیام و ئەرك وکارێکی زۆر گەورەو بەرز و بڵند و گرنگدا، کە کۆئەندامێکی تەواو ئاڵۆز وردو وردەکار و وردبین وگرنگە بە هەموو بەشەکانی و پێکهاتوەکانیەوە، کە ئەمە خۆی بۆ خۆی

ئاماژەی گرنگ بونیەتی، وە گرنگ بوونی ئەو شتەی کە لە پێناویدا دروستکراوە، هەروەها جیاواز بوونی ئەم کۆئەندامە لە نێرو لە مێ دا، ئاماژە دەکات بە تەواوکاری و یارمەتیدانی یەکتر، بەڵکو پێویستی هەر لایەکە بۆ لاکەی تر، پێویستیەکی گرنگ و هەبوو و ئامادەیە، نەك پێویستیەکی خۆشگوزەرانی و تەواوکاریانە و ڕازێنەرەوە.

کەواتە کۆئەندامی زاوزێ لە پێناو چێژ و خۆشی و ناژیرێتی و بێواتایێتی و بێسودی و ڕابواردن وئاسودەیی وگەمەو گاڵتە دروست نەبووە، هەروەها ئەو حەز و ئارەزوو هەستەش کە ئەیجوڵێ، بەم تایبەتمەندی و جیاکاریەوە نەبووە، بۆ ئەوەی ئادەمیزاد گەمە و گاڵتەی پێبکات، بەڵکو ئەم کۆئەندامە بریتیە لە ئامڕاز و هۆکارێك کە ناگونجێت وناکرێ و ژیانی مرۆڤ بە بێ ئەو بەردەوام بێت لەسەر ڕوی زەوی، خوای گەورە (هێناویەتە بوون و دروستی کردوە) بۆ پارێزگاری و پاراستنی جۆری مرۆیی(نوع البشری)، هەروەها (هێناویەتە بوون و دروستی کردوە) بۆ بەهێز کردنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە، وە پتەوکردن و قایمکردنی پەیوەندیەکانی مرۆڤ وپەسەندکردن و جێگیرکردنی پەیوەندیەکانی، وەنیشاندەرو ڕابەرێکی بەکارهێنانی ڕاست و دروستیشی لەگەڵدا ڕەوانە کردوە و ناردوە، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی پەیدا بونی بەرهەمێکی ڕاست و دروست، (بەرهەمێکی ڕاست و دروست پەیدا ببێت و بێتە بەرهەم)، وە بۆ ئەو مەبەستەش کە لە پێناویدا هاتۆتە بوون، ئەگەر بە شێوەیەکی ساغ و سەلیم بەکار هێنرا، و بە پێی بەڵگەو نیشانەیەکی دروستکەر و بەرهەمهێن، ئەوا ئەبێتە هۆکاری خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی بۆ مرۆڤایەتی و وە لە خزمەتیا ئەبێت ، وە ئەگەر وانە بوو ئەوا ئەبێتە هۆی ئەشکەنجەو ئازارو ناڕەحەتی کۆیلە بونی .

وە لـە پێنـاو زیـادکردن و زیـاتر ڕونکردنـەوە لـە سـەر بابـەتی هۆشـیاری سێکسـی یاخود پەروەردەی سێکسـی، بـە تایبـەتی لـە لای لاوان و گـەنجانی هـەردوو ڕەگـەز، ئـەم بەشـە زانسـتیەمان وەرگـرت لـە کتێبـی (الامـراض الجنسـية عقوبـة إلهيـة / نەخۆشیە سێکسیەکان و سزای خوایی)ی نوسـەر(دکتور عبدالحميد القضـاة) کـە هـەردوو کۆئەنـدامی زاوزێ ی نێـرو مـێ بـە کـورتی باسمـان لێـوە کـرد، لـە گـەڵ باســکردن و ڕونکردنـــەوەی ئــیش و کــاری هەریــەك لــە ئەندامامــەکانی ئــەم دووکۆئەندامە.

## کۆئەندامی زاوزێ لە پیاودا.(نێرینە)

کۆئەندامی زاوزێ لە پیاودا پێکهاتووە لەم ئەندامە سەرەکیانەی لەلای خوارەوە :

١- ئەنـدامێك کـە دروسـتکەری (تـۆو سـپێرم/ الحيوانـات المنـوی)ین کـە گونـەکانن، گونەکان ئەندامی دروستکردنی (سپێرم /تۆو)ی پیاون.

٢- ئەندامێك بۆ گواستنەوەی ئەم تۆوانە/ سپێرم (حیوانات منوی)یانـە لـە شـوێنی دروستبوونی گونەکان بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی ئەکرێتە دەرەوەی لەش (جەستە) ئەویش (جۆگەی گواستنەوەیە لە هەر گونێکدا.

٣- ئەندامێك بـۆ دەرکردنـی (سـپێرم تـۆو/ حیوانـات منویـە) فڕێدانـە نـاو (میهبـەل/ زێ)ی ژنەوە لە نزیك (دەرگا/دەمی) منداڵدانەوە ئەویش (چوکە)ە.

٤- گون، (تەنێکی) هێلکەیی بچووکە کە درێژییەکەی ئەگاتە (٤-٥) سم کێشەکەی نزیکەی (٢٠) گم بە پەردەیەکی ریشاڵی سپی شینباو داپۆشراوە کە ئەسـتووریی ئەگاتە نزیکەی یەك (ملیمتر)، لە ناو هەر گونێکدا روپۆشی ناتەواو هەن کە دابـەش ئـەبن بـۆ (بـەش/کوت)ی شـێوە هـەڕەمی، کـە هـەر گونێـك نزیکـەی (٢٥٠- ٣٠٠) (بـەش/ کـوت)ی تێدایـە کـە هەریـەکێك لـەم (بەش/کوت)انـە جیهـازێکی بچـووکی تەواوە بۆ دروستکردنەوەو بەرهەم هێنـانی تۆمـاو هـەموو (بـەش/ کوت)ێك، (٢-٤) (تۆواوگـە/ ناوکۆکـە)ی تـۆوی پیـاوی تێدایـە کـە درێـژی هـەر یـەکێکیان (٢٠- ٧٠)

سم، تیرەکەشیان (٥٠– ٢٠٠) مایکرۆنە (کە یەك مایکرۆن= بە ملیۆن مەتر)، کە بە توندیو بە هێز پێچو لول دەخۆنو خول دەدەن بۆ ئەوەی هەتا بکرێت لە بچوکترین قەبارەو شێواز ئیش بکەن، ئەمە ئەتوانرێت بەرهەمی (تۆو) ئاوی پیاو بەرهەم بهێنن لە سالآنی باڵغیدا تاوەکو مردن ئەگەر سەلامەت بێت ئەگەر (میکرۆبی پێنە گەیشتبێت).سەیری وێنەی ژمارە (١) بکە.






**وێنەی ژمارە (١)**

**ئەندامە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆئەندامی زاوزێی پیاوان**

**دوای دروستبوون و بەرهەهێنانی (تۆو) لەم (تۆواوگە/ ناوکۆکانە) ئەم (تۆو/ سپێرم)ە ئەڕوات بۆ ڕێگەی گواستنەوە... لە هەر پەلێك جۆگەیەکی ڕێك دەرئەچێت و ئەڕوات بۆ تەنی (هیگمور)، لەوێشەوە بوتڵی ڕێك دروست ئەبن کە ئەبنە یارمەتیدەری تۆڕێکە کە پێی ئەوترێت تۆڕی (هالەر) کە لێیەوە (١٥- ٢٠) بوتڵی گەیەنەر دەرئەچێت تیرەی هەر یەکەیان (٠,٥) نیو ملیمترەو درێژی هەر یەکێکیشیان لە نێوان (٤- ٦) سم ئەم بوتڵە گەیەنەرانە ئەچنە ناو سەری (البربخ)، لار ئەبنەوە تیایدا لول ئەبن بە توندی پێچاوپێچ و لول ئەخۆن، هەموویان یەك ئەگرن و کۆئەبنەوە لە جۆگەی (البربخ)دا (جۆگەیەکی لاروپێچ و لولدراوە) کە درێژیەکەی ٦ م بۆ ئەوەی تەنی بربخی تیا وەستاو و نیشتەجێ ببێت، بربخ (تەنێکی بچوکە لە شێوەی فاریزە (،) لەسەرو لەش و کلك پێك دێت.**

## * جۆگەی گوێزەر (گوازەرەوە):

جۆگەیەکی لولەکی ڕەقە لە پێش کۆتاییەکەیدا ئاوساوە (هەوای تێدایە) کە درێژی ٤٥ سمو چێوەکەی ٢ ملم، دەست پێ ئەکات لە بربخو کۆتایی دێت لە بۆشایی سکدا لە پشت میزەڵدانەوە لە جۆگەی (دەرپەڕ/ هەلقولاو) لە پاڵ ڕێژگەی سیکلۆچکەی تۆوادا.

## * جۆگەی (دەرپەڕ/ هەڵقولاو):

جۆگەیەکی شێوە قوچەکییە تیرەکەی بە (٢) ملم دەست پێدەکات بە (٠,٥) ملم کۆتایی دێت و درێژییەکەی (٢,٥) سم درێژ دەبێتەوە بە ناو پرۆستاتدا تۆواو ئەگوازێتەوە لە جۆگەی گواستنەوە و بۆ بۆڕی میز.

* **بۆڕی میز/** بریتییە لە شوێنو ڕێگەی (بۆری میز) درێژبۆتەوە لە میزەڵدانەوە بۆ (چوك)، ئەم بۆری میزە بەکارئەهێنرێت وەك بۆڕی میز بۆ میزکردنە دەرەوە، وەك بۆڕی زاوزێ لە کاتی جوتبووندا تۆواوی پێدا هەڵئەدرێت.

* **(چوك/ کێر)/** تاکە ئەندامێکە خاوەنی بونیە و قەوارەیەکی ئیسفەنجیە، ڕەق ئەبێت کاتێك ئەم قەوارە ئیسفەنجییانە پڕبوون لە خوێن، بەم شێوەیە و لەم حاڵەتەدا، توانایی چوونە ژوورەوەی شوێنو جۆگەی زاوزێی مێینەی ئەبێت، بۆ گەیشتنی (تۆواو) پیایدا، پیاو لە هەر کردارێکی جوتبوونی ئاساییدا ئەتوانێت (٣٠٠-٥٠٠) ملیۆن (تۆو/ سپێرم) فڕێو هەڵبدات، بگاتە نزیك دەمی قوولایی منداڵدانی ژن (قولایی ڕەحم لە ئافرەتتدا).

## * سیکلۆچکەی تۆواو/

جانتایـەکی (پـارێزراوێکی ڕیشـاڵییەو ناوپۆشـکراوە بـە خانـە، شـلەیەکی لیـنج (مخاطي) دەرئەدەن و ئەڕژێنێت، لە جۆگەی هەڵدان و هاویشتنەوە بۆ پاڵ ڕێژگەی جۆگەی گواستنەوە لە کاتی هەڵدان و فڕێداندا.

## * ڕژێنە پاشکۆییەکان/

کۆئەندامی زاوزێی پیاو ڕژێنێکی خڕی پاشکۆی پێوە بەستراوە کە بە بۆڕی میز دەورە دەدرێت دوای دەرچوونی لە میزەڵدا، کە پێی ئەوترێت (پرۆستات).
کـە لـە سـەر بۆری میـز ئەکرێتـەوە بـە بـوتڵی بچـوك نزیـك ڕێژگـەی بـوتڵی پاڵنـەرو هەڵدەر، کە لـە کـاتی دەرکردنیـدا بـە شـێوەی شـلەیەکی ڕون دەڕژێت، کـە کـارلێکی تفتـی سـوك و کـەم دەکـات کـە خاڵییـە لـە ڕیشـاڵ بـۆ ئـەوەی تێکـەڵی شـلەی (تـۆو/ سپێرم) ببێت، کە ئەبێتە هۆی زیاترو ئاسان کردنی و خێراکردنی جوڵەی تۆو، کە دەوڵەمەنـدە (پـڕە) بـە خـۆراك، بۆیـە کۆگـای خـۆراك زیـاتر ئـەکات بـۆ شـلەی (تـۆو/ سپێرم)و خێرایی (تۆو/ سپێرم) زیاترە لە خێرایی هـەر ساروخێك کە هـەتا ئێستا دروست کرابێت لـەوە زیـاتر خێراتـرە، خێرایـی ئـەم (تـۆو/ سـپێرم) ئەگـەر بە راورد بکرێت لەگەڵ قەبارەی زۆر بچوکیدا، لەگەڵ ئـەو ماوەیـەی (مەسـافەیە) کـە ئـەیبڕێت تا ئەگاتە هێلکەکەو، لەلای پرۆستاتدا، دوو ڕژێنیتر هـەن کـە پاشـکۆن و بەستراون بە کۆئەندامی زاوزێـی پیـاوەوە کـە پێیـان ئـەوترێ ڕژێنـەکانی (کـوبر)و هـەر یـەکێك لەم ڕژێنانە خڕن بە قەبارەی تۆوی (گێلاس) کە هـەر یەکـەیان ئەگەنـەوە بـە بۆڕی میز بەهۆی جۆگەیەکی خاڵییەوە کە درێژەکەی ئەگاتە نزیکەی (٣-٤) سم ئـەبێت و کـاری هـەر یـەکێکیان بریتییـە لـە ئامـادە کردنـی (تـۆو/ سـپێرم) بـە دەرکردنـی لینجاییـەکی ڕون دەردەکرێـت لـە کـاتی قوڵپـدان و تێکردنـەوە لـە ڕێگـەی (بـۆڕی میز)ەوە.

هـەربۆ زانـین (علمـا) خـوای گـەورە لـوتفی کـردووە لەگـەڵ پیـاودا کـە دوو گـوونی پێبەخشـیوە، بـە مـەرجێك کـە تـەنها یـەك گـوون توانـای بەرهـەمهێنانی زیـاد لـە پێویست لە (تۆو/ سپێرم) هەیە بۆ پیتاندن و خستنەوەی وەچە و زۆر بوون.

## (کۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا) (مێینە).

کۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا پێك دێت لەم ئەندامانەی خوارەوە کە لە وێنەی ژمارە (٢)دا دیارەو دەرئەکەوێت).

یەکەم: دوو ئەندامی جوت (جوتە) ئەوانیش:

١- هێلکەدانەکان.

٢- النفیران (دەرپەریوو بەرزبۆوەکان).

دووەم: دوو ئەندامی تاك:

١- منداڵدان (الرحم).

٢- زێ (مهبل).

_دێینە باسی هەریەکێك لەو بەشانە:

### * هێلکەدانەکان (المبیضان):

دوو هێلکـەدان هـەن لـە بەشـی خـوارەوەی سك، کـە قـەبارەی هـەر یەکـەیان ئەگاتـە قـەبارەی (دەنکـە بادەمێـك) و ڕەنگیـان مەیلـەو سـپییەو دووکـار(ئیش)ی گرنگیـان هەیە:

یەکەم/ دەردانی هۆڕمۆناتی مێینە کە بەرپرسە لـە ڕێکخستنی سیفاتی مێینـە لـە مێدا، وەك گەشەی مەمکەکان، ناسکی و نـەرمی دەنگ، تەسـکی شـانەکان، فراوانـی سمت و نیشتنی چەوری لە ژێر پێستداو ڕودانی سوڕی مانگانە.

دووەم/ دروسـتکردن و پێکهێنـانی هێلکۆکـە و ئامـادەکردن و تێپـەڕکردنی تـەنها یەك هێلکە هەموو مانگێك (الاباضة/ هێلکە کردن (دەرچونی هێلکۆکە لە هێلکەدان) لـەم کردارەشـدا هێلکەدانـەکان هـەر جارەی یـەکێکیان بـەم کـارە هەڵئەسـتن، ئەگـەر

هێلکەدانی لای ڕاست هێلکەیەکی دەرداو ڕەوانەی کرد ئەوا هێلکەدانی لای چەپ لە مانگی دواییدا هێلکە ئەنێرێت و دایئە بەزێنێت ئیتر ئاوا هەر مانگەو یەکێك لەو هێلکەدانانە، ڕاست یان چەپ هێلکە دروست ئەکەن و ئەینێرن و دەری ئەدەن.






وێنەی ژمارە (٢) کۆئەندامی زاوزێی ژنان

لە ڕووی ڕیشاڵیەوە (النسیجیە) هێلکەدان پێك دێت لە دوو ناوچەی ئاشکراو دیار.

١- شێوە دڵی قوڵ.

٢-تویکڵی و ڕوکەشی و، لە ناوچەی توێکڵیدا، دروستبوونی هێلکەو گەشەو گەورەبوونی هێلکە تەواو ئەبێت، هەروەها هەر لە ناوچەی توێکڵدا بەرگی هێلە دانەکان و قۆناغە جیاوازەکانی گەشەو گەورەبون و پێگەیشتن و تەواو بون دێتە ئەنجامدان.

بەرهەم هێنان و دروست کردنی هێلکە لە مێدا (ئافرەت)دا بەردەوام ئەبێت لە باری ئاساییدا لە تەمەنی باڵغ بوندا تاوەکو تەمەنی بێهیوایی (سن اليأس)، ژمارەی هێلکەکان کە ئەم هێلکە دانانە بەرهەمیان ئەهێنن و دروستی ئەکەن لە ماوەی ئەم تەمەنەدا (باڵغی بۆ بێهیوایی) ئەژمار ئەکرێن بە ئەگاتە نزیکی (٤٠٠) هێلکە، ئەگەر زانیمان (ڕێژە)ی تێکڕای یەك هێلکە کە هێلکەدانەکان دروستی ئەکەن (بەرهەمی) ئەهێنن هەموو مانگێك، ئەتوانین بڵێین کە هەر ئافرەتێکی ئاسایی بە بەردەوامی ئەتوانێ هێلکە بپیتێنێ و دروست بکات لە کات و ساتێکدا کە لە نێوان (٣٣- ٣٤) ساڵدایەو، لە ڕۆژو بەرواری باڵقبوونیەوە.

## • النفیران: دەرپەڕیوو بەرزبۆوەکان:

دوو بۆڕی بەرزی کراوەن لە سەر منداڵدان، تیرەی بەشی ناوەوەیان ناگاتە ٢ ملم، لە هەمان کاتدا بەشی دەرەوەیان کەمێك فراوانترە، کۆتاییەکەی پێی ئەوترێ (بوق یان صیوان) و بوق کۆتایی دێت بە هەڵتۆقیوو هەڵئاوساوی بچوك لە شێوەی پەنجەکان، ئەم شێوە پەنجانە بە بەردەوامی لە جوڵەدان بۆ ئەوەی هێلکە (وەربگرێت) کاتێك لە هێلکەدان دەردەچێت و دێتە خواەرەوە تێبینی کراوە کە جوڵەی ئەم هێلکەیە ئەگاتە لوتکە لە ڕۆژی ١٤ لە سەرەتای تێکەوتن و بێنوێژیدا، یان لە کاتی ڕودانی (الإباضة/ هێلکە کردن / دەرچونی هێلکۆکە لە هێلکەدان) و

کەوتنە خوارەوەو دەرچوونی هێلکە لە هێلکەداندا، ئەم هەڵئاوساو پیزۆکە شێوە پەنجانە بە بەردەوامی لە جوڵەدان هێلکەکەیان گرتووە تاوەکو بیگەێننە شوێنی خۆی، تا لە ڕێڕەوی خۆی نەترازێ و بۆ ئەوەی هێلکە بچوکەکە نەکەوێتە ناو سکەوەو بفەوتێت و، ئەو بەشەی کە لە دوای دوو بۆڕیە بەرزەکان (نفیر)ەوە دێت پێی ئەوترێت (صیوان)، کە خاوەنی تیرەیەکی گەورەیە نزیکەی ١ سم ئەبێت، کە تیایدا پیتاندنی ئاسایی تەواو دەبێت بەڵام بەشەکەیتری (نفیر) خاوەنی تیرەیەکی وردە کە بە نزیکی ئەگاتە ٣ سم، کە لە لایەکی گۆشەی منداڵدان ئەکرێتەوە یان کە پێی ئەوترێ (قرن الرحم) شاخی منداڵدان.

- **(ڕەحم) منداڵدان:**

دوای ئەوەی هیلکەکە پیتێنرا ئیتر پێویستی بە شوێنێکی پارێزراو قایم و مەحکەم هەیە کە ئارام و جێگیربێ و دڵنیابێت لە هۆکارەکانی پاراستن و چاودێری و گەشەو ئەم شوێنە گرنگەش بریتییە لە ﴿فَجَعَلْنَاهُ فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ﴿٢١﴾﴾ المرسلات: ٢١

منداڵدان لە بنەڕەت لە (بناغە) دا ماسولکەیەکی بۆشی شێوە هەڵۆژەیی پەستێنراوە لە پێشەوە و دواوە، بنکەکەی لە سەرەوەیە و لوتکەکەشی لە خوارەوەیە، ئەکەوێتە دواوەی میزڵدانەوەو پێشەوەی (ڕێکە/ المستقیم) و ژێر ڕیخۆڵەکان کە بەهۆی داچونێکەوە دابەش بووە بۆ دوو بەش کە پێی ئەوترێ (برزخ الرحم)، بەشی سەرەوەی پانەو فراوانە پێی ئەوترێت (جسم الرحم) لەشی منداڵدان، بەشی خوارەوەی تەسك و شێوەی تەشی و کە خاوەنی (دەم) دەرچەیەکە کە بەسەر ڕوی (زێ/ مهبل)دا ئەکرێتەوەو پێی ئەوترێت ملی منداڵدان.

قەبارەی منداڵدان ئەگاتە نزیکەی ٨ سم بە باری درێژی و، ٥ سم بە باری پانی و، ٣ سم بە باری ئەستوری، خوای گەورە ماسولکەکانی منداڵدانی تایبەتمەند کردووە بە تایبەتمەندی سیفاتی جیاوازو جیاکەرەوە کە هیچ ئەندامێکی تری جەستە ئەم

تایبەتمەندیــەی پێنەبەخشــیوە، ڕیشــاڵەکانی ماســولکەکانی دیــواری منداڵــدان توانایەکی زۆر لە ڕادەبەدەریان هەیە بۆ کشان لە کاتی پێویستدا.
منداڵدان کە درێژیەکەی لە باری ئاساییدا ناگاتە ٨ سم، کەچی ئەکشێ بۆ ئەوەی فراوان ببێت بۆ منداڵێك کە کێشەکەی (٣-٤ کگم)، زیاد لەوەش وێلاشو شلەی ئەمینوسـیو ڕیشـاڵەکان کـە بەسـتراون بـە منداڵەکـەوە، ئەمانـە هـەموویان ١٠ ئەوەندەیتر قەبارەی پێشوو منداڵدان زیاد ئەکەن.
دکتۆر (احمد الترعانی) پسپۆری مناڵبوونو نەخۆشییەکانی ژنان لە کتێبەکەیدا (مرشد الحامل والمرضع) ئاماژە بەوە ئەکات کە ماسولکەکانی منداڵدان کە بە شێوەیەکی ڕێكوپێكو وردەکاری دروست بوون بە شێوەیەك کە منداڵو وێلاش لە کاتی مناڵبووندا زۆر بە سوکیو ئاسانی لە منداڵداندا دێتە دەرەوە، بە جۆرێك کە بەشی سەرەوەی منداڵدان لە کاتی منداڵبووندا دێتەوە یەكو کرژ ئەبێت پاڵ بە مناڵو وێلاشەوە دەنێت بۆ خوارەوەی منداڵدان، لە هەمان کاتدا بەشی خوارەوەی منداڵدان ئەکشێو فراوان ئەبێت، بەم شێوەیە منداڵ لە دایك ئەبێتو بە دوایدا وێلاش دێتە دەرەوە.
بـەڵام ئەگـەر بێـتو بەشـی سـەرەوەو بەشـی خـوارەوەی منداڵـدان هـەردووکیان بەیەکەوە (گرژببونایە) لە یەك کاتدا ئەو کاتە منداڵدان نەیئە توانی پاڵی پێوەبنێو منداڵەکە بکاتە دەرەوەو ئەو کاتە مناڵ نەیئە توانی بێتە دەرەوە.
تێبینی ئەوە ئەکرێ کە ڕیشاڵەکانی ماسولکەکانی منداڵدان ڕێكوپێکن لە شێوەی ژمارە (٨) ئینگلیزین و لە ناو ئەم ڕیشاڵانەدا، مولولەی خوێن هەیە لە خوێن بەرو خوێن هێنەرەکاندا دوای دابەزینی وێلاش ماسولکەکانی منداڵدان دێنەوەیەك و پەسـتان ئەخەنـە سـەر مولولـەکانی خـوێن کـە لـە نـاو ڕیشـاڵەکانی منداڵدانـدان خوێنبەربوونەکە ئەوەستێننەوەو ئەگەر منداڵدان ئەم تایبەتمەندییەی نەبوایە ئەوا خوێنبـەربوون بـەردەوام ئـەبوو لـە دوای منـداڵبوون، هـەروەها لێرەدا هۆکارێکیتر هەیە کە یارمـەتی وەستانەوە (گیرسانەوە)ی خوێن (وەستانەوەی خوێنبـەربوون) ئەدات ئەویش تایبەتمەندی مەیینی خوێنـە، کە کاتێ خوێن دەمـەیێت، ئەو کات

دەمی (کون)ی مولولەکانی خوێن ئەوانەیان کە خوێنیان لێوە دەڕواتە دەرەوە دادەخرێن، بەو شێوەیە خوێنەکە ئەوەستێتەوە (بەهۆی مەیینی خوێنەوە).

هەروەها تێبینی ئەوە ئەکرێت دوبارە کە ملی منداڵدان لە ناوەوە داپۆشراوە بە پەردەیەکی تەنك و ناسك کە مادەی لینج دەر ئەدات بۆ ئەوەی ملی منداڵدان دابخرێن، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە چوونە ژورەوەی میکرۆب بۆ ناو منداڵدان، ئەم شلە لینجە دەرئەکەوێ و زۆر تەنك و ڕون ئەبێت و زیاد لە پێویست لە ڕۆژی (١٤)و سەرەتای بێنوێژیدا، واتە لە کاتی دروستبوونی هێلکەدا، بۆ ئەوەی ئاسان بێت بۆ (تۆو/ سپێرم )ەکانی پیاو تاوەکو بە ئاسانی ئەم شلەیە ببڕن و سەرکەون بۆ سەرەوە، بۆ ئەوەی بگەن بەو هێلکەیەی کە لە چاوەڕوانیاندایە (واتە هێلکەکە چاوەڕوانی تۆوەکان) ئەکات ئەو کاتە پێك دەگەن و هێلکەو تۆوەکە دەپیتێنرێن و دەبێتە کۆرپەلەیەك بەم شێوەیە پارێزگاری لە جۆری مرۆڤ دەکرێت.

ملی منداڵدان: کە فراوانی دەرچەکەی ناگاتە چەند ملیمترێك، کە لە کاتی منداڵبووندا فراوان ئەبێت تاوەکو کۆرپەلەکەو وێلاشەکەی لەم دەرچە تەنگەلان و تەنگەبەرو تەسکەدا بێنەدەرەوە ﴿قُتِلَ ٱلۡإِنسَٰنُ مَآ أَكۡفَرَهُۥ ١٧ مِنۡ أَيِّ شَيۡءٍ خَلَقَهُۥ ١٨ مِن نُّطۡفَةٍ خَلَقَهُۥ فَقَدَّرَهُۥ ١٩ ثُمَّ ٱلسَّبِيلَ يَسَّرَهُۥ ٢٠﴾ عبس: ١٧ - ٢٠

منداڵدان جێگیرە بە هۆی ژمارەیەك لە بەستراوە (گورزە)ی ڕیشاڵییەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی دوگیانیدا بتوانێ ئازادانەو سەربەستانە هاتووچۆ بکات و بجوڵێ و بە پێی پێداویستی (مقتضيات) سکەکەو گەشەی کۆرپەلەکەو منداڵبوون، پڕبوونی میزەڵدان و لاوازی و بێتوانایی میزڵدان و جوڵەی هەناوو ڕیخۆڵەکان، ئەم هۆکارانە کاریگەریان هەیە لەسەر شێوەی منداڵدان.

- **المهبل (زێ/ کۆئەندامی زاوزێ):**

**بریتییە لە ڕێڕەوێك كە درێژییەكەی (٨- ١٠)سم (گونجاوە بۆ كشان و گرژبوون و هاتنەوەیەك) توانای كشان و گرژبوونی هەیە بە پێی پێداویستی حاڵەتەكە، بۆ نموونە لە كاتی جووتبووندا، ئەكشێ و فراوان ئەبێ هەروەها لە كاتی منداڵبووندا بە جۆرێك فراوان ئەبێت كە منداڵی پێدا بێتە دەرەوە.**

**دیواری ناوەوەی (زێ/ كۆئەندامی زاوزێ) داپۆشراوە بە پەردەیەكی ئەستووری جۆرێك لە خانەكان، هەروەك خانەكانی ناپۆشی دەم بۆ ئەوەی زێ بە پاكی و خاوێنی بمێنێتەوە و پارێزراو بێت لە كاریگەری لێكخشان لە كاتی منداڵبوون و لە كاتی جوتبووندا.**

**لە ناو زێدا جۆرێك بەكتیریای (العصویە) سوودبەخش هەیە، كە هەڵئەسێ بە (شیكردنەوەی مادە**

**شەكریەكان (الكلایكۆجین)ی ناو خانەكانی دیواری (میهبل/ زێ)و گۆڕینیان بۆ (ترشی شیر/ حامض اللبن)، ئەم ناوەندە ترشە یارمەتی كوشتنی زۆرێك لە بەكتیریاكان و میكرۆبە زیان بەخشەكان دەدات، بەم شێوەیە (میهبل/ زێ) بە سەلامەتی و پاكی ئەمێنێتەوە خاڵی ئەبێت لە هەوكردن بە درێژایی ماوەی پیتاندن مادام هێرشی نەكرابێتە سەر لەلایەن میكرۆبی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەكانەوە.**

## الفرج/ دامێن (جێشەرم/ شەرمگا):

**بریتییە لە بەشی دەرەوەی كۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا (لە ئافرەتدا) پێك دێت لە (كۆمەڵێك) بەش، (لەچەند بەشێك) كە هەر بەشێكیان كاری تایبەتی خۆی هەیە، ئەم بەشانە زۆر گرنگن، لەبەر ئەوەی یەكەم بەشێكن كە توشی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەكان ببێت لە زۆربەی حاڵەتەكاندا.**

**بەشەكانیش بریتین لە:**

- **قیتکـــە/** قیتکـە دەرکـەوتێکی بچـوك‌و سـادەیە کـە لـە چـوك ئەچـێت لەپیاودا، بەڵام بچوك لە قەبارەداو کونی میزی تێدا نیە.

**الشـفران الصـغیران/** دوو لێـوی بچـوك/ کـە زۆر هەسـتیارن کـە ڕێـرە و (چـوونە ژورەوەی) دەمی (زێ/ میهبەل) ئەپارێزن.

**الشفران الکبیران/** دوو لێوی گەورە/ کە زۆر هەستیارن دووبارە ئەمانیش ڕۆڵیـان هەیە لە پارێزگاری کردنی (زێ/ میهبل).

**فتحـه القنـاه البولیـه/** کـونی جۆگـەی میـز/ (الصـماخ البـولی)/ کـە پەیوەسـتەو ئـەگات بـە بـۆڕی کـورتی میـز لـە ئافرەتـدا، کـە ڕێـرەوی میـز پێـك دەهێنـێ، کـە لـە سەرەتادا لە میزڵدانەوە دەست پێئەکات (ڕێڕەوی میز لە میزڵدانەوە پێك دەهێنێ و دروست ئەکات).

**فتحه المهبل/** دەرچەی (دەمی) (زێ/ میهبل) پێشتر ئامازەمان پێدا.

**غشاء البکارة/** پەردەی کچێنی/ پەردەیـەکی تونـدو ڕەق‌و شـێوە مـانگی (هـیلالی) یەك شەوەی هەیە لە زۆر کاتدا، کونێکی (دەرچەیەکی) بچوکی تێدایە کە خـوێنی (سوڕی مانگانە) لێ دێتە دەرەوە لە کاتی کچێنی و عازەبیدا، ئەم پەردەیە لە کاتی هاوسەرگیری و منالبووندا ئەدڕێ و شی ئەبێتەوەو پارچە پارچە ئەبێت.

**العانـە/** سـەرووی (شـەرمگا، دامـێن) ئـەو ناوچـەیەیە کـە داپۆشـراوە بـە مـوو لـە خوارووی سکەوە، ئەم ناوچەیە بەشێك نیە لە ئەندامە سێکسییەکان، بەڵام ڕۆڵـی زۆر گـەورە ئـەبینێت لـە گواسـتنەوەی نەخۆشـیە گـوازراوە سێکسـییەکان لـە پیـاوو ژندا (پیاوو ئافرەتدا) وەك یەك.

۞۞۞۞

# ﴿بەرنامەی ئیسلامی وبنەما شەرعیەکانی لە ڕۆشنبیرکردنی سێکسی دا﴾

**یەکەم: ئیسلام و غەریزەو ئارەزووی سێکسی.**

**خوای گەورە و میهرەبان مرۆڤی دروستکرد و ئەم بونەوەرەشی بۆ ڕام هێناوە و بارهێناوە و خۆری بە دابینکردنی تیشك و ڕۆشنایی وگەرمیەکەی ومانگیش بە دابینکردنی ڕوناکی و ڕۆشناییەکەی هاوکارو یارمەتی دەری دەبن، زەویش بەسەریدا دەڕواو لە خێرو خەیرات و چاکەکەی ئەخوات، وە گیانداران و ئاژەڵ ومالاتیشی بۆ ملکەچ و زەلیل و لاوازو بێدەستەلات کردوە، ئەیهێنی و ڕایئەکێشێ و بەو هەموو هێز و گەورەیی یەوە لە خزمەتیا ئەبێت ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەبێت، وە بە نێو شەپۆلی دەریاو ڕوبارەکاندا ئەڕوات و بە سواری کەشتی وبەلەمەکان دەریاو ڕوبارەکان ئەبڕێت و ئەپشکنێت و لە ئاوەکەشی ئەخواتەوە، بە ئاسماندا گەشت ئەکات و هەواکەشی هەڵئەمژێت، بە شەویشدا ئەحەوێتەوەو پشوو ئەدات و بە ڕۆژیش سەرقاڵە بە کاروباری ژیانەوەو ئیش وکار ئەکات، بۆیە خوای پەروەردگار هەرئاوا بە گۆترەو هەوانتە و گاڵتەو بێ سود دروستی نەکردوە، وە ویستیشی نیە لەم ژیانی دونیایەیدا فەرامۆش و پشتگوێ ی بخات و لێی نەپرسێتەوە، بەڵکو پەیام و نامەیەك هەڵدەگرێت (ئەیدا بەسەردا) و وە کاری گرنگیش ئەدا بەسەردا، کە لای کەمەکەی ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی وجێنشینی دروستکەرو بەدیهێنەرەکەیەتی لە سەری.**

**ئەقڵ و ژیری پێبەخشیوە و وزەو تواناو تاقەتی پێداوە و، جا ئەگەر هاتوو ئەم ئەقڵ و ژیریەی لە سنوری وزە و تواناکاندا بەکار هێنا، ئەوا بە دڵنیایی و مسۆگەریەوە لەسەر ئەم زەویە ژیانێکی ڕێك و پێك و جوان و خۆش و خۆشبەخت**

و خۆشــنود و بەختــەوەر ئــەبێت، وە لــە دواڕۆژ و ڕەستاخێزیشــدا بەهەشــتی نەبڕاوەی بۆ هەیە، دروستی کردوە و بە تەنها بە جێی نەهێشتوە و پشتگوێی نەخستوە ، بەڵکو هەمیشە و بە بەردەوامی چاودێری ئەکات تاوەکو خوای گەورە بیکاتــە خەلیفــەو جێنشــینی خــۆی لەســەر زەویــدا، لــە ڕێگــەی نێرراوەکــان و پەیامهێنەکان و چاکەخوازان و چاکسازان، کە خوا ڕەوانەی کردوون وئەیانێرێت لە سەری هەموو سەدەو سەردەمێکدا، لە کۆتایی هەمووسەد ساڵێکدا (واتە هەموو سـەد سـاڵ جارێـك نوێکەرەوەیـەك ئـەنێرێت) بـۆ مرۆڤـەکان بـۆ چـاککردنی کـارو بارەکانیـان وئەبنــە پێشــەنگ و پێشــەوایان بــۆ دامەزرانــدن وڕێــك و ڕاســتبون و خــۆگرتنی مرۆڤایــەتی، تــاوەکو بەهەشــتە کــەیان بــە جــوانی وســەوزی و پێگەیشتوویی بمێنێتەوە، وتاوەکو شەیاتینەکانی ئینسان و جنۆکە ناژیرێتی و یاری پێنەکەن، ئەوکاتە لە بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەی سەرزەوی هەڵدەگەڕێتەوە و ئەگۆڕێ بەرەو وێرانبوون و تیاچوون وتێکشکانی سەر زەوی، لە بەهەشتێکی خــۆش و شــادومان و دڵخۆشــکەرەوە بــۆ جەهەنــەم و دۆزەخێکــی ئــاگراوی و سـوتێنەر، وە لـە تێکـڕاو سـەرجەم ئـەو بەخشـێنراو پێدرانـەی خـوای گـەورە بـە مرۆڤەکان لـە حـەزو ئـارەزوو و غـەریزەکان، بریتیـە لـە حـەزو ئـارەزوو و غـەریزەی سێکس، بۆ پاراستن و لە ناو نەچوونی جۆریەکەی کە مرۆڤە و بۆ بەردەوام بوون لە ژیان و زیندەگی، ئەوە ئێستە – دوای ئەوەی کە سەهیۆنیەت و زایۆنیزم گەمە و گاڵتە و یاری پێئەکات بەناوی زانست وزانیاریەوە– بۆیە پێویستە بە یەکێك لەم سێ هەڵوێستە لە بەرامبەریدا بوەستینەوە:

* یان ڕەها و بەرەڵای دەکات و جڵەوی بۆ شل دەکات بە بێ ڕێکخستن و ڕێك و پێکیــەك و یاســاو ڕێســایێك وبــە بــێ ســنور بۆدانانێــك، هــەروەك بابــەت و دۆزی ئیباحیەت و بەدڕەوشتی وبێ ڕەوشتی و بێ شەرمی وداوێن پیسی، ئەوکاتە مرۆڤ

لە سایە و سێبەریدا ئەبێتە ولاخ وئاژەڵ لە ناو مێگەل و ڕان دا (ولاخ وئاژەڵی نێو ڕان و مێگەل)، ئیتر هەوڵ و کۆششی و هیواو ئاواتی لە ژیان کورت و کەم ئەبێتەوە تەنها لە خواردن و خواردنەوە و سێکسدا، ئیتر لە ئاژەڵیش لەمە زیاتر چی داوا ئەکرێت، ئەوکاتە کۆمەڵگەش ئەگۆڕێ بۆ کۆمەڵگەیەکی حەیوانی و ئاژەڵی، مرۆڤ ژیان بەسەر ئەبات و بەلام سەرگەردان ئەبێت و بە دەوری خۆیدا سوڕ ئەخوات و ئەخولێتەوە، هیچ ماڵێك نازانێت و شك نابات تا تیایدا بمێنێتەوە و بحەوێتەوەو پشویەك بدات، خێزانێکیشی نیە سۆزی هەڵبگرێت و دڵی بۆی بسوتێ وخۆشەویستی بۆ دەرببڕێت، وە کەسیشی نیە بەرگری لێ بکات و پشت و پەناو پاڵپشی بێت، هیچ پەیوەندیەکیشی نیە تا بیبەستێتەوە بە خەڵکانی ترەوەو تا هەست بە بونی خۆی بکات ، بەڵکو تەنها بە هێزو تواناکەی بوونی ئەسەلمێنێ و دیاری ئەکات، بۆیە لەم بارو حاڵەتەشدا ئینسان پاشەکشێ ئەکات ونزم ئەبێتەوە بۆ ئاست و ڕیزی حەیوان و ئاژەڵ.

* یان خۆی لێ گێل ئەکات و فەرامۆشی ئەکات، بەندی ئەکات و ئەیبەستێتەوە لە پشت کۆڵەکە و پایەیەکی بەرزەوە کەبتی (کپ) ئەکات بە قەیدو کەلەپچەی ڕەهاو ئازادەوە، هەروەك بابەت و دۆزی ڕەهبانیەت و ڕەبەنی (دونیا نەویستی و دورکەوتنەوە لە دونیا) ، دوبارە ئەمەش پێچەوانەی ڕاستێتیە و دژی ڕاستیە، وە پێکدادان و بەریەککەوتنە لەگەڵ فیترەت و سروشتدا، وە زیندە بەچاڵکردنی ئەوحەزوئارەزوەی کە خوا تیایدا درووستی کردووە، وە ئەجەنگێت لەگەڵ نەفس و دەرونی خۆیدا و لەگەڵ بونەوەرو دەورو بەری، وە سنورێك دائەنێت بۆ ڕەگەز و سێکس و بۆ بەردەوامی جۆری خۆی، ئیتر بەدبەخت و چارەڕەش ودڵ ناخۆش ودڵ توند ئەبێت و بەوهۆیەشەوە ژیانی دانامەزرێ وجێگیر نابێت، بۆیە زۆر ئارام ناگرێت بۆ ماوەیەکی دورو درێژ ناتوانێ خۆی بگرێت بە هۆی فشار و پەستانی

حـەزو ئـارەزو وغـەریزە فیتریەكانیـەوە، ئەوكاتـە هەڵـدێ و دەربـاز دەبـێ لـە پابەندبونـەكانی خـۆی و بەرامبـەر خـەڵكی و بەرامبـەر نـەفس و دەرونـی خـۆی، دواجار كاری سێكسـی بە نهێنـی و پـەنهان ئـەنجام ئـەدات، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هەست بە داڕمان و داروخانی ناوخۆیی ئەكات، چونكە شتێك ئەڵێت و كارێكی تـر ئـەنجام ئـەدات، تـەواو جیـاواز و پێچـەوانەیە بـە خـۆی، بـە بـەردەوام و هـەردەم لـە جیـاوازی و دژواری ودژایـەتی و پێچـەوانەییدایە، بێگومـان ئەمـەش ئەبێتـە هـۆی ژیانێكی ترش و تاڵ و ناخۆش وقورس و دەستكورتی پـێش دێت، وە گـەواهیش لەسەر ئەمە و لەم جۆرە و لەم بابەتانە زۆر زۆرە.

*یاخود ئـەبێت ڕاستگۆو پـاك بێت لەگـەڵ نـەفس و دەرونیـدا دان بنێـت بـە بـوونی خۆیدا، وە هەوڵبدات گوێ بگرێت بۆ داواكاری وپێداویستیە پەلـە وگرنگـەكانی بـۆ تێربوونی غەریزەكانی، بەڵام تێریان ئـەكات بە پێـی یاسـاو ڕێسـایەكی دیـاریكراو، بە بێ كەبت كردن و كپكردنێكـی ناچیزە و ناپەسـەند یـان گـوڕو تـەوژم وجـۆش و خرۆشێكی شێتانە (سەرشێتانە)، بـەم جـۆرە و بـەم شێوەیە بەریەككـەوتن لەگـەڵ فـیترەت و سروشـتدا ڕوونـادات، وە لەگـەڵ نـەفس و دەرونیـدا جیـاوازی و دژواری ودژایـەتی و پێچـەوانەیی ڕونـادات و نابێـت، هـەروەها لەگـەڵ بونـەوەرو دەورو بەریشدا بەریەككەوتن ڕونادات، دواجار بە ئینسانیەت ناو ئـەبرێت و لـە ئاسـت و ڕیزی حەیوان و ئاژەڵ بەرز ئەبێتـەوە، جـۆری (جۆریـەتی مـرۆڤ بوونیش) بـەردەوام ئـەبێت، ئەوكاتـەش ئاوەدانكردنـەوەی سـەرزەوی و جێنشـینی خـوای گـەورە دێتـە ئەنجام وجێبەجێ دەبێت.

لێرەشدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە و بریتیە لە (ئەی ئیسلام لە كوێ یە لەم وێستگە و هەڵوێستانەدا وە ئایا چۆن هەڵوێستی ئەبێت) ؟؟؟

لە سەرەتادا خوای دروستکەرو بەدیهێنەر ئینسانی هێنایە بوون، بۆ ئەوەی ببێتە جێنشینی لەسەر زەویدا و بە ئەرکی خۆی هەستێ کە ئاوەدانکردنەوەی سەرزەویە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگە و شوێنی بۆ ڕونکردۆتەوە، گفتوگۆی لەگەڵ ژیری و ڕوحیدا کردووە، هەردوکیانی تێرکردوە تا وەکو ژیانێکی دژ و دژوارو جیاواز پێچەوانە بەسەر نەبات و بونی نەبێت، ژیری و ئەقڵی واز لێ نەهێناوە کە گەشە بکات لەسە حسابی ڕوح یاخود بە پێچەوانەوە،

ئەگەر وایکرد یەکێکیانی لە سەر حسابی ئەویتر تێرکرد ئەوا بێگومان دا ئەبەزێت بۆ ئاست و ڕیزی حەیوان وئاژەڵ، بۆیە هاوژینی و هاوسەرگیری بە ڕەواو هەق و دروست و حەلاڵ زانیوە وەك ڕێگەیەك بۆ تێرکردنی هەواو ئارەزو و غەریزە سێکسیەکەی، وە ڕێگەیەکیش بێت بۆ بنیات نان و دروستکردنی خێزان کە تیایدا ئاسودەیی و ئارامی وسۆزو بەزەیی بە دەست دەهێنێت، وە ڕێگەیەکیش ئەبێت بۆ دروست بوون و پێکهێنانی ماڵ وخانە و لانەیەك کە تیایدا پشوو بدات و بحەوێتەوە، وە هۆکارێکیش بێت بۆ پاراستن جۆرو وەچەی مرۆڤ تا وەکو سەرزەوی ئاوەدانبکرێتەوەو هەردەم بە ئاوەدانی بمێنێتەوە، تا وەکو دوربکەوێتەوە لە بەریەککەوتن لەگەڵ نەفس و دەرونیدا، بۆیە هاوژینی و هاوسەرگیری بە ئەرك و پێویست و حەلاڵ زانیوە وە گۆشەگیری و دورەپەرێزی و وازهێنان لە دونیاو لە هاوژینی و هاوسەرگیری بە حەرام و نا دروست زانیوە .

ئەم هەڵوێستە ڕێك و ڕاست و یەکسان ومامناوەندەی ئیسلام، لە نێوان زۆر ڕۆچون و گوڕو تەوژم وجۆش و خرۆشی شێتانە (سەرشێتانە)ی هەواو ئارەزووبازانە، وە لە نێوان هەراو ئاژاوە و کێشە و بێسەروبەری وبێ یاساو ڕێسایی، وە لە نێوان کەبتکردن و کپکردن و خۆدابڕان و لە دونیاو پەنابردنە بەر گۆشەگیری و

دورەپـەرێزی و وازهێنـان لـە دونیـاو لـە هـاوژینی و هاوسـەرگیری و قەدەغـەکردن وحەرامکردنی هەموو شتەکان لە خۆ، وە لە نێوان ئەوەی کە موسڵمان لەسەر ئەم بەهەشـتەی سـەرزەویەدا ژیـانێکی خـۆش و ئاسـودە بەسـەر بـەرێت، کـە بەڕاسـتی ئەمـەش هەڵوێسـتێکە دڵخۆشـکەرەیە بـۆ تـاك و دواجـار بـۆ هـەموو مرۆڤایـەتیش ئەبێتـە خۆشـی وشـادی و شـادومانی، وە پاراسـتنی بـەردەوام بـوونی جـۆری مرۆڤایەتی و ئاوەدانکردنـەوەی سـەرزەوی بـە خۆگونجانـدن و تـەبابوونی تـەواو لـە نێوان مرۆڤ و نەفس و دەرونیدا، وە لە نێوان خۆی و بونەوەرو دەوروبەریدا.

دیدو تێڕوانینی بۆ سێکس دیدو تێڕوانینێکی گشتگیرانە ئەبێت، پشت بەستن بە بنچینەی هەموو ئەو زانیاریە تەواوانەی سروشتی مرۆڤ و پێکهاتەی فسیۆلۆجی و دەرونـی مـرۆڤ کـە هـەن، مەبەسـت پێـی ئـەنجام گەیانـدن و دەسـتە بـەرکردن و بەدیهێنانی هاوسەنگیە، وە گونجاندن و ڕێکبوون و یەککبوون لـە تێرکردنیدا، وە هەرگیز بوار نەدراوە و ئیزن نەدراوە بە کۆکردنەوە و هەڵگرتنی وزەی سێکسـی بـۆ تاك و هەتا هەتایە و لە ماوەی ژیانیدا، چونکە بە ڕاستی ئەمە دژ و پێچەوانە و جیاوازو نا یەکسانە پێی وە دانامەزرێ و جێگیر نابێ بە بێ ئەو، نەخێر بەڵکو کارێکە کە دەرهێنان و دەرکردنی بەوەی گونجاو و ملکەچ بێت و ڕێك بێت لەگەڵ شەرع و بەرنامەی خوادا، بۆ دەستە بەرکردن و بەدیهێنانی نیاز و مەبەستەکانی ئینسـانیەت و مرۆڤایـەتی، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە لـە دەرهێنـان و دەرکردنیـدا تـام ولـەزەت وچێژ و خۆشـی هەیـە، مەگـەر بڵێی کـە دەرهێنـان ودەرکردنەکـەی کـورت ناکاتەوە بە تەنها لە سەر ئەم مەبەستە، بەڵکو مەبەستی لە بوار و لایـەنی بنیاتنان و دروسـتکردنی خێزانـە، وە بـە هێزکـردن و چەسـپاندنی پەیوەنـدی سـۆزو خۆشەویستی نێوان ژن وپیاو، کوڕ و کچ، دایك و باوك، کەس و کارو خزمان و هەرکەسێك کە پەیوەندی بەوانەوە هەبێت، تاوەکو خێزان ببێتە شوێنی حەوانەوەو

حەسانەوە و ئاسودەیی وپشودان و دانیشتن و جێگیربوون وئارامی و هێمنی و نیشتەجێبوون و جێگە و شوێنی سازنگە و دروستکردنی نەوە و وەچەکان، هەروەها بەردەوام بوونی جۆری مرۆڤ و زیادبوونی نەوە وئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی.

لەسەروی ئەوەشەوە وای کردووە کە دەرکردنی ڕەمەکی سێکسی و ئەنجامدانی کاری سێکسی لەبەر داوێن پاکی و پاکیزەیی و خستنەوەی (وەچەو منداڵ)ی گێڕاوە و کردوە بە بەندایەتی وپەرستشی پاداشتکراو (پاداشت لەسەر وەرگیراو)، هەروەك لە فەرمودەیەکی پەیامهێنی نازدارو خۆشەویستدا(ﷺ) دا هاتوە کە ئەفەرموێ: (وَلَكَ فِي جِمَاعِ زَوْجَتِكَ أَجْرٌ.. يَا رَسُولَ اللَّهِ (أَيَأْتِى أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ قَالَ: أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِى حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِى الْحَلاَلِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ)(رواه مسلم).

واتە: ((تۆ لە (جماع) سەرجێگەیی کردن لەگەڵ هاوسەرەکەت پاداشتت هەیە).
وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (خۆ ئێمە شەهوەت و ئارەزوومان تێر دەبێت، ئایا لەوەدا پاداشتمان هەیە؟) فەرموی: (ئەی ئەگەر ئێوە ئەو ئارەزوەتان دانا لەناو حەرامدا ئایا ئەوە تاوان نییە؟) بەو شێوەیە ئەگەر لەناو حەڵاڵدا داتاننا، واتە لەگەڵ هاوسەرەکانتان کە حەڵاڵی خۆتانە، ئەوا پاداشتتان لەسەری دەست دەکەوێت).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەوەی لە پێشەوە باسمان کرد سەبارەت بە تێڕوانین و دید و بۆچونی گشتگیری ئیسلام بۆ هەواو ئارەزوو وغەریزەی سێکسی ومەبەست و ئامانجی، وە مامەڵە و هەڵس و کەوتی فیتری و سروشتی و مامناوەند و میانەڕەوانە وکرداریانە لە پێکەوە ژیان(چۆنیەتی ژیان لەگەڵیدا)، لەوەی کە خوای

پەروەردگار ڕازیە لەسەری و ڕەزامەندە پێی، بۆیە لەم شوێن و پێگەو زەویە پتەو بە هێزەوە شەمەندەفەری (ڕۆشنبیرکردنی سێکسی ) دەردەچێت و دەکەوێتە ڕێ، بەرنامەو ڕێساو یاسا و بە ڕێکخستن و ڕێکوپێکیەکی ڕاست و دروست و شەرعیانەوە، کە گونجاو بێت لەگەڵ قۆناغەکانی تەمەنەکانی منالان بەم شێوەیەی خوارەوە:

## دووەم : قۆناغەکانی(دەستە) تەمەنەکان.

گومانی تێدانیە (بێگومان) کە ئینسان وەك هەموو بونەوەرێکی زیندوو–لە ماوەی ژیانیدا تێپەڕ ئەبێت بە قۆناغی تەمەنی جۆراو جۆر، کە پێداویستیەکانی و داواکاریە هەستی وحەزی و هەوەسە سێکسی و ورەیی و مەعنەویەکان تیایدا جیاوازن، بۆیە هەموو قۆناغێك بە تایبەتمەندی خۆی جیا ئەکرێتەوە لە قۆناغێکی تر، بە جیاکردنەوەی (تواناکانی، گرنگی پێدانەکانی، بەرپرسیارێتی)، زانایان زۆر هەوڵ و کۆششیان کردوە لە زۆر بوار و مەیدانی جیاوازدا سەبارەت بە ڕونکردنەوە و دەرخستنی ئەم قۆناغە تەمەنیانە، و دیاری کردنی ماوە نێوانیان (جیاوازی کاتیان ، تۆماری کاتیان) ، تایبەتمەندیەکانیان بە وردی و دورو درێژی، ڕاو بۆچوون و هەڵسەنگاندنەکان زۆر بون، وە لق و بەشەکانیش چەندین وفرەبوون، پسپۆریە زانستیەکان جیاکرانەوەو جیابوونەوە، زانایانی دەرون ناسی و کۆمەڵناسی جیابونەوە و دابەشکران، کە دابەشبونەکەیان جیاوازە لە بەشەکانی زانایانی

شەرع و یاسا، هەروەها زانایانی زیندەوەرزانی بەشەکانیان جیاوازە لەگەڵ بەشەکانی ترو زانستەکانی تر، چونکە بۆ هەموو یەکێکیان بنچینەو بناغەیەکی باوەڕپێکراوی هەیە لە پۆلێنکردن و دابەشکردن و نیاز و مەبەستە تایبەتەکانیدا،

وە بە پێی ئەم نیاز و مەبەستانە پۆلێنکردن و دابەشکردنەکانیش جیاواز دەبن یاخود هاوشێوە وچوونیەك و وەك یەك دەبن.

بۆیە ئێمە لێرەدا قسە و باس لەسەر بابەتێکی پەروەردەیی و یاسایی وکۆمەڵایەتی ئەکەین،

بینیمان کە چۆن پشت ئەبەستین بە پۆلێنکردنێکی تێکەڵ کە هاودەنگ و هاوڕێك و هاوڕا بێت لەگەڵ ئەو مەبەستانەی کە لە پێناویدا ئەم باس و توێژینەوەوی بۆ ئەنجامدراوەو بۆ تەرخانکراوە، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕون بین کە چۆن ئەم دابەشکردن و پۆلێنکردنە هاتووە، وە لەسەر چ بنچینە و بناغەیەك دانراوە، بێگومان دەبێت ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە قورئان و سونەت دا هاتوون لەم بارەیەوە بناسین.

## * (قۆناغەکانی تەمەن/قۆناغی تەمەنەکان) لە قورئانی پیرۆزدا:

لە قورئانی پیرۆزدا قۆناغەکانی ژیانی ئادەمیزادی بە پێی هێزو لاوازی و بێتوانایی هێناوەو ڕونی کردونەتەوە، وەك خوای گەورە ئەفەرموێ :

﴿۞ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن ضَعْفٍ ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ ضَعْفٍ قُوَّةً ثُمَّ جَعَلَ مِنۢ بَعْدِ قُوَّةٍ ضَعْفًا وَشَيْبَةً ۚ يَخْلُقُ مَا يَشَآءُ ۖ وَهُوَ ٱلْعَلِيمُ ٱلْقَدِيرُ ﴿٥٤﴾﴾ الروم: ٥٤

خوای گەورە ئەو زاتەیە کە ئێوەی دروست کردووە لە سەرەتاوە زۆر لاوازن ( سەرەتای دابەزینمان بۆ سەرزەوی هیچ نازانین تەنانەت ناتوانین دانیشین، قسە بکەین، بڕۆین، بەڵام وورده وورده خوای گەورە توانامان پێ دەبەخشێت ) دوای لاوازی، بە هێز دەبین شت فێر دەبین ڕا دەکەین، بەڵام دوای ئەو قۆناغە ( ئەگەر تەمەندار بین) دەگەڕێینەوە بۆ لاوازی و پیری ( هەموو ئەندامەکانی لەشمان کزی و لاوازی ڕویان تێ دەکات ) جا ئەو خوایە هەرچیەکی بوێت دروستی دەکات، وە

**ئەو زاتە تەواو زاناو باڵا دەستە بەسەر هەموو دروستکراوانیدا بە تایبەت ئادەمیزاد.** الروم: ٥٤

**بەم شێوەیە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە ئەکات بە سێ قۆناغ کە بریتین لە:**
**قۆناغی منالی(منالێتی) لاوازی و بێ هێزی و بێ توانایی.**
**قۆناغی هێز و توانایی و شانازی و خۆبایی.**
**قۆناغی لاوازی و بێ هێزی و بێ توانایی وپیری .**
**هەروەها لە ئایەتێکی تردا بۆ دڵنیابوون لە هەمان ماناو هەمان دابەشبوونی قۆناغ لە باس و بابەتێکی تردا هاتووە کە ئەفەرموێ:**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ ٥﴾ الحج: ٥

**ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوبونەوە هەیە، (بۆ بیرناکەنەوە) خۆ لە سەرەتادا ئێمە ئێوەمان لە خاك دروست کردووە (ئێوە لە بەرو بوومی خاك دروست بوون و بە خواردنی ئەو بەروبوومەش گەشە دەکەن و دەژین )، لە قۆناغێکدا نوتفەیەکی زۆر بچوك بوون لە منداڵدانی دایکتاندا، ئنجا بوونە خۆ هەڵواسەرێك (وەکو زەرو کەوتنە خوێن مژین و گەشەتان کرد)، ئنجا بوونە گۆشت پارەیەك، جا گەر ویستی خوای گەورە وابوو کە بیکاتە ئادەمیزاد و ڕەنگ و نەخشەی دەزگاکانی ناوەوەو دەرەوەی بۆ دیاری بکات، ئەوە بە نەخشەیەکی تایبەتی**

تەواوی دەکات، ئەوەش کە ویستی وابوو کە نەبێت و فڕێ بدرێت ئەوە لەبار دەچێت، هەموو ئەو قۆناغانە بەسەر ئادەمیزادا دێت و خوای گەورە باسی دەفەرموێت تا بە تەواوی دەسەڵاتی ئەو زاتە ڕون ببێت، پاشان دەفەرموێت، ئێمە هەرشتێکمان بوێت لە منداڵدانەکاندا دروستی دەکەین و بڕیاری لەسەر دەدەین تا کاتێکی دیاریکراو، ئینجا دەرتان دەهێنین و هەریەك لە ئێوە منداڵێکی ساوا، پاشان بە تێپەڕبوونی زەمان گەورە دەبن و ( تواناکانتان گەشە دەکات و دەردەکەوێت ) دەگەنە قۆناغی لاوێتی و بە هێزی و چالاکی، هەشتانە مردن یەخەی پێ دەگرێت لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیاندا، هەشتانە دەگاتە تەمەنی کەنەفتەیی و پەککەوتەیی تا وای لێدێت دوای ئەوەی جاران هەندێ شتی دەزانی، دەخەڵافێ و هەمو شتێکی لە بیر دەچێتەوە ( جا نمونەیەکی ترمان لەسەر توانایی و دەسەلاتمان بۆ پێشهاتنی زیندوبونەوە) ئەو زەویەیە کە دەبینی لە وەرزی زستاندا خامۆشەو زۆربەی ڕووەکەکان و گژو گیاکان نەماون و ووشك بوون، درەختەکان بێ گەڵاو بەرو بومن بەڵام هەر کات خوای گەورە بارانی بەسەردا باراند، دادەچڵەکێت و دەڕوێتەوە و گەشە دەکات و لە هەموو بەرو بومێکی جوان و تەڕو تازە پێشکەش دەکات !! الحج: ٥

لێرەدا ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو قۆناغەکانی دروست بوونی ئادەمیزادی هێناوە هەر لە کاتی سەرەتا و بوونی یەکەم جار بۆ گەشتی دروست بوون لە ڕەحمی دایك و هەتا گەیشتن بە تەمەنی (لاوازترین (کەنەفتی و کەفتەکاری) دواجار مردن و کۆتایی هاتن بە گەشتی ژیانی دونیا.

هەر قۆناغی منداڵی زیاتر لە ئاستو دابەشبوونێکی لەسەر هاتووەتە خوارەوە (باسی چۆنیەتی شیردان هاتووەو هەروەها باسی قۆناغی شیردان و ماوەکەی بەدورو درێژی باسکراوە و ئاماژە وهێمای پێکراوە. وەك ئەفەرموێ:

﴿ ۞وَٱلۡوَٰلِدَٰتُ يُرۡضِعۡنَ أَوۡلَٰدَهُنَّ حَوۡلَيۡنِ كَامِلَيۡنِۖ لِمَنۡ أَرَادَ أَن يُتِمَّ ٱلرَّضَاعَةَۚ ... ﴾

البقرة: ٢٣٣

دایکان، تەڵاقدراو بن یان نا دەبێت دوو ساڵی تەواو شیر بدەن بە منداڵە ساواکانیان ئەگەر دەیانەوێت شیری تەواویان بدەنێ جا پێویستە لەسەر ئەو کەسەی خاوەنی منداڵەکەیە یاخود باوکی ئەگەر مابوو، یان بەخێوکەری ڕزق و ڕۆزی و پۆشاك بە شێوەی چاك و پەسەند، بە گوێرەی توانای ببەخشێت بە منداڵەکە و دایکی ... البقرة: ٢٣٣

قۆناغی یەکەم لە ژیانی ئادەمیزاد بریتە لە منالی شیرەخۆر ومنالی ساوا، بەردەوام ئەبێت هەر لە دایك بونیەوە تا تەمەنی دووسالان، هەروەها لە قورئانی پیرۆزدا قۆناغی منالی خۆی بۆ خۆی باسی تایبەتی هاتوەوچۆنیەتی دابەشبوونی بۆ (جیاکردنەوە و هەستپێکردن و ئەقڵ پێشکانی شتەکان و جیانەکردنەوە و هەستپێنەکردن و ئەقڵ پێنەشکانی شتەکان) ئاماژەو هێمای پێدراوە، وە باسی حوکمی دیارخستن ودەرخستنی جوانی ئافرەت بەیان کراوە هەروەك ئەفەرموێ:

﴿... أَوِ ٱلطِّفۡلِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ...﴿٣١﴾﴾ النور: ٣١

یان ئەو منداڵانەی کە هێشتا ئاگاداری جەستە و جێشەرمی ژنان نین و باڵغ نەبوون و کار و باری ژن و مێردی نازانن ( بۆ ئەوانە دروستە قژ و مل و پێیان لە لایاندا دەربکەوێت). النور: ٣١

وە هەندێ لە زانایانی(ڕاڤە) تەفسیر ماناو واتای﴿ ٱلَّذِينَ لَمۡ يَظۡهَرُواْ عَلَىٰ عَوۡرَٰتِ ٱلنِّسَآءِۖ﴾

بەوە لێکدەدەنەوە و ڕاڤەی ئەکەن کە ئەو منالانەی کەوا ئافرەتی شێت وشێواو ناتەواو لە ئافرەتی تەواو و چاك و زۆرجوان جیا ناکەنەوە، وە تێناگەن و حاڵی نابن لە حاڵ وئەحواڵ و لە داوێن و جێشەرم لە هەست و سۆز و هەستان و دانیشتی ژنان و ئافرەتان، ئەمە حوکمێکی جیاوازی هەیە لە منالێك کە حاڵی ببێ لە حاڵ وئەحواڵ و لە داوێن و جێشەرم لە هەست و سۆز و هەستان و دانیشتنی ژنان، هەموو شتەکان جیا بکاتەوە، جیاکردنەوەی تواناکان لە لای منال جیاوازە، وە دیاری کردنی تەمەنی جیاکەر لە نێوان زانین و هەستکردن و تێگەیشتن و حاڵی

بوون و نە زانین و هەستنەکردن و تێنەگەیشتن و حاڵی نەبوون، قورس و گران و ناڕەحەتە، کەوا هەندێك تەمەنی (١٠)

ساڵ (دە ساڵ تەمەن ) دا ئەنێن بە تەمەنی (جیاکەرەوە و ئاقڵی و فامیدەیی وبالّغ بوون) کەوا لەو تەمەنەدا هەست و هەواو ئارەزوو شەهوەت ئەجوڵێ (دەست بەجولاّن ئەکات)، وە ئەو تەمەنەیە کە لە فەرمووده ناودارەکەدا فەرمانی داوە بە جیاکردنەوەی (منالّەکان) لە جێگای نوستن وخەویاندا، بۆیە لێرەدا دابەشبوون لەم لایەنەوە لە لەدایکبوونەوە تاوەکو (١٠دە)ساڵ پێی ئەوترێت (قۆناغی منالّی جیانەکەر/ نافامیدەیی ونابالّغی ونابالّغ بوون)، وە لە (١٠دە)ساڵەوە تا وەکو بالّغی و بالّغبوون پێی ئەوترێت (قۆناغی منالّی جیاکەر / ئاقڵی و فامیدەیی وبالّغی وبالّغبوون)، سەرەڕای زانین ئێمە بڕوامان وایە کە تەمەنی جیاکار(جیاکەرەوە) لەم کات و سات و سەردەمەدا بریتی ئەبێت لە کەمتر لە (١٠دەساڵ)، بە هۆی خەریك بوون و بایەخدان بە بەرهەمی کەناڵە ئاسمانیەکان وزانیاریە جیاوازو وێنە و ڕەسمە ئابڕووبەرەکان، کە ئەبنە هۆی هەژاندن و وروژاندنی هەواو ئارەزوو و غەریزە خەوتوو خامۆشەکان پێش کاتی خۆیان و پێگەیاندنیان، ئەبێتە هۆی زۆر بوون و گەورەبوونی هەڵئاوسانی زانیاری لەلای منالّی بچوك و کەم ئەزموون، وە بەمەش ئەبێتە هۆی گەشەی نەگونجاو و نا تەواو ناکامڵ، جیاواز لە گەشەکردن وپێگەیشتنی فیتری و سروشتی هاوسەنگ و هاوڕێك (جەستەیی و ئەقڵی).

وە لەو قۆناغە تەمەنیانەی کە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە و کە قۆناغی گرنگ وجیا کەرەوەن لە ژیانی ئادەمیزاد دا، بریتیە لە قۆناغی فامیدەیی و بالّغ بوون ( بالّغبوونی خەون)، کە زۆربەی زۆری ئەحکامەکانی ئیسلام لەسەر ئەوە بنیات ئەنرێن و ڕێك ئەخرێن، لە ڕوی بەرپرسیارێتی ئینسان لە هەڵبژاردن و دیاریکردنەکانی وهەڵس وکەوت و ڕەفتارەکانی کاروبارەکانی وکە بەڕاستی بەرپرسیارێتیەکی تەواو ماکڵە، هەروەك خوای گەورە لە قورئانەکەیدا ئەفەرموێ:

قَالَ تَعَالَى: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِيَسْتَأْذِنكُمُ الَّذِينَ مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ وَالَّذِينَ لَمْ
يَبْلُغُوا الْحُلُمَ مِنكُمْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ ۚ مِّن قَبْلِ صَلَاةِ الْفَجْرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ
الظَّهِيرَةِ وَمِن بَعْدِ صَلَاةِ الْعِشَاءِ ۚ ثَلَاثُ عَوْرَاتٍ لَّكُمْ ۚ لَيْسَ عَلَيْكُمْ وَلَا عَلَيْهِمْ جُنَاحٌ
بَعْدَهُنَّ ۚ طَوَّافُونَ عَلَيْكُم بَعْضُكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ ۗ
وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٨﴾ وَإِذَا بَلَغَ الْأَطْفَالُ مِنكُمُ الْحُلُمَ فَلْيَسْتَأْذِنُوا
كَمَا اسْتَأْذَنَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ ۗ
وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٥٩﴾﴾ النور: ٥٨ - ٥٩

**ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، با ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکانتاندا دەژین و ئەوانەی هێشتا باڵغ نەبون و پێنەگەیشتون لە سێ کاتی جیاوازدا مۆڵەتتان لێ وەربگرن: یەکەمیان پێش نوێژی بەیانی، دوهەمیان کاتێ کە هەندێ لە پۆشاکەکانتان دادەکەنن بۆ حەوانەوە لە کاتی نیوەڕۆدا، سێهەمیان دوای نوێژی خەوتنان، ئەوە سێ حاڵەتی تایبەتیە بۆ ئێوە و(نابێت تیایدا ببینرێن و کێشەی دەرونی بۆ منداڵەکانتان دروست بکەن) جگە لەو سێ کاتە ئەوە هیچ لایەکتان گوناهتان ناگات کە سەردانی یەکتر بکەن و یەکدی بەسەر بکەنەوە، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە ئایەت و فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕون دەکاتەوە، بێگومان ئەو خوایە تەواو زانایە (بە بەرژەوەندیەکانتان) تەواویش دانایە (لەو فەرمان و ڕێنمونیانەی کە ئاراستەی بەندەکانی دەکات)**. النور: ٥٨

**کاتێکیش کە منداڵەکان گەورە بوون و پێگەیشتن و باڵغ بوون با فێری مۆڵەت وەرگرتن بکرێن و مۆڵەت وەربگرن لە کاتی سەردان و بەسەرکردنەوەکاندا وەکو ئەو خەڵکەی پێشتر لەسەر ئەو داب ونەریتە ڕاهێنراون، ئا بەو شێوەیە خوای**

گەورە فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕون دەکاتەوە، چونکە ئەو خوایە تەواو زانایە ( بە حاڵی دەرونی بەندەکانی) تەوایش دانایە (لە دانانی ئەو سنورەدا).

وە بەڵگە ونیشانەکانی لە نێردا بریتین لە لەشگرانی (شەیتانی بوون)و دابەزین و هاتنەوەی ئاو لە خەودا، وە لە (مێ) شدا بریتیە لە (حەیز، کەوتنە خوێن)کە ئەمە بە زۆری لە تەمەنی(١٣ ساڵیدا) دێت و پەیدا ئەبێت، زیاد ئەکات یاخود کەمێك کەم ئەکات. النور: ٥٩

وە سنوری جیاکردنەوەی (جیابونەوەی) نێوان قۆناغەکانی تەمەنی ئادەمیزاد و سنوری (کامڵی و فامیدەیی)، کە ناوی هاتوە و بەیان کراوە لە بواری مامەڵەکاندا، وە باڵغبوونی مرۆۋ تەمەنی هێزو توانایە لەسەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی ماڵ ودارایی و وە چۆنیەتی هەڵس و کەوتکردن لەگەڵیدا،

لەم بارەوە خوای پەروەردگار ئەفەرموێ: ﴿وَٱبۡتَلُواْ ٱلۡيَتَٰمَىٰ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغُواْ ٱلنِّكَاحَ فَإِنۡ ءَانَسۡتُم مِّنۡهُمۡ رُشۡدٗا فَٱدۡفَعُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ أَمۡوَٰلَهُمۡۖ...٦﴾ النساء: ٦

منداڵانی بێ باوك کە ئێوە سەر پەرشتیان دەکەن دەکرێت تاقییان بکەنەوە، بەوەی کە هەندێ ماڵ و سامانیان بدەنێ و خۆتان سەرپەرشتیان بکەن، هەرکاتێك هەستیان کرد کە ژیر و عاقڵ و پێگەیشتوون ، ئەو ماڵ و سامانەی کە لاتانە بیدەنە دەست خۆیان، نەکەن ماڵ و سامانیان بخۆن و تەفر و تونای بکەن و زیادە ڕەوی بکەن لە خەرج کردنیدا لە ترسی ئەوەی نەوەکو گەورە ببن و لێتان وەربگرنەوە . النساء: ٦

ئەمەش قۆناغێکە کە پەیوەندی هەیە بە گەشە و پێگەیشتنی ژیری و ئەقڵ و فامەوە ، بۆیە پێویست ئەکات بە تاقیکردنەوە بۆ سەلماندنی هێز و تواناو ڕاهێنانەوە وئامادەکردنی بۆ قۆناغی فام و فامیدەیی کە ئەمەش ئاسایی و بە گشتی هاوکاتە لەگەڵ تەمەنی باڵغی و یاخود تەمەنی دوای ئەو قۆناغە، بەلاّم هەرچی قۆناغی لوتکە وچلە پۆپەی هێزیشە کە مرۆڤ پێی ئەگات، کە دوبارە قورئانی پیرۆز بەیانی کردوە و ئامازە و هێمای پێداوە و زۆر بە ڕونی سیفات و تەمەنی بۆ دیاری کردوە و کە ئەفەرموێ:

﴿وَوَصَّيۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيۡهِ إِحۡسَٰنًاۖ حَمَلَتۡهُ أُمُّهُۥ كُرۡهٗا وَوَضَعَتۡهُ كُرۡهٗاۖ وَحَمۡلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهۡرًاۚ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرۡبَعِينَ سَنَةٗ قَالَ رَبِّ أَوۡزِعۡنِيٓ أَنۡ أَشۡكُرَ نِعۡمَتَكَ ٱلَّتِيٓ أَنۡعَمۡتَ عَلَيَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَيَّ وَأَنۡ أَعۡمَلَ صَٰلِحٗا تَرۡضَىٰهُ وَأَصۡلِحۡ لِي فِي ذُرِّيَّتِيٓۖ إِنِّي تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَإِنِّي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٥﴾ الأحقاف: ١٥

ئێمە ئامۆژگاری ئادەمیزادمان کردووەو فەرمانمان پێداوە بە چاکەو چاکەکاریی لەگەڵ دایك و باوکیدا بە تایبەت لە گەڵ دایکیدا دەبێ بیری نەچێت کە بە پێستی سکی بە دەم ئازارو ناڕەحەتیەوە هەڵی گرتووە، بە دەم ژان و ئێش و ئازارەوە بویەتی، ماوەی لە سکدا بون و شیر پێدانەکەی سی(٣٠) دانە مانگی خایاندووە، پاشان بەردەوام بەخێوی کردووە و خزمەتی کردووەو گرنگی پێداوە تا گەورەی کردووەو توندوتۆڵ بووە (سەرەنجام ئەویش هاوسەری گرتووە، ژنی هێناوە یان شوی کردووە) هەتا گەیشتۆتە تەمەنی چل ساڵی و (ئەویش نەوەی خستۆتەوە، جا نەوەی بە وەفاو بە ئەمەك و دیندار، خوای گەورە ئەم نزا پیرۆزە دەخاتە سەر زاری و فێری دەکات کە) بڵێت: پەروەردگارا کۆمەکی و یارمەتیم بدە تا بە تەواوی سوپاسگوزاری ئەو نازو نیعمەتانە بم کە ڕشتوتە بەسەر خۆم و بەسەر دایك و باوکمدا، وە یارمەتیم بدە تا ئەو کردەوە چاکانە ئەنجام بدەم کە تۆ پێی ڕازیت، داواکاریشم کە نەوەکانم چاك و چاکەکاربن، خواناس و دینداربن، لە ڕاستیدا من پەشیمانم لە گوناهانم و لە کەمتەرخەمیم، وە من بە دڵ و بە گیان گەڕاومەتەوە بۆ

**لای تۆ وە من (الحمدلله، سوپاس بۆتۆ) لە ڕیزی ئیمانداران و مسوڵمانانندام.**
الأحقاف: ١٥

**وە لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای ئەوەش كە دەستەواژەی (الأشد) لە قورئانی پیرۆزدا لە(٦) باسدا هاتووە، كەئەمە بە ڕاستی تەنها باسێكە كەوا سیفەتی (الأشد)ی پێكەوە بەستۆتەوە ولكاندویەتی بە تەمەنی (٤٠) چل ساڵیەوە.**

**وە لە كۆتایشدا قۆناغی پیری (پیربون) دواتر پەوككەوتن و دواجار لاوازترین تەمەن (كەنەفتی وكەفتەكاری و كەساسی)، وە باسكردن لە نەمان و لە دەستدانی زانست و زانیاری و زانین لەم قۆناغەداو كە لە زمانی عەرەبیدا پێی ئەوترێت (الخرف/خەڵەفاو(خرفاو،لاوازبوونی ژیری))، گەڕانەوە بۆ سەردەمی (ئەقڵیەتی/ ژیری)منالی، كە هیچ شتێكی لەم ژیانی دونیایە نە ئەزانی هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:**

﴿وَٱللَّهُ خَلَقَكُمۡ ثُمَّ يَتَوَفَّىٰكُمۡۚ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡ لَا يَعۡلَمَ بَعۡدَ عِلۡمٖ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٞ قَدِيرٞ ٧٠﴾ النحل: ٧٠

**(خەڵكینە بیر بكەنەوە ) ئێوەش هەر خوای گەورە دروستی كردون (بە بێ ویستی خۆتان) دوای ماوەیەك هەر ئەو زاتە لە كات و ساتێكی دیاریكراودا دەتانمرێنێت، دانە دانەیەكیشتان تەمەن درێژ دەكات و كەنەفتەو لەرزۆك و پیرو پەككەوتە دەكات تا وای لێ دێت كە هەرچی جاران دەیزانی لە بیری دەچێتەوەو دەخلافێت، لە ڕاستیدا ئەو خوای گەورەیە خاوەنی زانیاری تەواوە لە هەموو ڕویەكەوە و دەسەلاتیشی بێ سنورە بەسەر بەدیهێنراوەكاندا .** النحل: ٧٠

**هەروەها پێشتر بە هەمان دەستەواژە و باسكردن لە سورەتی (حەج)دا ئاماژە و هێمای پێكراوە، هەروەها سیفاتی ئەم قۆناغە كە پێكهاتووە لە چەند بنچینە و بنەماو ڕێسایەك كە لە سورەتی (النساء)دا بە حوكمێكی تایبەت باسی هاتووە و باسی لێوە كراوە كە ئەفەرموێ:**

﴿وَٱلۡقَوَٰعِدُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا يَرۡجُونَ نِكَاحٗا فَلَيۡسَ عَلَيۡهِنَّ جُنَاحٌ أَن يَضَعۡنَ ثِيَابَهُنَّ غَيۡرَ مُتَبَرِّجَٰتِۭ بِزِينَةٖۖ وَأَن يَسۡتَعۡفِفۡنَ خَيۡرٞ لَّهُنَّۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ ٦٠﴾ النور: ٦٠

ئەو ئافرەتانەش کە چونەتە ساڵەوە یان عادەی مانگانەیان نەماوە و نیازی شوکردنەوەیان نیە گوناهیان ناگات ئەگەر هەندێك لە پۆشاکەکانیان دانێن لە سنورێکدا کە سەرنجی هەرزە و نامەحرەم ڕانەکێشێت و زینەت و جوانیەکانیان دەرنەخەن خۆ ئەگەر وەکو کچە تازە پێگەیشتووەکان بالاپۆش بن ئەوە چاکترە بۆیان، بێگومان خوای گەورە تەواو بیسەرە (بە قسە و گوفتارتان) تەواویش زانایە (بەنیەت و خەتەرە و خەیاڵتان). النور: ٦٠

## *(قۆناغەکانی تەمەن/قۆناغی تەمەنەکان) لە سونەت و ڕەویەو ڕێچکەی پاکوبێگەرددا:

ئەو دابەشکردنانەی کە لە پێشەوە باسمان لێوە کردن زۆربەی زۆریان هاوڕێك و هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە لە کتێب (قورئان) ەکەی خوای پەروەردگاردا هاتووە، بەڵام گرنگترین و ناودارترینیان ئەو فەرمودەیە بەناوبانگەیە کە فەرمودەیەکی (حسن/ چاکە) لە نێو خەڵکیدا بڵاوە و ناوبانگی هەیە، بریتیە لەو فەرمودەیەی کە (عمر کوڕی شعیب) گێڕاویەتەوە لە باوکیەوە لە باپیریەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ : (مُرُوا أَوْلاَدَكُمْ بِالصَّلاَةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرِ سِنِينَ وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِى الْمَضَاجِعِ). ترمذي وأبو داوود گێڕاویانەتەوە.

واتا: (فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن کە نوێژەکانیان بکەن کاتێك کە تەمەنیان حەوت ساڵانە، ئەگەر نەیانکرد ئەوا لێیان بدەن کاتێك کە لە تەمەنی دە(10) ساڵیدان، هەروەها جێگەی خەوتنیان بۆ جیا بکەنەوە لە یەکتری).

ئەم فەرمودەیە دوو قۆناغی جیاکەر(جیاکەرەوە ) دیاری ئەکات لە ژیانی منالّدا.

قۆناغی یەکەم :
بریتیە لە سەرەتای تەمەنی فێربوون و وەرگرتن، تێگەیشتن لە شتەکان و دەرك کردنی فەرمانەکان وهۆشیاریان وبە دواکەوتنیان وچاولێکردنیان و لە دوا ڕۆیشتنیان، ئەویش تەمەنی (٧ ) سالّیە، (تەمەنی فەرمانە، یاخود تەمەنی فێربوونە، هەروەك لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (علموا أولادکم/ منالّەکانتان فێر بکەن).
قۆناغی دووەم:
بریتیە لە قۆناغی زۆرلێکردن و ناچارکردن و پابەندبون و سەپاندن وئەشکەنجە وسزادان وە بریتیە لە قۆناغی جیاکردنەوە لە شوێن وجێگەی نوستندا، کە ئەویش تەمەنی (١٠) سالّیە کە منالّی تێدا سزا ئەدرێت لەسەر تەمبەلّی ونەکردن و وازهێنان و گوێنەدان بە کردن و ئەنجامدانی نوێژ، هەروەها تەمەنی (١٠) سالّی منالّی تێدا ناچار و پابەند ئەکرێت بە نوستن لە شوێن وجێگەی تاك و سەربەخۆ، لەبەر ئاگاداربوون لە شەڕو خراپەی شەهوەت و هەواو ئارەزوو.
لەبەر ئەمە ئێمە پشت ئەبەستین بە هەشت(٨) قۆناغی تەمەنیەوە، یاخود وێستگە و جیاکەر(جیاکەرەوە)ی خاوەن ئەحکام (یاسا/ ڕێسا)ی تایبەت، وە تایبەتمەندی جیاکەرەوە کە پێچەوانە و ئاوەژوو دەبێتەوە لەسەر بەرپرسیارێتی تاك و کۆمەڵگە.

## سێهەم: ڕۆشنبیرکردنی سێکسی و ڕێکخستنە شەرعیەکان بە پێی قۆناغە تەمەنیەکان (قۆناغەکانی تەمەن).

**سەرباری ئەوەی کە هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد سەبارەت بە دیدو بۆچون و تێڕوانینی گشتگیری ئیسلام بۆ ژیانی ئینسان لەسەر ئەم زەویە، وە هەوا و ئارەزوو غەریزەی سێکسی بەشێکە لەم ژیانی ئینسانە، گونجاو و ڕێکە لەگەڵ بنچینەو بناغەکەیدا، بۆ ئەوەی ئەم ئینسانە بژی بە ژیانێکی چاك و باش و ڕێزدار و میهرەبان، هەر بە سروشت و فیترەتی مرۆڤ بوونی دورە پەرێزە لە شەیتان و یارمەتی دەران و هاوڕێ و هاودەمەکانی شەیتان، بۆیە پەیامهێنی خۆشەویست(ﷺ) ئاینی گێڕاوە و کردویەتی بە بناغەیەکی سەرەکی بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی (ژن ومێرد ) هاوسەرو هاوژینەکان، وە ڕێنمویی کردون بۆ پاراستنی وەچە و نەوەکانیان لە داهاتویاندا کە چۆن خۆیان بپارێزن لە شەیتان و فریودان وخەڵەتاندن و فڕو فێڵەکانی، فەرمانی پێکردوون لە کاتی دەستپێکردنی سەرجێیی (پێش جووت بوون) و ئەنجامدانی کاری سێکسی، وە پێش ئەوەی کە کۆرپەلە دروست ببێت و بێتە بوون، پەیامهێنی نازدار (ﷺ) ئەفەرموێ :**

**(لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ قَالَ بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا فَقُضِيَ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ لَمْ يَضُرُّهُ)(رواه مسلم و البخاري). بوخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە و ڕیوایەتیان کردوە.**

**واتە: (ئەگەر یەکێکتان چووە لای خێزانەکەی بۆ سەر جێگەیی و جووت بوون با سەرەتا بڵێت: (بِاسْمِ اللَّهِ) بە ناوی خوا و (اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا). واتە: (ئەی خودایە بمانپارێزە لە شەیتان و شەیتانیش دوورخەرەوە لێمان کە نەیەت بە لاماندا لەسەر ئەوەی کە پێت داوین، ئەگەر خوای گەورە منداڵی پێ بەخشین، ئەوا هەرگیز شەیتان زیان بەو منداڵە ناگەیەنێت).**
**وەك لە پێشەوە باسی قۆناغەکان و پۆلەکان و دەستەکانی تەمەنمان کرد کە لە کیتاب و سونەتتدا هاتبون بۆمان بەیان کردن، وە لە سەر ڕۆشنایی ئەوان پشتمان بەست بە (٨) هەشت قۆناغی بڕگە بڕگە و بەش بەش بۆ مەبەستی ڕۆشنبیرکردنی**

سێکسی، کە هەر قۆناغە و بۆ خۆی تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەبوو، وە هەیانە ئەحکامی پەیوەندیدارو پەیوەستی هەیە بە ڕۆشنبیرکردنی سێکسی یەوە، وە ئەو کارو بارە کارا وکرداری و بیردۆزی و بیرەکی و بینەکیانەی کە پەیوەندیان پێوەی هەیە، بۆیە پێویستە چاودێری بکرێن و ئاگادار بن لێیان و گرنگییان پێ بدرێت، هەروەها هەر یەکێکیان ئاستێکی دیاریکراوی هەیە لە زانیاری، کە پێویستە ئەو زانیاریانە بدرێنە (بگەنە) منداڵەکان یاخود باڵغەکان، بۆ ئەوەی ژیانیان پێ دامەزراو جێگیر بکەن، وا لە خوارەوە بە دورو درێژی باسی لێوە ئەکەین.

## ڕۆشنبیرکردن لە قۆناغی منداڵیدا:

خاوەنی فەرهەنگی(المحیط) ئەڵێت: الطفل ، بالکسر: (واتە بچوکترە لە هەموو شتێك، یاخود تازە لە دایك بوو)، پێك دێت لە قۆناغی تەمەنی لە کاتی لە دایك بوونەوە تا سەرەتای باڵغ بوون، وە بە شێوەیەکی گشتی ئەم قۆناغە بەوە جیا ئەکرێتەوە کە هیچ بەرپرسیاریەتێکی لەسەر نیە، وە هیچ (ئەرك و فەرمان پێسپاردن ) و ڕاسپردن و تەکلیفێکی شەرعیشیان لەسەر نیە، بەڵام گرنگە و پێویست بە چاودێریکردن وفێرکردن و پەروەردە و ڕێنماییکردن و ڕابەریکردنیان هەیە، هەروەها دیارە کە گەشەو پێگەیشتنی خێرا و زوو هەیە لەلای منداڵ، و زۆر بە خێرایی گەورە ئەبێت و نەش و نما و گەشە ئەکات، هەروەها بە چەند قۆناغ و دۆخی تایبەت و جیادا تێپەڕ ئەبێت، لەبەر ئەمە دابەش ئەبێت بە پێنج قۆناغ و دۆخدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

١-منداڵی شیرە خۆرە (ساوا، کۆرپە):

ئەم قۆناغ و دۆخە بەردەوام ئەبێت هەر لە کاتی لە دایك بونەوە تا تەمەنی دوو ساڵان، هەتا منداڵ لە شیر ئەبڕێتەوە، پێویست بە شیری دایکی ناکات و ناگەڕێتەوە سەری، بۆیە لەم دۆخەدا ئەوەی پەیوەست و پەیوەندی بە ڕۆشنبیرکردنی سێکسی هەیە منداڵ پێویستی پێی نیە مەگەر تەنها ئەوەنەبێ کە:

* دایك و باوك ئەبێ ئاگاداربن و چاودێربن کە کاری سێکسی و سەرجێیی لەبەر چاوی منداڵەکەیان و بە دیار منداڵەکەیان ئەنجام نەدەن.

*وە نابێت هیچ یەکێك لە دایك و باوك بە بەرچاو بە دیار منالەکەیان بە تەواوی خۆیان ڕووت بکەنەوە.

مانای ئەوە نیە کە ئەم منالە توانای قسەکردنی نیە (ناتوانێ قسە بکات)، یاخود لە داهاتوودا نایێتەوە بیر و زهنی، و ئاگای لە هیچ نیە کە لە دەورو بەری چی ئەگوزەرێ و چی ڕودەدات، بەڵکو هێزی (سەیرکردن وڕوانین ودۆزینەوەو چاوگێڕان) لای ئەو و ناسینی شتەکانی دەور و بەری زۆر بەرز و بڵندە، نمونەی ئەم جۆرە دیمەنانە ڕۆڵ و کاریگەری بەجێ ئەهێڵن و لە ئەقڵی ناخود ئاگا(عقل الباطن/ اللاوعي) کۆئەکرێتەوە وهەڵئەگیرێت، هەروەك توێژینەوەکان دەریان خستوە کە لە داهاتودا ئەبێتە هۆی کاریگەری ڕەفتاری و ڕەوشتی نەرێنیانە، بۆیە زۆربەی زۆری پەروەرشیاران و زانایانی ئاین (فقهاء) نەهییان کردوە لەم ڕەفتارو ڕەوشتە، کە زۆرێك لە دایکان و باوکان، نەزان و بێباك و بێئاگان لێی، بە هۆی ئەوەی کەوا بە گومانی ئەوان ئەم دیمەنانە هیچ ڕۆڵ و کاریگەریان نابێت لەسەر منالّ (کاریگەری لەسەر منالّ بەجێ ناهێڵێ)، واتە منالّ کاریگەر نابێت بەم دیمەنانە.

٢-منالّیی زوو(پێشوەخت) (الطفولة المبكرة) :

ئەم قۆناغ و دۆخەش بەردەوام ئەبێت لە تەمەنی دوو(٢) ساڵیەوە (لە شیردابڕان/ لەشیر بڕینەوە) تا تەمەنی (٦) شەش ساڵان، لەم تەمەنەدا منالّ زیاتر هۆشیارو بە ئاگا ئەبێت لەوەی کە لە دەوروبەریدا چی ڕوو ئەدات و چی ئەگوزەرێت، وە زیاتر توانای جوڵە و هاتوچۆی سەربەخۆو سەربەستی هەیە، وە لەم تەمەنەدا زۆر حەزی لە خۆدەرخستن گەڕان وسەیرکردن و لاساییی کردنەوەی گەورەکانی هەیە، بۆیە زانایان لەم بارەیەوە ئەڵێن ﴿سلوك و ڕەفتار و هەڵس و کەوتی منالەکانمان لە تەمەنی هەرزەکاریاندا بیرکردنەوە و پەرچاوە و ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە چیمان چاندووە لە دڵ و دەرونیاندا لە (٦) شەش ساڵی یەکەمی ژیانیاندا، وە لە بەرئەوە و پێویستە چاودێری وئاگاداری ئەمانەی لای خوارەوە بکەین:

*جەخت کردنەوە و دڵنیابوون لە قۆناغ و دۆخی شیرە خۆریدا کە چی ئەچێنین و چی پێشکەش ئەکەین و چۆن پەروەردە ئەکەین.

* فێرکردنی منداڵ کە چۆن ڕوخسەت و ئیزن و مۆڵەت وەربگرێت لە دایك و باوکی لەو کاتانەی (کاتی نەبینینی هیچ کەس ) کە دروست نیە کە بە بێ ڕوخسەت و ئیزن و مۆڵەت وسەردانیان بکرێت (سەردانی ژوری نوستن)، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بەیان و باسی کردووە کە ئەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِيَسۡتَـٔۡذِنكُمُ ٱلَّذِينَ مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡ وَٱلَّذِينَ لَمۡ يَبۡلُغُواْ ٱلۡحُلُمَ مِنكُمۡ ثَلَٰثَ مَرَّٰتٖۚ مِّن قَبۡلِ صَلَوٰةِ ٱلۡفَجۡرِ وَحِينَ تَضَعُونَ ثِيَابَكُم مِّنَ ٱلظَّهِيرَةِ وَمِنۢ بَعۡدِ صَلَوٰةِ ٱلۡعِشَآءِۚ ثَلَٰثُ عَوۡرَٰتٖ لَّكُمۡۚ لَيۡسَ عَلَيۡكُمۡ وَلَا عَلَيۡهِمۡ جُنَاحُۢ بَعۡدَهُنَّۚ طَوَّٰفُونَ عَلَيۡكُم بَعۡضُكُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖۚ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٥٨﴾ النور: ٥٨

ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە، با ئەو کەسانەی کە لەماڵەکانتاندا دەژین و ئەوانەی هێشتا باڵغ نەبون و پێنەگەیشتون لە سێ کاتی جیاوازدا مۆڵەتتان لێ وەربگرن: یەکەمیان پێش نوێژی بەیانی، دوهەمیان کاتێ کە هەندێ لە پۆشاکەکانتان دادەکەنن بۆ حەوانەوە لە کاتی نیوەڕۆدا، سێهەمیان دوای نوێژی خەوتنان، ئەوە سێ حاڵەتی تایبەتیە بۆ ئێوە و(نابێت تیایدا ببینرێن و کێشەی دەرونی بۆ منداڵەکانتان دروست بکەن) جگە لەو سێ کاتە ئەوە هیچ لایەکتان گوناهتان ناگات کە سەردانی یەکتر بکەن و یەکدی بەسەر بکەنەوە، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە ئایەت و فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕون دەکاتەوە، بێگومان ئەو خوایە تەواو زانایە (بە بەرژەوەندیەکانتان) تەواویش دانایە (لەو فەرمان و ڕێنمونیانەی کە ئاڕاستەی بەندەکانی دەکات). النور: ٥٨

ئەمەش بۆ ئەوەیە تاوەکو منداڵ چاوی نەکەوێتە سەر داوێن و شەرمگا(جێشەرم) ی کەسی تر، یاخود دایك و باوك، ئامادەیە و زۆر ئاسانتر منداڵ ئەتوانێ سەیریان بکات، بۆیە پێویست ناکات منداڵ بیان بینێت (نابێت دەرکەون تا منداڵ بیانبینێت)، چونکە ئاسەوار و پاشماوەی خراپ و نەرێنی بەجێ ئەهێڵێ لەسەر دڵ و دەرونی منداڵ، کە پێچەوانە ئەبێتە لەسەر شێوەی خوڕەوشت و هەڵس و کەوت و ڕەفتاری

هەڵە وناپەسەند لەگەڵ براکانی، لە دەرەنجامی (بەهۆی) حەزکردن لە خۆ نواندن و خۆ دەرخستن وهەستکردن بە خۆو لاساییکردنی ئەوانەی کە پێی جیا دەکرێتەوە لەم تەمەنەدا.

*پێویستە مناڵ ڕا بهێنرێت لەسە ر چاوداخستنی لە بینین و سەیرکردنی داوێن و شەرمگا(جێشەرم)ی کەسانی تر، بە تایبەتی کەسە نزیکەکانی، کە بەداخەوە زۆربەی زۆری خەڵك بێئاگان لەم حاڵەت وبارە.

*پێویستە هەر پرسیارێك کە منال ئەیکات نابێت دایك و باوك گاڵتەی پێبێت، یاخود بیگۆڕێ و بیشێوێنێ و چەوتی بکات، بە تایبەتی ئەگەر پەیوەست بوو بە ئەندامەکانی جەستەیەوە، وە پێویستە وەڵامدانەوەکەی بە شێوەیەکی گونجاو بێت بۆ ئەوەی بتوانێ و لە توانایدا بێت تێبگات لە وەڵامی پرسیارەکەی وپێی ڕازی بێت و دڵنیا بێت لێی، وە پێویستە وەڵامەکە ڕاست و دروست بێت، هەرچەندە منال بچوکە و تەواو گەشەی جەستەیی و ئەقڵی نەکردوە و کامڵ نیە، بە هۆی نەزانین ودەرك نەکردن و کەم تەمەنی منالی پرسیار کەرەکەوە.

*پێویستە منال سەرزەنشت وتوڕە نەکرێت لە کاتی تەرح کردن وخستنە ڕوو و کردنی ئەم جۆرە پرسیارانەدا، چونکە ئەمە (ئەم سەرزەنشت وتوڕەکردنە) ئەبێتە هۆی ئەوەی کەوا بگەڕێت و پەنا بەرێتە بەر سەرچاوەی تر بۆ وەرگرتن و دەستکەوتنی ئەو وەڵامەی کە بە شوێنیدا ئەگەڕێ و عەوداڵە، بۆیە زەمانەت و زامنی ئەوە ناکرێ کە ئەم سەرچاوانە پاك و بێگەرد بن ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی تریشەوە منال باوەڕ و متمانەی بە دایك و باوکی نامێنێ و لەق ئەبێت، پالی پێوە ئەنێ کە جارێکی تر پەنا نەباتە لای دایك و باوکی بۆ خستنەڕوو و کردنی ئەو پرسیارانەی کە لە بیرو هزریا دێن و دەڕۆن، بۆیە بە بەردەوام ئەگەڕێ تا وەڵامی پرسیارەکانی دەست بکەوێ، بۆیە دوبارە پەنا ئەباتە بەر سەرچاوە و کەسانی تر، هەروەها لە لایەکی تریشەوە ئەبێتە هۆی کەبت بوون وکپکردنی منال سەبارەت بەو پرسیارانەی کە لە زیهن و فیکریدا ماونەتەوە وئەمێننەوە، کە لە ڕاستیدا ئەصڵ وایە ئەنجامی گەشەکردن و پەرەسەندنی سروشتی بۆ ئاستی هۆشیاری و دۆزینەو گەڕان بێت لای ئەو، کرداری کەبت بوون وکپکردنی و دودڵ بوونی لە

کردنی پرسیارەکانی، بەشدار ئەبێت لە بێدەنگ بوون شاردنەوەی گیانی فێربون و حەزی خۆدەرخستن وچاوگێڕان و سەیرکردن و حەزی زانین لای ئەو، ئەوکات و دواجار منداڵێکمان بۆ دێتە بەرهەم (منداڵێکمان ئەبێت ) کە زیرەکی و توانای فێربوون یاخود ئارەزووی بۆ فێربوون کەم و سنوورداره، یان بە واتایەکی تر، گیانی فێربوون تیایدا ئەکوژرێت.

* پێویستە لەسەر دایک بە تایبەتی، کەوا یاساغی و قەدەغەیی و حەرام بوونی دەرخستنی (داوێن و شەرمگا(جێشەرم) بۆ خەڵکو کەسانی تر، بچێنێ لە ناخ و دەرونی منداڵەکەیدا هەر بە بچوکی و لە کاتی بچوکیدا.

*پێویستە منداڵ بەشداری پێ بکرێت لە گفتوگۆ و وتووێژەکاندا، ئەگەر پرسیاری کرد لە هەر کارێکی سێکسی بۆ ئەوەی بزانێ چ زانیاریەکی لایە لە بارەیەوە.

*پێویستە دایك وباوك پرسیار بکەن لە ئەهل و خاوەن پسپۆڕان وشارەزایان لە باشترین ڕێگەی نمونەیی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی منداڵ، ئەگەر دڵنیا نەبویت لە وەڵام و زانیاریەکانت (ئەگەر زانیت وەڵامی پرسیارەکان نازانیت) ئەبێ پرسیار بکەیت لە زانایان و شارەزایان تا وەڵامی ڕاست و دروست پەیدا ئەکەیت بۆ منداڵەکەت.

*پێویستە دایك واز بێنێت و دەست هەڵبگرێ لە خوو و نەریتی شۆردنی (شۆرینی) بە کۆمەڵی هەموو منداڵەکان لە یەککاتتدا (واتە نابێت دایك هەموو منداڵەکان بەیەکەوە و لە یەك شوێندا بشوات هەموویان بە یەکجار) بەڵکو ئەبێ هەر یەکە و بەجیا و تاکە تاکە بیان شوات، نابێت هیچ منداڵێك جەستەی ئەوی دی ببینێت، وە ئەگەر بارو دۆخەکە لە بار نەبو و نەگونجاو بو دایك بۆی نە لوا هەر منداڵەو بەجیا بشوات ، ئەوا ئەبێت داوێن و شەرمگا(جێشەرم) ی منداڵەکان دا بپۆشێ چ لە کاتی شۆرینیاندا و چ لە کاتی چاوەڕوانیاندا.

٣-منداڵیی (منداڵێتی/ الطفولة) ناوەندی(الوسطى):

منداڵیی (منداڵێتی/ الطفولة) بریتیە لە تەمەنی (٧) ساڵ تاوەکو تەمەنی (٩) ساڵان، وە لەگەڵ سەرەتای ئەم دۆخ و قۆناغە بەرنامەی فێرکردنی منداڵ لە خوێندنگاکان

دەست پێدەكات، ئەوەش ئەو تەمەنەیە كە پەیامهێنی ئازیزو خۆشەویست(ﷺ) فەرمانی كردوە بە دەستپێكردن بە فێركردنی(منالّ) هەندێ ئەركی شەرعی وەك نوێژ، وە لەبەر ئەمە ئەبێت ئاگادار و چاودێری ئەم خالأنەی لای خوارەوە بین:

* پێویستە دڵنیایی و جەخت بكرێتەوە لەسەر پەیوەست بوون بە بناغە و بنەماكانی دۆخ و قۆناغی پێشەوە (منالّیی (منالّێتی/ الطفولة) زوو گەشەكردوو(زوو پێگەییوو) پێشوەخت).

* لەم قۆناغەدا جەخت بكرێتەوە لەسەر نوێژ فێركردنی منالّ (منالّ فێربكرێت كە چۆن نوێژ بكات) ، بە پێشەنگی (پێشەنگ بوون) و بە باشترین و چاكترین هاندانی (هاندان كردنی).

* پێویستە دەستپێشخەری بكرێت بە پێشكەشكردنی هەندێ زانیاری سوك و ئاسان و سادە، لە باس و بابەتی فێركردن و ڕۆشنبیركردن، ئەگەرچی گشتیش بێت یاخود شەرعی، كە پەیوەست بێت بە باس و بابەتی سێكسیەوە.

*منالّ فێر بكرێت كە چەمكی داوێن (شەرمگا(جێشەرم) چیە، كە پێویستە دیار نەبێت و داپۆشراوبێت، وە چاو داخستن لە بینین ڕوانین بۆ داوێن (شەرمگا(جێشەرم) ی خەڵكی، ئەوەی دروستە سەیری بكرێت و ئەوەیش كە دروست نیە سەیر بكرێت، وە كاری ئەندامەكانی زاوزێ چیە و وە گرنگ و پێویستە پشتگوێ نەخرێن و بە گاڵتە و بە بێ سود سەیر نەكرێن، بەڵكو ئەبێت هەندێ زانیاری سوك و ئاسان و سادە بدرێت بە منالّ لە بارەی جیاوازی نێوان نێر ومێ و چ لە بارەی بنیاتی جەستەییەوە، یاخود لە بارەی كارو فەرمان و ئەركی كۆمەڵگاییەوە بێت.

* منالّ مانای پاك وتەمیزی وخاوێنی وپوختی فێر بكرێت كەوا یەكێكە لە مەرجەكانی ڕاستی ودروستی نوێژ، لێرەوە ئەتوانین بچینە ناو باسەكەوە دەربارەی ئەندامە هەستیارەكانی جەستە، ئیتر ئەندامی نێرینە و مێینە بێت یاخود ئەندامی دواوە (كۆم)ی هەردوو ڕەگەز بێت .

وە چۆنیەتی دڵنیابون لە پاك وتەمیزیان، وە گرنگیدان بە پاك وخاوێنیان، وە چی پێویستە لێیان بشۆرێ، وە جۆرەکانی دەردراوەکان کە لێیان دەردەچێت، وە سیفەتی ئەم دەردراوانە لە ڕوی پاك وتەمیزی وخاوێنی وپوختی وپیسی و بۆگەنیانەوە، وە کاریگەریان لەسەر دەست نوێژ، ئەبێ ئەمانە هەموویان لە کەش وهەوایەکی بەڕاستی وجیددی و لە سایە و سێبەری ئیمانیدا بێت، منالْ هەست بکات کەوا لە پیاوەتی و بون بە پیاو نزیك ئەبێتەوە.

* کردنەوەی دەرچەیەك و گەڕان بەشوێن هەلێکدا بۆ چونەناو باس و بابەتە هەستیارەکانەوە، لە ڕێگەی ئەو باس و خواس و بابەتانەی کە باسمان لێوە کردن تاوەکو بتوانین باس لە (حەیز و کەوتنەخوێن وبێنوێژی) وئاوهاتنەوە ودابینبون و لەش پیسی، و ئەحکامەکانی بە شێوەیەکی گشتی، بە بێ چونەناو و ڕۆچون لە وردەکاری و بە دورو درێژ باس لێوە کردنی.

*دایك ئەتوانێ بۆ ئەم قسەوباسانە پشت ببە ستێ بە زنجیرە چیرۆکەکانی نامیلکەی ( لبیب ولبیبة والأسرة السعیدة) کە لەم بەشەدا هاتوە لە ژێر ناوی بەندی چوارەم.

٤- منالْیی (منالْێتی/الطفولة) دواکەوتوو(بەجێماو، دواکەوتە).

لەم قۆناغ ودۆخەشدا کە بەردەوام ئەبێت لە تەمەنی (١٠)ساڵیەوە تا تەمەنی (١٢) ساڵی، دایك و باوك و پەروەرشیاران دەستدەکەن بە چاودێری کردن وبە ئاگابون، چونکە منالْ لەم تەمەنەدا دەستی کردوە بە قۆناغ ودۆخی کارلێکردن لەگەلْ هەژێن و وروژێنەرە سێکسیەکان.

*لەم تەمەنەدا پێویستە و ئەبێت جێگە و ڕێگە و شوێنی خەوتنی منالْەکان جیابکرێتەوە، لەوانەشە دەربڕین وشێواز و دەستەواژەی جۆراوجۆر و(جۆرەها)و گێڕاوەی جیاواز هەبن بۆ فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) کە فەرمان ئەدەن بەمە، کە ئەوەش بەڵگە و نیشانەی ئەوەیە کە پەیامهێنی ئەکرەم(ﷺ)، لە چەندەها بۆنەدا وریایی وئاگایی و ئاگاداری داوە بەم فەرمانە، کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیدان و مەودا و ڕادەی گرنگی پێدانی، وەك ئاگادارکردنەوە و

ورياكردنەوەيەك لە خراپەو فريودان و خەڵەتاندنی شەهوەت وهەوا و ئارەزوەكان، ئەگەرچی خوشك و براش بن.

* پێويستە جەخت بكرێتەوە و دڵنيابين لەوەی كە بزانين لە قۆناغەكانی پێشودا چی فێربوە ، وە نابێ پشت گوێ بخرێت و بێباك بێت لەوەی كە پەيوەست نەبێ بەوەی كە چی فێربووە، وە ئەبێ سزا و سەرزەنشت بكرێ لە كاتێكدا ئەگەر لە بيری كردن وبێ ئاگار دەربەست نەبوو لێيان، بە بەراورد لەگەڵ فەرمودەی شيرينی پێغەمبەری ئازيزو خۆشەويست(ﷺ) لە باس و بابەتی نوێژدا (...واضربوهم عليها وهم أبناء عشر سنين) ترمذی و ئەبو داود گێڕاويانەتەوە.

واتە: (فەرمان بە منداڵەكانتان بكەن كە نوێژەكانيان بكەن كاتێك كە تەمەنيان حەوت ساڵانە، ئەگەر نەيانكرد ئەوا لێيان بدەن كاتێك كە لە تەمەنی دە(١٠) ساڵيدان، هەروەها جێگەی خەوتنيان بۆ جيا بكەنەوە لە يەكتری).

بۆ ڕونكردنەوەی زياتر و جەختكردنەوە و خستنە ڕوی ئەو شتانەی كە فێربوە لە بنچينە و بنەما سەرەكيەكان، كە ئەمانە لە پێشەوە باسكراون و ئاماژەيان پێدراوە، جەختكردنەوە لەسەر ئادابی ئيزن و مۆڵەت وەرگرتن، و چاو داخستن لە ئاستی نامەحرەم.

* پێويستە منداڵ فێری ماناو چەمكی خەڵوەت وبە تەنيا دانيشتن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر وياساغ و قەدەغەيی بونی بكرێت و بۆی باس بكرێت، وە حوكمی دەست لێدان و دەست بەركەتن لە ژنی بيانی و نامۆ وە تەوقە لەگەڵنەكردنی، وە حيكمەت و دانايی لە هەموو ئەم ئەحكامە شەرعيانە، ئەبێت فێری منداڵ بكرێت.

* هەموو ئەو باس و بابەتانەی كە پێشتر باسمان لێوە كردن، بريتين لە كار و فەرمانی شەرعی، بۆيە پێويستە و ئەبێت دابين بكرێن و بدرێن بە منداڵ و منداڵ پڕ زانياری بكرێت لەو ڕوەوە و لەم تەمەنەدا ، وە دڵنيابون لە لێ تێگەيشتنيان و زانينيان جەختيان لەسەر بكرێتەوە، وە بە تەواوی هۆشياری هەبێت لەسەريان، تێبگەێنرێت كەوا هەموويان ئەركی شەرعين پێويستە پەيوەست بێت پێيانەوە.

* هاوکاری و یارمەتی منالان بکرێت لەسەر دروست کردنی هاوڕێکانیان لە خێزان و خانەوادەی پارێزکار و گرنگیدەر بە منالەکانیان، وە زۆر گرنگە کە هاوڕێ نزیکەکانی منالّ بزانرێن و ناسراوبن، (ناسینی هاوڕێ نزیکەکانی منالّ زۆر گرنگە)، بە تایبەتی ئەوانەیان کاریگەری یان هەیە لەسەریان، وە ڕادە و مەودای سەلامەتی ژینگەی ماڵەکەیان، وە ڕەفتار و خو ڕەوشتیان و ئەدەبیان، وە سروشتی قسەکردنی نێوانیان (خێزانەکەیان) چۆنە، ئەمەش بۆ دڵنیابونە لە سەلامەتی و دروستی ڕەفیقایەتی و هاروڕێیاتی، بە هۆیانەوە و لە ڕێگەی ئەوانەوە نابێت لێیان هەڵبژێرێ و بکرێنە هاوڕێ و هاودەم، ئەوانەیان کە پەروەردەیان تێکچوە و کەم وکوتی تێدایە (تێکچون لە پەروەردەیاندا هەیە) یاخود تەسەور و بیرو بۆچون و ئەندێشەیان شێواوە لە ناخیاندا بە تایبەتی پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز (نێر و مێ).

* وتووێژ و پەیڤین بکرێت لەگەڵ منالّ (کوڕ) لە بارەی هەندێ بەڵگە و نیشانە وەك گۆڕینی دەنگ ودەرکەوتنی موو و هەڵسان و ڕەپبون و ئاوهاتنەوە و لەش پیسی.

* وتووێژ و پەیڤین بکرێت لەگەڵ منالّ (کچ) لە بارەی هەندێ بەڵگە و نیشانە وەك (حەیز و کەوتنە خوێن و ئاوهاتنەوە و لەش پیسی وخۆشۆرین و خۆپاککردنەوە)...هتد.

* قۆستنەوەی هەل و فرسەت لەلایەن پەروەرشیاران و پەروەردەکاران بە تایبەتی دایك و باوك بۆ قسەکردن لە بارەی ئەم کارو فەرمانانەوە بە بەرگ و پەردەو ڕوکەشێکی ئاینی، وەك چیرۆك کە لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی شیرینی پەیامهێنی ئازیزدا (ﷺ) هاتوون.

* ئەگونجێ و ئەکرێت بۆ دایك و باوك و مامۆستایانی هەردوو ڕەگەز کەوا سود وەربگرن لە زنجیرە نامیلکەی ( لبیب ولبیبة والاسرة السعیدة) کە زۆربەی زۆریان کە لە پێشەوە باسیان لێوە کراوە ڕوکەشکراون و داپۆشراون لە ژێر تیشك و ڕۆشنایی شەریعەتی ئیسلامەتیدا.

وە لە سەروی هەموو ئەوانەشەوە کە لە پێشەوە باسمان لێوە کردوون، بۆیە هەر ئەبێت یادی دایکەکە بخرێتەوە بە تایبەتی بە هەندێ کار و فەرمانی گرنگ بۆ نەشو نماو گەشەکردنی منالْ، وەیارمەتی منالەکەش بدرێ بۆ جێگیر کردنی مەیل و ئارەزوە فیتری و سروشتیەکانی کە گونجاون لەگەلْ پێکهاتە و دروستبوونە تەشریحیەکەیدا، لەبەر ئەوە جێگیر بوە و چەسپاوە کە وا ژینگە و دەوروبەر ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە لە ڕێنمایی کردنی حەزو مەیل و ئارەزوەکان هەر لە منالیەوە چ بە ئەرێنی بێت ئاخود نەرێنی، بۆ ئەمەش پەیامهێنی ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) ڕێنیشاندەرو ڕێنماییمان ئەکات هەروەك لە فەرمودەیەکیدا ئەفەرموێ : (مَا مِنْ مَوْلُــودٍ إِلاَّ يُولَــدُ عَلَــى الْفِطْــرَةِ فَــأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِــهِ وَيُنَصِّــرَانِهِ وَيُمَجِّسَــانِهِ)(رواه مسلم).موسلم ڕیوایەتی کردوە و گێڕاویەتەوە.

واتە: (هیچ لەدایکبوویەك نییە مەگەر هەمووی لەسەر فیترەی ئیسلامو خواناسی لەدایك بووە، ئینجا دایكو باوکی دەیکەن بە جولەکە یان مەسیحی یان ئاگرپەرست).

واتە/ دایك و باوك ڕۆڵی زۆر گرنگیان هەیە و دەوری زۆر گرنگ ئەبینن، چونکە نزیکترین بەشی (کەس)ی ژینگەن لە منالەکەوە ...لەبەر ئەمە ئەو ژینگەیەی کە منالی تێدا دەژی گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە نەش و نما و گەشەی منالەکەدا، بۆیە هەرئەبێت کە دایك ئەم بە ئاگابون و چاودێریە وردانەی منالەکەی بکات هەر لە تەمەنی یەك ساڵیەوە، کچ بێت یان کوڕ لەگەلْ یەکسانیەکی تەواودا لە نێوانیاندا .

١-پێویستە وریا بێت و ئاگای لە یاریە منالانەکان بێت، بۆ هەر یەکێکیان جۆرە یاریەکی تایبەت و دیاری کراوهەیە، ماقولْ و ژیرێتی نیە کەوا منالێکی کچ پەروەردە و بەخێوبکرێت لەسەر یاری کردن بە شمشێر و دەبابە و تەیارەو تانك وگولله و هاوەن ...هتد، هەروەها ماقولْ و ژیرێتی نیە کەوا منالێکی کوڕ پەروەردە و بەخێو بکرێت لەسەر یاری کردن بە بوکەلە و بوکەشوشە و کراسەکانیان و موستیلە و بازن وئالْتون...هتد.

٢- پێویستە دوبارە وریا و ئاگادار بێت لە جل و بەرگ و پۆشاکیان ڕوکار و ڕەواڵەتی گشتی و دەرەوەیان هەر لە کورتی قژەکانیان یاخود شتی تریان، چونکە هەریەك لە کوڕان و کچان تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە و لەناو خەڵکیدا وا ناسێنراون.

٣-پێویستە لەسەر دایك هەوڵبدات لە شاردنەوە و داپۆشینی کرداری شیرپێدانی سروشتی (پێدانی

شیری مەمکی دایك) لە بەر دیار و چاو ی منداڵە کوڕەکان، لەبەر ئەوە ئەمە کارێك و کردارێکی تەواو (مێ)ینەیە، چونکە حاڵەتی زۆر تۆمار کراوە کە منداڵە نێرینەکان (کوڕەکان) لاسایی دایکەکانیان ئەکەنەوە لەو کارەیاندا، لەبەر ئەوە بینینی ئەو دیمەنە کاریگەری نەرێنی ئەبێت  لەسەر حەز و مەیل و ئارەزویان کاتێ کە گەورەبوون.

٤- پێویستە منداڵەکان فێری نزاو پاڕانە و لاڵانەوەی گێڕراوە (دەماو دەم) و پێشینان بکرێن بە تایبەتی نزاکانی ڕۆژ و شەو(بەیانیان وئێواران).

٥-پشت ببەسترێت بە هەندێ لە چیرۆکی مەبەستدار لە کاتی نوستنیاندا کە لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیرابن و هەڵگۆزرابن، وەك چیرۆکی (مەریەمی پاکیزە) و چیرۆکی گەورەمان یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت)، و وە لە فەرمودەکانی پەیامهێنی نازدار (ص) وە فەرمودەی (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ، يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ: الإِمَامُ العَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي المَسَاجِدِ، وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ، فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ، أَخْفَى حَتَّى لا تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)( رواه البخاري في صحيحه عن أبي هريرة، كتاب الآذان. ورواه مسلم في صحيحه عن أبي هريرة كتاب الزكاة.)

واتا: (حەوت کەس هەن خوا دەیانخاتە ژێر سێبەری خۆی لە ڕۆژێکدا هیچ سێبەرێ نییە جگە لە سێبەری خوا: پاشایەکی دادوەر. لاوێك لەسەر عیبادەتی خوا پەروەردە بووبێت. پیاوێك دڵی پەیوەستی مزگەوت بێت. دوو پیاو لەبەر خوا

یەکیان خوش ویستبێت، لەسەر ئەو خۆشەویستییە یەکیان گرتبێت، لەسەر ئەو خۆشەویستییەیش لەیەك جیاببنەوە. پیاوێك ئافرەتێکی خاوەن پلەو جوانی بانگی بکات {بۆ خراپە} بڵێ: من لەخوا دەترسم. پیاوێك خێرێك بکاتو بیشارێتەوە هەتا چەپی بە ڕاستی نەزانێت. پیاوێك لە پەنامەکیدا لەخوا بپاڕێتەوەو، ئاو لە چاوانی هەڵنیشێ!).

*فەرمودەی سێ کەسەکە کە لە ئەشکەوتەکەدا مانەوە و گیریان خوارد کە پەیامهێنی خۆشەویست (ﷺ) لە بارەیانەوە ئەفەرموێ:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ –رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا– عَنْ النَّبِيِّ –صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ– قَالَ: بَيْنَمَا ثَلاَثَةُ نَفَرٍ يَمْشُونَ أَخَذَهُمْ الْمطَرُ فَأَوَوْا إِلَى غَارٍ فِي جَبَلٍ فَانْحَطَّتْ عَلَى فَمِ غَارِهِمْ صَخْرَةٌ مِنْ الْجَبَلِ فَانْطَبَقَتْ عَلَيْهِمْ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ: انْظُرُوا أَعْمَالاً عَمِلْتُمُوهَا صَالِحَةً لِلَّهِ فَادْعُوا اللَّهَ بِهَا لَعَلَّهُ يُفَرِّجُهَا عَنْكُمْ، قَالَ أَحَدُهُمْ: اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَ لِي وَالِدَانِ شَيْخَانِ كَبِيرَانِ وَلِي صِبْيَةٌ صِغَارٌ كُنْتُ أَرْعَى عَلَيْهِمْ، فَإِذَا رُحْتُ عَلَيْهِمْ حَلَبْتُ فَبَدَأْتُ بِوَالِدَيَّ أَسْقِيهِمَا قَبْلَ بَنِيَّ، وَإِنِّي اسْتَأْخَرْتُ ذَاتَ يَوْمٍ فَلَمْ آتِ حَتَّى أَمْسَيْتُ فَوَجَدْتُهُمَا نَامَا، فَحَلَبْتُ كَمَا كُنْتُ أَحْلُبُ، فَقُمْتُ عِنْدَ رُءُوسِهِمَا أَكْرَهُ أَنْ أُوقِظَهُمَا وَأَكْرَهُ أَنْ أَسْقِيَ الصِّبْيَةَ وَالصِّبْيَةُ يَتَضَاغَوْنَ عِنْدَ قَدَمَيَّ حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُهُ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ لَنَا فَرْجَةً نَرَى مِنْهَا السَّمَاءَ، فَفَرَجَ اللَّهُ فَرَأَوْا السَّمَاءَ.

وَقَالَ الآخَرُ: اللَّهُمَّ إِنَّهَا كَانَتْ لِي بِنْتُ عَمٍّ أَحْبَبْتُهَا كَأَشَدِّ مَا يُحِبُّ الرِّجَالُ النِّسَاءَ، فَطَلَبْتُ مِنْهَا فَأَبَتْ عَلَيَّ حَتَّى أَتَيْتُهَا بِمِائَةِ دِينَارٍ فَبَغَيْتُ حَتَّى جَمَعْتُهَا، فَلَمَّا وَقَعْتُ بَيْنَ رِجْلَيْهَا، قَالَتْ: يَا عَبْدَ اللَّهِ اتَّقِ اللَّهَ وَلاَ تَفْتَحْ الْخَاتَمَ إِلاَّ بِحَقِّهِ، فَقُمْتُ فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُهُ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ عَنَّا فَرْجَةً، فَفَرَجَ وَقَالَ الثَّالِثُ: اللَّهُمَّ إِنِّي اسْتَأْجَرْتُ أَجِيرًا بِفَرَقِ أَرُزٍّ، فَلَمَّا قَضَى عَمَلَهُ، قَالَ: أَعْطِنِي حَقِّي، فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ، فَرَغِبَ عَنْهُ فَلَمْ أَزَلْ أَزْرَعُهُ حَتَّى جَمَعْتُ مِنْهُ بَقَرًا وَرَاعِيَهَا، فَجَاءَنِي فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ، فَقُلْتُ: اذْهَبْ إِلَى ذَلِكَ الْبَقَرِ وَرُعَاتِهَا فَخُذْ، فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ وَلاَ تَسْتَهْزِئْ بِي، فَقُلْتُ:

إِنِّي لاَ أَسْتَهْزِئُ بِكَ، فَخُذْ فَأَخَذَهُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ مَا بَقِيَ، فَفَرَجَ اللَّهُ. قَالَ أَبُو عَبْد اللَّهِ وَقَالَ إِسْمَاعِيلُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْنِ عُقْبَةَ عَنْ نَافِعٍ: فَسَعَيْتُ). متفق عليه .

واتـا: (ئیبنـو عومـەر (خـوا لێـی ڕازی بێـت) وتـی: پێغەمبـەری خۆشەویسـت (ﷺ) فەرموی: جارێك سێ كەس بە ڕێگایەكدا دەڕۆیشتن، باران دایگرتن جا پـەنایان بـردە بـەر ئەشـكەوتێك لـە كێوێـك، تاوێرێـك لـە كێوەكـەوە گـل بوویـەوەو دەرگـای ئەشـكەوتەكەی قـەپات كـرد، جـا لـە نـاو خۆیانـدا وتیـان: سـەیر بكـەن بـزانن چ كردەوەیـەكی باشـتان كـردووە بـۆ خـودا، بـەو كردەوانـە لـە خـوا بپاڕێنـەوە، بـەڵكو خودا دەرووتان لێ بكاتەوە.

یەكێكیان گوتی: خودایە! خۆت ئاگاداریت كە من باوكو دایكێكی پیرو بە تەمـەنم هەبوونو چەند منداڵێكی وردیشم هەبوون، شوانیم بۆ دەكردن، هـەموو جارێك كە دەگەڕامـەوە بـۆ ماڵـەوە ڕانەكـەم دەكـردە پەچـەوەو شـیرم دەدۆشـیو لـە پێشـدا دەرخـواردی بـاوكمو دایكمـم دەدا، ئینجـا بەشـی منداڵەكانیشـم دەدا، تـا ڕۆژێـك درەنگم بەسەرهاتو كە هاتمەوە شەو بوو، ڕوانیم دایكو بـاوكم خـەوتوون، منیش وەك جاران شیرم دۆشیو بە دیار سەریانەوە ڕاوەستام (تا كەی خەبەریان بوویـەوە شیرەكەیان بخۆنەوە)، بەڵام حەزم نەكرد كە خەبەریان بكەمەوەو پێشم ناخۆش بوو كە بەر لەوان شیر بدەم بە منداڵەكان، منداڵـەكانیش (لـەم ماوەیـەدا لەبـەر پێمـدا) لـە برسـاندا هـەر دەزروكانـەوە، تـا شـەبەقیدا ئەمـە حاڵمـان بـوو، جـا ئـەی خودایـە! تـۆ دەزانیت ئەگەر ئەمەم لەبەر ڕەزامەندی تۆ كردووە، ئەوا دەرویـەكمان لـێ بكـەرەوەو كەلەبەرێكمان بۆ بكەرەوە كە ئاسمانی لێوە ببینین! جـا خـوای گـەورە كەلەبـەرێكی بۆ كردنەوەو ئاسمانیان لێوە دی، یەكێكی تریان گوتی: خودایە! خـۆت ئاگاداریـت كە كچێكی ئامۆزام هەبوو، چەندە پیاو حەز لە ئافرەت دەكات ئەوەنـدە حـەزم لێـی بوو، كە داوای ئیشی خراپەم لێكرد، خۆی نەدا بە دەستەوە تا سەد دینـاری زێـڕی نە دەمێ، منیش تێكۆشام تا ئەو پارەیـەم كۆكردەوەو بـۆم بـردو پێمـدا، جـا كاتێـك لەناو لنگیدا دانیشتمو ویستم بە دەستی بگرم، كچەكە گوتی: ئەی عەبدوڵڵا!: ئەی

بەندەی خودا لە خودا بترسەو ئەم مۆرە بە ناڕەوا مەشکێنە، ئیتر منیش هەڵسامو وازم لێهێناو پارەکەیشم دایە بە خۆڕایی بۆ خۆی، جا ئەی خودایە! تۆ دەزانیت ئەگەر ئەمەم لەبەر ڕەزامەندی تۆ کردووە ئەوا دەرووییەکمان لێ بکەرەوە، جا خوای گەورە دەرووییەکی تری لێ کردنەوەو، تا دوو بەشی تاوێرەکە لەسەر دەرگاکە لاچوو.

سێهەمیشیان گوتی: خودایە! تۆ خۆت ئاگات لێیە کە من جاری بە قزناخێك برنج –یەکەیەکی پێوانەییە کە دەکاتە (١٦رطل) کە بریتیە لە (١٢ مُدّ) یان (٣ صاع) لای ئەهلی حیجاز– کرێکارێکم بە کرێ گرت، کە ئیشەکەی تەواوکرد، وتی: کرێکەمم بدەرێ، منیش گوتم: کرێکەت ئەوەتانێ، کەچی بە دڵی نەبوو، وەری نەگرت، ئیتر لەوەو دوا هەموو وەرزێك ئەو چەڵتوکەم دەچاند، تا وا زۆر بوو بوو گاگەلێكو چەند شوانێکم پێ کڕی، تا ڕۆژێك کرێکارەکەم هاتەوە بۆ لام وتی: لە خودا بترسە کرێکەمم بدەرێ، منیش گوتم: بڕۆ ئەو گاگەلەو شوانەکانی ببە بۆ خۆت. گوتی: لە خوا بترسە گاڵتەم پێ مەکە، منیش گوتم: بە ڕاستمە، گاڵتەت پێ ناکەم هەمووی ببە، جا ئەویش هەمووی برد بۆ خۆی. جا ئەی خودایە! تۆ دەزانیت ئەگەر ئەمەم لەبەر خاتری تۆ کردووە، ئەوا دەرگای ئەشکەوتەکەمان بە تەواوی بۆ بکەرەوە، جا خوای گەورە دەرگاکەی تەواو بۆ کردنەوە، لە دوای گێڕانەوەکەیاندا: (ئینجا هاتنە دەرەوەو ڕۆیشتن)).

هەروەها چیرۆکی زۆر هەیە، کە پێویستە بەکار بهێنرێن، چونکە مانا و واتای بیر وباوەڕێتی و بڕوایێتی لە دڵ و دەرون و نەفسی منالاندا ئەچێنرێت و سەوز ئەبێت و چەکەرە ئەکات.

٥– قۆناغی هەرزەکاری (هەرزەیی) :

واتە لە بنیچینەی زمانەوانیدا یانی نزیك بونەوە، منالەکە بوو بە هەرزە (هەرزەکار) یانی نزیك بویەوە لە (شەیتانی بوون و ئاو هاتنەوە لە خەودا)، (لە شتەکە نزیك بویەوە بە نزیکی) واتە لێی نزیك بویەوە، ئەم قۆناغەش بریتیە لە تەمەنی(١٣ بۆ ١٥) ساڵ، کاتێك کە منال باڵغ نەبو بێت، چونکە هەندێ منال لە هەندێ ژینگەدا باڵغ ئەبێت لەم تەمەنەدا، کە ئەمەش بریتیە لە قۆناغی پێش باڵغ

بوون، خودی قۆناغی باڵغ بونەکە نیە، کە ئەم حاڵەتە لای خەڵکی وانیە (وا لێی تێنەگەیشتوون)، کاتێك کوڕ(شەیتانی بوو و ئاوی هاتەوە لە خەودا)، یاخود کچ کەوتە سەر خوێن وکەوتە حەیزەوە، ئەوا چونەتە ناو ئەو قۆناغەی کە بە دوایدا دێت واتە قۆناغی باڵغ بوون، بەلاّم قۆناغی هەرزەیی (هەرزەکاری) قۆناغی ئامادەکاری و ئامادە بوونە بۆ باڵغ بوون، کە لە ڕێیەوە (بەهۆیەوە) زۆرێك لە گۆڕانکاری (هەستی (حەزو هەوەس )، دەرونی، بیر و ژیریی و هزری) پەیدا ئەبن ودێن بەسەر منالّدا بۆ ئاگادارکردنەوەی کە کارێکی گرنگ و گەورە چاوەڕێیەتی و لێی ڕوو ئەدات، بۆیە لەبەر ئەمە قۆناغێکی ورد و هەستیارە، وە ئەگەر دایك و باوك و کەس و کار لێیان نەپرسیەوە و بێئاگا بوون لێی و گوێیان پێ نەدا دەربەست نەبوون لە پەروەردە و ڕێنیشاندان و ڕێنمایی کردن و چاودێریکردنی منالّ لە قۆناغەکانی پێشووتریدا، ئەوا بێگومان قۆناغەکە قورس و گران و ئالّۆز دەبێت.

ئەم قۆناغە کە هەندێك ناویان ناوە قۆناغی (لەدایکبوون) ی تازە و نوێ، کە هەرزەکار تیایدا هەوڵدەدات بۆ هەلاّتن و دەربازبوون لە منالّێکەوە کە پشتی بە گەورە بەستوە، پشتیوانی وپشتو پەنای لەسەر گەورەکان بووە (لەپشت بەستن و باوەڕ بوون بە گەورە بۆ گەڕان بە شوێن سەربەخۆیی و ئازادی خۆیی)، سەرنجی لە خۆیداوە (بەخۆیدا ڕوانیوە) سەیری بەژن وبالاّی خۆی کردوە و بە خۆیدا ئەنازێ، کە سەرەتایی گۆڕانکاریەکی جەستەیی خێرایە، بە هۆی زیادبونی دەردانی هۆڕمۆنەکانی گەشەوە، وەك زیاد بونێکی ڕون وئاشکرا لە بالاّو درێژیدا و زیادبوون لە کێشدا و، وە زۆربون وکۆبونەوەی چەوری بە تایبەتی لە (مێ) کچاندا، هەروەها گەشەی پەیکەری ئێسك (ئێسکە پەیکەر) بە شێوەیەکی گشتی، وە گۆڕینی دەنگ لە (نێر) کوڕاندا، وە پەیدا بوون و گەشەی مووەکان لە ناوچە هەستیارەکاندا وەك توکی( بن بالّ و بەر)، وە هەندێ لەم گۆڕانکاریانە دوا دەکەون بۆ دوای باڵغ بوون( کاتی ماوەی باڵغ بوون نەك هەرزەکاری).

*گرنگە لەم قۆناغەدا کە منالّ فێر بکرێت کە نە ترسێ و شەرم نەکات لە پرسیارکردن سەبارەت بەو گۆڕانکارو گەشەکردنانەی کە بەسەر جەستەیدا دێن، ئیتر ئەگەر گەشەکردنەکان دەرونی بن یاخود جەستەیی یان سۆزداری بن، بەڵکو

ئەبێت فێر بكرێت كە پرسیار لە هەموو ئەو شتانە بكات كە بە هۆش و بیرو هزر و خەیاڵیدا دێن و دەڕۆن.

*پێویستە هەرزەكار لە لای باوك ودایك ی دڵێكی فراوان و ئەقڵێكی تێگەیشتوو و وەلأمێكی تەواو و ساڕێژكەر بدۆزێتەوە ودەستی بكەوێت، لە كەش و هەوایەكی پڕ ڕێزو سۆزو ستایش وخۆشەویستی گەورەیی، نەك لۆمەو سەرزەنشت و گلەیی وگازندە و سەرسامی وحەپەسان ! ئەمە كتێب و پەڕتوكی پاك و بێگەردی خوای مهرەبانە كە (٢٣) جار باس لە ووشەی هاوسەری و هاوژینی و وەرگێراوداتاشراوەكانی ئەكات، وە ڕاستەوخۆ پیاوان بۆ ژنەكانیان كە لە دەها شوێندا لە قورئانی پیرۆزدا بە شێوە وشێوازی جیاواز هاتووە.

*پێویستە دڵنیابوونەوە لەوەی كە هەرزەكار لەم قۆناغەدا بە تەواوی مانای باڵغ بون و نیشانەكانی وئەو ئەحكام و ڕێساو یاسایانەی كە پەیوەستن پێیەوە بە كردنیان و نە كردنیان ئەزانێت، وە ئەو كێشەو گیرو گرفت كۆسپ و تەگەرانەی كە لە قۆناغی باڵغ بووندا توشی ئەبێت و دێنە ڕێگەی، وە ئەو كاروفەرمانانەش كە ڕەنگە چاوەڕوان بكرێت و بێنە ڕێگەی چوونە ژوورەوەو ئاگابوون و ورياییە شەرعیەكان. بۆ نمونە وەك:

١-پێویستە جەخت بكرێتەوە و دڵنیابوون لە پاك وخاوێنی بۆ نوێژ لە هەردوو(قەومان وبەسەرهات) ی و ڕوداوەكە (گەورەو بچوك)، وە ئەبێ ئەحكام و چۆنیەتی (الاستنجاء) فێربوبێت و بزانێت.

٢-وە پێویستە بە تەواوی مانا و واتای لەشگرانی و لەش پیسی و ئەحكامەكانی بزانێت، وە سەبارەت بە (مێ) وە ئەبێ ئەحكامەكانی حەیز وكەوتنە سەر خوێن فێربوبێت و بزانێت، هەروەها چۆنیەتی غوسڵ (خۆشۆرین) وفەرز و سونەتەكانی خۆشۆرین و حەز پێكراوەكان (ئارەزوولەسەرەكانی خۆشۆرین و ئاكار و ڕەشت ونەریتی چوونە سەر ئاو) فێربوبێت و بزانێت.

٣-هەروەها پێویستە جەخت بكرێتەوە و دڵنیابوون لە جێبەجێكردنی ڕاست و دروست بۆ ئاكار و ڕەشت ونەریتی مۆڵەت و ئیزن و ڕوخسەت وەرگرتن، و

چاوداخستن لە ئاست نا مەحرەم و، وە بە حەرام بونی سەیرکردنی وێنە ڕووت و بەرەڵاکان، وە تەوقە نەکردن لەگەڵ کەسانی نامەحرەم، وە مانا(واتای) عەورەت ودامێنی هەریەك لە پیاو وژن بزانێت و وەچی لە ئەندامی جەستە دروستە دەربکەوێت وەچی لە ئەندامی جەستە پێویستە دەرنەکەوێت بۆ کەسانی نامەحرەم و بیانی ونامۆ، وە ئەبێ کەسانی نامەحرەم و بیانی ونامۆ بناسێ و بۆی باس بکرێت و کێن ئەو کەسانە.

٤- هەروەها پێویستە فێربکرێت و بزانێت کە ڕێساوداب ونەریتە فیتریەکان کامانەن و چین بیزانێت، ئەوەیش پەیوەستە بە پاك و خاوێنی کەسایەتیەوە، یاخود کە هەندێ کەسیش لە ژێر ناوی (تەندروستی سێکسی) ناوی ئەنێت، وەك تاشینی بەر(توکەبەر) ولابردنی مووی بن باڵ، چونکە مووەکانی ئەم ناوچانە تازە پێگەیشتوون و لە زۆر بوون وگەشەدان، چونکە پێشتر نەیانزانیوە چۆن پاك وخاوێنیان بکەن و پاك ڕایانگرن.

٥-هەروەها پێویستە وانەی سێکسییشی بۆ بوترێتەوە، لە بارەی هەموو ئەو دروستکراوانەی کە زۆر ئەبن و زیاد ئەکەن، وە ڕێگەی زیاد بوون و زۆر بونیان وەك ئەرکێکی گرنگ و پێویست و بنچینەییە بۆ بەردەوامی بونیان و مانەوەیان، نمونەی ڕووەکەکانیش ئەهێنیتەوە کە ڕووەکەکانیش بەهەمان شێوە لە زۆر بوون و زیاد بوندان، بە هەمان شێوەش ئاژەڵ و حەیوانەکانیش هەمان حاڵەت و باریان هەیە، تا وەکو گەیشتۆتە نێوان گرۆهی ئادەمیزاد، ئەبێ پلەبەندی تێدا بکرێت لەم وانانەدا لە وانەی سادە و ساکارەوە بۆ وانەی ئاڵۆز وە لە وانەی ئاسان وسوکەوە بۆ وانەی گران وقورس، وە لە وانەی ئاساییەوە بۆ وانەی دژوار وپەشۆکاو شپرزەبوون، لە کەش وهەوایەکی زانستی و جیاواز بێت جیابکرێتەوە بە ڕاستی و جیدیەت و ڕاستێتی وشکۆ و شەرم و مەندی.

٦-هەروەها ڕێنمایی وئاڕاستەکردن بکرێت و بە توندوتۆڵی پێی ڕاسپێررێت، لەم قۆناغەدا مناڵ (فکرة) بیرۆکەو هزرۆکەیەکی بە گشتی بدرێتێ، وە بۆ قۆناغی دواتری بە دورو درێژی بۆی تەواو ئەکرێت لەسەر پەیوەندیە سێکسیەکان، چی حەرام و قەدەغەو یاساغە و چیش ڕاست و دروست و حەڵاڵە، وە بۆی

ڕونبکرێتەوە کە خووی نهێنی کامەیە و حوکمەکەی و زەرەر و زیانەکانی کامانەن، وە هەروەها بۆی ڕونبکرێتەوە کە هەتیوبازی و نێربازی پانپانۆکێ کامەیە و چەپەڵی ناشیرینی و حوکمەکەی وسزاکەی کامانەن، هەروەها بۆی ڕونبکرێتەوە کە زیناو داوێنپیس کامەیە و زەرەر و زیانەکانی وترسناکیەکەی وسزای بکەرەکەی کامانەن.

٧-پێویستە کەناڵە ناوخۆییەکانی تەلەفزیۆن وکەناڵە ئاسمانیەکان ڕێك و پێك و ڕێکبخرێن و کەناڵە باش و بەسودەکان دیاری بکرێن و هەڵبژێردرێن لە ڕێگای (تشفیر) کۆدی وێستگەکان لە تەلە فزیۆندا هەیە، چونکە زۆربەی زۆری کەناڵە ئاسمانیەکان ڕێك و پێك ونین بەشانۆکان و فلیمەکانیشیانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی کاریگەری خراپ و نەرێنی بە جێ نەهێڵێ لەسەر مناڵەکان.

٨-پێویستە مناڵەکان ڕەوانەی ناوەندەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بکرێن، وە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەس و هاوڕێ ی چاك و باش و صاڵحدا بکات، لەگەڵ کەش و هەوایەکی ڕۆحی و ئیمانی و قورئانی، وە ڕێنمایی ڕاست و دروست و ساغ بکرێن.

٩- پێویستە مناڵەکان ڕێنمایی بکرێن بەرەو لای وەرزش وخوێندنەوە ڕەوانە بکرێن، بۆ گرنگیدان بە جەستەیان وئەقڵ و فام و ژیریان.

١٠-گفتوگۆ و وتوویژ و قسەکردن لەسەر چیرۆکەکانی (لبیب ولبیبة والاسرة سعیدة) لەگەڵ کوڕەکان وکچەکاندا لە لایەن باوك و دایکەوە هەریەکەیان لە بواری پسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆیاندا ،

وە پێشکەشکردنی زانیاری و ڕۆشنبیرکردن لەم قۆناغەدا ئەرك و قورسایی ئەکەوێتە سەرشانی مامۆستایانی (پیاو ژن) و سەرباری دایك و باوکیش، لێرەدا بەرپرسیارێتی هاوبەشە، بۆیە پێویستە هاوکاری و یارمەتی وڕێککەوتن و گونجاندن هەبێت لە نێوانیاندا بۆ ئەوەی بە باشترین و جوانترین شێوە هەستن بە ئەنجامدانی پرۆسەی ڕۆشنبیرکردن و پێشکەشکردنی زانست و زانیاری.

## ڕۆشنبیر کردن لە قۆناغی باڵغیدا(باڵغ بووندا)

ئەم قۆناغە بریتیە لە هەڵسەنگاندن ودەرەنجام و بڕیار، سنوری کۆتایی پێهێنان و بڕاندنەوە لە نێوان تەواوکردنی بەرپرسیارێتی وکەم و کورتیەکانی، هەروەها ئەم قۆناغە بریتیە لە هێماو نیشانەیەکی جیاواز لە ژیانی ئادەمیزاددا، کە هەر بە دەرکەوتنی نیشانەکانی باڵغ بوون، ئیتر مرۆڤ و ئادەمیزادی ژیرو ئاقڵ بەر پرس ئەبێت لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاری بە بەرپرسیاریەتێکی تەواو گشتگیر، لەبەر ئەمەیە ناوی لێنراوەو پێی ئەوترێ تەمەنی (التكليف الشرعي/ ئەرك و پێسپاردنی شەرعی)، لەم قۆناغەدا داوای لێ ئەکرێت کە ئەرك و فەرمانە شەرعیەکان جێبەجێ بکات و دوربکەوێتەوە لە یاساغ و قەدەغە کراوەکان ولە نەهی لێکراوەکان و کارە خراپ و سنور بەزێنەکان و ئەو فەرمان و ئەرکانەی کە سنورن (هێڵی سورن ) نابێت بکرێن و ئەنجام بدرێن، چونکە سزای شەرعی و یاسایی بە سەریدا جێبەجێ ئەبێت ئەگەر پێچەوانە و دژایەتی کرد و یاخود کەم و کورتی و کەمتەرخەمی هەبوو لە ئەنجامدان و نەکردن ئەرك و فەرمانەکان.

لەوانەیە (ڕەنگە) قۆناغی باڵغ بوون تاکە قۆناغ و یەکەمین قۆناغێك بێت لە ژیانی ئینساندا پەیوەست بێت-بەزۆری- بە ڕوداوێکی دیاریکراو ڕون و ئاشکرا، بۆ کەسەکە خۆی نیە (ناگەڕێتەوە بۆ کەسەکە) یاخود بۆ کەسانی تر یاخود دەستێك هەبێت لە دیاریکردنی کاتی ڕودانی ڕوداوەکە، یاخود پێش خستنی یان دواخستنی، بەڵکو هەموو ئەمانە و هەریەکێك لە (لە شیر بڕینەوە و هاوسەرگیری ) ڕوداوێکی دیاریکراو ڕون و ئاشکران لە ژیانی ئینسان و ئادەمیزاددا، بەڵکو ئەو ئەتوانێ تەنها کاتی هاوسەرگیری دیاری بکات، وە باوك و دایکیش ئەتوانن کاتی (لە شیر بڕینەوە/ شیر لێبڕین) دیاری بکەن، نەك وەك باڵغ بوون، ئەگەرچی قۆناغەکانی تر لە دەرەنجامی گەشەکردنی و نەش ونماکردنی جەستەیی و ئەقڵی و ژیریەوە دێن ولە دەرەوەی دەسەلآت و زاڵبون و ئاراستەکردنی ئەودا نین، وە پەیوەندی و پەیوەستیش نیە بە ڕوداوێکی دیاریکراو وڕون و ئاشکرای وەك باڵغبوون، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی ودورودرێژی ئەم قۆناغەمان، بۆیە جیا ئەکرێتەوە بە م دیاریکردن و ڕون و ئاشکرای وسروشتی و لەخۆییەوە (تلقائیە).

دور لە جیاوازی و دوبەرەکی و ناڕێکی لە نێوان یاسا دانراو دەستکردەکان و مەزهەبە شەرعیەکان، لە مەسەلە و کێشەی تەمەنی (خستنە ئەستۆ/ پێسپاردن) و ئەرك پێدان، باس و بابەتی ئێمە لێرەدا جیاوازە، مەبەست نیە پەیوەست بێت بە (خستنە ئەستۆ/ پێسپاردن) و ئەرك پێدان، یاخود جێبەجێ کردن و پێدانی سزا لەبەر کەم وکورتی لە ئەرك و فەرماندا و یان سەرپێچی کردنی قەدەغەو یاساغ، بەڵکو ئێمە مەبەستمانە دەربارەی (ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەو فێرکردنەوە) جەخت بکەینەوە وکاربکەین و لەو بوارەدا هەوڵ بدەین، هەروەها ڕێنمایی وڕێنیشاندان و ئاڕاستەکردن و ڕونکردنەوەو ئاگادارکردنەوەش یەکێکی ترن لە کارو هەوڵەکانمان، چونکە ئەم ئینسان و ئادەمیزادە(بالغ)ە، خوای گەورە ئەم بەهرەو نیعمەتەی (توانای وەچەخستنەوە ومناڵبوون و زایین)ی پێبەخشیوە، وە ئەم شەهوەت ئارەزوەشی تیاداناوە و چاندوە ( مەیل و ئارەرەزوو بوون لە ڕەگەزی ترو سێکس کردن لەگەڵ ڕەگەزی تردا)، بۆیە ڕاست نیە و نابێت کە ئەم تواناو هێزە واز لێبهێنرێت پشت گوێ بخرێت ودەستی لێهەڵ بگیرێ، بە بێ ڕێکخستن و ڕێك و پێککردنی و سنور دانان و بەرپرسیارییەتێك، ئەگەر تەمەنی یاسایی وەزعی بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بریتی بێت لە (١٨)ساڵی، و وە گەنج و لاوەکان و کچان گەیشتنە قۆناغی شەهوەت وهەوا و ئارەزو و توانای خستنەوەی وەچە و مناڵ لە تەمەنی (١٥) ساڵی بۆ نمونە، ئەمە واتای ئەوە ئەگەیێنێ ئەگەر ئەم گەنج و لاوە (کوڕو کچە) پەیوەندی نا شەرعیان کرد، ئەوا ئەمانە ئەم گەنج و لاوە (کوڕ و کچە) بەرپرسیار نین لە ڕەفتار وکردار و هەڵس و کەوتیان، وە بەرپرسیاریش نابن دەربارەی ئەو شتانەش کە بە هۆی ئەم ڕەوشت و ڕەفتارانەوە کەڵەکە ئەبن و کۆ ئەبنەوەو بە دوای یەکدا دێن، بۆیە هیچ فەساد و خراپە و خراپەکاریەکی لەناوبەر لە هەر کۆمەڵگەیەکدا نیە، گەورەتر بێت لەوەی کە وا تاك بتوانێ و هێزو دەسەڵاتی هەبێت، بە کەیفی خۆی چی ئەکات بکات هەرکار و کردەوەیەك ئەکات ئازاد و سەربەخۆیە، چونکە هیچ بەر پرسیاریەتێکی نەخراوەتە سەر بەپێی (تەمەنی یاسایی وەزعی) کە ئەمە خراپترین گەندەڵیە و هۆکارەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ یاسایی وەزعی کە قۆناغەکەی دیاری کردوە بە (١٨)ساڵ، بۆیە لەبەر ئەمە بەپرسیارێتی شەرعی پەیوەستە بە دەرکەوتنی (دیاردەی باڵغبوون)

نەك باڵغ بوون پەیوەست بێت بە تەمەنێکی دیاری کراو وەك لە (یاسا وەزعی و دانراو و دەستکردەکان) دا بینیمان.

کاتێك کە گەنج ( کوڕ یان کچ) ئەگاتە ئەم تەمەنە، پێویستە زانا بێت بە هەموو ئەو شتانەی کە دێنە پێش و ڕیزیان بەستوە و ئامادەن بۆ بەرپرسیارێتی شەرعی وکۆمەڵایەتی، وە ئەبێ دەرك بەوە بکات و ئاگادار بێت لە ڕادەی سوربوون و توند و تۆڵی وبڕاندنەوە وکۆتایی پێهێنان لە پێویست بوون بە پەیوەست بوون بەم بەرپرسیایەتەوە و پابەندبوون و پەیڕەویکردنی ڕێنمایی و زانیاریەکان، کە ئەبێت پێشتر فێر کرابێت و ڕاهێنرابێت لە سەری لە قۆناغەکانی پێشووتردا، وە ئەبێت لە ئێستە بە دواوە بە تەواوی پەیوەست بێت پێیانەوە، هەروەها ئەبێت زاناو ئاگادار بێت بە هەموو ئەوشتانەی کە دێنە پێش لە هەموو ئەو جیاوازی وپێچەوانە و سەرپێچیانەی ئەم ڕێنمایی وزانیاریان لە پاشماوە و شوێنەوار و مەترسی و ترسناکی و زیانە تەندروستی ودەرونی وکرداری و ڕفتاری وکۆمەڵایەتەکان، کە ئەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگە یاخود خودی کەسەکە، بەم شێوەیە (بەم جۆرە) سروشتی سزاکان کە هاتونەتە پێش بۆی (کە پێشهاتوون)، بۆ ئەوەی ئەم سزایەش پاڵنەرێك بێت بۆی وبە هۆی ئەوەی لاسایی کردۆتەوە پاڵنەرێکە بۆ لاسایی کردنەوەی، ڕاگرتن و واز پێ لێهێنان و لێقەدەغەکردن بێت لەو زیادەڕەوی لە سنور دەرچوون ونەفامی نەزانیەی لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرقەراربوون و جێبەجێکردنی ڕاستی وداد و یەکسانی تەواو لەگەڵی لە پەیڕەویکردن و بە جێگەیاندنی سزا ئەگەر لەسەر حاڵتەکەی هەر بەردەوام بوو سوربوو لەسەر زیادە ڕەوی لە سنور دەرچوون وگوێ نەدان و پێشێل کردنی یاساکان، وە زانینی هۆکارەکانی کپکردن و زاڵبون بەسەر سەرکێشی و بەلەسەیی شەهوەت و هەوەس وحەزوو ئارەزوو و ڕێنماییەکانی پەیامهێنی لەم بابەت و ڕووەوە.

هەروەها پێویستە ڕۆشنبیرکردنی باڵغ لەم قۆناغەدا ئەبێت حیکمەت ودانایییەکی و شاراوە و پەنهان هەبێت لە پشت باس و بابەتی دورو درێژی جنسی و سێکسی و هەموو تێکڕا خستنە ڕووەکان، (واتە لە کاتی باسکردنی بابەتی سێکسیەکان ئەبێ حیکمەت و دانایی بەخەرج بدرێت).

چونکه ئـەم ڕۆشـنبیرکردنه هۆکارێکـه بـۆ مەبەسـت و ئامـانجێکی بـەرزو گـەورەو شکۆمەند که بریتیه لە:

*پاراسـتنی نـەوەو وەچـەی مرۆڤایـەتی و لـە دایـك بوونـەوەی وبـەردەوامبوونی ومانەوەی.

*ڕەواکـردن و پەسـەندکردنی ڕووتـی و دانەپۆشـینی خێـزان بـە مـەیل و حـەزو ئارەزوی هەریەك لە هاوژین و هاوسەران بێت بۆ ئەوی تر.

*گەیشتنی(هاوژینەکان) لە ڕووی جەستەییەوە لە کەش و هەوایەکی تەواو دڵئارام ودڵنیایی وئاسودەیی وسۆز وبەزەیی و میهرەبانی وخۆشەویستی پاك و بێگەرد.

*ئەبێته بناغەیـەکی پتـەو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیـەکی بە هێز لە (پەیوەندیـەکانی وبنـەماو بـیرو بـاوەڕی وخوڕەوشـتی وداب ونەریتـەکانی) و لێـك بەسـتنەکانی و پەیوەستەکانی.

*هەروەها لەوەش زیاتر پەیوەندی سێکسی لە ڕێگەیەوە هۆکارێکه بۆ پەرستش و بەندایەتی کردنی  خوای پـەروەردگار وتاقانـە، چونکه تۆ پاداشت وەرئـەگریت بـە گرتنـەوەت و دەسـتهەڵگرتنت لـە دەرەوەی سـنور وبازنـەو چوارچـێوەی شـەرعی حەڵاڵدا، هەروەها دوبارە پاداشـت وەرئـەگریت لـە سـەر بەتاڵکردنـەوە و دەردانـی و ڕۆکردنـی لـەو حەڵاڵـەی کـە خـوای گـەورە ڕێگـەی پێـداوە و ڕەوای کـردوە بـۆت، هەروەك لە فەرمودەیەکی شیرینی پەیامهێنی خۆشەویستدا(ﷺ) کە ئەبو ذر(ڕەزا و ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) بۆمان ئەگێڕێتەوە و ئەفەرموێ:

(...وفِي بضع أحدكم صدقة، قالوا: يارسول الله، (أَيَأْتِى أَحَدُنَا شَهْوَتَهُ وَيَكُونُ لَهُ فِيهَا أَجْرٌ؟ قَالَ: أَرَأَيْتُمْ لَوْ وَضَعَهَا فِى حَرَامٍ أَكَانَ عَلَيْهِ فِيهَا وِزْرٌ فَكَذَلِكَ إِذَا وَضَعَهَا فِى الْحَلاَلِ كَانَ لَهُ أَجْرٌ) (رواه مسلم). موسلم ڕیوایەتی کردوە.

واتە: (لە جوتتبوونی نێوان ژن و مێرددا خێرو چاکە هەیە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (خۆ ئێمە شەهوەت و ئارەزوومان تێر دەبێت، ئایا لەوەدا پاداشتمان هەیە؟) فـەرموی: (ئـەی ئەگـەر ئێـوە ئـەو ئارەزوەتـان دانـا لـەناو حەرامـدا ئایـا ئـەوە تـاوان

نییە؟) بەو شێوەیە ئەگەر لەناو حەلاڵدا داتاننا، واتە لەگەڵ هاوسەرەکانتان کە حەلاڵی خۆتانە، ئەوا پاداشتان لەسەری دەست دەکەوێت).

لەبەر ئەوە ئەم تاقمە و پێڕە لە گەنجان و لاوان، تاقمێکن زۆرتر ئەگەری ئەوەیان هەیە کە زیاتر کاریگەر بن بە هەڵمەتەکانی (گومڕاکردن و بە هەڵەبردن و خەڵەتاندن وشێواندن)، کە لەلایەن خۆرئاواوە هێرش ئەکرێتە سەر کۆمەڵگاکان بە تایبەتی پارێزکاران، وە گەلانی جیهانی سێهەم بە گشتی، کە کۆمەڵەی بەرەڵڵایی و بەدڕەوشتی و بێشەرمی تێدا دروست ئەکەن ، بۆ ئەوەی تاوەکو ژەهرەکەیان لە هەموولایەکی دونیا بڕێژن و پەخش و بلاوی بکەنەوە وبینێرن بۆ هەموو دونیا.

بۆیە پێویستە ئەم تاقمە لاو و گەنجە لە کۆمەڵگە پڕچەك بکرێن (بەو چەکانەی کە خۆرئاوا هەیەتی) کەلای ئێمە بریتین لە هۆشیاریەکی تەواو چڕوپڕ(هۆشیارکردنەوە)و دەرخستن و دیاریکردنی ئەم فێڵ وتەڵەکەو پیلان و پیلانگێڕان لە بارەی ئەو لایەنانەی کە بەم کارە پیلانگێڕیانە هەڵئەستن، وە مەبەست و ئامانجیان چیە و کامەیە کە هەوڵ و کۆششی بۆ ئەدەن، وە ئەو هۆو هۆکارانەش چین و کامانەن کە لە پشتەوە خۆیان حەشارداوە و شاردۆتەوە، وە هۆ وئامراز و شێوە و شێوازەکان کە ئەیگرنە بەر دوای ئەکەون بۆ بەردانەوەو خستن و هەڵدان و فڕێدانی لاوان و گەنجان تێیدا.

وە ئەو مەترسیەی کە دێتە پێش ئەم تاقمە لە گەنجان و لاوان ، ئەوەیە کەوا ئەم تاقمە لە گەنجان و لاوان، لاوازترین ئەڵقەیە لە کۆمەڵگەدا، کاتێك ئێمە قسە و باس ئەکەین دەربارەی بابەتی سێکسی، ئیتر ئەوان لە تەقینەوەو هەڵچونی شەهوەت و هەوا و ئارەزوو لەوپەڕی هێز و تواناو شانازیکردن و لە خۆبایبوندان لەلایەکەوە، وە لە تەمەنێکدان کە کەمتر ئەتوانن خۆیان بگرن و زاڵبن بەسەر نەفس و هەواو ئارەزوی خۆیاندا لە لایەکی ترەوە، وە لە لای سێهەمەوە هێشتا شارەزایی و زانیارییان زۆر کەمو کاڵوکرچە لە ژیاندا، لە ڕوبەڕووبونەوەی هەموو شتێك کە بەریەککەوتنیان هەیە لەگەڵی و دەبێتە بۆسە بۆیان، هەرچی ماڵ و سەروەت و سامان وداهات و دەرامەتێك کە لە پێناو لەناو بردنیان کۆکرابێتەوە هەرچی

لەشکرێك هەیە لە ڕاگەیاندن و خراپی وپیسی و فێڵبازی و بەدی، بۆیە هەر ئەبێت و پێویستە کە لەگەڵیاندا ولە پاڵیانداو بوەستین، یارمەتیان بدەین و پاڵپشتیان بین و وە بەرگری و پارێزگاریان لیٚ بکەین و بیان پارێزین، ئەگەر نا داهاتوی گەل و ومیللەت ونەتەوە ئەکەوێتە دەست دوژمنانی کە هیچ سۆزو ڕەحمێکی لەگەڵدا ناکەن:

﴿لَا يَرْقُبُونَ فِي مُؤْمِنٍ إِلًّا وَلَا ذِمَّةً ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُعْتَدُونَ ﴿١٠﴾﴾ التوبة: ١٠

ئەو موشریك و دوژمنانە دەربارەی هیچ ئیمانداریٚك سنوری خزمایەتی و پەیمان و چاکە ڕەچاو ناکەن و ناپیارێزن، هەمیشە هەر ئەوان دەستدرێژکارن .... التوبة: ١٠

## ڕۆشنبیرکردن لە قۆناغی خۆ ئامادەکردن بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری

ئەم قۆناغەش دوا بە دوای قۆناغی باڵغ بوون دێت، بەڵام پەیوەستە بە ڕوداوێکی دیاریکراوەوە، بۆ ئادەمیزاد کە سەربەست و ئازادە لە دیاریکردنی سەردەم و ڕۆژگارەکەی، چارەنوسی هەموو باڵغێك دوای ئەم ڕوداوە (باڵغ بوون)–بەزۆری– ئەبێت ژن بهێنێ وهاوسەرگیری بکات، تاوەکو خێزانێکی سەربەخۆ و ئازاد پێکەوە بنێت و دروست بکات، ئا ئەمە سونەت ویاسا وشێوەی ژیانە، لەبەر ئەوە ئەم خێزانە کە کۆڵەکەی کۆمەڵگەیە لەسەر بناغە وبنکەیەکی پتەو بە هێز بنیات بنرێت ودروست ببێت، وە پێویستە لەسەر هەردوو هاوسەر(ژن وپیاو) کەوا لە هۆشیاریەکی تەواودابن و ئاگاداربن و ئاگایان لەم بینا تازەو نوێیە بێت، وە هۆشیار بن بە توخمە بنچینەییەکەی و پێکهێنەرە بە هێز و بەردەوامەکەی وبەرهەمە چاوەڕوان لێکراوەکەی.

ئێمـە زۆر سـەرمان سـوڕماو سەرسـام بـوین بـە دەسـەڵاتداران و فـەرمانڕەوایانی مالیزیا کە پێویست (فەرز) یان کردوە لەسەر ئەو گەنج و لاوانەی کە بە تەمای هاوسەرگیری و ژنهێنانن، یاخود چونەتە ناو پرۆسەی هاوژینیەوە، کە ئەبێت مل کەچ بن بۆ ئەو خولە تایبەتانەی کە بێبەرامبەر بۆیان ڕێك ئەخرێت ئەبێت بەشداری بکەن تیایاندا، تاوەکو لاوان و گەنجان لە ڕێگەی ئەم خولانەوە تەواوی هەموو زانستە بنەڕەتیە شەرعیەکان وەربگرێت و کە ئامادەی ئەکەن و ئامادەباش ئەبێت بۆ ئەوەی ببێتە پیاوێکی نمونەیی و سەرکەوتوو، وە مامەڵەو ئیش و کارو بارەکانی گرێبەستی قورئانی بۆ تەواو ناکەن تاوەکو سەلما بێت وبەڵگەی هەبێت لەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەشداربوون لەو خولە تایبەتمەندانەدا و وە ئەبێت لە تاقیکردنەوەکانیشیدا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت، وە ئەم خولانەش لەلایەن دەوڵەت و حکومەتەوە سەرپەرشتی و چاودێری ئەکرێن، وە پسپۆڕان و شارەزایان ئەیبەن بەڕێوەو پێی هەڵئەسن، وە ئەم خولانە بە شێوەیەکی بەردەوام و لە هەموو کات و خولگە (وەرز و وێستگە) کانی ساڵدا لە لایەن ئەم پسپۆڕ و شارەزایانەوە ئەنجام ئەدرێن و ئەبرێن بەڕێوە.

بۆیە ئێمەش لێرەدا جەخت ئەکەینەوە لەسەر پێویست بون و گرنگی ئەم جۆرە دابینکاری و ئامادەکاری و کارڕاییانە لە وڵاتانی ئیسلامیدا، ئیتر لە ڕێگەی لایەنی فەرمی دیاریکراوەوە بێت یاخود لە ڕێگەی دامەزراوە خۆبەخش و سەربەخۆکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یەوە، وە زیاتر گەشە و پەرە بدرێت بەم خولانە بۆ ئەوەی گشتگیر تر بکرێن و باس و بابەتی ڕۆشنبیری سێکس یش بگرێتەوە وبۆی زیاد بکرێت، وە هەندێ بابەتی گرنگی تریش وەك (تەندروستی گشتی، سەرباری لایەنە شەرعیەکەی) بۆ نمونە:

*یەکەم بە یەکگەیشتنی هاوسەران (ژن و مێرد).

*ئاداب و ڕەوشت و نەریتی (شەوی هاوسەری وزاوایەتی)و شەوی زەماوەندی هاوسەری.

*وروژاندن و هەژاندنی سێکسی زایەندی و قۆناغەکانی.

*ڕێپێنەدراو وقەدەغەکراوەکانی سەرجێی.

* چی پێویست ئەکات لە شۆرین لە پێشەکی و سەرەتای بە یەکگەیشتن و سەرجێیدا.

* ئەنجامدانی کاری سێکسی لە نێوان (حەلاڵ و حەرام)دا، و کێشە و گرفتەکانی چین؟.

*سکپڕی (دووگیان)ی و منالّ بوون.

*تەندروستی زایین و منالّ بوون و وەچەخستنەوە لە تێڕوانینی ئیسلامی ڕۆشنبیری وکەلتوری یەوە ( نەك ئەوەی خۆرئاوا پیشانی ئەدات و نمایشی ئەکات).

*لەگەڵ هەندێ بنەمای سەرەکی و گرنگ لە ئاگاداریبوون وچاودێری کردنی منالاّن.

*بناغە وبنچینەی پەروەردە و بەرپرسیارێتی هەریەك لە باوك ودایك گرنگی تەواوی ڕۆڵ گێڕانیان.

* ئەرك و مافی هەریەك لە (ژن وپیاو/ ژن ومێرد)، وێنە و شێوەی لەم جۆرە باس و بابەتانە ئامادە بکرێن لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە لە بوارە جۆراو جۆرو جیاوازەکانی وەك: بوارەکانی (شەرع، تەندروستی، پەروەردەیی، پەیوەندی خێزانی و ...هتد).

هەریەك لە باوك ودایك تایبەت دەكەین كە بەشداری بكەن لە خولێكی تایبەتتدا پێش ئەوەی منالّی یەكەمیان پەیدا ببێت، تاوەكو ڕابهێنرێن بۆ شیاندنیان بۆ گێڕانی ڕۆڵی تازە و نوێیان لە ژیانیاندا، تاوەكو ببنە ئامێز ولانكە و كۆش و باوەشێكی گونجاو بۆ منالّێك كە بەختەوەر، پێبگات وگەشە بكات گەشە و پێگەیشتنێكی تەواو ساغ و سەلیم لە سایە و سێبەری باوك و دایكی هۆشیارو تێگەیشتوو، كە ڕۆڵی خۆیان بزانن بە شێوە و شێوازێكی ڕون و ئاشكرا و پاك و ساغ و سەلیم بەرامبەر بە منالّەكەیان، هەڵئەسن بەكاری خۆیان لەسەر چاودێری و پەروەردەی منالّەكەیان زۆر بە هۆشیارانەو بەتێگەیشتن و بە ئاقڵی ودانایییەوە، هەموو دایكە تازەكان (ئەوانەی كە تازە ئەبن بەدایك) لەوانەیە بكەونە هەڵەوە (توشی تاوان و هەڵە ببن) لە كاتی لە دایكبونی منالّی یەكەمدا، بەڵكو لە كاتی ڕۆژەكانی سكپڕی و دووگیانیدا، بە هۆی نەبوونی ئەزمون و شارەزا نەبونیانەوە، بۆیە پەنا ئەبەنە بەر دایك و داپیرەیان كە منالّكانیان لە بارو دۆخی جیاوازدا بەخێو و پەروەردە كردووە، وە لە كات و سەردەمی جۆراو جۆر و جیاوازدا پەروەردە كردوە، كە هەندێ لە كەل و پەل و شتومەكانی ناگونجێن لەگەڵ بارو دۆخ و زروفی ئەم منالّە تازە لە دایكبوەی ئەم زەمانەیە.

## چوارەم: کۆبونەوەی هەفتانەی خێزانی قورئانی.

ئەمە ئامۆژگاریە بۆ هەموودایك و باوکێك، کە کۆبونەوەیەکی هەفتانەی تایبەت ئەنجام بدرێت بۆ هەموو ئەندامانی خێزان، چاوپۆشیش لە جیاوازی وگەورە و بچوکی تەمەنەکان بکرێت، هەموان (ئەندامانی خێزان) دابنیشن، باوكو دایك (ژن ومێرد)و منداڵەکان، کوڕان و کچان، هەر هەموویان دابنیشن، قورئان بخوێنن و زیکرو یادی خوا بکەن و، وە قسەباس و وتووێژ لە بارەی کاروبارەکانی خێزانەکەوە بکەن، پێش ئەوەی کات تێپەڕێ و لە دەست بچێ و لە کیس بچێ ، ئەبێ پلان و نەخشە دابڕێژرێ (پلان دابنێن ) بۆ داهاتوویان، پێش ئەوەی کار لە کار بترازێ، چونکە سودو کەڵکی ئەم دانیشتن و پلان دانانە بە بەردەوام و بە زوویی دەرئەکەوێ و بەدیار ئەبێت،

خۆ ئەگەر هەموو هەینیەك ئەم دانیشتنە ئەنجام بدرێت و ساز بکرێت، لەنێوان (١-٢) کاتژمێردا پێش نوێژی هەینی بۆ ئەوەی سورەتی (کهف و یس) و(ماثورات ) ویردەکان بخوێنرێن ودواتر(پاشان) تەفسیر و ڕاڤەو شرۆڤەی چەند ئایەتێکی هەڵبژێرراو، دواتر خوێندنەوە و شرۆڤە و ڕاڤەکردنی چەند فەرموودەیەك لە (ریاض الصالحین)، هەروەها لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی خێزانەوە چەند لاپەڕەك لە کتێبێکی هەڵبژێرراو، وەك کتێبی (صفات الرسول (ص)) یاخود کتێبی (ذوقیات المسلم)... نمونەی وەك ئەوکتێبانەش و... هتد، پاشان (هاوسەر/دایك) پرسیار دەکات لە بارەی کێشەوگیرو گرفتی منداڵەکان لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا، (چی ناڕەحەتی وبێزاریەك لەو هەفتەیەدا ڕویداوە) ئەیخاتە ڕوو، بۆ ئەوەی بە ڕاوێژکردن و گفتوگۆ لە نێوان ئەندامانی خێزاندا چارە و چارەسەرێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ گرفت و کێشەکان، خۆ ئەگەر لێبوردن ولێخۆشبوون و بەخشین و مۆڵەت ڕابگەیێنرێت دەربارەی ئەو ئەندامانەی هەڵە و تاوانێکیان کردوە و

ئەنجامداوە لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا لێخۆش بوون و بەخشینیان بۆ دەربکرێ بە مەرجی ئەوەی دوبارەی نەکەنەوە و نەگەڕێنەوە سەر هەڵەو تاوەنەکان، دواتر بە ئاگابوون و ئاگاداربوون لە هێماو نیشانەکان و بەرنامەی تاقیکردنەوەکان بۆ هاوکاریکردن و کارئاسانی (ئاسانکاری) کردنی منداڵە خوێدکارەکان و، دواجار کۆتایی هێنان بە کۆبونەوە و دانیشتەکە بە سەلاّواتدان(١٠٠) سەلاّوات، لەسەر پەیامهێنی ئازیز و خۆشەویست(ﷺ).

کارێکی زۆر سوك و ئاسان و سادەو ساکار بەلاّم پێویستی بە کۆڵنەدان وبەردەوامی و نەفەس درێژی هەیە، دوا جار بەرهەم و سود و کەڵکێکی زۆرت دەست ئەکەوێت (پێی ئەگەیت)، لەو سودانە:

ورده ورده لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتتدا (هەمووئەندامانی خێزان گەورە و بچوك سورەتی (کهف، یس، ماثورات) لەبەر ئەکەن، هەروەها(گوێبیستی) گوێیان ئە بێت لە کۆمەڵێك تەفسیر و ڕاڤەی سورەتەکانی قورئانی پیرۆز، هەروەها(گوێبیستی) کۆمەڵێك و زۆرێك لە فەرمودەکانی پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) ئەبن، (سەربار)و لە سەروی ئەوانەشەوە وتووێژ وگفتوگۆی هەندێك کتێبی بەنرخ ئەکرێت، هەروەها فێری ئەوەش ئەبن کە نەچنە دەرەوە لە ماڵ تاوەکو بە دەست نوێژەوە نەبێت (تاوەکو دەست نوێژ هەڵنەگرن) واتە هەموو بە دەست نوێژەوە ئەچن بۆ مزگەوت بۆ نوێژی هەینی، هەروەها سودێکی تری دانیشتنەکە بریتیە لە لەبەرکردنی نزاو دۆعاکانی(شەو ورۆژ/ بەیانیان و ئێواران).

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە یەکێ تر لە قازانجەکانی ئەم دانیشتنە خێزانیە ئەوەیە کە هەندێك لە غەم و خەم و پەژارە ونیگەرانیەکانی دایك سوك و کەم ئەبێت، وە چارەسەری کێشە و گرفتەکانی منداڵەکان ئەکرێن یەك بە یەك، هەروەها هەر بە

بچوکی ڕا دێن لەسەر گفتوگۆ و وتووێژ...خستنە ڕوی ڕاو پێشنیارەکانیان...وە فێری ئەوە ئەبن کە چۆن لە بەردەم و لە بەرامبەر خەڵکی دا قسە بکەن و، سەرباری ئەوە و لە سەروی ئەوەشەوە ڕاستکردنەوەی چەمك و تێگەیشتنە هەڵەکان، کە ئەگەری ئەوە هەیەو ئەکرێ لە خوێندنگە و لە قوتابخانە و لە کۆڵاندا ئەو فەهمە هەڵەیەیان وەرگرتبێت، هەروەها پێدانی خەڵات و بەخشیشی هەڵنان، لەبەر سەرکەوتن و پێشکەوتنیان ولەبەر لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز، بە جۆرێك هەموو ئەندامێکی خێزانەکە ئاگادار و ئاگای لە ئەرك و بەرنامەکانی ئەوانی ترهەیە بۆ ئەوەی زیاتر زۆر تر هاوکاری و یارمەتیدەری یەکتربن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، لێرەشەوە نزیك کەوتنەوە لە یەکتر وخۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان دروست و پەیدا ئەبێت بەم دانیشتنانە، وە پێویستە بە خواردن و نانخواردنێکی چەورو خۆش و ناوازە کۆتایی بە دانیشتنەکە بهێنرێت، یاخود بە گەشت و چونەدەرەوەیەك کە خۆیان حەزیان لێیانە کەش و هەوایەك بگۆڕدرێت.

بۆیە ئەبێت ئەم کارە ئەندامانی خێزان (کوڕان و کچان ) بێتە بەڵگەنەویست هەفتانە بکەوێتە سەر سکەی خۆی و بەردەوامبێت وپشت گوێ نەخرێت و بە جدی کاری لەسەر بکرێت، وە ئەبێت بە بەردەوام ئەم جۆرە دانیشتنە خێزانیە لە ماڵەکانیاندا، لە دوای هاوسەر گیری و دامەزراوی وسەربەخۆ بوون (دروستبونی خێزانیکی بچوك و خنجیلانە) ئەنجام بدرێت، وە ئەمە ببێتە سونەتێکی چاك (داهێنراوێکی چاك و باش)، دایك و باوك لە هەموو کاتێکدا باج ودەرامەتەکەی وەردەگرن، ئەی چۆنە ئەگەر ئەم سوننەتە چاك و باشە هەر یەکێك و هەرکەسێك بیگوازێتەوە بۆ کوڕو کچەکانی و نەوە و وەچەکانی.؟ گومانیشی تێدانیە لە دواوەی (لە پشتەوەی) ئەم کارو فەرمانە خێرو چاکەیەکی زۆر هەیە، هەر ئێستا

دەرکەوێ و بە مناڵەکانەوە دیاربێت، یاخود خێرو چاکەکە دواکەوێ و دوا بخرێت بۆ دوای مردنت.

(وە پەیوەندی زۆر گەورە هەیە لە نێوان ئەم دانیشتنە ئیمانی و ڕۆحیە خێزانیە و ڕۆشنبیرکردنی سێکسی)، بەمەرجێك دایك و باوك بتوانن ئەم هەل و فرسەتە بقۆزنەوە، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو ئایەتی خوای گەورە لەسەر زمانی (حەزرەتی مەریەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) خوێندەوە کە ئەفەرموێ:

﴿قَالَتْ أَنَّىٰ يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا ﴿٢٠﴾﴾ مريم: ٢٠

مریەم وتی:جا من چۆن منداڵم دەبێت ، خۆ من هیچ کەس توخنم نەکەوتووە و من ئافرەتێکی داوێن پیسیش نیم و نەبووم!! مريم: ٢٠

ئەم ئایەتە پیرۆزە وەك ئەرکێك بدە بە کوڕ و کچەکان پێیان بوترێ بگەڕێن بەشوێن تەفسیر و ڕاڤە و واتای ئەم ئایەتەدا و بۆ دانیشتن و کۆبونەوەی داهاتومان، بۆیە هەریەکێکیان کۆشش ئەکەن وهەوڵ ئەدەن و خۆیان ماندوو ئەکەن تاوەکو ماناو تەفسیری ئەم ئایەتە پەیدا بکەن بۆ دانیشتنی داهاتوویان، کاتی دانیشتنی داهاتوو هاتەوە ئەو کاتە باوك گفتوگۆ ئەکات لەگەڵ کوڕەکە و دایك یش گفتوگۆ ئەکات لەگەڵ کچەکە، دەرەنجام ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئەوان مانای ئایەتەکەیان زانیوە ئیتر یان بە تەواوی زانویانە ئەوا سوپاس و ستایشیان ئەکەین، یاخود بەشێکیان زانیوە ئێمە بۆیان تەواو ئەکەین وهەریەکێکامان لەگەڵ یەکێکیاندا، بە تەواوی ماناو مەبەستی ئایەتەکان شیدەکەینە و ڕاڤەیان ئەکەین، ئەوکاتە مناڵ ئەزانێت، ژن منالی نابێت تاوەکو پیاوی نەبێت، مەگەر تەنها لەم پەیجوە (موعجیزە)یەدا نەبێت، ئەویش بە هۆی تواناو دەسەڵاتی تەبارەك وەتاعالاوە دەبێت، هەروەك لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەرئەکەوێت:

﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَىٰ ۖ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾﴾ الإسراء: ٣٢

هەروەها نەکەن نزیکی زینا بکەونەوە (خۆتان بە دووربگرن لە هەموو پێشەکی و هۆکارەکانی) چونکە ئەوە تاوان و گوناهێکی زۆر ناشرین و ناقۆڵایە، ڕێچکەیەکی

زۆر چـەوت و چـەوێڵە (نەخۆشـی دەرونـی و جەسـتەیی و کێشـەی کۆمەڵایـەتی و هەمەلایەنەی لیٰ دەکەوێتەوە). الإسراء: ٣٢

بـەم هۆیـەوە منالـەکان مانـای زینـاو داوێنپیسـی و بەدڕەوشـتی ئـەزانن و زۆریکـی تـریش لـە ئایـەتی قورئـانی پیـرۆز سـەبارە بـەم بابەتـە هـاتوون، هـەموو ئـەم شتانە ئـەزانن لـە سـایە و سـێبەری قورئـانی پیـرۆزدا لـە کـەش و هەوایـەکی جیـدی و بـە ڕاسـتی و خـۆ ئامادەکـار و بـەڕێز و پـیرۆزدا کـە منـاڵ پەیوەسـت ئـەکات بـە قورئانەکەیـەوە، بە هۆیـەوە ئـەزانێت حـەرام و قەدەغـە و یاساغ کامەیە وتێدەگات ولێـی دور ئەکەوێتـەوە، وە حـەڵاڵیش ئـەزانێت لێـی نزیـك ئەبێتـەوە وپیـادە و جێبەجێی ئەکات.

هەروەها بە سەدەها لە فەرموودەکانی پەیامهێنی ئازیزیش(ﷺ) کە باس لـە (پیاو و ژن) ئەکـەن وئـەو پەیوەندیانـەش کـە لـە نێوانیانـدا هەیـە، بە تایبـەتی پەیوەنـدی سێکسی، ئەگەر منالەکان هەندێك لەم پەیوەندی زانیاریانەیان زانی لـە ڕێگـەی ئـەم دانیشـتن و کۆبونـەوە خێزانیـە بـەردەوام ودوبارەبوانـەوە، وە لـە ڕێگـەی ئـەم جـۆرە کـەش و هـەوا ئیمـانی و ڕۆحییـەوە، گومـانی تێدانیـە کـە زەمـەن و کـات ئەبێتـە بـەرپرس وکـەفیل لـە کۆکردنـەوە و کۆبونـەوەی زانیـاری زۆر و بەسـود، کـەوا جێـی ڕەزامەندی خواو پێغەمبەرەکەیەتی (خواو پێغەمبەر ڕازین بـەو زانیاریانـە)، وە ئـەم زانیاریانـە ئەبنـە هاوکـارو یارمـەتی دەری جگـەر گۆشـەکان لەسـەر زانینـە یـەك لـە دوای یەکە ساغ و سەلیمەکان، لە دانیشتنەکان کە فریشتەکان دەورەیان داوە و وە ڕەحمـەت و سـۆزو خۆشەویسـتی دا دەبەزێتـە سـەریان، یارمـەتیان ئـەدات کاتێـك ئەوان لە ڕێگەدان (ڕێگەیاندان) بۆ باڵغ بونێکی سەلامەت ودڵنیا و پارێزراو، خـوای گـەورەش لـە قۆنـاغی هەرزەکاریانـدا ئـەیانپارێزێ ولای خـوا بـەرز و بـەڕێز و بایەخدارن.

ئـەم سـود و کەڵکانـەی دانیشـتنەکان بـە کۆبونەوەیـەك و دوو کۆبونـەوە یـاخود دانیشـتنێك لـە مانگێکـدا دیـاری نـادات، ئـەبێت دانیشـتنەکان بـەردەوام بـن (بەردەوامیـدان بـە دانیشـتنەکان)، وە ئـەبێت دانیشـتنەکان هەفتانـە بـەردەوامیان هـەبێت، ئەگەرچـی تەمـەنی منالـەکانیش بچـوك بـن،... یـاخود تەمـەنی بـاوك گەورەبێت...هەر ئەبێت ئەو بەربەست و دودڵی دڵڕاوکێیە بشکێنرێت و...شەڕو دوژمنایەتی لەگەڵ شەیتان هەر ئەبێ بکرێت، وە ئـەبێت زۆر بەخێرایی و بەزوویی پەیوەست بن بەو دانیشتنانەوەو ئەنجام بدرێن، چونکە هەموو ئەندامانی خێزان

پێویستیان پێیەتی، وە سودەکانی ئەم دانیشتنانە تەواو گەورە و زۆرن بۆ منداڵەکان بۆ باوکان و بۆ دایکان وەك و یەك سودی لیٚ ئەبینن.

جێگیربوە و سەلمێنراوە کە هیچ شتێك شادی و خۆشی هێنەر نیە بۆ دایك و باوك لەم ژیانی دونیایە دوای ئیمان و باوەڕ وەك کوڕ وکچی ساڵح (سوڵحاوگوێڕایەڵ) بۆخوا و بۆ دایك و باوك، (واتە / هیچ شتێك دوای ئیمان و باوەڕ دڵی باوك ودایك خۆش ناکەن بە قەدەر ساڵح بونی ڕۆڵەکانیان (کوڕو کچ و وەچەکانیان)، منیش ئەڵێم باوك و دایك حەز ناکەن هیچ کەسێك لەخۆیان پیاوتربێت تەنها ڕولەکانیان (کوڕو کچەکانیان) نەبێت....(١) وەرگێڕ(پیاو/بە واتا پیاویەکەی کە سیفاتە بۆ هەردوولا بەکار دەهێنرێت).

هەروەها زۆر دیمەنی واقعی و ڕوداوی دەریانخستوە کە (ماڵ و سەروەت و سامان پلە و پایە و ڕێز و شکۆ و هێز و دەسەلأت ) کردارو کارانێکن کە زوو بەسەر ئەچن و ئەفەوتێن و نامێنن، ئەمانە خۆیان بە تەنها ناتوانن خۆشی وشادی و خۆشبەختی بهێنن (بەتەنها هۆکاری خۆشبەختی و دڵشادی نین)، چەندەها دەوڵەمەند هەیە کە دڵخۆش و بەختەوەر نیە، وە چەند گەورە و ناودار و بەناوبانگ هەیە ، خەڵك وا ئەزانێت بەختیار ودڵخۆش وکامەرانە، کە چی بە خۆکوشتن کۆتایی بە ژیانی خۆی ئەهێنیٚ، ئەی ئەبیٚ (حاڵی باوك و دایك)یك چۆن بێت کە هەمیشە بە شەو بە ڕۆژ سەرقاڵن، یەکێکیان بە کارگەو کۆمپانیانیەوە و ئەوی تریشیان بە بازرگانیەوە، تا وای لێدێت پەروەردەکردنی منالەکانمان (ڕۆڵەکانمان) نابێتە بەرهەم و داهات و بەروبوممان، بەڵکو ئەبنە بەرهەمی کارەکەر و خزمتکارەکان وئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانیەکان...

ئاکام ودەرەنجامیش: شکست و کشانەوە وگەڕانەوە و جار لە دوای جار هاتنە دواوە، لەگەڵ زۆرێك لە هەلأتن ودەربازبوون وشێبونەوەو تێکچون و هەڵوەشاندنەوە.

خاوەن پسپۆڕان و شارەزایان ئاگادارمان ئەکەنەوە و پێمان ئەڵێن کەوا ئێمە بەرهەمی ڕەوشتی منالەکانمان لە تەمەنی هەرزەکاریاندا وەردەگرینەوە وەك پەرچدانەوە و هەڵگەڕانەوەی (وەك ئاوێنە چۆن وێنەکان پەرچ وپێچەوانە ئەکاتەوە و ئەیانداتەوە.) هەر شتێك چ باش و چ خراپ چێنراوە تیایاندا لە شەش(٦) ساڵانی یەکەمی تەمەنیاندا(چیمان چاندبێت لە تەمەنی شەش ساڵیاندا ئێستە لەتەمەنی هەرزەکاریاندا دێتە بەرهەم و وەریئەگرینەوە)، باوك چی چاندبێت خۆی

سـەرقاڵ و مەشـغوڵ كردبێـت بـە شـەو وڕۆژ- بـۆ كۆكردنـەوی مـاڵ و سـامان و سـەروەت و پـارەو پـوڵی زیـاتر-لـە دڵ و دەرونـی منداڵەكانیـدا، كاتـێ بـەیانیان زوو بـەجێیان دەهێڵـێ ئـەوان هێشـتا نوسـتوون و لـە خـەودان، وە كـاتێكی زۆر درەنـگ ئەگەڕێتەوە بۆ لایان دوبارە ئەوان نوستوون و لەخەودان..!؟

ئەی ئاخۆ دایك چی چاندبێت كە هەمیشە سـەرقاڵە بە كارەكەیـەوە و بـە میكیـاج و خۆڕازاندنەوە و خۆجوانكردن وجل و بەرگ و مۆدەوە، كارە گرنگ و سـەرەكیەكەی خـۆی ڕادەسـتی كارەكـەر و خزمەتكارەكـەی كـردووە .؟! لـە دەرەنجامیشـدا زیـاد و زۆر بـونی سـووك و ڕسـوایی و ڕەوشـت خراپـی و گەنـدەڵی ئـەخلاقی، ئـازاردان و بێڕێـــزی و سەركێشـــی و بێگوێڕایـــەڵی (گوێڕایـــەڵ نـــەبوون) وشـــیبونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و تێكچـون و وێـران بـونی ماڵـەكان، لـە كۆتایشـدا درەنـگ پەشیمان بوونەوە، وەك دەڵێن پەشیمانی هیچ دادێك نادات.

ئەمە چیرۆكێكی ڕاستەقینەیە و ڕویداوە، لە گەنجێكی عەرەبی موسڵمان، ڕۆیشـت و كۆچی كرد بـۆ وڵاتێكـی زۆر دوور لـە ڕۆژهـەڵات، پـێش زیـاتر لـە نیـو سـەدە، ئـەو وڵاتـەش لـە كـاتێكی زوودا ئـیش و كـاری زۆری تێـدابوو، وە كـاركردن تێیـدا زۆر ئاسان و بوو هەمیش ئیش و كار هەبوو، كراوە بوو دەرگاكانی ئیش وكار بە ڕووی خەڵكیـدا كـراوە بـوو، دەسـتی كـرد بـە كـاركردن و خـۆی خـەریك كـرد بـە ئـیش كردنەوە، پارەی پەیدا كردو ژنی هێنا و خوای گەورە دوو كوڕی پـێ بەخشـی و وە ڕزق و ڕۆزیـەكی زۆر و فراوانـی پێـدا و بووبـە ملیـۆن نێرێكـی گـەورە و ناوبـانگ و ناسراو، بەڵام ئەم سەروەت و سامان ڕزق و ڕۆزیە كە كۆی كردبویەوە و بە دەستی هێنـابوو بـە عـەرەقی نێـو چـاوانی و ڕەنجـی شـانی، وە هەمیشـە سـەرقاڵ بـوو بـە كاسـپی ووردەكـاری ئـیش و كارەكەیـەوە، بـەڵام دوای ئـەوەی كـە دوو كوڕەكـەی قۆناغی هـەرزەكارییان تێپەڕانـد، ڕۆژێكیـان باوكەكە دوای ئیش و كـارو بارەكـانی

ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، سەرسام ئەبێت و توشی شۆك و سەر سوڕمان ئەبێت کاتێك کە ئەبینێ مناڵەکانی(دووکوڕەکەی) لە ماڵ نەماون و بەڵام نامەیەکیان بەجێ هێشتووە هەردوکیان ئیمزا و واژۆیان کردوە، لە نامەکەیاندا هاتووە کە ئێمە بڕیارمان داوە کە ماڵ بەجێ بهێڵین بۆ هەتا هەتایی تاوەکو بەکەیفی خۆمان و بە ئازادی و بۆ خۆمان بژین، ژیانێکی سەربەخۆ وسەربەستانەی تەواو بەسەر بەرین، تاوەکو دور بین لە باوك و دایکمان وە لەسەر ئەو ڕێگە تایبەتەی کە گرتوومانەتە بەر بەردەوام بین، بەپێی یاساو ڕێسای ئەو وڵاتە، ئەم جۆرە بەجێهێشتنەی مناڵەکان ئەچێتە خانە (ڕیزی) ئازادی تاکە کەسیەوە، لەبەر ئەوە هیچ کەس ناتوانێت–بە فەرمانی یاسا– ئیجباریان بکات لەسەر شتێك کە ئەوان نایانەوێ،

جا وەرن ئێوە وێنای ئەو دیمەن و حاڵەتەی باوکە هەژارە بکەن...کە هەناسەی سارد هەڵئەکێشێ و بەدەم هەناسەکان وئاهوناڵە و نزاکانیەوە ئەڵێ( خۆزگایە ئەگەڕامەوە سەر فەقیری و هەژاری وەك چۆن لە پێشدا هەژار بووم، وە مناڵەکانیشم ئەهاتنەوە باوەشم وئەگەڕانەوە ماڵەکەم).

خۆ سەرقاڵکردن بە کۆکردنەوەی سەروەت و سامان وپارەو پول و، وازهێنان و پشتگوێ خستنی مناڵەکان کاتێ ئەوان بچوکن هیچ سودێکی نابێت و ئەو جۆرە سەرقاڵبوونە بێ کەڵکە، بەڵکو دەرەنجامەکەی پەشیمانی و ئاهو حەسرەت و داخ وخەم و پەژارە ئەبێت بۆ دایك و باوك، ڕیش وبەرۆکی ئەوان ئەگرێتەوە، بە هۆی لە دەستچوون و لە کیسچوونی مناڵ و گەنج ولاوەکانیان، دواتر لە کیس کۆمەڵگە ئەچن بە شێوەیەکی گشتی و وە ئەبن بە بار بەسەر کۆمەڵگەوە.

وە ئامۆژگاری گرنگ و دڵسۆزیمان بۆ دایکان و باوکان کەوا: سود وەرگرن لەم دانیشتنە خێزانیە هەفتانەییە هیچ تێنەچوە پێش ئەوەی کار لە کار بترازێت و

کـات لـە دەسـت بچـێ، وە ئامۆژگـاری منداڵـەکانیان بکـەن و ئـەوەی بێسـود و زیانبەخشە ئاگاداریان بکەنەوە لێی، چەند جوانە بۆنمونە

گوێبیستی ئامۆژگاریەکانی ئیمامی علی بن (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)، کاتێک ئـەوان لـە تەمـەنیان بچـوکە و تـاوەکو یارمـەتیان بـدات لـە پێگەیشـتن و گـەورەبونی پێشـوەختەیان وەك ئەفـەرموێ: ﴿ ئاگاداربـە و ئاگـات لـە کەسـی بەخشندە ومیهرەبان وچاکەکار و ڕەوشت بەرز بێت کاتێ شکاندن و ئابڕووبردن و سوکایەتی پێ دەکەیت، وە لە ژیر و ئاقڵێك کاتـێ شپرزە و سـەغڵەت و ئیحراجی ئەکەیت، وە لە کەسێکی سوك ونزم و پیس و ناپاك کاتێك کە ڕێـزی لێئـەگری، وە لە گەوج وگەمژە ونەزان و نەفامێك کاتێ گەمە وگاڵتەت پێکرد، وە لەگەڵ کەسێکی داوێـن پـیس وسەرسـەری و بێئـابڕوودا کاتـێ بـرادەری و هاوڕێیـەتی و تێکـەڵیت لەگەڵـداکرد، وە مـن هـەموو چـاکە و چـاکیەکانم چـێژت، نـەم دۆزیـەوە نـەم بینـی وچاکترو خۆشترو باشتر بێت لە تەندروستی و لـەش سـاغی، وە هـەموو سـەختی و تـاڵیم بینـی و ناخۆشیەکانم چێژت نـەم دۆزیـەوە و نـەم بینـی ئـەرك و فـەرمانێك بـە قەدەر بەدەمـەوە چوون و جێبـەجێکردنی پێداویستیەکانی خـەڵکی گـرنگ تربێـت، ئاسن و بەردی گـەورە و تاشـە بـەردم زۆر گواسـتەوە بـەڵام نـەمبینی هـیچ شـتێك لـە ئاین و دین قورستر بێت،..زۆر بـاش بزانـە کـە کـات و سـەردەم و ڕۆژگـار دوو ڕۆژە، ڕۆژێکیان بۆ تۆیە (ڕۆژی خۆتە) وە ڕۆژەکـەی تـر بۆتـۆ نیـە و بـەرە و ئاڕاسـتەی تـۆ نایێتـەوە و بـەدڵی تـۆ نیـە بگـرە ڕۆژێکـی نەهاتـە بـۆت، بۆیـە ئـەو ڕۆژەی کـە ڕۆژی خۆتە (ڕۆژتە) بێباك و بێمنەت مەبە، وە ئەو ڕۆژەش کە لەگەڵ تۆدا یـەك ناگرێتـەوە بـەدڵی تـۆ نیـەو پێچـەوانەی خواسـتەکانی تۆیـە، بێـزار و وەڕس و هەراسـان مەبـە، بەڵکو ئارام بگرە هەردووکیان ئاهو خەم و پەژارەو حەسرەت دەخوازن.

## پێنجـەم: چـیرۆك بـۆ یارمـەتی(هاوكاری) باوكـان و دایكـان لـە ڕۆشنبیركردنی سێكسی منداڵەكانیان.

ئێمە لە ڕێگەی كارەكەمانەوە (كاركردنمان) لە پرۆژەی پاراستنی لاوان هەستمان (دەركمان) بەوە كردوە، كە كۆمەڵگای ئیسلامی چەندە پێویستی بە بەرنامە گرنگ و ڕاستەكان هەیە لە بواری ڕۆشنبیری سێكسیەوە، هەڵێنجراو(دەرهێنراو) لە سروش و نیگای بیرو باوەڕەكەمانەوە، كە گونجاو بێت لەگەڵ ژینگەكەمان وداب و نەریتمان، لەبەر ئەوەی چونكە چەندەها زانیاری خراپ و هەڵە هەیە لای هەرزەكاران ونەوجەوانان و لاوان و گەنجان، وە تەنانەت لای هەندێ لە هاوسەردارانی هەردوو ڕەگەز هەڵە وخراپەی گەورە گەورە هەیە، بۆیە پێویستە و هەر ئەبێت ڕاست بكرێنەوە، وە باشترین ڕاستكردنەوە و ئەهوەن ترینیان و زۆرترین كەڵك وسودی هەبێت بریتیە لەوەی كە (هەر بە بچوكی)
هەر لە منداڵیەوە، كاتێك كە منداڵ پەڕەیەكی سپی ناسك و پاك و بێگەردە، وە زیاتر و زۆرتر شت

وەرئەگرێت و كاریگەری ئەبێت لەسەری (كاریگەر ئەبێت بە شتەكان)، لەبەر ئەوە پێویستە و هەر ئەبێت كە باوك و دایك دەست پێبكەن ودەستپێشخەری بكەن و ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ بنیاتنان و دروستكردنی منداڵەكانیان لەسەر پێگەیاندن و تێگەیاندن و چەمكی ڕاست و دروست و سەلیم.

پێش ئەوەی منداڵ شتەكان بە شێواوی و تێكدراوی وەرگرێت لە سەرچاوەی تری نا دروست و ناڕاستەوە، بۆ ڕاستێتی ئەمەش ئایەت و فەرمایشتی خوای گەورە كە ئەفەرموێ:

﴿وَٱللَّهُ أَخۡرَجَكُم مِّنۢ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَ لَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ٧٨﴾ النحل: ٧٨

**هەر ئەو خوایە ئێوەی لە سکی دایکتان (دوای چەند مانگێك) دەرهێناوە لە حاڵێکدا کە هیچتان نەدەزانی (هیچتان نە دەتوانی نە قسەکردن، نە دانیشتن چجای ڕۆیشتن، نە زانست و نە زانیاری، نە، نە....) بەڵام ئەو زاتە بەرە بەرە دەزگاکانی بیستن و بینین و لێکدانەوەی خستنەکار و، تواناکانی برەو پێدان بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن . (نەك یاخی و سەرکەشبن) .** النحل: ٧٨

**لێرەدا باوك و دایك بەر پەرستیاریەکی گەورە و گرانیان لە ئەستۆ دایە، ئەی چۆن بەرپرسیارنین، بەڵێ بەرپرسیارن چونکە هەردوکیان نزیکترین کەسن لە مناڵەکەوە، لەگەڵیدا ڕۆژ ئەکەنەوە و لەگەڵیدا شەو بەڕێئەکەن و شەوانە لە گەڵیا ئەبن، پەیامهێنی ئازیزو خۆشەویستیش (ﷺ) لەو بارەیەوە ئەفەرموێ : (مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ وَيُنَصِّرَانِهِ وَيُمَجِّسَانِهِ)(رواە مسلم).**

**واتە: (هیچ لەدایکبوویەك نییە مەگەر هەمووی لەسەر فیترەی ئیسلامو خواناسی لەدایك بووە، ئینجا دایكو باوکی دەیکەن بە جولەکە یان مەسیحی یان ئاگرپەرست).**

**ئێمە بینیمان سام وترسێکی زۆر گەورە هەیە بەڵکو سەغڵەتی و شپرزەیی وشڵەژان و پەشۆکاوی وشێواوی زۆر گەورەهەیە لە باوکان و دایکاندا وەك یەك، لە کاتی خستنە ڕوو و هێنانە پێش وباسکردنی ئەم بابەت وباس و خواسانە و گفتۆگۆو وتووێژکردنیان لەگەڵ مناڵەکانیاندا، هەروەها بە هەمان شێوەش مامۆستاکانیش (هەردوو ڕەگەز) لەگەڵ خوێندکارەکانیان(هەردوو ڕەگەز) هەمان سام وترس و سەغڵەتی و شپرزەیی وشڵەژان و پەشۆکاوی وشێواوی زۆر گەورەیان هەبوو، لەبەر ئەوە مناڵەکان لەم کەش و هەوا ڕاڕایی ودوودڵی و**

نیگەرانی وناجێگیرەدا لە دەست ئەچن، کەوا گومان ئەبەن کە ئەمە داپۆشراوە و بەرگ و پەردەی وحەیا و شەرمە، لەبەر ئەوە هەر بۆ زانین توێژینەوە و خوێندنەوەکان دەریانخستوە و ڕونیان کردۆتە و کە گەورەترین سەرچاوە بۆ وەرگرتن و

باس و خواس کردنی ئەم زانیاری و بابەتانە لە هاوڕێ و ڕەفیقەکانەوەیە...!!( وفاقد الشيء لا يعطيه)...!! دیارە ئەوەی هیچی پێ نەبێت نا بەخشێت، هەروەها ڕون و ئاشکرایە کە ڕۆڵی دایك و باوك لە ڕۆشبیرکردنی ڕۆڵەکانیان (منداڵەکانیان)، ئەوە بەڕاستی کەمترین کە سانێکن کە لەم نێوەندەدا ڕۆڵ ببینن، ئەفسوس کە ئەمە تەواو پێچەوانەیە (کە جگەر گۆشەی خۆت بدەیتە دەست کەسانێك کە بۆت پەروەردەو فێرکەن) کە ئاوا بۆت فێرئەکەن کە ئەیکەن چاك ببینە ؟؟!

وە بە قەناعەت وبڕوای دامەزرا و جێگیر و چەسپیوی ئێمە کە ئیسلام بنچینە و بناغەیەکی بۆ داناوین بۆ پەروەردە و فێرکردن و ڕێکوپێك کردنی نەفس و دەرونی ئادەمیزاد و مرۆڤایەتی هەر لە بێشکە کەیەوە تاوەکو مردن و گۆڕەکەی، کە گونجاو شیاوە بۆ هەموو کات و شوێنێك، وە هەر قەوم و گەل و میللەتێ پەیوەست بن بەم (بنچینە و بناغەیەی ئیسلام)ە کە داینـاوە بۆ گرۆهی بەشەریەت و جێبەجێی بکەن، ئەوا لەسەر ڕاستە شەقامن و ڕێگەی ڕاستیان گرتۆتە بەر و گومڕا و سەرلێشێواو نابن، ئەوکاتەش کۆمەڵگاکەشیان بەرز و بەڕێز و چاکە کارو خاوەن پیاوەتی دەبێت، منداڵەکانیان پیاون (بەمانای ووشە)و، پیاوەکانیشیان گەنج و لاو دەبن، پێشبڕکێ لەگەڵ کات و زەمەندا ئەکەن لە کاری خێرو چاکەدا بۆ ئەنجامدانی زۆرترین ئیشی جوان وگەورە، لەبەر بە تەمابوونیان لە وەرگرتنی ئەجرو پاداشت، هەست ئەکەن کە خزمتکردن بە مرۆڤایەتی وبنە بڕکردن و قەلاچۆکردنی ئەم دەرد

و ئافاتە فەرزی عەینە و واجب و پێویستە لەسەریان، بە هۆی (حوکم) ی ئەوەی کە ئەم فەرمان و ئەرکە (تەکلیف) و ڕاسپاردە و پێسپاردنی خوایە و وە بە هۆی (حوکم)ی جێنشین بونیان لەسەر زەوی.

خوای تەبارەکە وەتەعالا موەفەقی کردین – لە پڕۆژەی پاراستنی لاوان بۆ بەدەستهێنان و دەسکەوتێك کە لە چاوەڕوانی و بەتەمابوون و خەیاڵی ئێمەدا نەبوو، تا وای لێهات لەم پڕۆژەیەدا خۆبەخشان و خۆنەویستانێکی زۆر لە هەموو ناوچە و هەرێم وشوێن و نیشتیمان ولاّتێك بونە هاوکارو پشتیوان و دەستباریان داین، وە شوێنمان لەسەر ئینتەرنێت دانا و دیاری کرد بۆ ئەو شوێنانەی کە پێیان نە ئەگەیشتین، وە نەشمان ئەتوانی خولەکانمان بەخۆڕایی بۆ بڵێنەوە، ئەمەش

بەهۆی خۆنەویست و خۆبەخش و پەروەرشیاری چاکەکار و بەرز و بەڕێز چیرۆك بێژ (چیرۆکخوان/ چیرۆك وان)، (بسمة الخاطري) لە ولاّتی ئوردن، کەوا نەفس وبەهرەکەی بەخشی و بڕیاری دا کە لە خزمەتکردنی منالاّندا بیبەخشێت کاریان بۆ بکات، کە کۆمەڵێك زنجیرە چیرۆکی پەروەردەیی ئامانجداری هەیە، بەمە توانی حەز و ئاوات و ویستە بەرز و بەنرخەکەی بێنێتەدی و جێبەجێی بکات، ئەم خوشکە خوا گەیاندویەتی بۆ ئەم پڕۆژەیە و یارمەتی داوە لە ڕێکخستن و دانانی بابەت و باس و خواس لە شێوە چیرۆکی ئامانج داردا، تاوەکو بە هۆیەوە و لەو ڕێگەوە چەمکە ڕۆشنبیریە سێکسیەکان دابەزێنێت بۆ منالاّن و هەرزەکاران بەزمانی عەرەبی ڕاست و دروست، وە لەژێر چەتر وسایەو سێبەری شەرعی ڕاست و دروست، هاوسەنگ و هاوڕێك نە زیادە ڕەوی ولە ڕادە دەرچوون وبێشوماری و نەشێلگیری و کەمتەرخەمی و پشت گوێخستن و تێدا بکرێت و سەر چاوەکەشی قورئانی پیرۆزە و فەرموودە شیرینەکانی پەیامهێنی ئازیز و خۆشەویستە (ﷺ) ،

وە ويستی خوا وابوە كە ئەم پەروەردەكار و پەروەرشيارە چاكە كار و چاكە خوازە لەگەڵ ئەم پرۆژەيەدا بێت، وە ئەم زنجيرە ناميلكەيە كە لە شێوەی چيرۆكدا دايرشتون لە ژێر ناونيشانی( لبيب ولبيبة والاسرة سعيدة) لە چوار بەشدا، ڕەزامەنديەكی زۆری لەسەرە، خەڵكانيكی زۆر لێی ڕازين و لێی سودمەندبوون، وە هەزارەهای لێ چاپكراوە و دابەشكراوە بەخۆڕايی، وەك ناميلكە و كتێبەكانی تری پرۆژەی لاوان بەسەر لاوان ومنالان وهۆشمەندان وگرنگی پێدەران و پەروەردەكاران و پەروەرشياران.

سەر باری ئەوەش لە شوێنەكەماندا لە ئينتەرنێت دايناوە وە لە شوێنی جياوازی تری ئينتەرنێتيش دايناوە و نوسيويەتی و تۆماری كردوە، هەروەها ڕەزامەنديەكی زۆری لەسەرە لەلايەن موسڵمانان كە بە زمانی عەرەبی قسە ناكەن و عەرەب نين، لەبەر ئەوە خێرخوا و چاكەكار و چاكە خوازە خۆبەخشە كانيان ئەم ناميلكە لە چيرۆكەكانيان وەر گێڕاوەتە سەر زمانی ئينگليزی و ئەندۆنيسی بە هيوای ئەوەی كە بتوانين بەشدار بين لەگەڵ گەل و ميلەتان و نەتەوەی تر لە دورخستنەوە وپەرچدانەوەی ترسناكی و مەترسی لە جگەر گۆشەكانمان، لەبەر ئەوەی چونكە شەيتان وكەناڵە ئاسمانيەكان وهاوكارانيان لە كەمين دان بۆيان بە شەو وبەڕۆژ.

﴿...وَٱللَّهُ غَالِبٌ عَلَىٰٓ أَمۡرِهِۦ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢١﴾ يوسف: ٢١

...بێگومان خوای گەورە زاڵە بەسەر نەخشەكانی خۆيدا، بەڵام زۆربەی ئەو خەڵكە دەركی ئەو ڕاستيانە ناكەن. يوسف: ٢١

ئێمە بە ڕاستی مەبەستمان لەم زنجيرە ناميلكە سادە و ساكارە ئەوە بوو كەوا بيخەينە بەر دەستی منداڵەكانمان، هەريەكە و بە پێی تەمەنی خۆی، ئەم ناميلكەيە

شیاوە و ئەگونجێت بۆ كەسێك كە تەمەنی لەنێوان(٧-١٣) ساڵدایە، بە تایبەتی ئەگەر شوێن خوێندنەوەی تاكی (تاكە كەسی) بگرێتە بەر كە گفتوگۆی كوڕە لەگەڵ باوكیدا لە هەندێ ناوەڕۆك و پێكهاتەیدا، وە گفتوگۆی كچە لەگەڵ دایكیدا لەگەڵ تێگەیشتن و ڕونكردنەوەی زیاتری باس و بابەتەكە، هەروەها مەبەستمانە كە غیرەت بخەینە بەری وەهەڵی بنێین و هانی دایكی ڕاڕا ودوودڵ و سەغڵەت و پەشۆكا و شێواو لە قسەكردندا بدەین سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ كچەكەیدا، هەروەها بە هەمان شێوەش هانی باوكەكەش بدەین، وە سوپاس بۆ هەندێك لەوەی ویستومانە بە دەستمان هێناوە و پێی گەیشتوین، بە گوێرەی ئەوە سودی باشی گەیاندوە، وە ئێمە توانیمان یەكەم بناغە(یەكەمین خشت وبەردی بناغە) دابنێین لەم مەیدان و بوارەدا، بە چاكی و بە درێژی باسكردن لەم مەیدانەمان واز لێ هێناوە بۆ خاوەن و ئەهلی پسپۆڕی لە پەروەردەكاران و پەروەرشیاران و زانایانی شەرعی پاك و پیرۆز.

لێرەدا ئەوەستین و زیاتر لەسەری ناڕۆین و تەنها چاوێك ئەگێڕین و ورد ئەبینەوە لە سەر باسە لاوەكیەكان كە خراونەتە ڕوو لەم زنجیرەیەدا بۆ ئەوەی زیاتر وێرایی و بوێری و ئازایەتی پەیدا ببێت لە قسە كردندا لەگەڵ مناڵكاندا، وە بۆ ئەوەی دەرگای پرسیارو پرسین وپێشنیار بكرێتەوە لە كەش و هەوایەكی ئیمانیدا، وە باس و بابەتەكە پەیوەست بكەین و گرێی بدەین بە چیرۆكی قورئانیەوە، چونكە مناڵ زۆر حەز بە گێڕانەوەی چیرۆك ئەكات هەر لە سەرەتای ژیانیەوە،

وە ئەم سەرباسە یەك لە دوای یەكانە لە سوك و ئاسان و سادەوە بۆ سوك و ئاسان و سادەتر:

لـە بەشـی یەکـەم لـە چـیرۆکی(لبیـب ولبیبـة والاسـرة السـعیدة) ئـەم سەرباسـە لاوەکیانەی تێدایە:

*کۆبونەوە (دانیشتن)ی خێزانی.

*چیرۆك لە قورئانی پیرۆز (گێڕانەوەی چیرۆکی قورئانی).

*نەخۆشیە سێکسیە نوێیە (سەردەمی)یەکان.(نەخۆشیە نوێیە سێکسیەکان).

*ڕابەری و ئاڕاستەکردن و ڕێنمایی و ڕێنیشاندان.

*هاوڕێ و ڕەفیقی خراپ.

* ئینتەرنێت و منالْ. (منالآن و ئینتەرنێت).

*گێچەڵ پێکردن وڕێپێگرتنی سێکسی.

*شریت (سی دی...)( C D ) تێکەڵە و هەمەجۆر و کۆکراوە.

* لاسایکردنەوەی کوێرانە.

*ڕۆشنبیرکردنی سێکسی.

بەشی دووەم لەم زنجیرە (نامیلکەیە):

پێك دێـت لـە جەختکردنـەوە و بایەخـدان و وەسـتان لەسـەر جـێگیر کـردن و پتـەو کردنی هەندێ چەمکی تازەو نوێ و سـەردەمیانە لـە ڕۆشـنبیری سێکسـی لـە لای منـالآن (لـە منالآنـدا)، ئەوانـەی کـە گـەنجان و لاوانـی دواڕۆژن شمـەك و کەرەسـتەو تفاقن، بە چەترو سەیوان و سایەی شـەرعی و بـە زمانێکی پـاك سـاغ و سـەلیم وبـە تێگەیشـتن و چـەمکی ڕاسـت ودروسـتەوە، ئێمـە لـە بەشـی یەکەمـدا هانمـان داو دەستخۆشی و سوپاسمان کرد بۆ ئەو گرنگیە بێهاوتاو بەردەوامەی، نـەك تـەنها لـە منالآندا بەڵکو لە دایکان و باوکانیشدا وەك و یەك، ئێمە لە پـرۆژەی پـەروەردەیی و خۆپاراسـتنماندا، هـەر لـە لـە دایکبـونی منالــەوە دەسـت پێئەکـەین، وە وازی

لێناهێنین وفەرامۆشی ناکەین تاوەکو ئەوەی توانیومانە و لەدەستمان هاتوە بۆمان کردوە و پێشکەشمان کردوە، لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشە و نەش ونمای جەستەیی و سۆزداری، بۆ ئەوەی بە سەلامەتی لەم ئۆقیانوسە شەپۆلاویەدا ڕێبکات و مەلە بکات و شەپۆلەکان زۆر کاریگەریان لەسەری نەبێت و نەبنە کۆسپ و تەگەرە لە ڕێگەیدا، تاوەکو بە هیواو ئاواتەوە بگاتە کەناری پوختی وپاکی و بێگەردی و خاوێنی و پاکداوێنی بە سەلامەتی، وە ژیانێکی باش وچاك و جوان و تەندروست بژی و بەسەر بەرێت، وە خوای گەورە باشترین پارێزەرو بەسۆزترینی سۆزدارانە.

هەروەها ناونیشانە لقی و لاوەکی یەکانی بەشی دووەم پێکهاتوون و بریتین لە:

*چیرۆکی گەورەمان یوسف.

*بیرە قوڵەکە.

*بەلاّ و(زیان، ناخۆشی، خراپە،ماڵوێرانی) و توشبوون.

*بژی یەکسانی و دادپەروەری، بژی یەکسانی و دادپەروەری.

*پەنا بەخوا (پەنا بردن بەخوا )...!!

*پاداشتی ئارامگران.

*پاسەوانی پەرستگە.

*مەریەمەی پاکیزە وپاکداوێن.

*مناڵی موعجیزە (سەیر و سەمەرە و توانا بەدەر).

بەم شێوەیە سونەت ویاسای خوا بڕیار و فەرمانی هێنانە بوون و دروستبونی داوە، نەش و نمای لەسەرخۆ و هێواش، پێگەیشتن وگەشەکردنی بەرەبەرە و پلە بە پلە، لە قۆناغی مناڵیەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاری، بە پێی ئەو ئەرك پێدان و

پێسپاردنەی ئەخرێتە ئەستۆی...کە بە ڕاستی قۆناغێکی هەستیارە و پێویست بە پەروەرشیاران و پەروەردەکاران ئەکات، کەوا گولاّو شیلەی شارەزایی وپسپۆڕی و سۆزو بەزەیی باوکایەتی وخۆشەویستی گەنجان ولاوانی تێدا کۆبوبێتەوە .

وە لە قۆناغی لەشگرانی وشەیتانی بوون و شەو خۆتەڕکردن و لەش پیسی و چالاکی سێکسی وسۆزداری ئەوینی و هەستداریدا، خوای گەورە ئاسانکاری و کارئاسانی ئەکات بۆگەنجان ولاوانێك کە بە دەستی خۆیان ڕێگەی خێرو چاکە ئەگرنە بەر و بۆخۆیان و گەل و میللەت و نەتەوەکەیان کارێکی زۆر گرنگ و بایەخدار وگەورە ئەنجام ئەدەن، ئەگەر ئەمە نەبوو، ڕێگەی خێر و چاکەیان هەڵنەبژارد ئەوا هیچیان بۆ خۆیان و گەل و میللەت و نەتەوەکەیان پێشکەش نەکردوە مەگەر تەنها ئالودەبوون و ئایدز و بە هەدەردان و بە فیڕۆدان ولە دەستدانی تاقە و وزەکان نەبێت.

وە بەشی سێهەم لەم زنجیرە (نامیلکە) پیرۆزەدا (چەمکی ڕۆشنبیری سێکسی بۆ منالاّن لە ژێر ڕۆشنیایی شەریعەت و یاسا و ئاینی ئیسلامدا)، کە بۆ یارمەتیدانی گەنجان ولاوانە لەم قۆناغە هەستیار و گرنگەدا، بەڵکو بۆ یارمەتیدانی باوك و دایکانێك شەرم و خەجاڵەتی ئەیانگرێ سەبارەت بە گفتوگۆ و ووتووێژکردنی ئەم باس و خواس و بابەت و کارو بارانە لەگەڵ جگە گۆشەکانیان، کە بە خۆیاندا نایێنەوە و لە خەوی غەفڵەت بە ئاگا نایێنەوە مەگەر کاتێك کە کار لە کار ترازا بێت کات لە دەست چوو بێت، ئەو کاتەش پەشیمانی هیچ دادێك نادات..!!

وە ئەو باس و بابەتانەی کە لەم بەشەدا خستومانەتە ڕوو باسمان لێوەکردوون بریتین لە:

*هەرزەكاری بچوك.

*خوێندنگاو ماڵ.

*دانیشتن و كۆبونەوەی زۆر تایبەت.

*باڵغی (باڵغبوون ) و ئەرك (پێدان / پێسپاردن) و خستنە ئەستۆ.

*سمێڵ و ڕیش.

*پێنج شت لە فیترەتن.

*نوێژی هەینی.

*لەشگرانی وشەیتانی بوون (لەش پیسی) وپیاوەتی و پیاوبوون.

*خۆشۆرین و خۆپاككردنەوە، (پاكی و پوختی).

*خووی نهێنی(دەسپەڕ / العادة السرية).

هەرچی بەشی چوارەمیش هەیە لەم زنجیرە (نامیلكەیە)، كە بە تەمەن و قۆناغی هەرزەكار و نەوجەوانان ودەڕوات بەرەو قۆناغی باڵغی (باڵغبوون)ی سەلامەت و دڵنیا، وە قسە لەگەڵ كوڕان و كچاندا ئەكات وئەیاندوێنێ، ئەوانەی كەوا یەكەم هەنگاویان ناوە لە بازنەی باڵغیدا ، ئەوانەی كە ئەرك و پێسپاردنی پەرستش و بەندایەتی كەوتۆتە ئەستۆیان و خراوەتە سەر شانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەشە زیاتر ئاراستەی كچان ئەكرێت لەم قۆناغە هەستیارەدا، لێرەدا بەش و پشكی دایكان گەورە و زۆرە مادام ڕێنماییەكان كچان ئەگرێتەوە بە زۆری، تاوەكو لە و ڕێگە و هەل ودەرفەتەوە بتوانن ئازایەتی خۆیان بنوێنن بە گفتوگۆو وتووێژ كردن لەگەڵ كچەكانیان و جگەر گۆشەكانیان سەبارەت بە گەشە و پێگەیشتن و پەرەسەندنەكانی باڵغ بوون و ئەرك و پێسپاردنی پەرستش و بەندایەتی كە خراوەتە سەرشانیان و كەوتۆتە ئەستۆیان، بۆیە پاك و بێگەردی بۆ بەدیهێنەرو دروستكەری كچان و كوڕان ، گێڕاونی و كردونی بە نوری چاو وجوانی و ئازیز

وخۆشەویستی ژیانی دونیا، وە درود و سەلات و سەلام لەسەر پەیامهێنی نازدار(ﷺ) پێشەوا و پێشەنگی خوڕەوشت و پەروەردە، کە بە تایبەتی پەروەردەکردنی کچانی بە چاکترین وباشترین چاکە گێڕاوە، بۆ چونە بەهەشتی باوك و دایك ودورخستنەوە وپاراستنیان لە ئاگری دۆزەخ.

کچان...ئەو سایە وسێبەر ە سادەو ساکار و پاك وبێگەردەن، ئەو دڵە نەرم و ناسك وتەنك و میهرەبان وبەسۆز خۆشەویستەن، وە هەستەوەری تەنك و ناسکن..بە تایبەتی لە قۆناغی باڵغی (باڵغبوون) و تەمەنی ئەرك پێدان و پێسپاردن و خستنەئەستۆ، ئەم قۆناغەش هیچ نایگرێتەخۆ مەگەر تەنها لانکە و کۆش وباوەش و ئامێزێکی گەرم ودڵێکی گەورە نەبێت ، کە (تێکەڵ) بێت تێکەڵاو کرابێت (تێکەڵ بوبێت) لەگەڵ بەزەیی وسۆز و خۆشەویستی و پەرۆشی وهۆگری وسنگ فراوانی وچاککرداری(چاك ڕەفتاری )...ئایا هەموو ئەم سیفەتە جوان و قەشەنگانە لە کویَ دەست ئەکەویَ .! مەگەر تەنها لای دایکی خۆشەویست و میهرەبان..؟!

ئەم دروستکراوەی کەوا بەردەوام چاودێری وئاگاداری خۆشەویست و هاوشێوەکەی ئەکات زۆر بە خۆشەویستی وخۆبەختکردن وخۆشویستی و، خۆنەویستی و خۆنەپەرستی، وە ئەم بەشەش ئەم بڕگەو بابەتانە لە خۆ دەگرێت:

*گەڕان و سەردانی خێراو سەرپێیی.

*خەم و پەژارە و دڵتەنگی تایبەت.

* کۆبونەوە و دانیشتنی زۆر تایبەت.

* باڵغی (باڵغبوون) و ئەرك (پێدان / پێسپاردن) و خستنە ئەستۆ.

*پێنج شت لە فیترەت و سروشتن.

*ترسان بە هۆی نەزانین و نەفامیەوە.

*لەشگرانی و لەشپیسی و شەیتانی بون و(ئاوهاتنەوە لە خەودا/ لەخەو دابین بوون).(ئاوهاتنەوە و دابین بوون).

*خۆشۆرین و خۆپاککردنەوە، (پاکی و پوختی).

*خووی نهێنی(دەسپەڕ)،(العادة السرية).

*حەیز (کەوتنە خوێن(سەرخوێن).(بێنوێژی، خوێنی مانگانە، سوڕی مانگانە).

*دایك باشترین هاوڕێ و هاودەم.

*لێم ببورە و بم بەخشە ئەی خودا(خواوەند).

ئەم زنجیرە(نامیلکە)ی (لبیب ولبيبة والاسرة السعيدة) سوك و ئاسان و سادە وساکارە و ئەبێتە پاڵنەرێك و هۆیەك بۆ دایك و باوك کە بتوانن قسە و گفتوگۆ بکەن لەگەڵ جگەر گۆشەکانیاندا دەربارەی ئەم کارە هەسیارانەوە، یاخود هەر هیچ نەبێ بیان خەنە بەردەست و پێش چاویان تاوەکو سودیان لێببینن و بەکەڵك بێت بۆیان  پێش ئەوەی کات لە دەست ولە کیس بچێت.

کارو بار و بابەتە سێکسیەکان و چەواشە کردن وفریودانەکانی زۆرترین باس و بابەتن کە دوژمن و ناحەز ونەیارەکان بازرگانیان پێوە ئەکات....وە بە هۆی سەرقاڵبونمانەوە بە ئیش و کاری ڕۆژانەمان و ژیانی دونیامانەوە وپشتگوێ خستن و لێنەپرسینەوەیان بە تایبەتی کاتێ ئەوان لە تەمەنی مناڵیدابوون و بچوك بوون...بۆیە وا ئیستاکە مەترسی و بەدبەختی و ناخۆشی وترسناکی کەوتوە بەسەرماندا و بەرۆکی گرتوین وهەرچی خراپە و خراپەکاری هەیە بۆی هێناوین وخۆشی شادومانی خۆشبەختی و خۆشگوزەرانی لێ تێك داوین و تەنانەت ڕۆژی دوایشی لێ تێکداوین و لەبیر بردوینەتەوە.

## شەشەم: ئەدەب (ئەتەكێت) ی ئیسلامی لە پەیوەندی و ژیانی هاوسەرێتیدا.

دوای ئەوەی كە زیناو داوێنپیسی و بەدڕەوشتی ڕێگەیەكی لارو لادەر بوو، بۆ دەردان وبەتاڵكردنی وزەی سێكسی، كە بەم شێوەیە (ئەم جۆرە خاڵی كردنەوەیە) ئەبێتە هۆی تێكەڵاو بون لە نەسەب و نەژاد ونەوە و ڕەچەڵەك و بنەچە دا، وە هەرەسهێنان وداڕوخان و داڕمانی خێزانەكان و كۆمەڵگا، وە بڵاوبونەوەی جۆرەها نەخۆشی، وە سەركەشی و ستەمكاری بۆ ڕسوا و هیچ وپوچ و سوك و خراپەكاران، وە لەناوچون و نەمان و فەوتان بۆ پیاوچاك وچاكە كاران، كە بە ڕاستی ئەمانە دوژمنی فیترەت و سروشتی پاك و بێگەرد و ساغ و سەلیمی مرۆڤایەتین، وە دوژمنن بۆ سەر خێزان و تەبایی و گونجانو سۆز و بەزەیی وخۆشەویستی ودڵئارامی ودڵنیایی و ئاسودەیی، وە دوژمنن بۆ جێگیربون وهێمن بون و(ڕێكی و هێمنی )، وە وێرانكردنی دیارو بەرچاو بۆ كۆمەڵگە، یەكەم كە هەڵئەسێ بە خراپ و وێرانكردن و تێكدانی تاكەكان وە دوەمیان خێزانەكان.

لە دەرەنجامی ئەوەشەوە كۆمەڵێك نەخۆشی سێكسی ترسناك و مەترسیدار پەیدا ئەبن و سەر

هەڵئەدەن، لیستێك لە نەخۆشی گوازراوە ڕەوانەی كۆمەڵگە ئەكرێت، كە تاكەكان تێك ئەشكێن و دواجار كۆمەڵگەش خراپ و ویران ئەبێت، بینیمان كە ئاینە ئاسمانیەكان هاوڕا و كۆدەنگن لەسەر

یاساغ و قەدەغە بوون و حەرامبوونی و وە هەر هەمووشیان بەرهەڵست ودژایەتی وشەڕی لەگەڵ ئەكەن و بەگژیدا ئەچن، بە تایبەتی ئاینی ئیسلام كە زۆر توندە لە

نەهی کردنی و نزیك کەوتنەوە لێی، کە نزیك بونەوە لێی و ئەنجامدانی ئەبێتە هۆی کێشە و گرفتی زیانبەخش وئازار گەێن، وە لەم بارەیەوە خوای تەعالا ئەفەرموێ:

﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَىٰ ۖ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا ﴿٣٢﴾﴾ الإسراء: ٣٢

نەکەن نزیکی زینا بکەونەوە (خۆتان بە دووربگرن لە هەموو پێشەکی و هۆکارەکانی) چونکە ئەوە تاوان و گوناهێکی زۆر ناشرین و ناقۆڵایە، ڕێچکەیەکی زۆر چەوت و چەوێڵە (نەخۆشی دەرونی و جەستەیی و کێشەی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنەی لێ دەکەوێتەوە). الإسراء: ٣٢

هەروەها لە ئایەتێکی تردا ئەفەرموێ:

﴿وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ يَلْقَ أَثَامًا ﴿٦٨﴾ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ﴿٦٩﴾﴾ الفرقان: ٦٨ ـ ٦٩

هەروەها ئەوانەن کە شەریك و هاوەڵ بۆ خوای گەورە بە ڕەوا نازانن و جگە لەو زاتە خوایەکی تر ناپەرستن، هەروەها کەسیش بە ناحەق ناکوژن کە کوشتنی حەق و ڕەوا نەبێت ( بەوەی کە پیاو کوژ بوبێت، یان تاوانی گەورەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دابێت)، هەروەها زۆر دوورن لە زینا و شەڕواڵ پیسی و داوێن پیسیەوە، جا ئەوەی کاری ناپەسەند و خراپی وا بکات، ئەوە ئەو جۆرە کەسانە خۆیان گیرۆدەی سزاو تۆڵەی خوایی دەکەن لە دنیادا پێش قیامەت، بە نەخۆشی هەمە جۆر و دەردی کوشندە جگە لە ڕیسوایی و خەجاڵەتیی هەردوو جیهان کە ئەستەمە لێی دەرباز بن .. الفرقان: ٦٨

لـە قیامەتیشـدا ( ئەگـەر تەوبـەی ڕاسـتەقینەیان نـەکردبێت، ئـەوە سـزای چـەند بەرانبەر یەخەی ئەو جۆرە کەسانە دەگرێت و بە سوکی و ڕیسوایی دەبیٚ لـە نێو دۆزەخ و سزادا بمێننەوە... الفرقان: ٦٩

کاتـیٚ ئیسـلام زینـا (داوێنپیسـی و بەدڕەوشـتی) هـەر شـتێکیش یارمـەتی دەرە و هاوکـار و ڕێخـۆش کـەر بێـت بـۆ داوێنپیسـی و بەدڕەوشـتی یاسـاغ و قەدەغـەی ئەکات، لـە دوای ئـەوەوە، هـەر ئاوا فەرامۆشـی ناکات بـەڵکو جێگرەوەیەکیشـی بـۆ ڕێك ئەخات کە بریتی ئەبێت لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی گەورە و بـەرز و بـەڕێز و خاوەن چاکە و خـاوەن پیاوەتی و چاکەکار، کـە تـاك لـە ژێـر سـایە و سـێبەریدا ئەحەسـێتەوە، گونجـاو وتـەبا و کـۆك دەبێـت لەگـەڵ نـەفس و دەرونـی خۆیـداو وە لەگەڵ بونەوەر و دەورو بەری، تاوەکو خێزانێکی پتە و بە هێز وپەیوەست وتۆکمە بێتە بەرهەم، وە کۆمەڵگەیەکی هاوسـەنگ و هاوڕێك و پاکوخاوێن دروست ببێت، ئەوەش لە پێناو و لە ڕێگەی ئەوەدایە کە بناغە و بنچینەیەك بنیات بنرێت تـاوەکو بتوانرێـت نیـاز ومەبەسـتەکە دەسـتەبەر بکرێـت و بهێنرێتـە دی، بۆیـە کاتێـك کـە ڕەفتار و سلوکێك یاساغ و قەدەغە و حـەرام ئـەکرێت، کـارێکی بە زۆر سـتەمکاری نـەبێت، بـەڵکو پێشـتر زانـراوە کـەوا کاریگـەری و ئاسـەواری خراپـی ئـەبێت لەسـەر ئینسان کە خوای گەورە ئەم مرۆڤەی لە سەر جوانترین ڕوواڵەت و ڕوخسـار وشـکڵ و شێوە خەلق و دروست کردوە. دوای ئەوەی کە زینا و داوێنپیسی و بەدڕەوشتی حـەرام و یاسـاغ و قەدەغـە ئـەکرێت بـۆ نمونـە ئـەزانریٚ کـە ئاسـەوار و کاریگـەری تێکشـکێن و وێرانکـەری ئـەبێت لەسـەر تـاك و وە لەسـەر کۆمەڵگـەش، بۆیـە زۆر بەتوندی (توندی نواندن ) بە خـەرج ئـەدرێت لـە حـەرام و یاسـاغ و قەدەغـەکردن و نەهی کردنیدا، وە هەڕەشە ئـەکرێت لـە بکەرەکـەی و ئـەو کۆمەڵگەیـەش کـە تیایـدا بـڵاو ئەکرێتـەوە، بـە خـراپترین ئـەنجام و ئاکامێـك و سـزایەك لـە دونیـا و لـە دواڕۆژیشدا، لەبەر ئەوە بینیمان کە حەرام و یاساغ و قەدەغـەی ئـەکات وە هـەموو ئەوشـتانەش کـە بـەرەو ئـەو ئاڕاسـتەیەی بـەرێت، لەبـەر داخسـتنی بـڕوو بیـانو و پاکانـە، چـونکە هـەموو پێشـەکیەکان و هۆکارەکـان لـە (خۆجـوانکردن و خـۆ

ئارایشتکردنی نەفامی، تەنیا دانیشتنی گوناهکارانە (خلوة آثمة)، تێکەڵاوی وتێکەڵبوونی گاڵتەوگەپانە و هیچ وپوچ و کات بەفیڕۆدەر، وێنەی ڕوت وقوت و بەرەڵایی، ئەدەبی ئاشکرا و ڕووت وکراوە، گۆرانی پیس وخراپ و سوك و بێشەرم و بێئابڕوو، لە بەرامبەر ئەوەشەوە زۆر بە ڕاستی وجیدی هەوڵئەدرێ بۆ بڵاوکردنەوەی کەش و هەوایەکی کۆمەڵایەتی پاك و بێگەرد و ژینگەیەکی پاك و پوخت و جوان خاڵی لە هەموو فرِو فێڵ و فریودانێك کە ببێتە هۆی کەوتنە ناو خراپەو تاوانەوە، تاوەکو خەڵکی خۆیان تەرخان و یەکلا بکەنەوە بۆ کار و کردەوەی ڕاست و گرنگ وچاك و بەسود و بەرهەمدار .
بۆیە لەپێناو و لە ڕێگەی ئەوەشدا لە تاکەوە دەست پێکرا بە چاکترین و باشترین پەروەردە، وە لە دەرونیدا تەرازویەکی هەستیار چێنرا بۆ ئەوەی هەموو کردار و کردەوەکانی پێ کێشانە بکات و پێ بکێشێ و دیاریان بکات، وە ئامۆژگاریەکی خۆییشی تیا چێنرا بۆ ئەوەی هەموو خێرو چاکەیەکی لا خۆشەویست بێت و لە هەموو شەڕو فیتنەوە خراپەیەك دوری بخاتەوە (دوربکەوێتەوە)، هەروەها بناغە و بنیاتی خێزانێکی ڕێزدار ومیهرەبان وبەخشندە و چاك دابنێ و دروست بکات ولەسەر بناغەی (هاوسەرگیری(هاوژینی) شەرعی)، هەروەها پتر لەوەش کەش و هەوایەك لە ئارامی ئاسودەیی هێمنی و حەساوەیی و خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی و مهرەبانی و پێکەبوون و پێکەوە ژیان و هۆگری یەکتری وپەیوەست بوون ودواجار کۆتایی پێدێت لە کۆمەڵگەدا (دواجار تاکی پەروەردەکراو لە هەموو ڕویەکەوە ئەخرێتە کۆمەڵگەوە و پێشکەش ئەکرێت بە کۆمەڵگا)، بنکە و بناغەیەکی ڕێك و پێکی بۆ جێگیر ئەکەین، هەروەها بنچینەو ڕێسای خۆپارێزی کە هەموودەرگاو کون و قوژبنێکی شەیتان دابخات، هەموو پەیوەندیەکی سێکسی لەسەر بناغەی نا هاوسەرگیری دامەزرابێت ئەوە حەرام و یاساغ و قەدەغەیە، هەروەها هەموو قسەو گوفتار و کردارێك حەرام و یاساغ و قەدەغە و ناشەرعی وکە ببێتە هۆی کردنەوەی دەرگایەك بۆ پەیوەندی نادروست و حەرام و یاساغ، لەبەر ئەوە دەرگای بۆ ئاوەڵا دەکرێت بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ دۆعاو نزای خێر و هاندان و تەشجیعکردنی و کارئاسانی و(ئاسانکاری) بۆی، وە نەهی و قەدەغەی ژن

نــەهێنان و هاوســـەرگیری نــەکردن ودورەپـــەرێزی و گۆشـــەگیری وکپکـــردن و خۆگرتنـەوە کـراوە، هـیچ ڕەوا و دروسـت نیـە بـۆ موسـڵمان کـە واز لـە هـاوژینی و هاوسـەرگیری بێنێـت لەگـەڵ بـونی توانـای مـادی و مەعنـەوی و جەسـتەیی، بـە بانگەشە و بیانوی گۆشەگیری و خۆگرتنـەوە و دورەپـەرێزی لەبـەر خـوا و بـۆ خـوا، یاخود بە بیـانوی خۆتـەرخانکردن و خۆیەکلایکردنـەوە بـۆ پەرستش و بەندایـەتی وخواناسی و دابڕان و پچڕان لە دونیا.

پـەیامهێنی ئـازیز(ﷺ) موسـڵمانانی فێرکـردوە کـە ئەفـەرموێ: : (أَمَـا وَاللَّـهِ إِنِّـي لأَخْشَاكُمْ لِلَّهِ وَأَتْقَاكُمْ لَهُ لَكِنِّي أَصُومُ وَأُفْطِرُ وَأُصَلِّي وَأَرْقُدُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي)(رواه البخاري). بخاری گێڕاویەتەوە

واتە: (سوێند بە خوای گەورە من زیاتر لە ئێوە لە خوا دەترسمو زیاتر تەقوای خوا دەکـەم، بـەڵام بـەڕۆژوویش دەبمو دەیشـی شـکێنم، شـەونوێژ دەکـەمو دەشـخەومو ژنیش دەهێنم، جا هـەر کـەس پشـت لـە سوننەتو ڕێبازی من بکات، ئەوا لەسـەر ڕێبازی من نییە).

ئیسـلامی پـیرۆز هـیچ دەرفـەت و هـەل و فرسـەتێکی پشـتگوێ و واز لێنـەهێناوە و مەگەر تیایدا هاندان و پاڵ پشت و پشتیوان بوە بـۆ کـاری هاوسـەرگیری، هەمیشـە سور بوە لەسەر ئاسانکاری وسوك وسادەو ساکاری بەبێ قورس کـردن وکۆسـپ و تەگـەرە و لەمپـەر دروسـتکردن، یـاخود بـە بـێ دروسـتکردنی بەربەسـت ومـەرج و کۆت و بەند، چونکە چارەسـەرێکی کرداری وپراکتیکی و کردەییە، وە ڕێگـەیـەکی فــیتری وسروشــتی یــە بــۆ خاڵیکردنــەوەی بارگــە سێکســیەکان، پێغەمبــەری نـازدار(ﷺ) ڕوو ئەکاتـە لاوان و گـەنجان بـە گشـتی وبانگیـان ئـەکات و داوایـان لێئەکات و پێیان ئەفەرموێ:

(يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ ». أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ فِى الصَّحِيحِ) متفق عليه.

واتە: (ئەی کۆمـەڵی گـەنجان هـەر کـەس لـە ئێوە ئـەتوانێت هاوسـەرگیری بکـات، بـا بیکات، چونکە بەڕاستی پارێزەرە بۆ چاوو، پارێزەرە بۆ داوێن، هـەر کەسیش کە

نەتوانێت هاوسەرگیری بکات ئەوا پێویستە لەسەری کە ڕۆژووی سونەت بگرێت بێگومان پارێزەرە بۆی).
ئیسلامی پیرۆز بۆ ڕێز و حسێب بۆکردن و خوێندنەوەی ئینسانیەت و مرۆیی گرنگ چ تاکی بێت یاخود کۆمەڵایەتی، بۆی ڕەوا بینیوە و مۆڵەتی داوە کە موسڵمان لە ژنێك زیاتر بهێنێ و بە مەرجی یەکسانی و دادپەروەری لە گەڵیاندا، بۆ ئەوەی ئەم حەز و هەواو ئارەزو و غەریزە گرنگەی تێر ببێت، وە بۆ ئەوەی هەموو دەرگاو کون و قوژبن و کەلەبەرێکی شەیتان دابخرێت و نەك ئەگەری ئەوەی هەبێت کە شەیتان لەو دەرگاو کون کەلەبەرانەوە زەفەر بهێنێ و دزە بکات و بێتە ناوەوە و دەست بکات بە فریودان وخەڵەتاندن و بڵاوکردنەوەی خراپە و بەدڕەوشتی و داوێنپیسی. هەرچەندە پێویست بە باسکردنو وەبیرهێنانەوە ناکات، بەڵکو (وەك یادخستنەوەیەك) کەوا ئەم غەریزە و ئارەزووە هەر چۆن لای ئافرەت و ژنە، ئاوەهاش لای پیاوە، لەبەر ئەوە هەر ئەبێت و پێویستە کەوا تێر بکرێت ئەویش لە ڕێگەی (هاوسەرگیری و ژنهێنان و شووکردنەوە) لەلایەن هەردوو لایەنەوە، (هەردوو لاوە) (ژن و پیاو) تا ئاستێکی وەك یەك و یەکسان، وە ئەم حەزو هەوەس و ئارەزوە لە هەندێ ژن و مێرد (ژن و پیاو)دا نامێنێت و ساردبونەوە و بێ هەستی ڕوو ئەدات، ئەویش بە هۆی نەزانین و هەڵەی هەردولا و خۆیانەوەیە، بە تایبەتی کاتێ پیاو زووتر و خێراتر ئەگاتە لوتکەی ئۆرگان(مەستی و خۆشی وشادی) وەك لە ئافرەت، بۆیە ژنەکەش (ئافرەتەکەش) لەبەر حەیاو شەرمی خۆی بێدەنگ دەبێت، وە ئەم پێداویستیە دەرونیە گرنگە لای ژن کەڵەکە دەبێت و کۆدەبێتەوە (کە بێبەشکردنە لەو مافەی ) و بۆی جێبەجێ و دەستەبەر ناکرێ ...ئیتر لێرەوە کێشە و گرفتەکان سەر هەڵئەدەن ودەست پێدەکەن بە بێ ئەوەی هۆکارەکانیان بزانرێت، شەیتانیش دەست ئەکات بەکارەکانی (کە تێکدانی نێوان هاوسەرەکانە)...دواجار لە نەبوون ونەمانی هاوسەر وهاوژینەکاندا (وەی و بەدبەختی و ناخۆشی و مەترسیەکان) سەرهەڵئەدەن و دێنە ئاراوە، وەك بڵاوبونەوەی ئەنجامدانی کاری سێکسی نا دروست و یاساغ و قەدەغەکراو، بە تایبەتی لە کەش وهەوایەکی تێکەڵاوی و

کراوە و فراوان و سەربەست و ئازاددا، ئا ئەمەیە ئەو مۆرانەیەی کە ئێسکی کۆمەڵگەی کلۆر و کون کردوە ( پشتی کۆمەڵگەی شکاندوە)، شیاوی وە بیر هێنانەوەیە کە زانایانی کۆمەڵناسی وشارەزایان وپسپۆڕانی (الغدد الصم) لە خۆر ئاوا (ڕۆژ ئاوا)، گەیشتون بەوەی کەوا ئافرەت(ژن) لە ژیانیدا بە پێنج قۆناغ تێپەڕ دەبێت، وە هەر یەکێك لەو قۆناغانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر هاتوو پیاو لەو قۆناغانە تێگەیشت و هەستی پێکردن و پێیزانین، ئەوا ئەتوانێت زۆر لە ڕەوشت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئافرەت لێکبداتەوە و لێی تێبگات و ڕون بێت لەلای، وە لە پێداویستیەکانی بگات:

*یەکەمیان(تەمەنی پیتداری (بەپیتی) و بەرهەمداری):
ئەم تەمەنە ئەکەوێتە نێوان(١٨ تا ٢٥)ساڵەوە کە تیایدا حەز و خۆشەویستیەکی زۆر هەیە بۆ هاوسەرگیری و هاوژینی، وە زۆر خێرا حەز بە سك بون و دووگیانی ئەکرێت، تەمەنێکە زۆر حەزو ئارەزوو وهەواو هەوەسی و شەهوەتیە.

*دوەمیان(قۆناغی دایکایەتی):
ئەم تەمەنەش بە نزیکی ئەکەوێتە نێوان(٢٥ تا ٣٠) ساڵەوە، لەم قۆناغەشدا ئافرەت زیاتر مەیلی بەلای چاودێری و بەخێوکردنی مناڵەکانیدا هەیە، کەم هەوا و هەوەس و شەهوەتە (زۆر حەز و ئارەزوی لە سێکس و شەهوەت نیە)، ئارەزووی زۆر ناجوڵێ، بەڵکو کاری سەرجێیی ئەنجام ئەدات بۆ ڕازی کردنی پیاوەکەی، هەندێ جار بە پلەیەك ئەگاتە ئەوەی کە پیاوەکان هەست بە جۆرێك لە پشتگوێ خستن و لێنەپرسینەوە ئەکەن لە لایەن ژن و هاوسەرەکانیانەوە.

*سێهەمیان (قۆناغی سێکس):
ئەم تەمەنەش ئەکەوێتە نێوان(٣٠ تا ٤٠) ساڵەوە، لەم تەمەن و قۆناغەدا ئافرەت زۆر حەزی لە (سێکس)ە، ئارەزووی بۆ سێکس کردن لە لوتکە و هەڵچون وتەقیندایە، وە زۆر ترین قۆناغێکە لە ژیانیدا کە خۆشی و چێژ وەرگرێت لە

سێکس، قۆناغێکە زۆر تر و زیاتر بۆ خۆی خۆشی و چێژ وەرئەگرێت و بۆ پیاوەکەشی.

*چوارەمیان (قۆناغی هەرزەکاربونەوەی دووەم جار ڕاهێنان و خۆگونجاندنەوە (تأقلم):
ئەمەش قۆناغێکی مەترسیدار و ترسناکە لە ژیانی ئافرەتتدا بە تایبەتی لە ڕۆژئاوا، کەوا یەکەم جار نیشانەکانی گەورەبوونی تەمەنی تێدا دەرئەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی نەرێنی خەیاڵاوی و چەوت بینی لەگەڵدا دەبێت، بە تایبەتی پیاو لەم تەمەنەدا دەست دەکاتەوە بە (تراجع الجنسی) پاشەکشێی سێکسی و ئەنجامدانی، بۆیە ژن وا خەیاڵ ئەکات و وا گومان ئەبات کە لەلایەن پیاوەکەیەوە پشتگوێ ئەخرێ و لێی دورئەکەوێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر زیاتر پێویستی بە دەرخستنی ڕێز و خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی و ئارامی ئەبێت، وەك لە پێویست بوونی بە سێکس هەبێت (واتە زیاتر پێویستی بە دەربڕینی سۆزو خۆشەویستیە تاوەکو حەزی لە سێکس کردن بێت)، جا ئەگەر هاتوو ئەم ڕێز و خۆشەویستی و سۆزو بەزەییەی دەست نەکەوت لەلایەن پیاوەکەیەوە، لە دەرەوەی ماڵەوە دەستی کەوت و لەلای کەسی تر بە دەستی هێنا، لەوانەیە لاوازو بێهێز ببێت، نەك گەڕان و عەودالبون بەشوێن سێکسدا، بەڵکو گەڕان بە دوای ڕێز و نرخ و بەها وئیحتیرامدا، ئالێرەدا بەلا گەورە و سامناکەکە ڕوو ئەدات و دێت پێش، ئەوکاتە تەلاق و جیابونەوە زۆر ئەبێت و خێزانەکان هەڵئەوەشێن، بۆ ئەمەش زۆرێك لە توێژینەوە و خوێندنەوەکان ئاماژە ئەدەن بەم حاڵەت و ڕوداوانە لە ڕۆژئاوادا.

*پێنجەهەمینیان (قۆناغی داپیرەیی) کۆکەرەوەی نەوە و وەچەکان:
بریتیە لە قۆناغی گەڕانەوەی زۆرێك لە خۆشی و شادی و بەختەوەری و ئاسودەیی و کامەرانی و گەرم وگوڕی بۆ نەفس و دەرونی گەورەکان لە ماڵەکانی خێزانە بەڕێزەکاندا، بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، هەر بۆ زانین ئەم پەیوەندیە نزیك وقووڵ و گەرم و گوڕ و خۆشەویستیەی نێوان داپیرەو نەوە و

وەچەکانیدا لە ڕۆژ ئاوادا نیە و بونی نیـە، سروشـتی ژیـان لای ئـەوان وای کـردووە کە لە بازنەی ژیانی وەچەکانیاندا دەربچن و بێبەش بن لـە سـۆزو خۆشەویسـتییەی نـەوەکانیان، بۆیـە هەریـەکێك لـەوان لـەم قۆناغـەدا ئـەبێت ڕۆژەکـانی بـژمێرێت بـۆ بەسـەر چـوون ونـەمانی ڕۆژەکـانی تەمـەنی، وەهـیچ شـوێنێکیش ی بـۆ نیـە مەگـەر تـەنها مـاوا و شـوێنی پەککەوتـە خانـە وپیرخانە(خەڵوەتگـەی پـیران)، کـە ئەمـەش ئەبێتە هۆی هەستکردن بە تاڵی و سەختی ودژواری لەم کۆتایی ژیانە بە ئێش وبە ئـازار وجـەرگبڕە، کـە دڵتـەنگی و خـەم و غـەم و پـەژارە وخەفـەت و مـاتی و پەسـتی ماتەمینی و خەمۆکی زیاد دەکات و زۆر دەبێت، هـەروەها حاڵـەتی خـۆ کوشـتنیش زیاد دەکات و زۆر دەبێت.

بۆیە پەیامهێنی ئازیز و خۆشەویست(ﷺ) هەر لـە خۆیـەوە قسـە ناکـات، بـە هـەواو هەوەس و ئارەزوی خۆی گوفتـار ناکـات، هـیچ خۆشەویسـتی وپێخۆشـبونێکی بـۆ شوێنکەوتوانی نیە مەگەر تەنها خێرو

چـاکە و خۆشـبەختی و خۆشـگوزەرانی نـەبێت، لـە هـەموو قۆناغـەکانی ژیانـدا، ئاگـابوون و وریـابوون لـە هـەموو ئـەو شـتانەی کـە ئەبنـە هـۆی تێکـدانی (پـاکی و بێگەرد) ی و سافی و ڕوونی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو (هاوسـەران) بـە تونـدترین وریاکردنەوە ئاگادارکردنەوەیـەك، وە ڕێنمـایی و زانیـاری و ڕونکردنـەوەی تـەواوی بۆ دیاریکردوین و بۆ داناوین، ئەگەر بێت و بە تەواوی جێبەجێ بکرێن، ئەوا ئێمـە ئەبینە دورترین کەس لـە تێکچـون و کـەم وکـوڕی و کـەم وکـورتی و هەڵخلیسـکان و کــەوتن و دورکەوتنــەوە و سســتی و لاوازی و گوێنــەدان و خۆکوشــتن، شــێوە و شێوازی ئیسـلامی هـەر لـە بنچـینە و بنەڕەتتـدا ئیعتمـادی خسـتۆتە سەر(پشـتی بەســتوە) بــە خۆپاراســتن، چــونکە خۆپاراســتن هەمیشــە و هــەردەم باشــترە لــە چارەسەرکردن، لەبەر ئەوە پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) کۆمەڵێك لە ئاڕاسـتە و فـەرمان و زانیاری و ڕێنمایی بۆ دیاریکردوین و بۆ داناوین، بۆ زەمانەتی ژیانێکی پڕ سـۆزو خۆشەویســتی بەختــەوەری وچــێژ و خۆشەویســتی ڕاســتەقینە لــە هــەموو قۆناغەکاندا، لە خۆشی وشادیەکەوە ئەڕۆن بۆ خۆشی و خۆشگوزەرانیەکی تـر، وە

ڕێگر ئەبێت لە دەرکەوتنی هەرپاشماوە و ئاسەوارێکی نەرێنی خراپ هەروەك لە پێشەوە باسمان لێوەکردن، وە ئەو زانیاری و ڕێنمایی وئاراستانەش بریتین لە:

***خۆجوانکردن و خۆڕزاندنەوە و چاککردن وڕێك وپێکردنی شێوەو ڕواڵەت و ڕوخسار :**

پێویستە ئافرەت(ژن) هەمیشە ئاگای لە ڕوخسار و ڕەواڵەتی و جوانی و شێوەی بێت، بۆ ئەوەی ئامادەبێت کاتێك (پیاو/ مێرد)ەکەی بۆی ئەڕوانێت و سەیری ئەکات دڵخۆش و گەشاوە بێت و چێژ وخۆشی وەربگرێت بەو سەیرکردنەی، چونکە ئەو ڕوانینەی پیاو بۆ ژنەکەی بەوشێوە سەرنج ئامێزە هەندێ لە پێداویستیە دەرونیە کپ و بێدەنگەکانی دائەخرێن و تێرئەبن وبەشێوەیەکی کاتی چێژدار و ئاسودە دەبێت بەو نیگایانەی بۆ هاوسەرەکەی، بەو شێوەیە پەیوەندی نزیکبونەوە و بەلا خۆدا ڕاکێشان (سەرنجی یەکتر ڕاکێشان) ی پێویست لە نێوانیاندا درێژەی دەبێت و بەردەوام ئەبێت، ئاقڵی و ژیرێتی نیە بۆ (مێ) خانمێك کە بە جوانترین شێوە و ڕوخسار خۆی جوان بکات و خۆی برازێنێتەوە تاوەکو شوو بە پیاوێك بکات و خەونەکانی بهێنێتە دی و کەچی دوای ماوەیەك لە جوانی و شێوە وڕوخساری نەپرسێتەوە و پشتگوێی بخات بە بیانوی جۆراو جۆر، بە هەمان شێوەش (ئەم قسەو باسانە) بەسەر پیاویشدا جێبەجێ ئەبێت ، واتە ئەبێت پیاویش خۆی جوان بکات و جوانی و شێوە و ڕوخساری پشتگوێ نەخات، وە پێویستە هەردولا (هاوسەران، ژن ومێرد) پارێزگاری لەمە بکەن و بەردەوام بن لەسەری (واتە خۆجوانکردن وخۆڕازاندنەوە بۆ یەکتر)، پێغەمبەری نازدار و خۆشەویست(ﷺ) ڕێنماییمان ئەکات لەوەی کە چی گرنتی و زامنی بەردەوامی و بەردەوام بوونی بەلا خۆدا ڕاکێشان (سەرنجی یەکتر ڕاکێشان) وتێرکردنی دەرونی(الارتواء النفسي) ئەکات، لە جابر ەوە ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت ئەفەرموێ:

**(عن جابر قال: كنا مع رسول الله (ﷺ) في سفر, فلما رجعنا ذهبنا لندخل، فقال: أمهلوا حتى ندخل ليلا –أي: عشاء– حتى تمتشط الشعثة، وتستحد المغيبة)(رواه البخاري و النسائي).**

**واتە: جابر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرموی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: کاتێك لە سەفەر دەگەڕێنەوە، ئەگەر بەشەو گەیشتنە جیٚ، وا بکەن کە لەپێشدا ئاگاداریان بکەنەوە، هەتا ژن سەری خۆی شانە بکات و دەرمانی حەمام بەکاربێنی بۆ لابردنی مووی زیادەی لەشی).**

**وە حیکمەت و دانایی لەم دواکەوتنە و خۆ دواخستنە ڕون و ئاشکرایە، کە بریتیە لە پێدانی کات و دەرفەتی زیاترە بە (ژن/ ئافرەت) کە دەمێکە پیاوەکەی لای نیە و لە ماڵ دەرچووە، تاوەکو زیاتر خۆی جوان بکات و خۆی بڕازێنێتەوە بۆ پیاوەکەی و قژی دابهێنێت و شانەیان بکات و ڕێك و پێك و ئارایشتیان بکات، نەك تەنها هەر ئەمەش، بەڵکو پێغەمبەری ئازیز وخۆشەویست(ﷺ) زیاتر ڕونکردنەوەی داوە، کاتێك کە ئەفەرمویٚ:( وتستحد المغيبه) ، واتە کاتی زۆر تر زیاتر بدرێت بە ژنەکە چونکە پیاوەکەی لەماڵ دەرچوە و لەماڵ نیە تاوەکو زیاتر خۆی بڕازێنێتەوە و خۆی پاك بکاتەوەو مووی شوێنەکانی لابەرێت و خۆی خاوێن و جوان بکات بۆ مێردەکەی..!!**

**ئەمەش هەمووی بۆ پارێزگاری و پاراستنی ئەو پەیوەندیە بەرز و بەڕێز و گەورەیەی نێوان هاوسەرانە و، بەهەشتە بچکۆلانەیە و خێزانە سۆز و میهرەبانەیە، بۆیە پاك و خاوێنی خۆجوانکردن و خۆڕازاندنەوە پێویستە بۆ موسڵمان لە هەر کات و شوێنێك وهەر چۆنێك بێت، بە تایبەتی ئەگەر بۆ گەڕان و گەشت و سەیران و چونەدەرەوە بوو، لە یادمان نەچێت خۆڕازاندنەوە و خۆجوانکردن بە تەنها بۆ (ژن / ئافرەت) نیە بەڵکو بە هەمان شت بۆ پیاویشە (بۆ هەردوو لایە) وەکو یەك بەبیٚ جیاوازی، پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) ئەیفەرموو بە هاوەڵانی، کاتێك لە گەڕان و گەشت و چونەدەرەوەدا ئەهاتنەوە بۆلای هاوسەرو ماڵ و منداڵ و براو کەس و کاریان:**

(إنكم قادِمُونَ على إخوانِكم، فأصْلِحُوا رِحَالكُم، وأصْلِحُوا لباسَكُم، حتى تكونوا كأنكم شامَةٌ في النَاسِ، فإن الله لا يُحب الفُحْشَ ولا التّفَحُّشَ)(أخرجه أحمد في مسنده، ح: ١٧٦٢٤، وقال شعيب الأرنؤوط وآخرون: إسناده محتمل للتحسين. وأبو داود في اللباس ب:، إسبال الإزار، ح: ٤٠٨٩). ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە و گێڕاویەتەوە.

واتا: (سەهلی کوڕی حەنزەلیە) فەرمووی: بیستومە لە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ئێوە دەچن بۆ ناو براکانتان بارو بارگنەتان ڕێكو ساز بکەن، جلەکانیشتان ڕێكو پێك بکەن، بە شێوەیەکی ئەوەندە جوان بن، وەك ئەوەی ئێوە خاڵێك بن لەناو خەڵکدا، خوای گەورە زیادە ڕەویو بەدکاری خۆشناوێت).

*المرسال (نێردراو).

پەیوەندی گەرمی سۆزداری وخۆشەویستی و جۆش و خرۆشی نێوان هاوژینان و هاوسەران بە تەنها کۆمەڵێك جوڵەی میکانیکی نیە کە داماڵرابێت و دەرهێنرابێت لە هەست و شعور، وەك ئالەت وئامێرێك جوڵە بکەن، بەڵکو بریتیە لە دەرەنجامی کارلێکردنە دەرونیەکان و، هەست و سۆزو شعور و نیگاکان و ڕوانینەکان وقسە تەنك وناسك ونەرم ونیانەکانەوە پەیدا دەبێت و دێتە بوون، ئەبێت کەش و هەوا بڕەخسێت و لەبار بێت بۆ ئەنجامدان وکردنی ئەم جۆرە کارە دروست و شەرعیە، تاوەکو باشترین بەرهەم و ئەنجام بدات لە چێژ و خۆشی حەلاڵ وڕێپێدراو، پێغەمبەری ئەکرەم (ﷺ) ئەفەرموێ:

(لاَ يَقَعَنَّ أَحَدُكُمْ عَلَى امْرَأَتِهِ كَمَا تَقَعُ البَهِيمَةُ، وَلْيَكُنْ بَيْنَهُمَا رَسُولٌ» . قيل: وما الرسول يا رسول الله؟ قال «القُبْلَةُ وَالكَلاَمُ»). دەیلەمی ڕیوایەتی کردوە و گێڕاویەتەوە.

واتا: (با هیچ کەس لە ئێوە نەکەوێت بەسەر خێزانەکەیدا لە کاتی جووتبوونو سەرجێگەییدا هەر وەك ئەوەی کە ئاژەڵ دەکەوێت بەسەر مێیەکەیدا، با نوێنەرێك لە نێوان ژنو مێردەکەدا هەبێت، وترا: مەبەست لە نوێنەرو پەیامنێر چییە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرموی: ((ماچ کردنو قسەکردن)).

## *نــزای تایبــەت بــە ئــاوێزانبون و تێکــەڵبون و جووتبــون و سەرجێیی:

**کارێکی زۆر ئاسان و سوك و بەرهەم و دەرەنجامێکی زۆر گەورە (منالْ شەیتان زیانی پێناگەیێنێت) واتە شەیتان ناتوانێت زیان بە منالْ بگەیێنێت، لێرەشدا دەستمایە و سەرمایەکە بریتیە لەو نیەتە پاك وساغە ودواکردن و ئامادەبون بۆ نیعمەت و توانای خوای گەورەو بە دەسەلأت باوك و دایك سالأنێکی دورو درێژ بە یەکەوە بەسەر ئەبەن، وە هەولْ وکۆشش و ڕەنج وتەقەلایەکی زۆر بەخت ئەکەن بۆ ئەوەی شەیتان لە منالەکانیان دوربخەنەوە، وە پەیامهێنی ئازیزو خۆشەویست(ﷺ) ڕێنمایی وئاڕاستەمان ئەکات بۆ کورترین ڕێگەوئەنجامدانی و(کورترین ڕێگەمان نیشان ئەدات بۆ ئەوەی ئەنجامی و بدەین و جێبە جێی بکەین)، لە ئیبن عەباسەوە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت) ووتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی:**

**(لَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ قَالَ بِاسْمِ اللَّهِ اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا فَقُضِيَ بَيْنَهُمَا وَلَدٌ لَمْ يَضُرُّهُ)(رواه مسلم و البخاري). بوخاری و موسلم گێڕاویانەتەوە و ڕیوایەتیان کردوە.**

**واتە: (ئەگەر یەکێکتان چووە لای خێزانەکەی بۆ سەر جێگەیی و جووت بوون با سەرەتا بڵێت: (بِاسْمِ اللَّهِ) بەناوی خوا و (اللَّهُمَّ جَنِّبْنَا الشَّيْطَانَ وَجَنِّبْ الشَّيْطَانَ مَا رَزَقْتَنَا). واتە: (ئەی خودایە بمانپارێزە لە شەیتان و شەیتانیش دوورخەرەوە لێمان کە نەیەت بەلاماندا لەسەر ئەوەی کە پێت داوین، ئەگەر خوای گەورە منداڵی پێ بەخشین، ئەوا هەرگیز شەیتان زیان بەو منداڵە ناگەیەنێت).**

**وە لە تەفسیر و ڕاڤە و مانای (قدموا لأنفسكم ) لە ئایەتی قورئانی پیرۆزدا کە ئەفەرموێ:**

﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢٢٣﴾ البقرة: ٢٢٣

ژنـانی هاوسـەرتان وەك كێڵگـەوان بۆتـان و شـوێنی چـاندنی وەچـەن ، جـا بـە هەرشـێوەیەك دەتانـەوێت تـۆو بوەشـێننە كێڵگەكەتانـەوە بـە هیـوای بەرهـەم ، هەوڵبـدەن دەسـت پێشـخەری بكـەن، هاوسـەری چـاك و خوانـاس هەڵبـژێرن، لەوەودواش دوعا و نزای بەردەوام بكەن و پێش چوونە لایان بڵێن ( اللهم جنبنا الشیطان و جنب الشیطان مارزقتنا ) واتە: خوایە شەیتانمان لیٚ دور بخەرەوە و هـەر چیەكیشـمان پێدەبەخشـیت لـە شـەیتان بـە دووری بگـرە، لـە خـوای گـەورە بترسرن و خۆتان لە گوناهو خراپە بپارێزن و چاك بزانن و دڵنیابن كە ئێوە بە دیداری خوای گەورە شاد دەبن، ئەم مژدەیەش بدە بە ئیماندران ... البقرة: ٢٢٣

ئیبن عباس ئەڵیٚ: یانی( واتە لەكاتی سەرجێی و جوتبوندا ناوی خوا بهێنن و یـادی بكـەن )، وە ڕاڤـەو تەفسـیری ئایەتەكـە ئامـاژە و هێمایـە بـۆ فـەرموودەی پێشوو... تەفسیری قورتوبی.

### * چاودێریكردن وبایەخدان بە مافی هەردوولا(هەردوو لایەن):

وە بۆ پاراستن لە بەردەوام بونی هاوسەنگی لایەنەكانی هاوكێشەكە لە خێزاندا، پێویستە و ئەبێت كە هەر لایەك ئەوی تر تێر بكات، ئەمەش مافێكە پێویستە هەردوو هاوسەر و هاوژین بیدەن بە یەكتر، تاوەكو تێربوون و مەست بوون لە یەكتر (الارتواء والاشباع) (تێركردن) بێتەدی ، بۆ ئەوەی دوای ئەوە فیكر و بیر بكرێتەوە وهەوڵ و كۆشش وتەقەلا بدرێت بۆ بنیاتنان ودروستكردن و پەروەردەكردن .

لە ئەنەسی كوڕی مالك ەوە ئەڵیٚ : پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی:

«إِذَا جَامَعَ أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ فَلْيَصْدُقْهَا، ثُمَّ إِذَا قَضَى حَاجَتَهُ قَبْلَ أَنْ تَقْضِيَ حَاجَتَهَا فَلَا يُعْجِلْهَا حَتَّى تَقْضِيَ حَاجَتَهَا» ئەبو یعلی ڕیوایەتی كردووەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (ئەگەر كەسێك لە ئێوە لەگەڵ هاوسەرەكەی بۆ كاری سەرجێگەیی كۆبوویەوە با چاك لەگەڵی پێك بێت، ئینجا كاتێك كە خۆی كارەكەی تەواوبوو پێویستی

بەجێهات پێش ئەوەی کە هاوسەرەکەی کاری تەواو بێت و کاری بەجێبگات با پەلەی لیٚ نەکات تا ئەویش بەجێدەگات و دەگات بە چێژ وەرگرتنی خۆی).

## * دوبارە کردنەوە و دەستپێکردنەوە:

خەڵکی جیاوازن لە توانای سێکسیاندا، ئەمە کارێکی سروشتیە، هەیانە بە کەڕەتێك و جارێك تێر نابێت و داد نادات وئاسودە نابێت، ئەمەش مافی خۆیەتی، (لەبەر ئەوە) دوای ئەوە زیاتر ئەگەڕیٚ بە دوای چێژوەرگرتن و خۆشی و ڕابواردنی زیاتردا، جا لەبەر ئەوە بۆ هەموو خۆشی وچێژ وەرگرتنێك ئەبێت باجی زیاتر بدات، باجی ئیسلامی یش بە زۆری بریتیە لە زیاتر پاك وخاوێنی، تاوەکو خێر لەسەر خێر بێت بۆ نمونە وەك خۆشۆرینی لەشگرانی و لەش پیسی، بۆیە ئەمەش فەرمانە ئەگەر یەکیٚ لە هاوسەران ویستیان دوبارە دەستپێبکەنەوە (ویستی دوبارە دەست پێبکاتەوە) پێغەمبەری نازدار (ﷺ) ئەفەرمویٚ:

«إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ، ثُمّ أَرَادَ أَن يَعُودَ فَلْيَتَوَضّأْ بَيْنَهُمَا وُضُوءاً». رَوَاهُ مُسْلم.

زَادَ الْحَاكِمُ: «فَإِنّهُ أَنْشَطُ لِلْعَوْدِ». موسلم ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (کاتێك یەکێك لە ئێوە چووە لای هاوسەرەکەی بۆ کاری سەرجێگەیی، ئینجا ویستی کە جارێکی تر بچێتەوەی لای –واتا بۆ دووەم جار– با تارات و دەستنوێژ بگرنەوە، تا ئێرە پێشەوا مسلم گێڕاویەتیەوە، ئینجا پێشەوا (الحاکم) ئەوەی بۆ زیاد کردووە: (بێگومان ئەو کاری تارات و دەستنوێژ گرتنەوەیە هێزو چالاکی بە جەستە دەداتەوەو بۆ دووبارە گەڕانەوەکە چاکترە).

هەروەها لە ئەبی سعید ەوە ئەگێڕێتەوە ئەڵیٚ: پێغەمبەری نازدار (ﷺ) ئەفەرمویٚ: (إذا جامع الرجل أول الیلة، ثم أراد أن یعود، توضأ وضوءه للصلاة) موسلم ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (کاتێك یەکێك لە ئێوە هاتە لای خێزانەکەی بۆ کاری سەر جێگەیی و کارەکەی تەواو کرد، ئینجا بۆ جارێکی تر ویستی بێتەوە بۆ کاری سەر جێگەیی تر لەگەڵی با جوان تارات بگرێت و دەستنوێژ بشواتەوە).

## *خۆشۆرین یاخود دەست نوێژ هەڵگرتن پێش خەوتن:

یەکێك لەو ئادابانەی کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بۆی داناوین لە دوای جوتبوون و سەرجێیدا بریتیە لە (دەستنوێژگرتن (هەڵگرتن) یاخود خۆشۆرین (خۆشتن)، پێش ئەوەی بچێتە ناو پێخەف و نوێنەکەیەوە بۆ خەوتن، لە عبدالله کوڕی ئەبو قیس ەوە ووتی:

(سَأَلْتُ عَائِشَةَ كَيْفَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ( ﷺ ) يَصْنَعُ فِى الْجَنَابَةِ؟ أَكَانَ يَغْتَسِلُ قَبْلَ أَنْ يَنَامَ أَوْ يَنَامَ قَبْلَ أَنْ يَغْتَسِلَ؟ قَالَتْ : كُلُّ ذَلِكَ قَدْ كَانَ يَفْعَلُ ، رُبَّمَا اغْتَسَلَ فَنَامَ ، وَرُبَّمَا تَوَضَّأَ فَنَامَ. قُلْتُ : الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِى جَعَلَ فِى الأَمْرِ سَعَةً) موسلم ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (پرسیارم لە خاتوو عائیشە کرد پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك سەرجێگەیی دەکردو لەشی قورس دەبوو چی دەکردو چۆنی دەکرد؟ ئایا خۆی دەشۆرد پێش ئەوەی بخەوێت یان دەخەوت پێش ئەوەی کە خۆی بشۆرێت؟ وتی: هەموو ئەوانەی دەکرد، جاری وا دەبوو کە خۆی دەشۆرد ئینجا دەخەوت، جاری وایش ڕێك دەکەوت کە تارات و دەستنوێژی تازەی دەگرت ئینجا دەخەوت، ئینجا منیش وتم: سوپاس و ستایشی بێ پایان بۆ خوای گەورە کە لە کارەکەدا فراوانکاری کردووە بواری زۆری تیا ڕەخساندووە).

## *حەرام وپاساغ وقەدەغەیە قسەکردن لە نهێنیەکانی جووتبون و سەرجێیی نێوان ژن و مێرد:

هەندێك خەڵك قسە ئەکەن لە بارەی شتێکەوە کە پێویست و لازم بێت، وە هەندێك خەڵکی تر هەیە قسە ئەکەن لە بارەی شتێکەوە کە پێویست و لازم نەبێت، هەروەها لە بارەی شتێکەوە کە بیزانێ قسە ئەکەن، وە هەندێکی تر لە بارەی شتێکەوە کە نەیزانێ قسە ئەکەن، جا ئەو کاتە هەڵەو پەڵەو کەموکورتی لێئەکەوێتە خوارەوە، قسەی نابەجێ و ناڕاست ونادروست و ناقۆڵا لارو وێر فڕێ ئەدرێت کە بۆ خاوەنەکەی مایەی شەرمەزاری و سەرشۆڕیە، وە هەندێکی تر لە

خەڵکان هەن کە خوای گەورە بۆی پۆشیون و مەگەر خۆیان بە دەمی خۆیان بلاْوی بکەنەوە و ئاشکرای بکەن و ئابڕوی خۆیان بەرن، قسە لەسەر تایبەتی ترین تایبەتمەندیەکانی ئەکات، لە ئەبی هویرەوە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت) ئەڵێ پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ :

«مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلاَ يُؤْذِ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ» (متفق عليه).

پێشەوا بوخاری گێڕاویەتیەوە

واتا: (لە أبی هريره)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: (هەر کەس باوەڕی بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە با ئازاری دراوسێی نەدات، هەروەها هەر کەس باوەڕی بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە میوانی خۆی بگرێت، هەروەها هەر کەس باوەڕی بە خوای گەورەو ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی خێرو چاکە بکات یان با بێدەنگ بێت).

لێرەشدا ئەگەڕێینەوە بۆ بەشی پێشوو کە باسمان لە بابەتێك کردبوو لەم کتێبەدا کە باسی(يحسبونه حياءً)، بۆ زیاتر دڵنیایی و جەخت کردنەوە و یادخستنەوە، کە ئاماژەمان دابوو بەوەی کە ( شەرم و شکۆی ڕێك و ڕاست و دروست)، قسەنەکردن و بێدەنگی تەواودەسەپێنێت و پێویست دەکات لە دوو بواردا کە پەیوەندیان هەیە بە کارو بارو فەرمانی سێکسی تایبەتەوە :

یەکەم: بریتیە لە بواری نهێنیە ڕاستەوخۆکانی نێوان ژن و مێرد (هاوسەران و هاوژینان)، ئەمە بەڕاستی کارێکی تەواو تایبەت و زۆر گرنگە، کە ناکرێ و نابێت بە هیچ شێوەیەك، هیچ کەس قسەی تێدا بکات لە هیچ حاڵەتێك لە حاڵەتەکان، وە نابێت بخرێنە ڕوو قسەی تێدا بکرێت، مەگەر تەنها لە نێوان ژن و مێرد (هاوسەران و هاوژینان)دا نەبێت هیچ کەس بۆی نیە قسەی لێوە بکات، ئەمانە نهێنی تایبەت بە خۆیانە پەیوەست نین بە هیچ کەسێکەوە، هەرچەندە بگەنە پلەی خزمایەتی (هەرچەندە لە ڕوی خزمایەتیەوە زۆر نزیك بن) یاخود نزیك و خزمی خەڵکی بن.

دووەم: بریتیـە لـە بـواری یـاریكردن و ڕابـواردن و گەمـە گاڵتـەكردن، و دڵدانـەوە وئاسودەیی وباسكردن و ستایشكردن و (والتندر)، بە كارو بارێكەوە كە پەیوەندی بە چێژو وخۆشی سێكسیەوە هەیە، وەك لادانی پۆشاك و جل و بەرگی داپۆشـەر و پارێزەر وپوختی و پاكی وخاوێنی و داوێن پاكی، دەیانخاتە ڕوو و پیشانیان ئەدا بـۆ سـوككردن و خـراپ بـەكارهێنان و بـەرەڵڵایی وناپۆشـراوی، ئەمـەش سـەرەڕای ئەوەی كـە وەك ئـەم قسـانە شـەهوەت و هـەواو ئـارەزوو دەوروژێنێـت بـە تایبـەتیش لەلای كەسانیتر.

پێغەمبـەری ئـازیز و خۆشەویسـت نـەهی و قەدەغـەی كـردوە لەمـە قەدەغەیـەكی بڕێنـەرەوە و كۆتـایی پێهـاتوو، كـە لـە فەرموودەیەكـدا هـاتوە، لـە ئـەبی هـورەیرەوە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێت)

بۆمـان ئەگێڕێتـەوە و ئەفـەرموێ: (فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) وَلَمْ يَنْسَ مِنْ صَلَاتِهِ شَيْئًا فَلَمَّا سَلَّمَ أَقْبَلَ عَلَيْهِمْ بِوَجْهِهِ فَقَالَ مَجَالِسَكُمْ هَلْ مِنْكُمْ إِذَا أَتَى أَهْلَهُ أَغْلَقَ بَابَهُ وَأَرْخَى سِتْرَهُ ثُمَّ يَخْرُجُ فَيُحَدِّثُ فَيَقُولُ فَعَلْتُ بِأَهْلِي كَذَا وَفَعَلْتُ بِأَهْلِي كَذَا فَسَكَتُوا فَأَقْبَلَ عَلَى النِّسَاءِ فَقَالَ هَلْ مِنْكُنَّ مَنْ تُحَدِّثُ فَجَثَتْ فَتَاةٌ كَعَابٌ عَلَى إِحْدَى رُكْبَتَيْهَا وَتَطَاوَلَتْ لِيَرَاهَا رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَيَسْمَعَ كَلَامَهَا فَقَالَتْ إِي وَاللَّهِ إِنَّهُمْ لَيُحَدِّثُونَ وَإِنَّهُنَّ لَيُحَدِّثْنَ فَقَالَ هَلْ تَدْرُونَ مَا مَثَلُ مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ إِنَّ مَثَلَ مَنْ فَعَلَ ذَلِكَ مَثَلُ شَيْطَانٍ وَشَيْطَانَةٍ لَقِيَ أَحَدُهُمَا صَاحِبَهُ بِالسِّكَّةِ قَضَى حَاجَتَهُ مِنْهَا وَالنَّاسُ يَنْظُرُونَ إِلَيْهِ ثُمَّ قَالَ أَلَا لَا يُفْضِيَنَّ رَجُلٌ إِلَى رَجُلٍ وَلَا امْرَأَةٌ إِلَى امْرَأَةٍ) أحمد و أبو داود ڕیوایەتیان كردوەو گێڕاویانەتەوە.

واتـا: (جارێكیـان پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) نوێـژی كـرد هـیچ شـتێكی لـە نوێژەكـەی لەیاد نەچووبوو، كاتێك سەلامی دایەوە ڕووی كردە هاوەڵان، ئامادەبووان كە لـەوێ ئامادەی بوون، ئینجا فەرموی: پابەندی كۆڕو مەجلیسـی خۆتـان بن، ئایا كەسێك لـە ئێوە هەیـە بـۆ كـاری سـەرجێگەیی بچێتە لای خێزانەكـەیو دەرگـای ژوورەكـەی

دابخاتو پەردە دابداتەوە پاشان دوای تەواو بوونی کارەکەی لە ماڵ دەربچێتو لەناو خەڵك بڵێت: لەگەڵ خێزانم واو وام کرد، باسەکەی بۆ خەڵك باس بکات، ئامادەبووان بێدەنگ بوون، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ڕووی کردە ئافرەتانو فەرموی: ئایا یەکێك لە ئێوە هەیە کە باسی ئەوە بکات لای کەسانی تر؟ ئینجا کچێکی گەنج کە لەسەر چۆکی یەکێك لە ئەژنۆکانی دانیشتبوو کە تازە سنگی خڕ بو بوو پێوەی دەردەکەوت، ملی بەرز کردەوە تا پێغەمبەری خوا (ﷺ) بیبینێتو گوێبیستی قسەکانی بێت، وتی: بەڵێ، سوێند بە خوای گەورە پیاوانیشو ئافرەتانیش باسی دەکەن، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: ئایا ئێوە دەزانن نمونەی ئەو کەسەی کە ئەم کارە دەکات چۆنە، بێگومان ئەو کەسەی کە هاوشێوەی ئەم کارە دەکات ئەوا پیاو و ئافرەت وەك شەیتانە، کە یەکێکیان دەگات بە هاوڕێ و هاوەڵەکەی خۆی لە (کۆڵان، ڕێگە، شەقام ) دا کاری خۆیی پێ ئەنجامدەداو خەڵکیش تەماشای دەکەن، پاشان فەرموی: ئاگادار بن با هیچ پیاوێك باسی کاری تایبەتی خێزانی خۆی لای هیچ پیاوێك نەکات هەروەها هیچ ئافرەتێکیش باسی ئەو کارە لای هیچ ئافرەتێکی تر نەکات).

## ﴿چۆن منالەکانت ئەپارێزی لە خووە نهێنیەکە﴾

**سەرەتا(ئامادەکاری):**

خوای پەروەردگار ئەنجامدانی کاری سێکسی ڕێگە پێدراو(حەلاڵ )ی بۆ بەندەکانی ڕونکردۆتەوە و بۆی دیاری کردون، وای کردووە کە حەزی لێی بێتو ئامۆژگاری کردووە لەسەری.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:

﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَ لَكُم مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ أَزۡوَٰجٗا لِّتَسۡكُنُوٓاْ إِلَيۡهَا وَجَعَلَ بَيۡنَكُم مَّوَدَّةٗ وَرَحۡمَةًۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَتَفَكَّرُونَ ٢١﴾
الروم: ٢١

**هەروەها یەکێکی تر لە ئایەت و بەڵگە و نیشانە و موعجیزەکانی تری خوای گەورە ئەوەیە کە هەر لە خۆتان هاوسەری بۆ بەدی هێناون تا لە پاڵیداو لە سایەیدا ئارام بگرن، وە سۆز و خۆشەویستی و میهرەبانی لە نێوانتاندا بەرپا کردووە، بە ڕاستی ئا لەوەدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەیە بۆ کەسانێك کەبیر دەکەنەوە ( لە پەیوەندی نێوان ژن و مێردو ئاسەوار و بەرهەمەکانی لە منداڵ و نەوە و کوڕەزا و کچەزا و ... هتد)** ... الروم: ٢١

**وە ئەم ئەنجامدانی کاری سێکسیەی (کۆت و پاوەن وسنوردار و دیاریکردووە) لە پەیوەندی هاوسەری و هاوژینی و ژن و مێردیدا، وە هەر کارێکی تری سێکسی لە دەرەوەی ئەم (سنور وچوارچێوە)یە ئەنجامدرا ئەوە قەدەغە و یاساغ و حەرامە (هەر بەڵێنێکی تر لە دەرەوەی ئەم سنور وچوارچێوە) بدرێت و بکرێت ئەوە دەستدرێژی هێرش و پەلامارە.**

**دوبارە خوای مهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:**

﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَٰفِظُونَ ٥ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ٦ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ ٧﴾ المؤمنون: ٥ - ٧

**ئەوانەی کە پارێزەری داوێنیانن، خۆیان لە هەموو ڕێگەیەکی یاساغ و ناشەرعی دەپارێزن، وە جڵەوی نەفسی سەرکەشیان دەگرن ..(لە تێرکردنی ئارەزوی**

**جنسیان بە ڕێگەی ناشەرعی).** المؤمنون: ٥

مەگەر لەگەڵ هاوسەرەكانیان، یاخود كەنیزەكانیان ( كە لەو زەمانەدا حاڵەتێكی كۆمەڵایەتی باو بووە، ئاینی خوا بنەبڕی كردووە) ئەوە لەگەڵ ئەواندا لە لۆمە كراوان نابن... المؤمنون: 6

جا ئەوەی بە غەیرەز ئەو شێوەیە هەوڵ بدات ئارەزوی جنسی خۆی تێر بكات، ئا ئەوانە ئەو كەسانەن كە لە سنور ترازاون و (دەست درێژیان كردۆتە سەر ناموسی بنەماڵەیەك و كێشەی كۆمەڵایەتی و دەرونی هەمە جۆریان بەرپا كردووە، گەر تەوبەی ڕاستەقینە نەكەن زۆر لەسەریان دەكەوێت ). المؤمنون: ٥ - ٧

وە تەنانەت لە پەیوەندی (ژن ومێردی و هاوسەرێتی) دروست و ڕەوا نیە كە كاری سێكسی نادروست و نامۆ و ناباو ئەنجام بدرێت، لە شوێنی تری جەستەدا بێجگە لە (حرث)/داوێن (شەرمگا/جێشەرم)، واتە تەنها ئەبێ لە شوێنی دیاری كراودا كاری سێكسی ئەنجام بدرێ ئەگەرنا نادروست و قەدەغە و یاساغ و شكاندنی سنورە، خوای گەورە لەم بارەوە ئەفەرموێ:

﴿نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ٢٢٣﴾ البقرة: ٢٢٣

ژنانی هاوسەرتان وەك كێڵگەوان بۆتان و شوێنی چاندنی وەچەن، جا بە هەر شێوەیەك دەتانەوێت تۆو بوەشێننە كێڵگەكەتانەوە بە هیوای بەرهەم، هەوڵبدەن دەست پێشخەری بكەن، هاوسەری چاك و خواناس هەڵبژێرن، لەوەودواش دوعا و نزای بەردەوام بكەن و پێش چوونە لایان بڵێن ( اللهم جنبنا الشیطان و جنب الشیطان مارزقتنا ) واتە: خوایە شەیتانمان لێ دور بخەرەوە و هەر چیەكیشمان پێدەبەخشیت لە شەیتان بە دووری بگرە، لە خوای گەورە بترسن و خۆتان لە گوناهو خراپە بپارێزن و چاك بزانن و دڵنیابن كە ئێوە بە دیداری خوای گەورە شاد دەبن، ئەم مژدەیەش بدە بە ئیمانداران . البقرة: ٢٢٣

هەروەها لە بارو زروفێکیش وەك کاتی (حەیز و کەوتنە خوێن و بێنوێژی) کە بۆ هەردولا (ژن و پیاو هاوسەران) زەرەرو زیانی هەبێت یاساغ و قەدەغەیە کاری سێکسی ئەنجام بدرێت، لەم بارەشەوە خوای مهرەبان ئەفەرموێ:

﴿وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَٱعْتَزِلُوا۟ ٱلنِّسَآءَ فِى ٱلْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ ٱللَّهُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلتَّوَّٰبِينَ وَيُحِبُّ ٱلْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾ البقرة: ٢٢٢

ئەی محمد ﷺ پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی عادەی (حەیز و کەوتنە خوێن و بێنوێژی) مانگانەی ئافرەت، کە ئایا حەلاڵە لەو کاتەدا پیاو تێکەڵیی لەگەڵ هاوسەری خۆیدا بکات ؟ پێیان بڵێ: ئەو حاڵەتە ئێش و ئازارە بۆ ئافرەت ، نزیکیان مەکەون هەتا پاك دەبنەوە، هەرکاتێك پاك و خاوێن بوونەوە و خۆیان شت، ئەوە بچنە لایان بەو شێوەیەی خوا فەرمانی پێداون، بە ڕاستی خوا تەوبەکاران و پاکانی خۆش دەوێت، ئەوانەی ڕواڵەت و ناخیان پاك و بێگەردە . البقرة: ٢٢٢

وە لە کۆتایی و پەراوێزی دەستکەوتی قسەکاندا سەبارەت بە حەرامی وقەدەغە و یاساغی پەیوەندی نێوان کوڕان (کارو کردەوەی قەوم و گەلی لوط) و لەنێوان کچاندا ﴿سحاق/ جوتبونی سێکسی دوو مێ (پانپانۆکێ)﴾، یاخود ئەوەی پێی ئەوترێ ( أحادي الجنس/ یەك زایەند، یەك ڕەگەز) یاخود هاوڕەگەزی.

لەم بارەوە خوای تاك و تەنها و بالادەست ئەفەرموێ:

﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٨٠﴾ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ ٱلنِّسَآءِ ۚ بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ ﴿٨١﴾﴾ الأعراف: ٨٠ - ٨١

( لوط ) پێغەمبەریش بە قەومەکەی ووت: ئەم شەروالٚ پیسی و بەد ڕەوشتیەی ئێوە دەستان داوەتیٚ کەسێك لەم جیهانەدا پێش ئێوە کاری قێزەونی لەو شێوەیەی نەکردووە .... الأعراف: ٨٠

کەی پەسەند و دروستە ئێوە ئارەزوی جینسی خۆتان لەگەلٚ نێرینەدا ئەنجام بدەن و واز لە ژنانی هاوسەرتان بهێنن، لە ڕاستیدا ئێوە کەسانێکی لە سنور دەرچوو نالەبارن . الأعراف: ٨١

ئەم فەرمانانە زۆر بە جوانی و ڕوونی وئاشکرایی ئەحکامەکانیان هاتوون و ڕاستەوخۆن:

قطعیة الدلالة/ بەڵگە نەویستن و پێویست بە بەڵگە هێنانەوە ناکەن، کۆتاییان پێهاتوە بڕاوەتەوە، چونکە زۆر ڕوون وئاشکران بە دەق و داڕشتن و ووتەی قورئان.

قطعیة الثبوت/ جێگیرن و چەسپاون ونەگۆڕن و کۆتاییان پێهاتوە بڕیاریان لەسەر دراوە و بڕاوەتەوە و چەند و چونی ناوێت، هیچ بوار دەرفەت نیە بۆ فێلٚ و تەڵەکە و ساختەکاری و پێچ و پەناکردن، وە هیچ بوار دەرفەتێکیش نیە بۆ (إجتهاد/ هەڵسەنگاندن و ڕاو بۆچوون)دەربڕین،.. مەگەر تەنها بۆ ورد و دروست و ڕاستیەکەی وگرنگی و هەسیاریەکەی وترسناکی و مەترسیەکەی لەسەر تاك و کۆمەڵگا، وە ئەمە لە کارو فەرمانە دیارو زانراوەکانە لەلای گەورەو بچوك ولە نێوان کۆمەلٚ و جەماوەر وگشت خەڵکیدا، بێجگە لە کەسە تایبەتەکانیان و ئەهل و خاوەن زانستەکانیان، ئێمە نابینین کە ئەمە پێویست بە شرۆڤە و گفتوگۆ و

وتوویژ وقسە لەسەر کردن بکات لەم شوێن و جێگەیەدا، بۆیە زۆر بە درێژی و بەوردی لە کتێبێکماندا بە ناوی (مبادئ الوقاية في ألأسلام) دا باسی لێوە کراوە.

هەرچی باس و بابەتی دەسپەڕ و دەسپەڕکردنیش هەیە، کە زانراو ناسراوە بە (العادة السرية/ خووە نهێنیەکە)، کە یەکێکە لە کردار و ڕەفتارە سێکسیەکان کە (کردار و ڕەفتارەکە) بە هۆیەوە ئەنجام ئەدرێت، بەکار ئەهێنرێت بۆ ئەو مەبەستە، لەژێر ئەو پەردەیەدا ئەو کارە سێکسیە ئەنجام ئەدرێت، وە ئەمە باس و بابەتە یەکێکە لە (مشتبهات / گومانلێکراوەکان)کە پێویست بە شرۆڤە و گفتوگۆ و وتوویژو قسە لەسەر کردن ئەکات، ڕونکردنەوەی دورو درێژی لەسەر بدرێت، بەڵکو پێویست بە ئەحکامی جیاوازیش ئەکات بە پێی حاڵەتە جیاوازەکان، بۆیە لەبەر گرنگی باس و بابەتەکە بە تەنها بەشێکمان بۆ داناوە و بۆ دیاری کردوە، وە باسێکی سەربەخۆمان بۆ تایبەت کردوە، بە هیوای ئەوەی بتوانین تیشکێکی بخەینە سەر لە بارەی ڕووە جیاوازەکانیەوە، تاوەکو بتوانین بە وێناکردن وئەندێشە و چەمکێکی ڕوون و ئاشکراوە لێی دەرچین و بیبینە دەرەوە، وە بە بڕواو قەناعەتێکی بنیاتنراو لەسەر بناغەیەکی زانستی و دەرخستە ڕاستەقینە ڕوداویەکان (ڕوداوە ڕاستەقینەییەکان).

## پێشەکی:

**خووە نهێنیەکە (العادة السرية) بە زۆر ناوی جۆراو جۆر ناسێنراوە و ناوبراوە و دیاریکراوە بۆ نمونە وەك: ئاوهێنانەوە بە دەست، دەستپەڕ، هاوسەری دەست(نکاح الید).**

**هەروەها بە هەندێ دەستەواژەی تریش ئەم کارو کردەوە و ڕەفتارە ناسێنراوە و پێناسە کراوە وەك:**

***کردەوەیەکە ئەنجامدەرەکەی خووی پێوە گرتوە لە شوێنێکی پەنا و چەپ ودور لە خەڵك پێی هەڵئەسێت، وە هەندێ هۆکاری جۆراوجۆری جوڵێنەر و وروژێنەر و هەژێن بەکار ئەهێنێت، کە کەمترینیان خەیاڵ و فیکرو بیری سێکسی یە ، ئەمەش لە پێناو ئەوەی کە بگات بە مەستی و هەڵدان و فڕێدانی ئاو وخۆشی هاتنەوە.**

*** یاریکردن بە ئەندامی زاوزێ بە ڕێگەیەك و شێوەیەکی ڕێك و پێك و بەردەوام، بە مەبەستی ئامادەکردن و هێنان ودروستکردنی حەزو هەواو ئارەزوو شەهوەت و چێژ وەرگرتن بە دەرکردن و فڕێدان و ئاوهاتنەوە، وە لە باڵغ بوەکاندا بە هاتنەوە و فڕێدانی شەهوەت (تۆم/سپێرم) تەواو دەبێت، وە لە بچوکدا (منالاَندا) تەنها بە چێژ وەرگرتن بە بێ هاتنەوە و فڕێدانی شەهوەت (تۆم/سپێرم) تەواو دەبێت.**

*** گەیشتن بە (هەژان و خۆشی هاتنەوە و مووچڕکی خۆشی) سێکسی، وە گەیشتن بە تەزوو لەرزە و لوتکەی خۆشی جووتبون، ئەوەش لە ڕێگەی یاریکردنی بەردەوام بە ئەندامی زاوزێ (چوك) لە پیاودا و (قیتکە، میتکە) لە ژن دا.**

*** هەژاندن و وروژاندن و بزواندنی هەستی خۆیی بە مەبستی چێژ وەرگرتنی سێکسی.**

**لەوانەشە ناوی تریش هەبن بۆ ئەم خووە و جۆر و شێوەی تریش هەبن، بۆیە زۆری ناو جۆر و شێوەی ئەم خووە بەڵگەیە لەسەر بڵاوبونەوەی بە درێژایی سەردەم وچاخەکان، و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، هەروەك لە تێڕوانین و دید و**

بۆچونی ئەم کۆمەڵگانە گەشەو پەرەی پێئەدرێ ، وە شیکاری و شرۆڤە یەکی خێرا ئەکەین بۆ ئەو ناوانەی کە ئەم ماناو واتاو دید و بۆچون و تێڕوانینەیان هەڵگرتوە:

## * (العادة السرية/ خووە نهێنیەکە):

ئەم کارو کردەوە و ڕەفتارە ئەنجام ئەدرێ و جێبەجێ ئەکرێت بە نهێنی و بە شاراوەیی و نە دیاری و بە دزیەوە و کەس نەزانێت، دور لە زانین و بینینی خەڵکان و کەسانی تر، وە هیچ نیشانەیەکیی ئەنجامدانی کردار و ڕەفتارەکەی لەسەر دەرناکەوێ و پێوەی دیار نیە، هەر ئاوا ئەمێنێتەوە بە نهێنی لەگەڵ نەفس و دەرونی خۆیدا، لەبەر ئەم هۆیە ئەم خووە هیچ ڕەدکردنەوەو پەسەند نەکردن و ڕەفزێکی کۆمەڵایەتی بۆ نادرێ (نابینرێ تا کۆمەڵگا نەخێر ونەرێ ی بۆ بکات) ئەنجامدەرەکەی نا ناسرێتەوە چونکە هیچ نیشانەیەك بەجێ ناهێڵت لەسەر کەسی ئەنجامدەر، وە ڕۆڵ و کاریگەری ئەبێت لە سەر ماوەی ڕێزگرتنی خەڵکی و کەسانی تر، لە ئەنجامدەرانی لەلایەن کۆمکەڵگەوە، خووەکە ئاماژە و هێما بەوە ئەدات، کە ئەوەی بەم کارە هەڵسێت و ئەنجامی بدات ئەوە ئالودە بوە لەسەری و ئالودە بوە پێی زۆر قورس و گرانە کەوا بتوانێ تەرکی بکات و وازی لێبێنێت.

## *إستمناء / ئاوهاتنەوە:

لەسەر وزن/ کێش ی إستفعال، مانای وانیشاندان و وا دەرخستن لە داواکاری و خواستی تێدایە، بریتیە لە خواست و داواکردنی دابەزین و هاتنی(شەهوەت/ تۆو، سپێرم) بە بێ ڕێگەی سروشتی کە بریتیە لە (جوتبوون وسەرجێی، لەشگرانی ولەش قورسی و شەیتانی بوون (ئاو هاتنەوە لە خۆوە و لە خەودا).

## *جلد عميره/ ئاوهێنانەوە:

بە زۆری لە کتێبە فیقهیەکاندا بەم ناوەوە هاتوە و باسی لێوەکراوە، لەوانەیە دەستەواژە و وشەی (جلد) ئاماژە و ئیشارە و نیشانە بێت بۆ زیان و ئێش و ئازاری پەیدابوو بەهۆی (لە ئەنجامی) ئەم کارو ڕەفتارەوە دینی بێت یان دونیایی، هەروەها ناوبردنی ناوی (عميره) لەسەر ناوی (ئەندامی زاوزێ) دیارە زیاتر ئەدەب

و ڕەوشتی تێدایە، دور لە دەستەواژە و دەربڕینەکان، کە لەوانەیە ئەوەی کە ئەم باس و بابەتە بخوێنێتەوە بیوروژێنێت، ئەگەر ناوی ڕاستەقینەی بەکار هێنرا (بەکاربهێنرێت)، هەروەها سیفەت و شێوازی بچوکردنەوەشی تێدایە، لەبەر گرنگی ئاماژە دەدات بە نەرم و نیانی و ئەم دروستکراوە، وە ئەوەی کە ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئێسك گران و ئێسك قورسە و دووركەوتنەوە و دابڕان لێی لەبەر خراپی کارەکەی.

## *الإرتضاء الذاتي/ (ڕەزامەند (ڕازی ) بونی خۆیی): 

بریتیە لە دەستەواژە و وشەیەکی ڕۆژئاوایی کە ئەوان دایان ناوە سەبارەت بەو کێشەیە، تاوەکو بۆ ئەوەی ناوێکی سوك و ئاسان بێت لای گوێبیستان و لەسەر گوێگران، پێکهاتبێت لە ماناو واتای ڕەزامەندی و ڕازیبوون، یاخود داوای ڕەزامەندی تێدایە (ماناو واتای ڕەزامەندی و ڕازیبوون یاخود داوای ڕەزامەندی (لەخۆ دەگرێت)، وە وشەی (الذاتي) ئاماژە و نیشانە وئیشارەتە بۆ ئەوەی کە کارو کردار و ڕەفتارەکە خۆیی وکەسییە، هەموو ئەمانە بۆ ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا ئەگەڕێتەوە، وە ڕێگەی بیرکردنەوەیە لەو کۆمەڵگانەدا (ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵگانەیە)، هەروەك چۆن برەودان و هاندانی ناوەکە و نوێکردنەوەی کارەکە، بە بێ شەرم و بە بێ ئەوەی خەجاڵتی بیانگرێت، بەڵکو هەوڵی فراوانکردن وبلاْوەپێکردنی ئەدەن.

## *نکاح الید/ مارەکردنی دەست (هاوسەرگیری لەگەڵ دەست):

ناوبردن و ناوهێنان و باسکردنی (النکاح/ هاوسەری) لەم دەستنیشان کردن و ناولێنانەدا ئاماژە و نیشانە و ئیشارەتە بۆ بنچینە و سەرچاوە وئەسڵ و شێوەی سروشتی، لەبەر ئەوە چونکە شەهوەت و هەواو ئارەزوو خۆشی و چێژی سێکسی داوا دەکرێت لە ڕێگەی (هاوسەرگیریەوە) تێکەلاْوی هاوسەرێتی یەوە، وە باسکردنی(الید/ دەست) ئاماژە و نیشانە و ئیشارەتە بۆ ئەوەی کە زۆربەی زۆر (گشتتر) بریتیە لە بەکارهێنانی دەست لەم ئەنجامدانی کردەوە و ڕەفتارەدا.

## مێژوو و بلاوبونەوە:

لە ناواخن و کرۆکی کتێبەکاندا ئەو سود و کەڵکە ئەبینین هەست پێئەکەین کەوا ئەم باس و بابەتە زۆر لە مێژەوە و لە سەردەمی کۆنەوە و زۆر لە پێشەوە لە دەرگای داوە، بە جۆرێك کەوا خاوەن زانستەکان وزانایان پسپۆرانی زانست وزانیاری دونیایی و شەرعی وەك یەك و بێجیاوازی وتوێژ و قسە و باسیان لێوە کردوە، تەنانەت هەندێ کتێبی ئاسمانی کۆنیش وەك (إنجیل) ناو و باسی دەستپەڕی تێدا هاتوە و بکەر و خاوەن کردار و ڕەفتارەکەی بە پیس و ناشیرین و چەپەڵ و بێزراو خراپ ناو دەبات، هەروەها زۆرێك لە زانایانی پزیشکی لە سەردەمی ئیسلامی زوودا و پێشودا وە ئەهلی فیقه لە شارەزایان و پێشکەوتووان گفتوگۆ و وتووێژی قسە و باسی زۆریان لەسەر وتوە و کردوە، بۆیە ئەمە کارو کردەوە و ڕەفتارێکە کە هەر زوو لە مێژدا و لە پێشتردا لەگەڵ ژیانی ئادەمیزاد و مرۆییدا دەرکەوتوە.

هەرچی باس و بابەتی بلاوبونەوەش هەیە، ئەوا ئەتوانین بڕیار بدەین و بڵێین، کە هیچ کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگاکان خاڵی نەبوە لەم جۆرە کارو کردەوە و ڕەفتارانە، ئەوەی ڕون و ئاشکرایە و لەڕاستیدا ئەمەش بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەلایەتی یەوە پەیدا دەبن کە ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە تێیدا.

لەبەر ئەوە بلاوبونەوەی لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە، وە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر، بە پێی هەبوونی ئەم هۆکارانە، وە دواتر بەدور و درێژی باس لەو هۆکارانە ئەکەین: بۆ نمونە وەك: دید و بۆچون و تێڕوانینی کۆمەلایەتی، دید و بۆچون و تێڕوانینی ئاینی، وە ماوە و ڕادەی شیبونەوە وهەڵوەشان و تێکچونی کۆمەڵگەو پارێزگاری لێکردنی و باری ئابوری ... هتد، هەروەها (قۆناغەکانی تەمەن/ دەستە تەمەنیەکان) وئاستی ڕۆشنبیری و هەستی ئاینی، لای ئەم کۆمەڵگایانە ڕۆڵ و کاریگەریان ئەبێت، بەلام هیچ توێژینەوە و خوێندنەوەیەك و سەرژمێری و داتایەکی بابەتیانەمان بە دەستەوە نیە کەوا لە

دەرگای ئەم خووەی دابێت ، مەگەر تەنها لە کۆتاییەکانی ئەم سەردەمە نوێیەدا نەبێت، کەوا خوێندنەوە و توێژینەوە ولێکۆڵینەوەکان، بڵاوبونەوە وگەشەیان کرد و زۆر بون و زیادیان کرد لە هەموو بوارەکان و مەیدانەکان و شوێنەکاندا، لەوانەیە لەم دواییانەشدا هەندێ لە خوێندنەوە و توێژینەوە ولێکۆڵینەوەکان داتاو سەرژمێریەکیان دەستکەوتبێت کە (٩٠٪-٩٨٪) لە گەنجان ولاوان و (٧٠٪) کچانی گەنج ولاو ئەم خووە نهێنیە ئەنجام بدەن لە هەر کاتێکدا بێت، یاخود بە بەردەوام ئەم کردەوە و ڕەفتارە ئەنجام ئەدەن، هەروەها ئەم خوێندنەوە و توێژینەوە ولێکۆڵینەوانە ئاماژە و هێما بەوە ئەدەن کە (٥٣) هەزار لە منالآن لە تەمەنی(٧-٩)سالآن کارو کردەوە و ڕەفتاری لەم جۆرەیان تۆمار کردوە بە چالاکی سێکسی.

هەروەها هەندێ لە توێژەران و لێکۆڵەران دڵنیایی ئەدەن و جەخت ئەکەنەوە کە ئەنجامدانی ئەم خووە نهێنیە (دەستپەڕە)، لە تەمەنی (٩)ساڵیدا بە شێوەیەکی نیازدار و مەبەستدار(مەبەستاوی) دەست پێدەکات، وە منالْ لەم تەمەنەدا بەوە دا ئەنرێت کە نزیك ئەبێتەوە لە بالْغ بوون، وە گەشە و نەش ونمای حەزو ئارەزوی سێکسی لە ناخیدا هەیە وبونی هەیە، وە هەندێ تر وا ئەبینن کە پێشتر لەو تەمەنە دەست پێدەکات واتە لە تەمەنی (٦) ساڵیدا، کە حەزو ئارەزوی سێکسی بونی هەیە لە ناخیدا.

## دیدو تێڕوانینی ئاینەکان بۆ ئەم کردەوەو ڕەفتارە:

دیدو تێڕوانینی زۆربەی زۆری ئاینە ئاسمانیەکان- لەبەر گرنگی بوار و لایەنە ڕەوشتیەکەی لە لای ئینسان لە یاسادانانەکانی- بۆ ئەم کار و کردەوە و ڕەفتارە بریتیە لە بیرو بۆچون و تێڕوانینێکی ڕەخنە گرانەو بە گوناھ هەژمارکردنی، بەلآم ئاینی ئیسلام زۆربەی زۆری دید و تێڕوانینەکان واقعی و ڕاستەقینە و ڕوداوین، ئەگەر ئەحکامێکی جیاواز بدات بۆ دۆز و کێشە و بابەتێکی جیاواز بە پێی حاڵەتەکەی ئەوا سەرەتا لە قەدەغەکردن و یاساغ کردنی بە پێویست نەزانینی

(لغير ضرورة) دەست پێدەکات و بە ڕێدان و ڕەوا و شیاو و مۆڵەتدان، بەڵکو بە پێویست و واجب کۆتایی پێئەهێنێ، ئەگەر دڵنیابوو کە ئەنجامدانی ئەم (کردەوەو ڕەفتـــارە) ئەبێتـــە هـــۆی گەیانـــدنی زەرەر و زیـــانێکی زۆر گـــەورەی وەك زینا(بەدڕەوشتی و داوێنپیسی) وداڕمان و وێرانبوون و کەوتنی دەرونی).

## سەرەتاو پاڵنەرەکان:

ئەنجامدانی ئەم کردەوە و ڕەفتارە لەگەڵ گەشە و نەش ونمای هەست و ئارەزوی سێکسی دانراوی ناو ناخی ئینسان دەست پێدەکات، کاتێك نزیك ئەبێتەوە لە تەمەنی باڵغ بوون(باڵغی) (٦-٩) ساڵان، زانینی ئەنجامدانی ئەم کردەوە و ڕەفتارە تەواو ئەبێت و ئەزانێت چۆن ئەنجام ئەدرێت لە چەند ڕێگەیەکەوە (بەهۆی چەند ڕێگەیەکەوە) وەك ( لەو ڕێگانە):

١- ڕێگەی لە خۆوە (لە خۆیەوە) خۆڕەسی، کەسەکە لە خۆیەوە بە هۆی دەستکاری ویاری کردن بە ئەندامی زاوزێی چێژ و خۆشیەك ئەدۆزێتەوە و دەرکی پێئەکات .

٢- خوێندنەوە و بیستنی(گوێ بیست) بوونی بابەت و قسە و باس سەبارەت بەم کردەوە و ڕەفتارە و چۆنیەتی ئەنجامدانی بەشێوەیەکی تەواو دورو درێژ، بەم هۆیەوە شەهوەت و هەواو حەزو و ئارەزوی ئەجوڵێ وئەهەژێ و ئەوروژێ و هەستی ئەبزوێ، دواجار هۆکارەکان (دەستێوەردەرەکان و تێهەڵچونەکان ) ئەبنە پاڵنەر بۆ دەرخستن ودۆزینەوەی نەزانراو ونادیارەکان.

٣- فێربـونی ئـەم کـردەوە و ڕەفتـارە لـە ڕێگـەی کەسـان و خـەڵکانی ترەوە،.هاوڕێکان...ڕەفیق و دۆستی خوێندن و خوێندنگا...، ئەو برایانەی کە لە خۆی بە تەمەن و گەورەترن ، خزمی نزیك ...خزمەتکار و بەردەست و کارەکەر، ئەم کردەوە و ڕەفتارەی لەگەڵیا بە یەکەوە ئەنجام ئەدەن.

هەروەها هەندێ گۆڤاری ڕووت و بێشەرم و بێئابڕوو، وە شوێنە تایبەتەکانی ئینتەرنێت، وە شریت و نەواری ڤیدیۆیی، فیلمە بەزیو وسوك و نزم و کەوتووەکان.

دواجار هەموو ئەو کاریگەر و کارتێکەرانە لەسەر شەهوەت و هەواو حەزو و ئارەزوو ئەبنە پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کردەوەو ڕەفتارە، بە تایبەتی لە نەمانی بونی خاڵیکەرەوەیەك (نەبونی بەتاڵکەرەوەیەك) ی ئەم شەهوەت و هەواو حەزو و ئارەزوە، بە ڕێگەیەکی سروشتی پاك و سەلیم و ڕاست ی وەك (هاوسەرگیری وهاوژینی)، وە لە گرنگترینی ئەم پاڵنەرانە کە بریتین لە:

١-بیرکردنەوە لە شەهوەت و هەواو حەزو و ئارەزووی سێکسی کەسانی تر، وە خەیاڵکردنی وێنە جوڵاوەکانی لای ئەندێشەی ئەو.

٢-باس و خواس وقسەکردن و وتووێژ لەسەر(لەبارەی)سێکس لەگەڵ کەسانی تر و خەڵکانی تر.

٣-سەیرکردن و بینینی ئەو شتانەی کە هەژێنەری شەهوەتن و هەواو حەزو و ئارەزوو ئەوروژێنن، وەك وێنەکان کاتێك لاپەڕەکانی گۆڤارێك هەڵئەدرێتەوە، یاخود سەیرکردن وتەماشاکردن و بینینی ئاگاداریەکان و ئەو فلیمانەی کە دیمەنی سێکسیان تێدایە، کە ئەم شتانە چەند بە ئاسانی دەست ئەکەون لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە.

٤- خوێندنەوەی ئەو شتانەی کە هەژێنەری شەهوەتن و هەواو حەزو و ئارەزوو ئەوروژێنن، لە چیرۆك و پەیڤین ووتووێژ و دەمەتەقێ، بە تایبەتی ئەو قسە و باسانەی کە بە دورودرێژی وردەکاری خراپ و پیس و چەپەڵ و شورەیی و ئابڕوبەر و سوکی تیادا ئەخرێتە ڕوو.

وە زۆربەی ئەوانەی كە ئەم خووە نهێنیە (كردارو ڕەفتارە) ئەنجام ئەدەن لە شوێنێكدایە كە خەڵكێك زۆری لە یەك ڕەگەز تێدا كۆ ئەبێتەوە بۆنمونە وەك:

١–خوێندگا ناوخۆییەكان.

٢–بەندیخانە وگرتووخانەكان وزیندانەكان.

٣–هەژارگە و حەشارگەو پەناگاكان.

٤–سەربازگەكان.

هەروەها هاوسەردارەكانیش ئەم خووە نهێنیە (كردارو ڕەفتارە) ئەنجام ئەدەن بەهۆی چەند هۆكارێكەوە لەوانە وەك:

١–دیار نەبوونی لایەنی بەرامبەر(هاودەمی ژیان/ هاوسەر و هاوژین).

٢– بونی بەربەست و ڕێگر و كێشەو گرفت و كۆسپ و تەگەرە بۆ جوتبون و سەرجێی كردن، وەك سك پڕی و دوگیانی و نەخۆشی.

٣–دوای جوتبون و سەرجێی كردن، كە یەكێك لە هاوسەران تەواو دەبێت و ئەوی دیكەیان نە گەیشتۆتە شادی و مەستی و خۆشی هاتنەوەی پێویست.

## ئایا زەرەرو زیانەكان ڕاستەقینەن یاخود ڕاست نین و درۆ و ئەندێشەیین ؟

لە ڕێگەی نمایشكردن وپیشاندانی ئەوەی نوسراوە لەبارەی زیانەكانی ئەم بابەتەوە، ئەگەینە ئەوەی كە زۆربەی زۆر و زۆرینەی گەورە لەگەڵ ئەوەن كەوا لیستی گەورە هەیە لە زیانەكانی خوە نهێنیەكە (دەستپەڕ)، بەڵام هەندێكی تر بەلای ئەوەدا ڕا ئەكێشن (كە ئەمانە كەمینەن) كە لە بون و گەورەیی و گرنگی ئەم لیستە كەم ئەكەنەوە، وە شك و گومان دروست ئەكەن لە ڕاستێتی داتاو ئامارو لیستەكە. وە لە ڕێگەی تویژینەوەی تایبەتیەوە، ئەبینین كەوا ئەوانەی كە بەلای حەرام بوون و قەدەغە و یاساغ بوونی ئەم خووە ڕائەكێشن، زۆربەی زۆری ئەوانەن كە زەرەر و زیانەكانیان خستۆتە ڕوو لیستێكیان بۆ پێك هێناون، بەڵام ئەوانەی كە بەلای ڕەوا و شیاوی و ڕێگەدراوی و دروستی ئەم

خووە ڕائەکێشن، زۆربەی زۆری مۆڵەتدەر و ڕێدەر و ڕەواکردن کەرەکانن، کە ئینکاری ونکوڵی ئەکەن لە زۆربەی هەرە زۆری ئەم زیانبەخشیە و زەرەرو زیانەوە، بەلاّم بێگومان ناتوانن نکوڵی و ئینکاری لە هەمووی بکەن، بە تایبەتی لەو زەرەرو زیانانەی کە کۆبونەتەوە و کەڵەکە بون لەسەر
زۆربەی زۆری ئەوانەی کە ئەم خوە نهێنیە (کردەو ڕەفتارە) ئەنجام ئەدەن.

بەلاّم کۆدەنگی ویەکدەنگیش هەیە لەسەر زیانەکانی ئالودەبون لەسەر ئەم خووە، کە زۆربەیان لە هەفتەیەکدا (٣)جار زیاتر ئەنجامی ئەدات، بەڵکو لێرەدا لەسەر هەموو باس خواس و بابەتەکانی ئەم کارو کردەوە و ڕەفتار و ئەم خووە نهێنیە بوەستین، دور لە توندڕەوی و لە ڕادەدەرچون و دور لە ترسان، یاخود سوککردن و ڕیسواکردن و بێباکی و بە کەم دانان و پشت گوێ خستن، بە مەبەستی وەستان لەسەر ڕاستیەکان و بۆ ئەوەی ڕێگەی ڕاست ڕوون وئاشکرا بێت (بۆ ڕونکردنەوەی ڕێگەی ڕاست) بەلاّم پێش ئەوە، هەوڵ ئەدەین وەلاّمێکی ڕاست و دروست و

واقعیانەی ئەم دوو پرسیارەی لای خوارەوەمان دەست بکەوێت و پەیدای بکەین و دەستی بخەین:

١-ئایا ئەوانەی کە ئەم (کردەوەو ڕەفتارە) خوە نهێنیە ئەنجام ئەدەن ئەتوانن کە زۆر ڕۆنەچن تیایداو لە سنور و لە ڕادە دەرنەچن (زەمانەتی ئەوە ئەدەن) و ئەبنە زامن، وە نابنە ئالودەبویەکی ئەم ڕەفتار و خووە (ئالودە نابن پێی).

٢-ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان خاڵی کردنەوە (بە تاڵکردنەوە)ی سێکسی سروشتی(نێوان هاوسەران (ژن ومێرد) و خوە نهێنیەکە (دەستپەڕ).

ئینسان پێکهاتوە لە (جەستەو ڕۆح)، دروستکراوێکی تەواوە (بە تەواوی دروستکراوە) و توخمە هەستیەکانی و(ورەیی و ڕەوشتی/ مەعنەوی) ەکانی هەندێکیان لەسەر هەندێکیان تێکئالاّون و چون بەناویەکدا، ئیش وکاری (لوو

و ڕژێنــی(الصــماء) کاریگــەر ئــەبێت بــە حــاڵ و وەزعــی دەرونــی ئینســان، هۆڕمۆناتی گونجاو ئەڕژێ ودەرئەدات بە پێی چەندێتی و جۆرێتی حاڵەتەکە، هەڵئەسێت بە ڕێکوپێك کردنی کار و فرمانەکانی جەستە و هاوسەنگ بونی ئەبێتــە هــۆی ســەلامەتی و دروســتی جەســتە، دواجــار نــەخۆش نــەبون و تێکنەچونی تەندروستی ئینسان لە ڕوی (ئەقڵ وجەستە و ڕۆح)یەوە. بۆیە ئەنجامــدانی کــاری سێکســی لــە مروڤــدا، بریتیــە لــە کــردار و کردەیــەکی هاوڕێژەیی و هاوسەنگی ئەندامی و دەرونیە، هەموو بون وئەندام و بەشەکانی جەســتەی ئینســان بەشــداری تێــدا دەکــات بــە تــەواوی، نــەك تــەنها جوڵــە و بزاوتێکــی میکــانیکی بێــت بــۆ بەتاڵکردنــەوە و خــاڵی کردنــەوەی شــەهوەت و هەواو ئارەزوو، بەڵکو بناغە و بنەما و پێکهاتەی سەرەکی و گرنگ ئەوەیە کە خوای گەورە لە بارەیەوە گوزارشتی لێکردوە (لێداوە) پێناسەی کردوە بە ئــارامی و ئاســودەیی وحەســاوەیی و ســۆز و خۆشەویســتی و بــە زەیــی و مهرەبــانی، حــەزکردن وئــارەزووکردن ودەربڕینــی خۆشەویســتی بــۆ لایــەنی بەرامبەر(پیاو بۆ ژن و ژنیش بۆ پیاو)، نەك بە تەنها بریتی بێت لە حەزکردن و ئارەزووکردن بۆ کەسێك کە لەگەڵیا بخەوی و کاری سێکسی لەگەڵدا ئەنجام بدەیت، بەڵکو بریتیە لە سۆز و خۆشەویستی، کاتێك کە هەریەك لە پیاو لە ژن ئەبنــە شــوێن و حەوانــەوە و ئــارامی و ئاســودەیی بــۆ یــەکتر و ســۆزو بــەزەیی هاوسەرێتی و هاوژینی دایان ئەپۆشێ ، نێوان ڕوحەکانیان بە خۆشەویستی و مهرەبانی پەیوەست وبەند ئەبێت، ڕوحەکانیان بە یەکەوە ئە بەسرێن شەتەك ئەدرێن، ئەوکاتە یەکتر بینینیان و بە یەکتر گەیشتنیان لێوان لێو ئەبێت لە جوانی سۆز و خۆشەویستی نێوان هەردوو لایان، کاتێکیش کە شەو و خەوتن و ســێکس دێتــە پێشــەوەو کــاتی دێــت، لەســەر عــەتف و خۆشەویســتی وئاسودەیی و ئارامی و هەستکردنێکی نوێ و تازە باڵئەکێشێ بە سەریاندا و چێژ و خۆشیەکی بێ وێنە و تام ونۆش ئەکەن، وە ئەم سەربار و زیادەیە (خەو وســێکس) پێــی دەبەخشــێت ئەبێتــە نزیــك بونەوەیــەکی جەســتەیی دوای

نزیکبونـــەوەی ڕۆحـــی و گیانیـــان لـــە نێـــوان ئـــەم ژن ومێـــرد و هاوســـەر و هاوژینانەدا..!

هەرچـی خـوە نهێنیەکەشــە (دەسـپەڕ) بریتیــە لــە کـرداری خاڵیکردنــەوە وبەتاڵکردنەوە، بە شێوەی جەستەیی پوخت (تەواوی جەستە بە تەنها ڕۆڵی تێدا بـەبینێت ) نـەك ڕۆح و گیـان و هەسـت، پشـت ئەبەسـتێت بـە ئەندێشـە و خەیاڵکردن و وێناکردنەوە نەك هیچی تر، ئەوکاتە ئەبێتە زەحمەت و بێزار کەر و وەڕسکەری جەستە و ڕۆح بەیەکەوە، بەو هۆیەشەوە هەم ڕۆح و هەم جەستە تەواو ماندو و شەکەت ئەبن بۆ ئەنجادانی ئەم کردارە، چونکە ئەم کردارە بە تـەنها کارلێـك لەگـەڵ جەسـتەدا ئـەکات، دور لـە ڕۆح و گیـان ومانـاو واتـای سـۆزداری و میهرەبـانی و ئاسـودەیی و ئـارامی، بۆیـە لەوانـە نیـە و ئەگـەری ئەوەی نیە بگاتە تێربونی سێکسی بە خوە نهێنیەکە (دەسپەڕ) لێدان، بەڵکو ئەوەنـدەی تـر برسـێتی و تێرنـەبونی سێکسـی ڕوو ئـەدات و دێتـە ئـاراوە و جەستەش داوای زیاتر ئەکات بۆ تێربونی.

کەواتە جیاوازیەکی زۆر گەورە هەیە لە نێوان پەیوەندی سێکسی نێوان (ژن ومێرد و هاوسەران و هاوژینان) و کردە و کرداری سێکسی تاکە کەسی (خوە نهێنیەکە (دەسپەڕ)، بەڵکو تەنانەت پەیوەندی سێکسی نا دروست و نا ڕاست ونا شەرعی (زیناو داوێن پیسی و بەد ڕەوشتی)یش.

ئـەم خـوە نهێنیـە (دەسـپەڕ) پێـی دەوتـرێ (ألإرتضـاء الـذاتي) ڕازیبـون و ڕەزامەندی خۆیی، ئەمەش بە ماناو واتای ئەوە دێت کە کەسی ئەنجامدەری ئەم کردەوە و ڕەفتارە، هـەوڵ ئـەدات کـەوا بـە تـەنها بوونی خۆی تێر بکات و شەهوەت وهەوا و ئارەزووی خۆی خاڵیبکاتەوە و خۆی بەتاڵبکاتەوە، بەڵام لـە حاڵـەتی سروشـتی و فیتریـدا، ئـەبێت هـەردوو هاوسـەرو هـاودەمی ژیـان بەشداربن لەم کردار و کردەوەیە، ئەم کارەش هەر ئاوا بە زوویی و بە سادەیی تـەواو نابێـت و پێویسـتی بـە شـوێنی گونجـاو تایبـەت و کـاتی گونجـاو و

پێویست، هەموو ئەوهۆکارانە (شوێن و کات) ی گونجاو ئەبنە هۆی ئامادەکاری دەرفەتێك بۆ بە یەکگەیشتنێکی ئارام و ئاسودە، بەلاّم دەرفەتی خوە نهێنیەکە (دەسپەڕ)، زۆر زۆرە ئەکرێ لە هەموو شوێنێکدا کەسە کە بۆخۆی لە شوێنێکی چۆڵدا ئەنجامی بدات، کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان کە ئەنجامدەر بەرە و ئالودەبوونی ئەم (کردەوە و ڕەفتارە) ڕابکێشێت وتوش ببێت.

وە توێژینەوەکان سود لەمە ئەبینن و ڕایئەگێنن کەوا هەموو ئەوانەی کە ئەم (کردەوە و ڕەفتارە) ئەنجام ئەدەن ئامادەییان تێدا دروست ئەبێت بۆ مەترسی توشبوون بە ئالودە بوونی ئەم خووە، وە زۆربەی ئەوانەی کە ئەم کارە بزێوە ئەنجام ئەدەن، ئەوانەن کە بە ڕاستی ئالودەبون، تەنانەت ئەوانەش کە بە شێوەیەکی کاتی بەکاری ئەهێنن لە کاتێکی دیاریکراودا، ناتوانن وازی لێبهێنن و تەرکی بکەن، دووبارە ئەوانەش بە ڕاستی ئالودەبون (ئالودە دەبن) بەم خوەوە، کە ئەمەش بەشێوەیەکی زۆر گەورە ڕێخۆشکەرە بۆ زیادەڕەوی و ڕۆچوون تێیدا، لەبەر ئەوەی هەموو ئەنجامدانێك ئەبێتە هۆی برسیبونی زیاتر، (دووبارەبونەوەی زیاتر) ڕوو ئەدات وداوا ئەکات لە دوای ئەو کردارەوە، دواجار ئەیخاتە زنجیرەیەك لە مەترسی تەندروستی و دەروونی، کە دواتر ئەم بابەتەدا لە شوێنی خۆیدا بە دوور و درێژی باسی لێوە ئەکەین.

## (دەرەنجام و ئاکامەکانی) خووە نهێنیەکە (دەستپەڕ):

هەروەك پێشتر باسمان لێوەکرد، بینیمان ئەوانەی کە ئەم (خووە نهێنیە) کارە بزێوە مەیلیان بەلای یاساغ بوون وقەدەغە بونیدا هەیە و بە لای حەرامبونیدا دایئەتاشن، ئەوانەن کەوا زەرەر و زیانەکانیان داتا و سەرژمێر کردوە ولیستی تۆماریان بۆزیانەکان کردۆتەوە، هەروەها ئەوانەش کە مەیلیان بە لای ڕێپێدان و مۆڵەتتدانەوە و ڕەهایی و بەرەڵابونی ویاساغ نەبوون وقەدەغە نەبونیدا هەیە و بەلای حەرام نەبونیدا دایئەتاشن، ( بەلاّم ئەوانەی کە بە لای ڕەوا و شیاوی

و ڕێگەدراوی و دروستی ئەم خووە ڕائەکێشن) ئەوانەن کەوا ئینکاری زەرەر و زیانەکانیان ئەکەن نکوڵیان لێئەکەن و باوەڕیان بەو زەرەر و زیانانە نیە، زۆربەی زۆری مۆڵەتدەر و ڕێدەر و ڕەواکردن کەرەکانن، کە ئینکاری ونکوڵی ئەکەن لە زۆربەی هەرە زۆری ئەم زیانبەخشیە و زەرەرو زیانەوە، بەلاَم بێگومان ناتوانن نکوڵی و ئینکاری لە هەمووی بکەن، بە تایبەتی لەو زەرەرو زیانانەی کە کۆبونەتەوە و کەڵەکە بون لەسەر زۆربەی زۆری ئەوانەی کە ئەم خوە نهێنیە (کردە و ڕەفتارە) ئەنجام ئەدەن.

هەموو ئەو ئاکامانەی کە پێشتر باسمان کردن، پەیوەندی هەیە و پەیوەست ئەبن بە ئالودەبوون پێی و(ئالودە ئەبن لەسەری)، وە زیاتر ڕۆ چوون تێیدا و لەسنور و لە ڕادە دەرچوون تیایدا، ئەمانە بریتین لە زەرەر و زیانی زۆر قورس و گران، ئەگەر ڕاست بێت و لەوانەیە کاریگەریان هەبێت لەسەر ئەندامە جیاوازەکانی جەستە، هەروەها شوێنەوار و پاشماوە بەجێ ئەهێڵن کە نەك تەنها لە سەرئاستی تاك، بەڵکو لەسەرئاستی کۆمەڵگە و گەل و میللەتیش بە تەواوەتی.

## شوێنەوار و پاشماوەی تەندروستی لەسەر کۆئەندامەکانی جەستە:

### ١-کۆئەندامی زاوزێ:

*خێرا و زوو فڕێدان.(زوو تەواو بوون(لێبوونەوە)، زوو ئاوهاتنەوە).

*لاوازی لە ڕەپبون و هەڵساندا (لە بەرزبوونەوەدا).

*نەمانی شەهوەت و حەز و هەوا و ئارەزوو.

*زبری و ڕووشی پێستی چوك لە پیاودا، کە هەندێ لە تایبەتمەندی پێستەکە نامێنێت و لە دەستی ئەدات.

*گەورەبونی (قیتکە/میتکە) لە ئافرەتتدا.

*گەورەبوون وئاوسان (تێزان)ی پرۆستات.

*سوتانەوە و کزانەوە لە کاتی میزکردندا، وە هاتنەخوارە ودەردانی هەندێ دەردراوی (چڵمی / لینجی).
*هەوکردنی درێژخایەن لە پرۆستاتدا.
*دەرکەوتنی هەستیاری لە سەر ئەندامەکانی زاوزێ، دروستبون و پەیدابونی خوران و خروی هۆکار نەزانراو(هۆکاری خورانەکە نازانرێت).

## ٢-کۆئەندامی دەماری:

*لاوازبوونی توانا هزریەکان (بیر و هۆش و ژیری)ەکان،﴿لاوازبوونی یادگە (بیرگە) و توانای کۆکردنەوەی بیرکردنەوە﴾.
*کاریگەری ئەبێت لەسەر دەمارەکانی کۆئەندامی زاوزێ، بە جۆرێک کەوا وەڵامدانەوەی نابێت لەگەڵ وروژێنەر و هەست بزوێنە سروشتیەکان (لە کاتی هاوسەرگیریدا)، چونکە ڕیشاڵە دەماریەکان ڕاهێنراون (ڕاهاتوون) لەسەر هەڵچون و وروژاندنی دەستی، واتە (تەنها بە دەست ئەو هەستانەی ڕیشاڵدەماریەکان دەبزوێن و دەوروژێن)، لاوازبونی تێربونی هەڵچون و وروژاندن و هەست بزوێنە سروشتیەکان (لە ڕێگەی سەرجێی و جوتبوندا لە کاتی هاوسەرگیریدا).

* شێواوی و تێکچونی بینین(بینایی تێکچون).

## ٣-کۆئەندامی تری جەستە:

* شەکەتی و ماندووبون و بێهێزی جەستە. پژاندن و نەمانی تواناکان و وزە لێبڕین و بە هەدەردانی وزە و تواناکان، زاناکان ئەڵێن بڕی تەنها یەک هەڵدان، یەک فڕێدان، یەک جار گەیشتن بە مەستی و خۆشی هاتنەوە یەکسان ئەبێت بە ماندوو بونی (٣)کیلۆ مەتر ڕاکردن.
*تەمەڵی و لاوازی وداهێزرانی لەش و زەردبون (زەرد هەڵگەڕان) ی (ڕوخسار) دەم و چاو، وە زیاتر حەز لە خەو کردن (حەزلێبونی خەوی زیاتر).

*کێشەو گرفت وئێش و ئازاری پشت و جومگەکان و ئەژنۆکان.

*کاریگەری ئەبێت لە سەر (پەردەی کچێنی) لە (مێینە)دا، هۆکارێکیشە بۆ لە دەستدانی (کچێنی) کچان بە هۆی جووڵە نەویست و بێخواستەکانەوە لە کاتی هەژان ولەرزینی سێکسی و گەیشتن بە مەستی و خۆشی هاتنەوە.

## شوێنەوار وپاشماوە کۆمەڵایەتیەکان:

### ١-کەوتن و لادان:

لێرەدا فڕوفێڵ و تەڵەکە و داوەکانی شەیتان، چنراون وداپۆشین و ڕوکەشکردن وهێنانە ژێربار و بەلای خۆ ڕاکێشان هەیە، بە تایبەتی بۆ لاوان و گەنجانی ئیماندار پاڵیان پێوە ئەنێ بۆ کردن و ئەنجامدانی ئەم خووە نهێنیە (کردەوە و ڕەفتارە)، هەروەها زۆر ڕۆچون تیایدا و ئالودەبون لەسەری و (ئالودەبوون پێی)، شەیتان بەم فڕوفێڵ و تەڵەکەیە ئەم خووە نهێنیە (کردەوە و ڕەفتارە)، وا ڕوکەش و جوانی ئەکات لای گەنج و لاواوەکان کەوا ئەنجامدانی ئەم خووە بە مەبەستی دور کەوتنەوەیە لە زینا و بەد ڕەوشتی، واتە (کەسێك ئەم کارە ئەنجام ئەدات بۆ ئەوەیە کە دور بکەوێتەوە لە زیناو داوێنپیسی)، بە تایبەت ی ئێمە کە لە زەمان و سەردەمێکدا ئەژین کە پڕیەتی لە فیتنەو بەلا و موسیبەت وفریودەرەکان وخەڵەتێنەرەکان و هەژێنەر و وروژێنەرەکانی شەهوەت و هەواو حەز و ئارەزووەکان، دۆزینەوەی دەرفەت وفرسەتی هاوسەرگیری، بۆیە گەنجان و لاوان پەنا ئەبەن بۆ ئەم شێوە و شێوازە، بۆ دامرکاندنەوەی ئاگری شەهوەت و هەوا و ئارەزو و ڕاوەستان و بەرگریکردن لە ئاژاوە و پشێوی و فیتنە و بەلا و موسیبەت، بەڵام شارەزایی و لێزانی ودانپیانانی ئەنجامدەرانی ئەم خووە، ئەوحەقیقەت و ڕاستیەیان دۆزیەوە و دەرك پێکرد کەوا تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو مەبەستەدا (دامرکاندنەوە) چونکە شەیتان دەرگایەکیان لە جەهەنەم بۆ ئەکاتەوە و بۆ ئەخاتە سەر پشت و بۆیان والا ئەکات، لێیەوە ئاگری شەهوەت و هەوا وحەز وئارەزوو هەڵدەگیرسێت، پالی پێوە ئەنێ بۆ زۆر گەڕان بە شوێنیدا، وە لە ڕێگەی

گواستنەوە وگۆڕینی ئەنجامدانەوە بۆ ڕاستی وواقع و بەرجەستەیی و بە کردەیی کردن، هیچ ڕێگەیەك نیە و شك نابات مەگەر تەنها لە ڕێگەی نەزانی وخراپە و فریودەر و تێکچوون و شیبونەوە و ڕێگەی داوێنپیسی و خراپەکردنەوە، بۆ ئەوەی بکەوێتە کێشەی ڕەوشتیەوە و لادانی لەسەر ڕێگەی ڕێك و ڕاست، تەنانەت ئەگەر لە کەش و هەوا و ژینگەیەکی پارێزگاریشدا پەروەردە کرابێت (پەروەردە بوبێت)، لە فەرموودەیەکی شیرینی پەیامهێندا (ﷺ) هاتووە کە ئەفەرموێ:

(كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مُعْتَكِفًا فَأَتَيْتُهُ لَيْلا فِي الْمَسْجِدِ فَحَدَّثْتُهُ، ثُمَّ قُمْتُ فَقَامَ مَعِي لِيَقْلِبَنِي، وكَانَ مَسْكَنُهَا فِي دَارِ أُسَامَةَ بنِ زَيْدٍ فَمَرَّ رَجُلانِ مِنَ الأَنْصَارِ، فَلَمَّا رَأَيَا النَّبِيَّ (ﷺ) أَسْرَعَا، فَقَالَ النَّبِيُّ (ﷺ): عَلَى رِسْلِكُمَا إِنَّهَا صَفِيَّةُ بنتُ حُيَيٍّ فَقَالا: سُبْحَانَ اللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَقَالَ: إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنِ ابْنِ آدَمَ مَجْرَى الدَّمِ، وَإِنِّي خَشِيتُ أَنْ يُقْذَفَ فِي قُلُوبِكُمَا شَيْئًا أَوْ قَالَ: شَرًّا)(المعجم الكبير للطبراني).

واتە: (پێغەمبەر (ﷺ) شەوێکیان لە مزگەوت مابوویەوە، خاتوو (صفیە) وتی: ڕۆیشتم بۆ لای قسەم لەگەڵدا کرد، کاتێك تەواو بووم، هەستام، ئەویش هەستاو هات لەگەڵم، شوێنەکەی خاتوو (صفیە)یش لە ماڵی (ئوسامەی کوڕی زید)دا بوو، ئینجا دوو پیاو لە پشتیوانەکانی شاری مەدینە بەویادا تێپەڕ بوون، کاتێك چاویان بە پێغەمبەر (ﷺ) کەوت، خێرا ڕۆیشتن، پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کردن و فەرمووی: (بە یارمەتیتان بەڕاستی ئەم ئافرەتەی لەگەڵمە (صفیەی کچی حیی)ی خێزانمە هەردووکیان وتیان: (سبحان الله، پاكو بێگەردی بۆ خوای گەورە) ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئینجا پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموی: (بەڕاستی شەیتان وەك سوڕی خوێن دێتو دەڕوات بە ناو جەستەی نەوەی ئادەمدا، بە ڕاستی ترسی ئەوەم بوو کە شتێك یان شەڕێك بهاوێژرێتە ناو دڵتان).

کە هەموو ئەمەش لە نەخشە و پیلان و داپۆشینەکان و ڕوکەشەکانی ئیبلیسی شەیتانەوەیە، تاوەکو ئەوانەی کە یاخی و سەرپێچیکارو دژو دەرچوون لە ئیبلیس و لە خەڵکی بکەونە ناو بۆسەو داوەکەیەوە، بەمەش جوتکراو و کێڵدرا و

نـەوە و وەچـە و بنەچـە دەفـەوتێ و لـە نـاو دەچـێ و ڕیشـەکێش دەبـن، وە لـە فەرمودەی پێغەمبەری ئازیزدا(ﷺ) کە ئەفەرموێ:

(إنَّ الشَّيْطَانَ حَسَّاسٌ لَحَّاسٌ فَاحْذَرُوهُ عَلَى أَنْفُسِكُمْ،...) ترمذي ڕیوایـەتی کـردوەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (بە ڕاستی و بە دڵنیاییەوە شەیتان زۆر هەستیارەو زۆر دەرك دەکات هەروەها بە زمانی پاشماوەی خواردنی بەردەمی مرۆڤ دەلیێسێتەوە جا لیێی ئاگادار بن و وریای خۆتان بن..).

## ٢- بەردەوام بوون لەسەر (خووە نهێنیەکە) دوای هاوسەرگیری:

بە جۆرێك کە ئەنجامدەری ئەم خووە هیچ چێژ و خۆشیەکی تری وەك ئـەم خـووەی پێشك نایـت و نازانێت و دەرکی پێ ناکات وپەی پێ نابات، بۆیە بە بەرامبەری ڕازی نابێـت و بەرامبەریشـی پێـی ڕازی نـابن، ئەمـەش ئەبێتـە هـۆی کـەمی لـە (کـەمبوونی پەیوەندیـە سـۆزداری وهەسـتداری وئـەوینی و خۆشەویسـتیەکان) لـە سـەروی ئەوانەشـەوە پەیوەندیـە سێکسـیەکان، کـە ئەمـەش ئەبێتـە هـۆی (سەرئەکێشێ بۆ) لێك دورکەوتنـەوە و لێـك دابـڕان و سـارد وسـڕی و لا لـووتی و دەرکەوتنی کێشە و گرفت و دواجار بە جیابوونـەوە و تـەڵاق کۆتـایی دێـت، بۆیـە ئێمە زۆر ئاگادارین (ئاگامان لێیە)، زانیاریمان هەیە لەسەر حاڵەتەکانی ژن و مێـرد و هاوسـەران کـە زۆربـەی جـار ژیانیـان بـە خۆکوشـتن کۆتـایی ئـەهێنن، بـە هـۆی ئالودەبونیانەوە بە خوە نهێنیەکە (دەستپەڕ)، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان ژن و مێـرد و هاوسەردارن.

## ٣-زۆر بـونی حاڵـەتی (جیابونـەوە/ تـەڵاق) و بڵاوبونـەوەی بەدڕەوشتی وپەیوەندی نادروست و یاساغ و قەدەغەکراو:

دوای ئـەوەی کـە هەریـەك لـە هاوسـەران و (ژن و مێـرد) کـە زانیـان بەرامبەرەکـەی حـەزو ئـارەزوە سێکسـیەکانی بـۆ تێـر ناکـات (پێداویسـتیە سێکسـیەکانی بـۆ

جێبەجێ ناکات)، بۆیە وا گومان ئەبات کە هۆکارەکەی ئەگەڕێنێتەوە بۆ پەیداکردنی شەریك و هاوڕێ و هاودەمێکی تر تاوەکو ڕاز و نیازەکانی بۆ جێبەجێ بکات، بۆیە پەنا ئەبات بۆ لێك جیابونەوە یاخود گۆڕینی ئەم شەریك و هاوڕێ و هاودەمەی بە شەریك و هاوڕێ و هاودەمێکی تر، ئەمەش چارەسەر و حەلی کێشە و گرفتەکەی ناکات بە نیسبەتی تەرەف و لایەنی ئەنجامدەری (خوە نهێنیەکەوە)، یاخود پەنا ئەباتە بەر ڕێگەی بەدڕەوشتی ویاساغ وقەدەغەکراو بۆ دەست خستن و پەیداکردنی بەدیل و جێگرەوە، ئەمەش هەر نەك کێشە و گرفتەکانی بۆ چارەسەر و حەل ناکات بەڵکو کێشەکە زیاتر ئەبێتە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی تاوەکو تاکە کەسی.

## ٤-گۆشەگیری و کەنارگیری ودابڕان لە خەڵك (خەڵکی):

جارێ هەر بۆ خۆی کەسی (دەستپەڕلێدەر) و ئەنجامدەری خوە نهێنیەکە بە بەردەوام لە شوێنێکی دور لە خەڵکی ئەمێنێتەوە و ئەم (کردەوە و ڕەفتارە) ئەنجام ئەدات و بە نەفسی خۆی و بە تاکی ئەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەرکاتێ ویستی ئەم (کردەوەو ڕەفتارە) ئەنجام بدات.

## ٥-نەمانی شەرم و شکۆی ڕاستەقینە بەرامبەر خوا و دەرخستنی شەرم و شکۆی ساختەو قەڵب و درۆین لە لای ئالودە بووە:

کەسی ئالودەبوو بەم خووە هەوڵئەدات و سورە لەسەر ئەوەی کە (کردەوەو ڕەفتارە) کەی لە بەر چاو دیاری خەڵکی بشارێتەوە و نەزانراو بێت لای خەڵکان، وە نابێت هیچ کەسێك پێی بزانێت، بەڵام بەلایەوە گرنگ نیە کە خوا ئاگای لێیەو ئەیبینێت و کە ئەو کارە ئەنجام ئەدات کەچی هیچ شەرم و حەیایەکیش نایگرێت و تەریق نابێتەوە کە بەرامبەر کێ ئەم (کردەوەو ڕەفتارە) ئەنجام ئەدات.

## ٦-تێکشکاندن و لە ناوبردنی پاکی و بێگەردی و پاکداوێنی و شەرم و شکۆی کۆمەڵگە:

-خەیاڵات و ئەندێشەی پاك وخاوێن و بێگەرد ئەگۆڕێ -لە لای ئەنجامدەری ئەم خووە- بۆ خەیاڵات و ئەندێشەی گوازراوە لە هەموو بوارەکانی سێکس و هەواو شەهوەت و ئارەزووەکان ، بە بێ پاکی و پاکداوێنی و ئابڕوو باشی، یاخود بە بێ ئەوەی شەرم و حەیاش لە خۆی بکات.

-مرۆڤی بە ڕەوشت و پاکداوێن و پاك بێن و چاونوقاو چاوپارێزە لە ئاست یاساغ و قەدەغەکراوەکان وە لە عەیب و عارو داوێن و عەوراتی خەڵکی، بەلاَم ئەگەر ئالودە بوو بە خوە نهێنیەکە (دەستپەڕ)ەوە، ئەوا ئەگۆڕێت بۆ مرۆڤێك کە هەمیشە بە دوای داوێن و عەوراتی خەڵکی ئەکەوێت و چاوی لە دوایان ئەبێت وشوێنیان دەکەوێت و لێکۆڵنەوە ئەکات و خەریك ئەبێت پێیانەوە، لە سەروی ئەمانەشەوە بە دواداچوون ئەکات و هەمیشە چاوی لە سەریانە، بۆ دەرفەتێك ئەگەڕێت کە چێژیان لێوەر بگرێت.

## ٧-کەمتەرخەمی و کەموکورتی لە بەجێهێنانی ئەرکەکان بەرامبەر کەس و کارو ماڵ ومناڵ:

ئەم خووی (دەسپەڕ) لە ناوبەری زۆرێك لە کات و هەوڵ و تێکۆشانەکانی ئالودە بوە، بەڵکو زیاد لەوەش لە ناوبەری بیرو فیکر و هۆش وسەرقاڵی هزری و، هەروەها گوێشی لێ نیە ئەگەر بەشێك لە ماڵ و سەروەت و سامانەکەشی لە پێناویدا دابنێ، بەڵکو ئەم کارەی بەلاوە لە پێشترە لە کەس و کارو ماڵ ومناڵ، و چاودێریکرن وبەخشین و پەروەردە وسەرنج و تێبینیەکان وبە دواداچوون، دەی ئیتر ئایا ئەم ئالوودە بوە ئەتوانێ ئەرکەکانی بە جوانی جێبەجێ بکات بەرامبەر خێزان و ماڵ ومناڵەکەی، ئەتوانێ پارێزگاریان لێبکات و بیانپارێزێ لە هەموو ئەو مەترسی وترسناکیانەی کە دەورەیان داون، بە تایبەتی ئەو مەترسی

وترسناکیانەی کە پەیوەست و پەیوەندیان هەیە بە کێشە وگرفت و بەها و ڕەوشتیەکانەوە، قیەمە کۆمەڵایەتیەکان و پەروەردە جۆراوجۆر و جیاوازەکانەوە ..

## پاشماوە و شوێنەوارە ئابوریەکان لەسەر تاك و کۆمەڵگە:

**١-هەڵس و کەوت مامەڵەکردن لەگەڵ مادە بەدڕەوشت وبێشەرم و بەرەڵڵاییەکاندا، خەرجکردن و بەخشینی ماڵ و پارە پول لە ڕێگەی بەدەستهێنان و بەدەستخستنیان، بەم شێوەیە کەسەکە بەشێك لە داهات و سەرمایەکەی بەزایە و بە هەدەر ئەدات، بە خۆڕایی بە بێ ئەوەی هیچ مایەیەك بێتەوە سەر داهات و دەسکەوتەکەی، بۆیە دواجار نوقم ئەبێت لە ڕیسوایی و خراپەکاری گوناهو تاوان و داوێنپیسی، چونکە وەك کەسێکی لێدێت کە ئاوی دەریای خواردبێتەوە بۆ ئەوەی تینویەتی بشکێت، بەلأم ئاوخوارنەوەکەی سودی نەبوو بۆی بەڵکو ئەوەندەی تر تینوی بوو، بۆیە هەندێ لە توێژینەوەکان دەریانخستوە کەوا کۆی ئەو ماڵ وسەروەت و سامان و پارە وپولەی کە خەرج ئەکرێت لە مادده بەدڕەوشت وبێشەرم و بەرەڵڵاییەکان وفلیمە زیندوەکان، ئەگاتە دەیەها ملیار دۆلار.**

## ٢-بە دەستهێنان وبە دەستخستنی زانستی و کاراو کرداری (کردەیی):

**بار ودۆخ و زروفی خوێندن و کار وکاسپی کاریکی سوك و ئاسان بوو ، ئێستە وانیەو نا گەڕێتەوە جاری جاران ، ئەو زەمان و زروفە نایێتەوە، زانکۆ و زانستگاکان ئێستا داوای نمرەی زۆر بەرز ئەکەن، وە دەستخستن و دەسکەوتنی دەرفەتی ئیش وکارو، ئەویش بە هەمان شێوە داوای نمرەی دەرچویەکی زۆر بەرز ئەکەن لە زانکۆکان، لە سەروی ئەوەشەوە (سەرباری ئەوەش) داواکاری و پێویستیان بە پسپۆڕی و شارەزایی کردەیی هەیە، ئەمانەش هەمووی داواو پێویستی بە ئەقڵ وژیری و تەواو پێگەیشتوو هەیە، کە پڕ و لێوان لێو بێت لە**

زانیاری ئەکادیمی و پسپۆڕی و شارەزایی و توانای جیاواز هەیە، هەروەها داواو پێویستی بە چوست و چالاکی جەستە و تەندروستی باش و تەواو و ڕێك و پێکی لە ئیش و کار و کارکردندا هەیە، ئەمانەش هەر هەمووی قورس و گرانە-ئەگەر مەحاڵ نەبێت- بۆیە لەسەر ئالودەبوی (دەستپەڕ) پێویستە کەوا هەستێ پێداویستیەکانی دەست بخات و ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات، بەلأم مەخابن ئالودەبوو لە ناو دەریای شەهوەت و هەواو حەزو ئارەزودا نوقم بوە، بۆیە ئەم خووە خراپ و نالەبارە پاشماوە و شوێنەوارێکی پیس و نویستراو بەجێ دەهێڵێ و لە ناوبەری جەستەو دەرونیشە، کە بەڕاستی یادکردنەوە و باسکردنی زۆر تاڵ وناخۆشە، ئەگەرچی هەندێ لەمانە لەسەر ئەم حاڵەتە هەندێ کات ئەتوانن بمێننەوە، بەلأم ناتوانن بەردەوام بن لەسەر ئەم حاڵەتەیان بۆ کاتێکی زۆر دورو درێژ، کە ئەمەش کاریگەری ئەبێت لەسەر بەرهەمهێنان و بەرهەمداری کۆمەڵگە، و ئابوری وڵات، ئەمە بێجگە لەوەی کە کاریگەری خراپیشی ئەبێت لەسەر تاکەکە خۆی(خودی تاکەکە).

## ٣-حەزو ئارەزووکردن لە خەو و بە فیڕۆ و بە هەدەردانی کات:

بۆیە بەم کارەشی بەروبوم و بەرهەم و داهات کەم ئەبێتەوە، وە جم وجوڵ و چالاکیشی کەم ئەبێتەوە لە کاتی کارکردنیدا، بۆ هەریەکێك لەمانە پاشماوەو جێماوە هەیە- کە ناشاردرێتەوە بۆ هەموو خاوەن دڵێك-لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵگە و گەل و میللەت وەك یەك لەسەر یەك ئاست، توێژینەوەیەك کە لە ئەمریکادا جێبەجێکراوە ئەڵێت، کە خووە نهێنیەکە (دەستپەڕ) تێچووی ئابوری ئەمریکا کە کەمتر نیە لە(٣.١٤) ملیار دۆلار لە بەرهەمهێنانی مانگانەی ئەمریکی کەم ئەبێتەوە .!!

## ٤- پاشماوە و شوێنەوارە (جێماوە) دەرونیەکان:

-هەستکردن بە خەم وخەفەت وداخ وپەژارە و هەناسە هەڵکێشان پەشیمانی وپاشگەز بونەوە.

-هەستکردن بە گوناه وتاوان و دەرون شکاوی وبەزیوی و دۆڕاوی.
-پەشیمانی دەربڕین لە ناخ و زەمیر و ویژدانەوە، ڕێز نەگرتنی خۆ(ڕێز نەگرتن لە خودی خۆ).
- دەمار گرژی و پەشێوی و دڵە ڕاوکێ و ڕاڕایی و پەرۆشی دەرونی.
-توند وتیژی و توڕەیی و هەڵەشەیی.

## خووە نهێنیەکە( دەسپەڕ) و تاوان:

((ئەگەر بهاتایە مادە بەدڕەوشت وبێشەرم و بەرەڵڵاییەکانیان لێ قەدەغە و یاساغ بکردمایە بە بچوکی، (واتە ئەگەر بە بچوکی ڕێگریان بکردایە لە مادە بەدڕەوشت وبێشەرم و بەرەڵڵاکان)، شەیداو هۆگری سێکسی و ڕیزپەڕی و لادان و ناوازەیی سێکسی نە ئە گەیشتە من بەم ڕادەیە وبەم ئاستە...چونکە بە ڕاستی زۆر کاریگەری هەبوە لەسەرم زۆر بێڕەحم و بێبەزەیی بوم بە تەواوی، من ئێستە کەسێکی نامۆو ناوازە و ڕیزپەڕی سێکسی...و هەڵگر و ئەتککەرو زەوتکەر...و بکوژ و خوێنڕێژم...!!)) بەم ووشانە و بەم قسانە (آرثر غاري بايشوب) کۆتایی هێنا بە دانپیانانەکەی پێش ئەوەی لە سێدارە بدرێت.!!

هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ڕەواڵەت وا دەرئەکەوێ وا ئەزانرێت ، کە تەواو لە مەبەستی نەرم وفراوان ئەو پەڕی خۆشی و ئاسوودەیی، وە دور لە ساویلکەیی لە قسەدا، ئەو هەر لە منالیەوە یەکێك بوە لە ناسراو بە ناوبانگ ودەرکەوتوان و دیارو سەرکەوتوەکان، کە پەیوەندی کردبوو بە دامەزراوە و توێژ و دەستەی پێشەنگ و دۆزەرەوە، دواتریش پەیوەندی کردوە بە دەستە و بزوتنەوەی موژدەدەرانەوە، وە بەرزترین نیشانە و مەدالیای لەم بوارەدا بە دەست هێناوە و پێی گەیشتوە، ئەم کابرایە (آرثر غاري بايشوب) دەستگیریان کرد و لە گرتووخانە بەندیان کرد لەبەر ئەوەی کە (٥) منالی کوشتبوو لە چەند کاتێکی جیاوازدا- دوای ئەوەی دەستدرێژی سێکسی لەگەڵدا کردبون، کە تەمەنی هەرە بچوکەکەیان(دانی دافس) چوار (٤) ساڵ بوە، دوای ئەوەی سێکسی لەگەڵدا ئەکات، دواجار ئەیکوژێت و

ئەیخاتە سندوقی سەیارەکەیەوە، دوای تەواو کردنی ئیش و کار ڕۆژانەی ونان خواردنی بە شێوەی سروشتی و لە کاتی خۆیدا، ئەو جا هەر بە تاقەت بە لەسەر خۆیی و بە بێ شڵەژان و هەر وەك بڵی هەر ئەویش نەبوە هیچ تاوانێکی کرد بێت، هەڵئەسێت کەوا چۆن ئەم جەستەو لاشەیە بشارێتەوە و نەجاتی بێت لێی، لەوانەیە ئەمە یەکێك بێت لە گرنگترین توێژینەوەکان، کە سەرنج ڕاکێش و شیاوی ئاوڕدانەوە و لاکردنەوە بێت بە لایدا، کە بەراوردی کردوە لە نێوان ( بڵاوبونەوەی تاوان وبڵاوبونەوەی خووە نهێنیەکە) لە وڵاتە یەکگرتوەکان، کە توێژینەوەکە دەریخست کە ڕێژەی زیاد بوون لە تێکڕای بڵاوبونەوەی تاوان وەك ڕێژەی زیاد بوون لە تێکڕای بڵاوبونەوەی خووە نهێنیەکە وایە (واتە تاوان چەند زیاد بکات خووە نهێنیەکەش ئەوەندە زیاد ئەکات)، وە ڕێژەی تاوانیش چەند کەم بکات و دابەزێت بە هەمان شێوەش خووە نهێنیەکەش ئەوەندە کەم ئەکات ودا ئەبەزێت)، وە ئەم توێژینەوەیەش لە نێوان ساڵەکانی (١٩٦٠ زاینی و ٢٠٠٠ی زاینی) ئەنجام دراوە.

## خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر کردن:

باس و بابەتی خۆپاراستن و چارەسەرکردن لەم کار و فەرمانە دا تەواو تێکهەڵکێش و بە یەکداچووە، هەموو ڕێگەکانی خۆپاراستن زۆر بە کەڵك و بە سودن لە یارمەتیدان لە دەرچوون لە کێشە و گرفت و چارەسەر کردن، لێرەدا چەند هەنگاوێك و ڕێمانییەك هەیە بۆ چارەسەر کردن، بەلاّم پێویست نین بۆ خۆپاراستن، بە پێی گرنگی ئەو دەرمانەی کە کەس نایخوات تەنها نەخۆش نەبێت، لەبەر ئەمە دەست ئەکەین بە باسکردنی کاروبار و فەرمانە خۆپارێزیەکان وئاگایی و وریایی وخۆ پاراستنیەکان، کەوا بەسودن لە چارەسەرکردندا، دواتریش قسەو باس ئەکەین لە هەنگاوە چارەسەریەکان.

* خۆپاراستن ((پێش ئەوەی بکەوێتە یاساغ و قەدەغەکراوەکەوە)) ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ ئەهل و کەس وکار:

١–چاودێری وبەدواداچونی منالاّن بکرێت لە لایەن ئەهل و کەس وکارەوە بە تایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا، لە نزیکەوە مانەوە لەگەڵیان (مانەوە و نزیك بوون لێیانەوە)، پتەوکردن و قایمکردنی پەیوەندی تایبەتی و دڵسۆزی و خۆشەویستی لەگەڵیاندا (ڕاستگۆیانە بوون لەگەڵیاندا)، بۆ ئەوەی ئەهل و کەس و کار ببێتە سەرچاوە وبنکە وپەناگە و جێ و شوێنی بۆ گەڕانەوە، وە چاودێری کردنی گەشە و نەش ونماو پێگەیشتنی دەرونی و سۆزدار یان(منالەکان) لەم کات و ماوەیەدا، بۆ ڕێنمایی و ئامۆژگاریکردنیان لە ڕوی ڕوە ساغ و سەلیم و تەندروست و ڕاستیەکەیەوە.

٢–ئاڕاستەکردنی منالەکان هەر لە منالّیانەوە (هەر لە بچوکییانەوە و هەر بە بچوکی) لەسەر چۆنیەتی هەڵبژاردنی دۆست و هاوڕێی چاك و باش، دورکەوتنەوە لە هاوڕێ و ڕەفیقی خراپ و ناپەسەند، وە دیاریکردن و هەڵبژاردنی دۆست و

هاوڕێ و ڕەفیقی گونجاو بۆیان-ئەگەر گونجا- بە مەرجێك کەسایەتی منالّ پوچ و بێ بەها نەبێت و هەڵنەوەشێتەوە، یاخود ببێتە هۆی شاردنەوەیان.

٣-ڕۆشنبیرکردنی منالّەکان، ڕونکردنەوە بدات لەسەر ئەو گۆڕانکاریە جەستەیی ودەرونیانەی کە بەسەریاندا دێت، لەم قۆناغەی کە تێیدا دەژین، وە هۆشیاریان بداتێ سەبارەت بە ترسناکی و مەترسیەکانی مامەڵە و هەڵسوکەوتی خراپ و هەڵە لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریانەدا، هۆشیاریان بداتێ لەسەر ڕۆیشتن بە ڕێگەی ناڕەوا و خراپ وپیس و چەپەڵ و نادروست و ناڕاست، وە ڕونکردنەوە و باسکردنی ترسناکی و مەترسیەکانی ئەم (خووە نهێنیە) لە لایەن کەس و کاریەوە، یاخود بردنیان بۆ لای  کەسی تایبەت و خاوەن پسپۆڕی و شارەزا لەو بوارەدا (پزیشکان وڕابەران وتوێژەرانی دەروونی) بۆ ئەوەی ڕێنمایی و ئامۆژگاریان بکەن.

٤-سەرقاڵکردنی کات (کاتی منالّەکان)، منالّەکان سەرقالّ بکەیت بە هەموو شتێکی کە بە کەڵك و بەسود بێت، وە هەموو پێداویستیەکیان (کەل وپەل وشتومەك) کیان بۆ ئامادە بکەیت، وە هانیان بدەیت بۆ ئەنجامدان و جێبەجێکردنی حەز و خولیا و ئارەزووە بەسودەکانیان.

٥-پەروەردەی ئایینی ڕاست و ڕەوان و دروست، وە بنیاتنان ودروستکردنی منالّەکان لەسەر خواپەرستی و بەندایەتی و گوێڕایەڵی کردنی خوای پەروەردگار، وە کینە و ڕق لێبوون وخۆشنەویستنی (سەرپێچی و گوناه و تاوان وخراپەکاری) وە ترسان لەوەی کە بێتە ڕێگەیان و توشیان ببێت، (بە هێزکردنی بەربەست و ڕێگری ئاینی لەلای منالّەکان).

٦-دور خستنەوەی منالّەکان بە پێی توانا لە بینینی ئەو دیمەنانەی کە هەژێنەر و وروژێنەر و هەست بزوێنن، یاخود دورخستنەوەیان لەو باس و بابەت و چیرۆکانەی کە جوڵێنەرو بزوێنەری غەریزە و حەز و ئارەزووەکانن، لە سەروی ئەمانەشەوە سەیرکردنی فلیم و شوێنە بەرەڵلاّ وشەرم هێنەر و ئابڕووبەرەکانی

ئینتەرنێت، وە پەروەردەکردنیان لەسەر ماناو واتاکانی ڕەوشت بەرزی و پاکداوێنی وپاکیزەیی وئابڕووباشی، ئەوەی شیاوی وە بیرهێنانەوەیە هێما و ئاماژەیەك ئەدەین بە توێژینەوەیەك کە لە بریتانیا لە ساڵەکانی ١٩٨٠ دا ئەنجامدراوە ، لەسەر خوێندکارانی خوێندنگایەکی سەرەتایی، توێژینەوەکە پێکهاتبوو(بریتیبوو) لە پیشاندان و نمایشکردنی گرتە وێنە وڤیدیۆی شەرم هێنەر و ئابڕووبەر و پیشاندانی سێکسی هەژێنەر و وروژێنەر و هەست بزوێن، لەبەر چاو و لەبەردەم هەندێ لەو خوێندکارانە، بەڵام لەهەمان کاتتدا بۆ هەندێك خوێندکاری تریان بە بێ گرتە وێنە وڤیدیۆیی تەنها بە باسکردنی (دیتانە/تیۆری) بۆیان باسکردن، بینیان کەوا ئەوانەی کە بەچاو و گوێی دڵ گرتە وێنە وڤیدیۆییەکانیان بینیوە حەز و ئارەزوو ئەنجامدانی ئەوەیان هەیە کە بینیویانە بە چاویان، بەڵام لە هەمان کاتتدا هەمان ئەو وەڵامەیان نەدرایەوە و دەست نەکەوت کە تەنها قسەو باسیان بۆ کرابوو، تەنها گۆێیان لێبووە هیچیان بە چاو نەبینیوە.

(if you see it you want to do it)

٧-دانانی سنورێك بۆ ڕەخساندنی  هەل و دەرفەتی تەنیایی و چۆڵەوانی لە بارو دۆخێکدا،(واتە نەڕەخساندنی دەرفەت) ،چونکە ئەم دەرفەت و چۆڵەوانیە لەبار و گونجاو ئەبێت و بوار ئەدات بە ئەنجامدانی ئەم خووە ، وە ڕێگە نەدان بە مانەوە و بردنە سەری کاتی دور و درێژ لە (شوێنی خۆشۆرین وشوێنی چونە سەر ئاو و ئاودەستیان)، لە حەمام و تەوالێتدا (بەتایبەتی لە حەمامدا بۆ خۆشۆرین).

٨-فێرکردن و ڕاهێنانی مناڵەکان لەسەر خۆ داپۆشینیان (بە تایبەتی داوێن و شەرمگا(جێشەرم) یان هەر لە تەمەنی مناڵیانەوە و هەر بە بچوکی، دور خستنەوەیان لە ڕوتکردن و داماڵین، یاخود دەسکاری و یاریکردن بە ئەندامی زاوزێیان (چوك وقیتکە).

٩- فێرکردن و ڕاهێنانی مناڵەکان لەسەر پاك و خاوێنی و پوختە و تەمیزی هەر لە تەمەنی مناڵیانەوە و هەر بە بچوکی، بە تایبەتی دوای چونە سەرئاو یان (دوای میزو پیسایی) کردن، وە پاکوخاوێنکردن و پاکڕاگرتنی شوێنی چونە سەرئاو و تەوالێت و دەست ئاویان، ئەمەش بۆ پاراستنی تەندروستیانە لەلایەك، وە بۆ دورخستنەوەی توشبونی ئەندامەکانی زاوزێیان بە هەوکردن، کە ئەبێتە هۆی خورانی ئەندامەکانی زاوزێیان(چوك، قیتکە)، ئەم خورانەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کەوا منالْ (کوڕ،کچ) ئەو ئەندامانەی بخورێنێ، دواجار ڕابێت لەسەر دەسکاریکردنیان و یاری پێکردنیان.

١٠-کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئالەت و زەردەچەوە و بەهارات لە چێشت و خواردنەکاندا بە تایبەتی لە تەمەنی هەرزەکاریدا.

١١-بەزوویی (زوو و پێشوەختە) پرۆسەی هاوسەرگیری و(ژنهێنان وشووکردن) ئەنجام بدرێ بۆ کوڕو کچەکان بە پێی توانا و بوون وگونجان، چونکە (أغض للبصر وأحصن للفرج) هەروەك لە فەرمووده شیرینەکەشدا هاتووه.

١٢-ڕاهێنانی منالّەکان لەسەر زۆر ڕۆژوو گرتنیان (ڕۆژوی سوننەت (دووشەممان و پێنج شەممان) وە هاندانیان لەسەر بەردەوام بوونیان لەسەر ئەو حالەتی ڕۆژوو گرتنەیان (بەتایبەتی لە قۆناغی هەرزەکاریدا).

١٣-دورخستنەوەی منالّەکان زۆر دور لە هۆکارەکانی گەمە و گاڵتەوگەپی نا دروست و نا ڕەوا و ڕێگە پێنەدراو، وەك گۆرانی و مۆسیقا، بە تایبەتی ئەو گۆرانی و مۆسیقایەی کە وروژێنەر و هەژێنی سۆز و خۆشەویستین بەرە و ڕەگەزێکی تر (ڕەگەزی بەرامبەر)، وە جولێنەری هەوا ئارەزوو و هەست بزوێنن.

## بەرنامە چارەسەریەکەت:

**یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردن بریتیە لە قەناعەتی تەواو بە زەرەر و زیانەکانی ئەم (خووە نهێنیە)**

**وە خۆ ڕزگارکردن لێی زۆر گرنگ و پێویستە، بە دوای ئەوەدا ئەم هەنگاوانەی خوارەوەش هەن:**

**١-پەنا ببە (پەنابردن) بۆ خوای پەروەردگار بە ڕاستی و ڕاستگۆیانە و بە پاکی و بێگەردی، نزا و لالأنەوەی لەلا بکرێت، داوای پشتیوانی و یارمەتی لە خوا بکرێت، هەرکەسێك لەگەڵ خوا بێت، خواش لەگەڵ ئەوە، وە هەرکەسێك بە ڕاستی و ڕاستگۆیانە داوای لێبکات داواکەی لیٚ وەرئەگیرێت و جێبەجیٚ ئەکرێت.**

**لە دۆعاو نزای تەوبە وپەشیمانیدا هاتووە:(... اللهم إنی تبت إلیك ورجعت إلیك وندمت علی مافعلت وعزمت ألا أعود...)**

**واتا: (خودایە بە ڕاستی من تەوبەم کردو گەڕامەوە بۆ لای تۆو پەشیمانم لەسەر ئەو کارانەی کە کردومن و بڕیارم داوە کە جارێکی تر نەگەڕێمەوە سەریان...).**

**٢-متمانەت بە خۆت هەبێت و ئیرادەت بە هێز بکە، وە تۆ توانات هەیە و نەخشەی سەرکەوتنت هەیە بەسەر ئەم کێشە و گرفتەدا.**

**٣-هەست بە خۆشەویستی خوا بکە، وە نیەت بێنە (نیەتت هەبیٚ) کە وازهێنان و تەرك کردنی ئەم**

**(خووە) لەبەر خاتر و ڕەزاو ڕازی بوونی خوای پەروەردگار بێت، دوای ئەوە لەبەر پاراستنی تەندروستیت بێت، هەروەها هەست بە پەیوەندی بکە لەگەڵ خوای خۆتتدا و هەست بە پەیوەندی بکە لەگەڵ خەڵکی و کەسانی تر.**

٤-ڕێز بگرە لە خۆت و لە بڕیارەکەت، وە ئەوەش بزانە کە تەنها خۆت چاودێری بەسەر خۆتەوە، وە خۆت پەروەردە و پەروەرشیاری خۆتی( پەیوەندبوون (پەیوەست)بوون وتەرککردن و وازهێنان و ڕاهاتن و گەڕانەوە سەر خوەکە و واز لێنەهێنانی، ئەمانە هەمووی خۆت چاودێریانی.

٥-خۆ ڕزگار کردن لە هەموو ئەو شتانەی کە لە لای خۆت جەمت کردون لە ( وێنە، فلیم، شوێنەکانی ئینتەرنێت، چیرۆکی بیستراو یاخود خوێنراوە، کەناڵە ئاسمانی و ناخۆییەکان...هتد)

بە تەواوی خۆت ڕزگار بکە لێیان، ڕاگەیاندنێك بێت لە خۆتەوە لە ڕاستی تەوبەو پەشیمان بونەوەکەت و نیەتە پاکو بێخەوش و خاڵەکەت.

٦- تا زۆر خەوت نەییێت مەچۆ بۆخەوتن ، هەروەها بە لە خەو هەستانت ڕاستەوخۆ و دەست بەجێ جێگەی خەوتنت بەجێ بهێڵە، واتە (مەچۆ بۆ نوستن تا زۆر خەواڵوو و خەوت نەییێت ، کاتێك کە لە خەو هەستایت ڕاستەوخۆ جێگەی خەوتن بەجێ بهێڵە).

٧-مێشك و بیر و هۆش و هزرت سەرقاڵ مەکە بە کێشە و گرفتەوە، وە هاوڕێیەتی هەموو ئەوانەش واز لێبێنە کە ئەم کێشە و گرفتەت بۆ ئەهێننە پێش وبیرت ئەخەنەوە، یاخود نیگەرانی بەم کێشانە، بەڵام ڕاستێتی کێشەکان تەنها بونیانە لە ناخ و بیرو هزری تۆدا، بۆیە سەرقاڵببە بە نەفس و دەرونی خۆتەوەو لە کاروبارە گرنگەکاندا و ئەوانەیان کە بە سود و بە کەڵکن.

٨-ئەگەر زۆر هەستت بە ئارەزوی ئەنجامدانی کاری (خووە نهێنیەکە/ دەسپەڕ) کرد یەکسەر خێرا شوێنی نوستنەکەت (جێگە نوێنەکەت) بەجێ بهێڵە، شوێن و بار و دۆخەکەت بگۆڕە، دورخستنەوە و بیرو هۆش و فیکرو خەیاڵ و ئەندێش و وازهێنانی لەم ئارەزووە. لەگەڵ خەڵك و کەسانی تردا دابنیشە، پەیوەندی بکە بە هاوڕێیەکی چاك و زۆر باشەوە، چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز بخوێنە،

دەستنوێژ بشۆ و چەند ڕکاتێك لە نوێژە سونەتەکان بکە، قورئانێك بە دەستەوە بگرە، ئەگەر هەر هیچیشت لێ نەخوێند ئەوا بیخەرە سەر سنگ ودڵت، سا بەشکو ئارامی بێت بۆ دڵت... هتد.

٩-بەرنامەیەك دابنێ بۆ مەشقەکانی چالاکی ڕۆژانەیی، وە چالاکیەکانت زیاد بکەوچەندان و چەنجارەیان بکەوە، (بەتایبەتی چالاکیە وەرزشیەکان) ئەگەر هەستت بە پەستان وفشاری دەرونی کرد.

١٠-ئامانج ومەبەستێکی کاتی دابنێ بۆ خۆشی و ڕابواردن و چێژ وەرگرتن، بە ڕۆژ دەست پێبکە و دواتر بە هەفتە و دواتریش بە مانگ...هتد.

١١-چەمك و تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆییت لەگەڵ نەفس و دەرونی خۆتتدا بگۆڕە بە خەیاڵ و ئەندێشەی هزری و فیکری، بۆ ئەوەی هەندێك لە کاتت بڕوا (کاتت لێبڕوات)، ڕۆژانە نەفس و دەرونت بەرەو خەیاڵ و ئەندێشەی بە هێزت بەرێت (بەهێزت بکات) و خەیاڵاتەکانت با ڕێك و پێك بن، بۆ ئەوەی ئاسان بێت بەلاتەوە سەر بکەویت بە سەر حاڵەتەکانی فریودان وهاندانەکان.

١٢-تێبکۆشە لە پێناو گەشەپێدان وپوختەکردن و درەوشاوە کردنی بەهرە و تواناکانت، وە چاکردنی پەیوەندیت لە گەڵ خوای تاك و تەنها ولەگەڵ خێزان و کەس و کار ولەگەڵ خەڵکان و کەسانی تردا.

١٣-کۆمەڵایەتی و خۆشخو و دۆست و ڕووخۆش و ڕاستگۆو خۆشەویست بە، پاڵ بە نەفس و دەرونتەوە بنێ بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی وکەسانی تردا بێت، وە فێرببە کە بە کارکردن و قسە لەگەڵ کردنیاندا چێژ و خۆشی وەربگریت.

١٤- ئاگادار بە لەو هەڵوێستانەی کە نا ئومێد وبێ هیوا و دۆڕا و پوچەڵت ئەکەنەوە، یاخود ئەو هۆکارانەی کە ئەبنە هۆی هەستکردنت بە تەنیایی وبێزاری وهەراسانی وکێشە و گرفت دروستکردن و ڕێگری کردن، بەزین و لاوازی

سوربوون لەسەرهەر کارێك کە بتەوێ ئەنجامی بدەیت، پێشتر نەخشە وپلان دابنێ، بۆ ئەوەی نمونە لەم جۆرە حاڵەتانە تێپەڕێنی و لێیان ڕزگار بیت لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێب ، سەردانی هاوڕێ و دۆست و ڕەفیقەکان، هەستان بە ئەنجامدانی کاری بە کەڵك و بە سود...وە هەروەها.

١٥-هەستە بە ئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەی گیرفانی (رزنامة جیب) لەسەر کارتی بچوك بۆ مانگێك، لەگەڵ خۆتدا هەڵیانگرە، با کەسی تر نەیان بینێت، ئەگەر هاتوو نەتتوانی زاڵبیت بەسەر نەفس و دەرونی خۆتتدا، ئەوا یەکێك لە کارتە بچوکەکان ڕەنگی ڕەشی بکە، مەبەستت نەمانی ڕۆژە ڕەشەکان بێت، ئەم ڕۆژ نامەیە ئەبێتە یاداشت وبیرخەرە و یادگاریەکی بینراوو تەماشاکراوی بە هێز بۆ زاڵبون بەسەر نەفس و دەرونی خۆتتدا، لەگەڵیابە تێبینی و سەرنجەکانت لە نزیکەوە سەیر بکە و لێیان ورد بەرەوە هەرکاتێ دڵ ودەرونت سەرنجی ڕاکێشایت و ئارەزوو و حەز وخواستی هەبوو لە سەرئەنجامدانی خووەکە (دڵت بۆی لێدا) ئەوا دەست بە جێ سەیری ( ڕۆژنامە گیرفانیە) کە بکەرەوە، زۆر هەوڵبدە هەمیشە لە یادت بێ، بۆ ئەوەی ڕۆژێکی تری ڕەش تۆمار نەکەیت، پارێزگاری لەم ڕۆژنامەیە بکە، تاوەکو بەلایەنی کەمەوە بگاتە سێ(٣)مانگ ی پاك کە هیچی تێدا ئەنجام نەدرابێت لەو خووە وکردەوەو ڕەفتارە.

١٦-دیاریکردنی ئەو کات و بار و دۆخەی کە بە دەستیەوە بێزاری و پەرێشانی لەم کێشە و گرفتە، تاوەکو بزانی ئەمە چۆن ڕویدا و چۆن پەیدا بوو، بۆیە نەخشە و پلان دابنێ بۆ شکاندنی کۆت و بەندەکانت لە ڕێگای دژە چالاکیەکانەوە.

١٧-دور کەوتنەوە لە خواردنەوەی بڕێکی زۆر لە شلەمەنی (ئاو، چا، هتد) پێش نوستن (خەوتن) بۆ ئەوەی پارێزگاری بکەی لە میزڵدانت تاوەکو بە خاڵی بمێنێتەوە.

١٨-ئاڵەت و زەردەچەوە و بەهارات لە خواردنەکەتتدا کەم بکەرەوە، هەتا ئەتوانی بە شەودا کەم بخۆیت.

١٩-نەفس ودەرونت بگرە و لەغاوی بکە مەهێڵە بگەڕێتەوە بۆ هیچ یەکێ لە خووەکان و حەز و ئارەزوو مەیلەکان، کەوا ئەمانە بەشێك بوون لە گرفت و کێشەکان، شەیتان تەسلیم نابێت و خۆی نادات بە دەستەوە، بۆیە تۆ متمانەت بە خۆت هەبێ و بەردەوامبە لە بەرگریکردن و ژێر وسەنگین بە،

هەڵوێستە ئەقڵیە ئەرێنیەکان بپارێزە، ئەتوانیت لەم جەنگەدا سەرکەوتن بە دەست بهێنی وکاتێ هەست بە بردنەوە ئەکەیت، پاڵنەرێکی بە هێزت ئەداتێ بۆ بە دوا داچون و چاودێریکردن و ڕۆح و گیانێکی تازەو نوێت پێدەبەخشێت بۆ بەرەنگاریکردن، بە ڕاستی جەنگێکی ڕاستەقینەیە لە نێوان تۆ و شەیتاندا..بۆیە ئامان نەدۆڕێی و نەپسێی...پەیامهێنی خۆشەویست(ﷺ):

(إنّ المُؤْمِنَ يُنْضِي شَيْطانَهُ كَمَا يُنْضِي أحَدُكمْ بعيره في السفر) أحمد ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (بێگومان ئیماندار شەیتانەکەی گاڵتەی پێ دەکات هەر وەك چۆن یەکێك لە ئێوە گاڵتە بە وشترەکەی دەکات لە سەفەردا).

٢٠-ڕۆژوو گرتنی سونەتت زیاد بکە (زیاتر کردنی ڕۆژووی سوننەت)، وە هەوڵ بدە بە پاك و خاوێنی بمێنیتەوە، چونکە(پاکێتی) دەرکەر و ڕاونەری شەیتانە، وە ڕاکێشەرو هێنەری خێر و بەرەکەتە، پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) بە ئەنەسی کوڕی مالك ئەفەرموێ:

(يَا بُنَيَّ، إنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ لا تَبِيتَ إِلَّا عَلَى وُضُوءٍ فَافْعَلْ ، فَإِنَّهُ مَنْ أَتَاهُ الْمَوْتُ وَهُوَ عَلَى وُضُوءٍ أُعْطِيَ الشَّهَادَةَ) ترمذی ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

واتا: (ئەی کوڕی شیرینی خۆم ئەگەر ویستت کە بەردەوام وا بمێنیتەوە بە دەستنوێژەوە بیت ئەوا ئەو کارە بکە، بێگومان هەر کەسێك مردنی بۆ بێت و یەخەی بگرێت کاتێك کە دەستنوێژی هەیە ئەوا پلەی شەهیدی پێ دەبەخشرێت).

## چارەسەری کین و ڕق لێبوون (پەیوەندکار):

لە بواری چارەسەری دەرونیدا هونەرو تەکنیکێکی تەواو کاریگەر هەیە پێی ئەوترێ (چارەسەری ڕق لێبوون) خۆشنەویستن و بە دوژمن سەیرکردنی، (العلاج بالبغض والكره/چارەسەر کردن بە کین و ڕق لێبوون و حەزلێنەکردن وقێز و بێز لێکردن)، کاتێك ئێمە بیرو هۆش و فیکرمان پەیوەست ئەکەین و ئەیبەستین بە شتانێکەوە کە تەواو ڕقمان لێیەتی خۆشمان ناوێت ( وروژێنەری بێز و قیز و ڕق و کینە لێکردنەوەیە)، کاتێك فیکرمان بەست بە شتانێکی خۆش و جوان و بە چێژ و تامدارو نەخوازراو حەزلێنەبوو ونەویستراو، ئەوکاتە بیرکردنەوەی (بێز و قێزو ڕق و کیناوی) و شعور وهەست کردن بە (ڕق وکین لێبوون) خۆشنەویستن هەڵئەسێت بە نەویستن و هەڵوەشاندنە و(دەرکردن)ی هەست کردن بە خۆشی تام و چێژ، جا ئەگەر کارێکی ڕق و کین لێبوو بێزو قیزاوی بەسترا وپەیوەستکرا بە(نەمانی زاڵبوون) زاڵنەبوون بەسەر نەفس و دەرونتەوە، ئەوا ئەمە ئەبێتە یارمتی دەرێك بۆ وەستاندن و نەکردن و ئەنجامنەدان، بۆ نمونە ئەگەر حەزو ئارەزو و مەیلێکت بۆ دروست بوو شتێکی وا بە مێشکدا هات واتە (خووە نهێنیەکە/ دەستپەڕ)، بیهێنەرە بەر چاوت و وا خەیاڵ بکە کە بەم ئەنجامدانە لەحەوزێکی پڕ کرم دا خۆت ئەشۆیت و مەلە ئەکەیت، وە ئەگەر بەم کارە هەستیت ئەوا زۆرێکیان (لە کرمەکان ) ئەتخۆن، ئەوکاتە ئەبینی کە حەزو و ئارەزوو مەیلەکەت نامێنێ و بە تەواوی دائەبەزێت، دواجار زۆر بە ئاسانی ئەتوانی زاڵ ببی بەسەر کار و کردەوەکەدا و دور بکەویتەوە لە ئەنجامدانی یەك بە یەك تاوەکو دادەماڵرێی لەم خوە و(کردار و ڕەفتارە) (ئەم خوە لە ناخت هەڵئەکەنرێت) بە ئیزن و بە یارمەتی خوا.

## چاودێری مناڵەکانتان بکەن:

**هەندێ بەڵگە و نیشانە و هێما هەیە کەوا پێویستە لەلایەن باوك و دایك و پەروەردەکاران و پەروەرشیارانەوە ئاگادار بن لێیان و لێی بە ئاگابن تێبینیان بکەن و سەرنجیان بدەنێ، کە ئەتوانن لە ڕێگەی ئەو هێمایانەوە تێبینی و سەرنجەکان بزانن، ئەگەر هەرزەکار نێر بێت یاخود مێ بێت و ئالودەبن لەسەر ئەنجامدانی (خووە نهێنیەکە):**

**١-ئایا منالەکەت ئازار ئەچێژێت بە دەست زیپکەی عازەبەی گەنجانەوە (زیپکەی دەم وچاو و ڕوخساری هەرزەکار) ؟...کە زۆربەی جار(خووە نهێنیەکە/ دەسپەڕ) ئەبێتە هۆی زیاد بونی هۆڕمۆنات، کە دا ئەنرێت بە هۆکاری یەکەم بۆ دەرکەوتنی (زیپکەی عازەبە)ی لاوان، وە هەندێك لە هەرزەکاران ئەوانەی ئەم (خووە نهێنیە) ئەنجام نادەن کەمتر ئازار ئەچێژن بە دەست زیپکەی عازەبەی گەنجانەوە (زیپکەی دەم وچاو و ڕوخساری هەرزەکار)!!**

**٢- ئایا منالەکەت ئازار ئەچێژێت بە دەست سارد وسڕی وسستی وگوێنەدان ودورکەوتنەوە وشەکەتی و ماندویەتی وبێهێزی، و حاڵەتی خەم و پەژارە و دڵتەنگی ومەراق و خەفەت.؟!!**

**زۆربەی ئەم حاڵتانەش لە هەرزەکاراندا هۆکارەکەی ئەگەڕێنەوە بۆ((خووە نهێنیەکە/ دەسپەڕ)ی درێژخایەن (ئالودەبون بە (خووە نهێنیەکە)وە.**

**٣-ئایا منالەکەت هەڵئەسێت بە داخستن و کلیلدانی دەرگای ژورەکەی یاخود ژوری نوستنی؟!**

**بایەخدان بە هەرزەکاران لەسەر تایبەتمەندیان شتێکی ڕاست و دروست نیە!!**

**چونکە ئەم کارە ئەبێتە دەرفەتێك بۆی و دواجار لواو گونجاو ئەبێت بۆ(خووە نهێنیەکە/ دەسپەڕ).**

٤–ئایا سەرنجت داوە لە بونی شلەیەك (تۆو / سپێرم) لەسەر پەردە و سەرچەف و نوێنەکەی کە لە سەری ئەخەوێت... ئەگەرچی کەمێکیش بێت ئەوە سەرچاوەکەیەتی (واتە خووەکە) ئەنجام دراوە!!

٥– ئایا سەرنجت داوە، کە فیکرە و بیری ئازاد بون و کرانەوەی لایە، یاخود ڕاو بۆچونی سیاسیانەی لایە کە لە تیۆر و بیردۆزی نمونەیی و ئەندێشەیی سەرچاوەی گرتوە؟...(لاوازی) لاوازبونی فیکری و بیر و هزر، ئەوە ئاسایی لە ئەنجامی (خووە نهێنیەکە/ دەسپەڕ) ەوە پەیدا ئەبێت، ئەمەش پاڵئەنێت ڕوە و بڕیاردان و پەسەندکردنی فیکرە و بیرۆکەیەکی نا ڕاست و نا ئاسایی یاخود بە بێ ئەوەی هیچ بەزەیی و سۆز ودڵسۆزیەکی لەگەڵدا هەبێت.

٦–ئایا مناڵەکەت دوای مۆدێل وجلی مۆدە وململانێکان لە جلەکانیدا و قژەکانی دائەهێنێ و شانەیان ئەکات وخۆی جوان و ڕێکدەخات؟!...بۆیە ئەگەر نەتوانێ بەرگری وبەرەنگاری و وەستانەوە بەرامبەر (مۆدەو مۆدێل) و بە دوادا چون و ڕۆیشتن لەگەڵ هاوتەمەنەکانی ببێتەوە، هەروەها ناتوانێت بەرگری لە حەزو ئارەزوی لە (خووە نهێنیەکە/ دەسپەڕ) بکات.

٧– ئەگەر قسەو باست لەگەڵدا کرد سەبارەت بە کێشە و گرفتێك، ئایا وا ئەزانێت و وا دەردەکەوێت و وا هەست ئەکات کە تاوانبار بێت ، وە ئەیەوێت کە تۆمەتەکە بە توندی بخاتە سەر نەفس و دەرونی خۆی؟!...زۆر کەمن ئەو هەرزەکارانەی کەوا قسە و باس ئەکەن سەبارەت بە کێشە و گرفتەکانیان بە کراوەیی و بێ لە ڕوودامان.

٨–ئایا هیچ بەڵگە و نیشانەیەکی لێدەر ئەکەوێ، لەو نیشانانەی کە باسمان لێوەکردن لە باس و بابەتی (عواقب إدمان العادة السرية /دەرەنجام وئاکامی ئالودەبون بە (خووە نهێنیەکە) بۆنمونە وەك:

– شەکەتی و ماندویەتی وبێهێزی و ڕەنگ زەرد وڕەنگ سپی هەڵگەڕان و بزڕکان، سستی وتەمەڵی و تەوەزلی وبێ ئیشی.؟
–زۆر لەبیر چونەوە ونەمانی چڕکردنەوە کۆکردنەوەی بیرو هۆش.؟
–پاشەکشێ و گەڕانەوە بۆ دواوە لە بەدەستهێنانی زانست و زانیاریدا.؟
–حەزو ئارەزوی زۆر لەسەر خەوتن.؟

بونی سەرنجێك یان زیاتر لەو سەرنجانەی کە لە پێشەوە باسکران، ئەمە نابێتە نیشانە و بەڵگەی بڕینەرەوە لە سەر ئەوەی کەوا منالْ (خووە نهێنیەکە) ی ئەنجام داوە، بەڵکو ئەمانە نیشانەی نزیك خەرەوەن، ئەگەر ئەم نیشانە نزیك خەرەوانە زیادیان کرد ئەوا لەوانەیە ئەگەرەکانیش زیاد بکەن، ئەگەر ئێوە شکو گومانتان نەبوو سەبارەت بە منالەکانتان، ئەوکاتەش ترس وتێکچون و شێواوی و پەشێوی زالْ نابێت بەسەرتانا، بەڵکو مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەلْ کاروبار و دۆز وبابەت و کێشە و گرفتەکە بکەن بە لەسەرخۆیی وخۆشەویستی ودڵسۆزی و ڕوخۆشی، بە ژیری و دانایی و بێدەنگی بە هێمنی و بە ئارامی، وە وا باشتر و چاکترە کە ڕاوێژ بکرێت بە شارەزایان وپسپۆڕانی بوارەکە پێش دەسپێکردن و چونە ناو باس و بابەت وکێشە و گرفتەکەوە، یاخود بە کراوەیی و ئاشکرایی و ڕاستگۆیانە قسە لەگەلْ منالەکەدا بکرێت، چونکە ژیرێتی و دانایی و ئامۆژگاری چاکە ڕێگە و ڕێنیشاندەرن، بۆیە دووبارە ئامۆژگاریتان ئەکەین و پێتان ئەڵێن: وریا بن وئاگاتان لە جگەر گۆشەکانتان بێت...چونکە بە ڕاستی ئەوان ئەمانەت وسپاردەن لە گەردنی ئێوەدان (ئۆباڵیان بەملی ئێوەیە).

## ڕێکخستن و ڕەوشتایەتی ڕۆشنبیرکردنی سێکسی.

ئیسلامی پیرۆز گرنگی تەواوی داوە بە باس و بابەتی پەروەردەی سێکسی گرنگیەکی زۆر، وە لە پێشی پێشەوە (پێشەنگ) بوە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە پێویست و گرنگ و بە سودن بۆ مرۆڤ، قەدەغە و یاساغی هەرکار و کردەوەیەکی تەنهایی کردوە کە لە بەرچاو و لە بەردەم بچوك بێت یاخود گەورە ئەنجام بدرێت،

بۆیە پەروەردەی سێکسی ڕاست و دروست ئەوەیە کە پێویست و گرنگە، چونکە لە ڕوی ئاینیەوە زۆر گرنگ و پێویستە، کۆمەڵێك ڕێسا و یاسای شەرعی بەسەردا جێبە جێ ئەبێت، وە لە ڕوی دەرونیشەوە دوبارە زۆر گرنگ و پێویستە، بۆ دەسپێکردنی پەروەردەیەکی ساغ و سەلیم و ڕاست و دروست خاڵی بێت ودور بێت لە گریێ و تێکچون و شێواوە دەرونیەکان و نەخۆشیە جەستەییەکان، پەروەردەی سێکسی هاتوە پەیوەست و پەیوەند بوە (پەیوەندیەکی قایم و توند تۆڵ وتۆکمە) بە کۆمەڵێك لە بەهادار کە پێی نزیك دەبێتەوە، وە بە هۆیانەوە گرنگی ڕێزو پیرۆزیشیان زیاد دەکات ئەوانیش بریتین لە:
(داواکردن و گەڕان بە شوێن زانستدا، حەیا و شەرم و شکۆ، ڕەوشت و بەها بالاکان، پەرستش و بەندایەتی ڕاست و تەندروست، لێرەدا یادتان ئەهێنینەوە بە فەرمودەیەکی حەزرەتی عائیشە (ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەربێت) لە مەدح کردن (پیاهەڵدان)ی ژنانی ئەنصار کە ئەفەرموێ:

(رحم الله نساء الأنصار لم يمنعهن الحياء أن يتفقهن في الدين) موسلم ڕیوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

واتە: (ڕەحمەت و سۆزی خوا لە سەر، ئافرەتانی پشتیوانان بێت و، شەرم کردن ڕێی لێ نەدەگرتن کە پرسیار بکەن دەربارەی ئایین و تیایدا شارەزا بن).

تێگەیشتن و چەمکی پەروەردەی سێکسی، یاخود ڕۆشنبیری سێکسی، لە دید و تێڕوانینی شەرعیەوە، گشتگیرە و پێکهاتوە لە هەموو ئەو دەقە شەرعیانە لە فەرمانەکان کە ئەنجام بدرێن جێبەجێ بکرێن و یاخود فەرمانە قەدەغە و یاساغەکان کە ئەنجام نەدرێن جێبەجێ نەکرێن، یاخود زانیاریەکان بۆ بنیاتنان و دروستکردنی (قایلی) و قەناعەتەکان، یاخود دەرکردنی یاسا و ئەحکام لە بارەی باس و بابەتە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە سێکس، و ئەنجامدانی کاری سێکسی، وە هەرچیش پەیوەندی بەوەوە هەبێت و پێی بگات ڕاستەوخۆ یان نا

ڕاستەوخۆ بێت، وە مەبەست پێی ڕاستکردنەوەی سلوك و ڕەفتار و کردەوەی خەڵکی بەرامبەر ئەم کار و فەرمانانە، کە ڕێك و گونجاو بێت لەگەڵ مەبەستە شەرعیەکان، کردەوە و کرداری(ڕۆشنبیری سێکسی)، بریتیە لە ڕێکخراو(دەستە، دەزگا، تۆڕ)ێکی خوڕەوشتی و بەهایی وپیشەیی، پێش ئەوەی بریتی بێت لە کردەوە و کردارێکی فێرکاری، بۆیە پێویستە کەوا ببێتە هۆی ئەوەی کە جۆرێك لە کردەوە و کاری چاکە و بەڵام بە بایەخدان وئاگایی وهۆشیاری و وریایی بوونەوە، وە لە کەش و هەوایەکی ڕاستەقینە و جیدی و گرنگی پێدانەوە، تاوەکو (تؤتي أكلها/ بەروبومەکەی ببەخشێت)، بۆیە لێرەدا پێویستە و ئەبێت کە ئامارژە بدەین بە کۆمەڵێك لە بنەماو بنچینە بەهاو ڕەوشتیەکان، کەوا پێویستە ئاگاداری و چاودێری بکرێن لە لایەن ئەو کەسانەی کە هەڵئەستن بە ڕۆشنبیرکردنی سێکسی لە پەروەدەکاران و پەروەرشیاران و سەرپەرشتیاران وکاربەدەستان و بەرپرسان لە پێگەیاندن و پەروەردە کردنی وەچە و نەوەکان:

* نیەتی تەواو پاك وبێگەرد بکات بۆ خوا و لە پێناو ڕەزامەندنی ئەودا، کار و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات کە بریتیە لە ( کار و ئەرکی ڕۆشنبیرکردنی سێکسی).

* لە کارەکەیدا خۆی شیرین و جوان بکات بە حیکمەت و ژیری و دانایی و ئامۆژگاری چاك بەکار بهێنێ، وە جێگیر ودامەزراو بێت لە سەر جوانی ودڵڕفێنی چونکە یەکێکن لە هۆکارەکانی سۆز و بەزەیی و ڕەحمەتی خوای پەروەردگار، و لێخۆش بوونی وشاردنەوەی و داپۆشینی و خۆشەویستی بۆ بەندەکانی.

بە ویقار و لەسەرخۆ ومەند بێت با سیفەتی وقاری تێدابێت، هەڵەشە و کەللە ڕەق نەبێت و ئەگەرچی لەسەر هەقیش بێت، زمانی بگرێت ئەگەرچی بۆ قسەخۆشی و گاڵتە و گەپ کردن و پێکەنینیش بێت، بە متمانەوە هەڵس و کەوت بکات و وە بە ڕێز و ئیحترامەوە کارەکانی ڕاپەڕێنێ، لەگەڵ هەموانیشدا ڕەوشت چاك وبەرز و ڕەفتار باش وبە شەرم بێت، هەروەها پێویستە (نازناو و ناوبانگی) بە جیدی و

سەنگینی و بە شەرمی دەرکرد بێت، پەیوەست وپەیوەند بێت بە ڕێساو یاساو سنورە شەرعیەکانەوە.

*با چاك بزانێ کە هیدایەت لە خواوەیە (خوا خاوەنی هیدایەتە)، کەس ناتوانێ هیدایەت ببەخشێت تەنها زاتی ئەو نەبێت، وە کەسیش ناتوانێ قەدەغەی بکات لە کەسێك تەنها زاتی ئەو نەبێت.

*وە ئەبێت پەروەرشیار کە بەلایەنی کەمەوە وکەمترین ڕادە و ئاست لە زانستی تەندروستی بزانێ و زانیاری لەو ڕووەوە لابێت، (لە بارەی زانیاری تەندروستیەوە کەمێك شارە زابێت)، هەروەها لە ڕەوشت و ئاکار وڕەفتار و ڕێنماییەکانی پێشەوای پەیامهێن(ﷺ) وفەرمان و بڕیارە فیقهیەکان ئاگادار بێت و کەمێك شارەزا بێت لێیان، لە کاتی چارەسەری کێشە و گرفتە سلوکی و ڕەوشتی یاخود دەرونیەکاندا ئاراستە و ڕێنمایی و ئاماژە بە قەدەغە و یاساغ کراوەکان بدات و پەنایان بۆ بەرێت.

*ئەبێت خۆی پێشەنگ و پێشەوا بێت لەو شتەی کە خەڵکانی بۆ بانگ و بانگهێشت ئەکات، لە پاکێتی و ڕەوشت بەرزی و داوێنپاکی و پاك وخاوێنی، پارێزگاری بکات لە تەندروستی خۆی ئاگای لە تەندروستی جەستەی بێت و مافی جەستە و لەشی بدات، فەرمان بەشتێك نەدا کە فەرمانی پێنەدرا بێت (لەلایەن خواو پەیامهێن(ﷺ) ەوە، وە نەهی و قەدەغە ش لە فەرمان و کارێك نەکا کە نەهی و قەدەغە نەبن.

*با وا بزانێ و حاڵی ببێت، دەرك بکات کە ئەم تەنها هۆکارێکی خوای گەورەیە لە هیدایەت دانی دروستکراوەکەیدا، داوای تەوفیقات و یارمەتی و مەدەد لە خوای پە روەردگار بکات و تەنها لەو بپاڕێتەوە، ئەگەر لە کارەکانیدا سەرکەوتوو بوو ئەوا نەیگێڕێتەوە بۆ خۆی و نەفس و دەرونی خۆی، بەڵکو سەرکەوتنەکانی بە هی

خوا بزانێت، با دوربکەوێتەوە لە لوت بەرزی و فیز و لە خۆبایی بوو و شانازی بە خۆکردن وخۆ دەرخستن، بە شێوەیەی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ.

*ئەبێ پێویستی بکات لەسەر خۆی کە زانیاریەکی زانستی ڕاست و دروست پێشکەش بکات، کە

گونجاو بێت لەگەڵ ڕەگەز و تەمەنی کۆمەڵ و تاقمی ئامانجدار و مەبەستداردا، وە هەوڵ بدات بۆ گەشە پێدانی زانیاری و زانستەکانی لەم بوارەدا بە بەردەوامی.

* وە کار بکات بۆ هەمە جۆر و هەمە ڕەنگکردن و جۆراو جۆرکردنی هۆکارە بەکارهاتوەکانی فێرکردن وە سادە و ساکار و ئاسانکردنی زانیاریەکان، وە هەروەها ئەبێت بە تەواوی باش تێبگات لە هەموو تاکەکان یەك بە یەك و وە باش لە سروشت و هەڵس و کەوتیان تێبگات و شارەزا بێت لێیان.

* وە کار بکات بۆ نەهیشتن ولابردنی تەگەرە وکۆسپ و لەمپەرەکان زاڵبون بەسەریاندا، کە لە بەرنامە ڕۆشنبیریە سێکسی یەکەدا توش دێن و دێنە پێش و ئەبنە بەربەست و ئەڵبەتە بە ڕاوێژکردن بە خاوەن ڕا کان وخاوەن زانستەکان (زانایان)، دوا جار وتووێژ و گفتووگۆی چڕو پڕی چاك و باش ی لە سەر بکرێت لەو بارەیەوە.

*وە پێویستە بەردەوامی هەبێت لەسەر هاوڕێیەتیکردن و لەگەڵ بونی زاست و پێشکەوتنی زانستدا،

وە زانیاری و ئاگاداری هەبێت لە سەر هەموو شتێکی تازە و بەسود و بە کەڵك کە دەردەچێت، هەروەها ئەبێ هەمیشە تەوەرەی بابەت و باسەکانی گفتوگۆکە زۆر بە جیدی و ڕاستیەوە پێشکەش بکرێت، دور بێت لە گاڵتە و گاڵتە کردن و فیشقیات، یاخود گاڵتەو گەپ بە فیکر و بیرو بۆچونێکەوە بکات کە باس ئەکرێت وپێشکەش ئەکرێت.

*وە ئەبێت دور بکەوێتەوە لە هەر دەربڕین و قسە و وتەیەکی بێزارکەر وسەغڵەت وهەراسانکەر، چونکە شەرم و شکۆی ئەوانی تر ئەڕوشێنێ و لەکەدار ئەکات، وە با پشت ببەستێ بە زاراوە شەرعیە زانستیەکانەوە لە گفتوگۆو قسەکردندا لە دۆز و بابەتە ئاڵۆز و هەستیارەکاندا.

*سەرپەرشتیاران و پەروەرشیاران هاوکارو یارمەتی دەری ئەوانەبن کە لەگەڵیاندان وبەخێویان ئەکەن (لەنێوان خۆیاندا یارمەتیدەرو هاوکارن) لەسەر پاراستنی ڕۆڵەکانیان و منداڵەکانیان، بە ڕێك و پێکی وتەواوی و هەموو جۆرە گرنگیەکانیانەوە و پسپۆڕیەکانیان ، پەروەردەکار و پەروەرشیار برای پەروەردەکار و پەروەرشیارە، هاوڕێ و هاودەم وبرادەر وهاوەڵیەتی لە پەیامێکی بەرز و بڵند وگەورە و، لە کارێکی زۆر پیرۆز و مەزن وفراوان و شکۆدار و نایاب دا، ئەمەش بۆ هێنانەدی و بە جێگەیاندنی فەرمودەی خوای عزوجل کە لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:

﴿...وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَلَا تَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢﴾ المائدة: ٢

جا ئیتر هەوڵبدەن کە یارمەتی و کۆمەکی یەکتر بکەن لە سەر چاکە و چاکە کاری و تەقوا و دینداری، نەکەن یارمەتی و کۆمەکی یەکتری بکەن لەسەر تاوان و دەستدرێژی و دوژمنکاری، لە خوا بترسن و پارێزکار و دیندار بن، چونکە ئەگەر خراپ و یاخی بن ئەوە دڵنیا بن کە خوای گەورە تۆڵە سەندنی لە کەسانی یاخی و بێ دین زۆر توند و بە زەبرە . المائدة: ٢

وە پێویستە لە سەر پەروەرشیار کە لە زانست و شارەزایی و ئەزمونەکانی خۆی ببەخشێت، بۆ هەر کەسێك کە پێویستی پێی هەبێت، بەو پەڕی تواناییەوە بۆیان

**بەخت بکات، ئەمەش لەبەر پێویست بونیەتی بە فەرمودەی پەیامهێنی نازدار و خۆشەویست(ﷺ) کە ئەفەرموێ:**

**(مَنْ سُئِلَ عَنْ عِلْمٍ فَكَتَمَهُ أَلْجَمَهُ اللَّهُ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) ئەم فەرمودەیە لە سننی ابی داودا هاتوە.**
**واتا: (هەر کەس پرسیاری زانستێکی لێ بکرێت ئەویش بیزانێت و بیشارێتەوە، ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لەغاوی ئاگرین دەکاتە دەمی).**

**وە لە گەورەیی ئەم زانست وشارەزایی و ئەزمونە دوبارە پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) ئەفەرموێ:**

**(إذا مات الإنسان إنقطع عنه عمله إلا من ثلاث: صدقة جارية، أو علم ينتفع به، أو ولد صالح يدعوا له) هەر شەشەکەیان ڕیوایەتیان کردوە و گێڕاویانەتەوە بێجگە لە بخاری، وأحمد في المسند.**

**واتە( کاتێ کەسێك مرد، دەسبەرداری هەموو کردارێك ئەبێت، جگە لە سێ شت: خێرێکی نەبڕاوەو بەردەوام، یا زانستێك کە سودی لێ ببینرێت، یا منالێکی باشی هەبێت نزای خێری بۆ بکات).**

***پەروەرشیار و پەروەردەکار توخم و پێکهاتەیەکی تاك و تەنیا وجیا نیە، یاخود خۆی بە تەنها بێت لە ئاراستەکردن و ڕێنمایی کردن و چاکسازیدا، بەڵکو ئەندامێکە لە تیمێکی گەورەی کاراو کارکردو و ئیشکەر لە پەروەردەدا، بۆیە پێویستە باوەڕ و متمانەی بە پەیوەندی و یارمەتی و هاریکاری و هەرەوەزییە ئەرێنیەکان ببێت، بەرپرسیارێتی هەڵگرێ و وە گەورەکردنی مەبەستە هاوبەشەکان، لە نێوان لایەنە جیاوازەکانی کرداری ئاڕاستەکردن و چاکسازی تایبەت بە ڕێکخراوی پەروەردەی گشتی.**

* پــەروەردە کــردن ئــەبێت لــە پێنــاو ڕۆڵــەکان و منداڵەکانــدا بێــت، نــەك پێچەوانەکەی...چـاککردن (ڕاســت و دروســت) کردنــی لاوان، پاککردنــەوە و پاکڕاگرتنی کۆمەڵگە، تەندروستی وسەلامەتی گەل و نەتەوە مەبەستە و ئامانجە، پەروەردە و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردنیش هۆکارن، وە منالْ خزمەتکراوە و پەروەردە و ڕێنمایی و ئاراستەکردنیش خزمەتکارن، بۆیە پێویستە لەسەر پەروەرشیار کە بە خۆبەخشانەو ئارەزوو مەندانە و بارودۆخ وهەوڵوتێکۆشان‌و کۆشش کردنی بە جۆرێك بێت کە لە بەرژەوەندی ڕۆڵەکان و منداڵەکاندا بێت ، کە بە تەندروستی لەش ساغی وسەلامەتی ودروستی و نۆشەوە بەسەریاندا بگەڕێتەوە، هەموو ئەمەش لە سنور و چوارچێوەی شەرعی ڕەوا و پەسەند کراودا بێت.

*وە ئەم جۆرە لە پەروەردە سبەینێ پێویستی و زەرورەتێکی ئینسانی و مرۆییە، وە پێداویسـتیەکی سـەرەکی و بنەڕەتیـە، نـەك خۆشـی و ڕابـواردن بێـت یـاخود تەواوی وجوانی نایابی و ڕازاوەیی بێت، لەبەر ئەمە بە خزمەتێك دا ئەنرێت کە داواکار و داخوازیکارەکەی ڕەد نادرێتەوە و جواب نادرێت، وە بە مەرج نەگیراوە کە پاداشت وەربگرێت، بەڵکو ئەمە زەکاتی زانست و کاتی پەروەرشیارە، هەروەك چۆن زەکات لە ماڵ و سەروەت و سامان واجب و پێویستە، بە هەمان شێوەش زەکـات لەســەر (زانســت، کــات، کۆشــش و هــەوڵ و تێکۆشــان) نـیش واجـب و پێویستە.

*پەروەرشیار وباوەڕ پێکراو و ئەمانەتدار و ئەمانەت پارێزە بە سەر نهێنیەکانی خەڵکیـەوە وداپۆشـەری کـەم و کـورتی داوێنیانـە، وە ڕێـز لـە تایبەتمەندیـەکانیان ئـەگرێت ، چـونکە ئـەوان هـەموو شتەکانی ناخیـان بـۆ ئاشـکرا ئەکـەن، وە هەنـدێ نهێنی سادە و ساکاری حەزی و ئارەزوانەی لا دائەنێن، چونکە دڵنیان لـەوەی کـە ڕێز لە نهێنیەکانیان ئەگیرێت و پارێزراویش ئەبن، سەربار و لە سەروی ئەوەشەوە کە ئەمە داوایەکی شەرعی گشتییە، لەم بارەیەوە پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) ئەفەرموێ:

(مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ)(روي مسلم (٢٦٩٩\٣٨) وأبو داود (٤٩٤٦) وابن ماجة (٢٢٥) والترمذي (١٤٢٥).

واتە: (هەر كەس ناڕەحەتییەك لە ناڕەحەتییەكانی دونیا لەسەر باوەڕدارێك لابەرێت، ئەوا خوای گەورە ناڕەحەتییەكی لە ناڕەحەتییەكانی ڕۆژی قیامەت لەسەر لادەبات، هەر كەس ئاسانكاری بكات لەسەر یەكێك كە كاری لەسەر قورس و گران بووە، ئەوا خوای گەورە لە دونیاو لە قیامەتدا ئاسانكاری لەسەر دەكات، هەر كەس عەیبی موسوڵمانێك داپۆشێت، ئەوا خوای گەورە لە دونیاو قیامەتدا عەیبی ئەو دادەپۆشێت، خوای گەورە لە یارمەتی و هاوكاری بەندەكانیدایە، تا ئەو كاتەی كە بەندە لە هاوكاریو یارمەتی برای مسوڵمانیدا بێت).

دروست نیە باسكردن و بڵاوكردنەوەی هیچ شتێك لەم نهێنیانە، مەگەر بۆ پێویستیەك بێت ئەویش بە بێ ئەوەی ناوی كەسەكە بهێنرێت و پێناسی ئاشكرا بكرێت.

* ڕێز گرتنی مافی منداڵەكان (ڕۆڵەكان) لە دەربڕین و دەسپێكردنی سەرنج و ڕا وپێشنیارەكانیان، كە ڕای جیاوازیان هەبێت و بیخەنە ڕوو، بۆیە پێویستە بە شێوە و شێوازێكی زانستی وقایلكەر و دڵنیاو هێمن و بێدەنگ، ڕا و بۆچونەكان تاوتوێ بكرێن و گفتوگۆیان لەسەر بكرێت.

*پەروەرشیار ئەندامێكی زیندووە لە كۆمەڵگەدا: هەڵس وكەوت و مامەڵەی لەگەڵ دەكرێ وكارلێكی لەگەڵ دەكرێ، خەڵكان پێی كاریگەر دەبن (كاریگەری هەیە لەسەر خەڵك) وە گرنگی ئەدرێت بە كار و فەرمانەكانی (فەرمانەكانی بە گرنگ سەیر ئەكرێن) كارەكانی گرنگن بەلای خەڵكیەوە، بۆیە لەم بارەیەوە پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) لە فەرمودەیەكی تریدا ئەفەرموێ:

«الدِّينُ النَّصِيحَةُ » قُلْنَا لِمَنْ قَالَ « لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ» رواه الستة بێجگە لە بخاری، وە احمد یش لە مسند ە کەیدا.
واتا: (دین ئامۆژگاریە بە دڵسۆزانە، وتمان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)؟ فەرموی: (دڵسۆزی بۆ خوای گەورەو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی هەروەها بۆ کتێبەکەی و بۆ پێغەمبەرەکەی هەروەها بۆ پێشەوای موسڵمانان لەگەڵ دڵسۆزی بۆ گشت کەس).

*لەسەر پەروەرشیار پێویستە کە چاکە و چاکەکاری و لایەنی چاك، خووی چاك و جۆری چاك (کار و کردەوە و ڕەفتاری چاك و باش و جوان) بڵاو بکاتەوە، گرنگی بدات بە بڵاوکردنەوەی کاری چاك و چاکەخوازی، وە ڕوبەڕو و بەرەنگار و دژی خووە خراپەکان و ئەنجامدانی کارە هەڵەکان ببێتەوە، نەیانهێڵیت لە ناو کۆمەڵگەدا بژاریان بکات بە شێوە و شێوازی چاکە وچاکەکاری و چاکە خوازی، بە تایبەتی ئەو کردەوە و ڕەفتار و خووانەی کە ئەبنە هۆی بڵاوبونەوەی نەخۆشە سێکسیەکان، وە ئەبێ پەروەرشیار بانگێشت بکات بۆ پەیوەستبوون بە ئاینی پیرۆز و ڕاست و تەواوەوە، چونکە بانگکردن بۆ کۆتا ئاین لە گرنگترین هۆکارەکانی ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە، دواتر خۆ پاراستن لە ژینگە و ئافات و دەرد و بەڵای لەناوبەر و وێرانکەر.

*وە لە سەر پەروەرشیار پێویستە کە هۆشیاری هەبێت لەسەر ناسینی ئەو کۆمەڵگەیەی کە کار و چالاکی تێدا ئەکات و ئەنجام ئەدات، وە هۆشیاری هەبێت لەسەر خوو و داب و نەریتی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی ، بۆ ئەوەوی بڕیار بدات کە چ شتێکیان بداتێ و چ شتێکیشیان لێ داوا بکات

لە ڕێنمایی و ئاڕاستە کردن، و بە جێگەیاند و دابینکاری و پەیڕەوکردنی تەندروستیانە، لە داب و نەریت و ڕەوشت و ڕەفتار، بۆ ئەوەی باشترین و چاکترینیان ئەنجام بدات و جێبەجێ بکات کە نزیك بێت لە تێگەیشتن و بیرو بۆچونیان وخوو وداب و نەریتیان، وە چەندە بۆی بکرێت دور بکەوێتەوە لە

هەموو ئەو شتانەی کە ئەبنە هۆی تێکدانی پاکی بێگەردی وسافی و ڕونی کرداری پەروەردەیی.

* پەروەرشیار ئەندامێکی باش و ڕاست وپۆزەتیڤ وئەرێنیە لە کۆمەڵگەدا ، لە گەڵیاندا نیشتەجێیە و بەیەکەوە ژیان بەسەر ئەبەن وهەمیشە لە خەم و پەژارەی ئەوەدایە کە چاکسازی و پەروەردەی لاوان و گەنجانیان وخۆگر و سنگفراوان و ئارامگرە، بەرپرسیارێتی تێکەڵاویکردنی خەڵکی هەڵئەگرێت، وە ئارامگر و خۆڕاگرە لەسەر زیان وئەشکەنجە و ئازارەکانیان، لە بەر ڕاستێتی فەرمودەی شیرینی پەیامهێنی ئازیزو خۆشەویست(ﷺ) کە ئەفەرموێت:

(الْمُؤْمِنُ الَّذِي يُخَالِطُ النَّاسَ، وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ، أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الَّذِي لا يُخَالِطُهُمْ، وَلا يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ)(بخاری واحمد وترمذی و إبن ماجە، ڕیوایەتیان کردوە و گێڕاویانەتەوە.

واتا: (ئەو باوەڕدارەی تێکەڵ بە خەڵك دەبێتو خۆیشی دەگرێت لەسەر ئێش و ئازاریان، پاداشتی گەورەترە لەوەی تێکەڵییان ناکاتو خۆناگرێ لەسەر ئێش و ئازاریان).

* وە پێویستە لەسەر پەروەرشیار –هەرچەندە هەستدار وسۆزمەند و بە بەزەیی بێت– ئەبێت پارێزگاری لە ئەرك وكار و ئیشە سەرەکیەکەی خۆی بکات، کە بریتیە لە پاراستنی تەندروستی ئینسان و ئاڕاستە و ڕێنماییکردنیەتی بۆ چۆنیەتی پارێزکاری کردن لە تەندروستی و سەلامەتی، وە ئەبێ خوڕەوشتی بپارێزێت، کردار و ڕەفتارەکانی ڕاست و سەلامەت و تەندروست بن.

*دروست و ڕەوا نیە (نادروست و ناڕەوایە بۆ کەسێك کە فێرکارو ڕاهێنەرو مامۆستای پەروەردە و ڕۆشنبیرکردنی سێکسی بێت کە هەرچیەکی هەیە تەرخانی بکات و ببیەخشێت، لە خزمەتکردنی هەر جۆرێك لە زیان و ئەشکەنجە و ئازار و گومڕاکردن و خەڵەتاندن، هەموو ئەمانە لە پێناوخستنە سەر و پێوە بەستن و لکاندنی زیان و ئەشکەنجە و ئازار ی جەستەیی یاخود دەرونی یان ئەدەبی بە

ئینسانەوە، هەرجۆرێك بێت)، چ لە کاتی ڕاپەڕاندن وجێبەجێکردنی ئەرك وکار و چ ئیشی ڕۆشنبیرکردنی سێکسی، جا لەبەر هەر (ئیعتابار/ ڕێز و بەها و بایەخ وپایە)یێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بێت.

* پێویستە پەروەرشیار هەتا ئەتوانێ دور بێت لە هەژاند و جولاندن وخستنە ڕووی گفتوگۆو وتووێژەکان کە ئەبنە هۆی بێزاری ودڕواری شێواوی و سەغڵەتی، یاخود دەمار گرتن و وروژاندن و گاڵتەکردن بە هەست وشعوری ئامادە بوان.

* خۆتێهەڵقورتانی زیرەکانە وژیرانە لە لایەن پەروەرشکارەوە لە نەهێشتنی دەستێوەردان و دەستێخستن لە لایەن هەندێکیانەوە کە ئەمەش ئەبێتەهۆی بێزاری و سەغڵەتی و شێواوی ئەوانی تر.

* پێویستە پەیوەندی پەروەرشیار لەگەڵ خەڵکان و دەورو بەر و کەسانی ترەوە دامەزراو بنیات نرابێت و دروست بوبێت لە سەر(ڕێسا وبنەما و باوەڕی (قبوڵ بوون و قبوڵکردنی بە بێ مەرج)، تاوەکو ببێتە سەرەتا و ڕێخۆشکردنێك و بەراییەك بۆ دەستخستن و بەدەستهێنانی زانیاری وزانستەکان، ولێوەشاوەیی و لێهاتوە پۆزەتیڤ و ئەرێنیەکان، ڕامان و وردبونەوە و تەماشاکردنیان بەوەی کامەیان نەرێنیە وکامەیان ئەرێنیە.

* پەروەرشیار هەڵە و کەوتن و خلیسکانەکانی خەڵکان و کەسانی تری لا ڕازی و پەسەند و قبوڵە، چاوەڕوانی و و پێشبینی هەڵەکانیان ئەکات، لای خۆی ئامادە و یاداشت و تۆماریان ئەکات وەك نیشاندەر و نیشانکەرێك لە سەر ڕوگەی ڕۆیشتنی کرداری پەروەردەکردن، لەگەڵ خۆ ئامادەکردنی پێشوەخت و پێشتر بۆ هۆکارەکانی دەستەبەربوون بۆ ڕوبەڕوو بوونەوەی ئەو هەڵە و کەوتن و خلیسکانانە.

*پەروەرشیار لە هەست و شعوری خەڵکان و کەسانی تر تێئەگات، لە هەڵوێست و ڕا و بیرو بۆچونیان شارەزایە و چاك ئەیان ناسێت، ڕەخنەیان لێئەگرێت وەلێ

ڕەخنـەی بنیاتنەرانـە و بـە پـەیڤین و ئاخـاوتن و بەڵگـە و نیشـانەی زانسـتی ڕێکـو ڕاستیان ئەکاتەوە و پشتوان و پاڵپشتیان ئەبێت، وە دور ئەکەوێتەوە لە دەرکردنی بڕیار و فەرمانی وەسفی و ستایشی و باسی، یاخود پێشزانی و پێشبینی کردن لەسەریان.

* پەروەرشیار چەندە بۆی بکرێت دور بکەوێتـەوە لـە تێکـەڵاوی بـوون، وە پشـت ببەسـتێت بـە (بنـەما و ڕێسـا)ی بەشـی جۆری(الفصـل النـوعی)، لـە دانیشـتنە پەروەردەییـەکان و ڕۆشـنبیریە سێکسـیەکاندا، لـە سـەر ئاسـتی پەروەرشـیاران و ڕۆڵەکان(مناڵەکان)/(پەروەرشیارە کوڕەکان لەگەڵ مناڵە کوڕەکان و پەروەرشیارە کچەکان لەگەڵ مناڵە کچەکان ، وە نابێت سنوری ئەم یاسا و ڕێسایە ببە زێنی پێچەوانە بێت لەگەڵیا ، مەگەر لەبەر گرنگی و پێویست بوون ، ئەویش چەندە پێویست بکات ئەوەندە تێکەڵاوی هەبێت لە نێوان (پەروەرشیاران و ئامادەبوان و هەم لە نێوان ئامادەبوانی هەردوو ڕەگەز).

# پوختە و گەوهەر(کرۆك)

پەروەرشیار و پەروەردەکارانی بەرز و بە ڕێز، سەرپەرشتیارانی خۆشەویست، دایکان و باوکان و کوڕان و کچانی ئازیز و ڕۆڵە و جگەر گۆشەکان، ئەم کتێبەی بەردەستان بە هەموو ئەو باس و بابەت وناوەرۆك و بەشانەی کە تیایەتی، دوای گەشتێکی دورو درێژ لە بواری ڕۆشنبیرکردنی سێکسی (التثقیف الجنسي) دەرەنجامی و بەرهەم وپسپۆڕی و شارەزایی لەم بوارەدا، بە دەستهاتوە و پەیدا بوە، پرۆژەکەمان ( پاراستنی لاوان) بە دەستی هێناوە، بە هۆی کارکردنی ئێمەوە، لەگەڵ جیاوازی ڕابردوی ڕۆشنبیرییمان، یەکەم هەنگاوی قسە و ووشە گەلێك بوون پێش چەند(دە/١٠)ساڵێك، دوای ئەوە بەشەکانی پێگەیشتن، بیرو هزرو فیکرەکانی تەواو گەشەیان سەند و بە تەواوەتی پێگەیشتن، وە لە ماوەی ئەم چەند ساڵانەدا ( مەبدەکانی / بنەماکانی) بونە کریستاڵ و درەوشانەوە، لە کۆتایدا لە سەر ئەم شکڵ و شێوەیەی کە لە بەردەستاندایە دەرکەوت، هەموو وشەیەك کە تیایەتی لە هەناسە هەڵکێشان وئاه و ناڵە و ئازارێکەوە هاتۆتە دی، یاخود لە تروسکە و تروسکاییەکی هیواوە، یاخود لە ترپە و لێدانی دڵێکی خۆشەویست و سۆزو بەزەییەوە و یاخود لە هاوار و ناڵەو نرکەی دڵسۆزێکەوە یاخود لە دانایی و حەکیمی شارەزاو پسپۆڕیکی کارامەو دڵسۆزەوە ، هەموو ئەمانە لە (چراوگە(چرادان)/مشكاة) ی هەست و سۆزێکی هەژێن و وروژێنەری زۆر خۆشەوە دەرچوون و هاتوون بەرە و ڕوی تازە پێگەیشتوان و لاوان ونەوەی نوێ و داهاتوو.

ڕێك و پێك و پۆلێنکراو تاوەکو ببێتە بەڵگەیەك و سەرچاوەیەکی دەسکەوتوو و بە دەستهاتوو و بەردەست، بگەڕێینەوە بۆی هەرکاتێ بمانەوێ (لە کاتی پێویستدا وەك سەر چاوەیەك بەکاری بهێنین، تاوەکو بە چاکترین شێوە و بەتەواوەتی سودی لێوەر بگیرێت، وە ئامۆژگاریمان ئەوەیە کە بە وردی و تامەزرۆ و چێژەوە و بە تەواوی بخوێنرێتەوە و بۆ ئەوەی ناوەرۆك وپێکهاتەکەی بچەسپێت و جێگیر ببێت لە هزر و بیرو هۆشدا، وە لە ویژداندا واتا و پوختەکەی جێگیر و دامەزراو ببێت، وە ئەبێت گەڕانەوە ببێت بۆ خوێندنەوەی لیستی بابەت و ناوەرۆك جار لە دوای

جار بخوێنرێتەوە و دوبارە بکرێتەوە، ئەم گەڕانەوە بۆ لیستی بابەت وناوەڕۆکی کتێبەکە بۆ ئەوەیە کە بە ئاسان وبێت لەسەر باوك و سەرپەرشتیار و پەروەرشیار، گەڕانەوە بۆ ناوەڕۆك و بابەتەکانی کتێبەکە لە کاتی پێویستدا، وە زۆر بەخێرایی گەیشتن بە پێڕست و بە شە گونجاو و گرنگەکاندا، دوای ئەوە سور بون لە سەر ئەوەی کە ئەم کتێبە لە بەر دەستدا بمێنێتەوە (بەردەست بکەوێت)، (لە بەر دەستدا بێت) لەگەڵ تێبینی کردنی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵەکان، وە هەمیشە گەڕانەوە بۆ کتێبەکە، بۆ زانینی چ باس وخواس و بابەتێك پێویستە بۆ پەروەرشیار سەبارەت بە منداڵەکان لەم قۆناغەدا، وە چۆن هەڵس و کەوت و مامەڵە بکات لەگەڵ قۆناغەکەدا.

بەم پۆلێنە (ئەم شێوە پۆلێنکردنە) تەمەننا ئەکەین و هیوا خوازین کە خزمەتێکی گونجاو و شیاو شایستەمان پێشکەش کردبێت بە پەروەرشیاران و پەروەردەکاران وسەرپەرشتیاران و دایکان و باوکان، لە ڕونکردنەوە و دەرخستنی چەمك و تێگەیشتن لە (پەروەردەی سێکسی) وگرنگیەکەی و ڕەوایێتی و یاسایێتی، وە چۆنیەتی بە دواداچونی لە لایەن منداڵەکانەوە، لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنیان، بۆ پێدانی مافی تەواویان لە هەموو قۆناغێکدا، وە چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانیان کە گونجاو و ڕێك بکەوێت لە گەڵیاندا بە بێ زیاد وکەم، لە خوای باڵا دەست ئەخوازین و داواکارین کە لە ئێمەش و ئێوەش قبوڵ بکات و لاوان وگەنجانی ئەم ئوممەتە بپارێزێ لە مەکر و حیلە و فێڵ و تەڵەکە و خراپە و پیسی فێڵبازان و تەڵەکەبازان و لەپیلان وگزی و خەڵەتاندنی زۆرزانان و فێڵبازان و لە شەڕ و خراپەی خۆ مەلاس دەران.

سوپاس بۆ خواوەند

سلێمانی١/١٢/٢٠١٩

# پاشکۆ


مشروع وقاية الشباب
Youth Protection Project
للفضيلة
رجالٌ وحراسٌ وعناوين
إن لم تكونوا أنتم
فمن هم إذاً ؟!
د. عبدالحميد القضاه
المدير التنفيذي
مشروع وقاية الشباب





## کتێبە وەرگێڕدراوەکانی بەڕێز( د.عبدالحمید القضاة).















## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| بەرایی | ٧ |
| دەستپێك | ٨ |
| پێشەکی | ١٧ |
| پێویستییە...یان خۆشی و ڕابواردنە؟ | ٢٩ |
| چۆن منالـەکانمان لـە ڕوی سێکسیەوە ڕۆشنبیر بکەین..؟ | ٧٧ |
| ڕۆشنبیری سێکسی چی یە..؟ | ٧٩ |
| (چۆن منالّەکانمان بدوێنین)..؟ | ٧٩ |
| پەیڕەوکردنی شێوازی وتووێژ)پشت بەستن بە شێوازی وتووێژ | ٨٣ |
| توڕە و هەڵچوو مەبە (پەشێو و شڵەژاو مەبە): | ٨٤ |
| ( خۆت بڕازێنەرەوە وخۆت شیرین بکە بە ئارامگرتن) (ئارامگر بە). | ٨٧ |
| دەرفەت و هەلەکان بقۆزەرەوە | ٨٧ |
| هەر لە منالّیانەوە(بەمنالّی) فێری خوو ڕەوشت و ئاکارە جوان وبەرزوچاکەکانیان بکە | ٩٠ |
| ڕۆشنبیری وڕۆشنبیرکردنی سێکسی | ٩١ |
| زانیاری گشتی | ١٠١ |
| کۆئەندامی زاوزێ لە پیاودا.(نێرینە) | ١٠٣ |

| | |
|---|---|
| (کۆئەندامی زاوزێ لە مێینەدا) (مێینە). | ١٠٨ |
| بەرنامــەی ئیســلامی وبنــەما شــەرعیەکانی لــە ڕۆشنبیرکردنی سێکسی دا | ١١٦ |
| ڕۆشـــــنبیرکردنی سێکســـــی و ڕێکخســـــتنە شـــەرعیەکان بـــە پێـــی قۆناغـــە تەمەنیـــەکان (قۆناغەکانی تەمەن). | ١٣٥ |
| شوێنەوار وپاشماوە کۆمەڵایەتیەکان | ٢٢٢ |
| بـەردەوام بـوون لەسـەر (خـووە نهێنیەکـە) دوای هاوسەرگیری | ٢٢٤ |
| خۆپاراستن باشترە لە چارەسەر کردن: | ٢٣١ |
| چاودێری مناڵەکانتان بکەن | ٢٤٠ |
| ڕێکخســـتن و ڕەوشـــتایەتی ڕۆشـــنبیرکردنی سێکسی. | ٢٤٣ |
| پوختە و گەوهەر(کرۆك) | ٢٥٦ |
| پاشکۆ | ٢٥٨ |
| ناوەڕۆك | ٢٦٢ |

# کۆتایی

# ﴿هەمیشە ستایش بۆ خواوەند﴾